# لە پێناو عیراق

الأمم المتحدة – العراق
United Nations Iraq



# نەتەوە یەکگرتووەکان لە عیراق
# لە ٢٠٢٠ دا

نوسینگەی راگەیاندنی یونامی

# لەم ژمارەیـــەدا




### خاتوو جینین هێنیس- پلاسخارت

نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان

ل ٤ | پێشـــەکـــی

ل ٥ | هەمەچەشنی و فرە ڕەنگی لە عێراقدا: سەرچاوەی هەتاهەتاییی شانازیکردن و زیندوویەتیی نیشتمانی

ل ٦ | ڕێککەوتنی شەنگال: بەرەو ئایندەیەکی باشتر بۆ جڤاکی ماڵوێران و مەرگەساتباری خۆجێیی





### نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق

ل ٨ | چەند ڕاستییەك سەبارەت بە نەتەوە یەکگرتووەکان





### خاتوو ئەلیس ووڵپۆڵ

جێگری نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری سیاسی و یارمەتیدانی هەڵبژاردنەکان

ل ١٠ |

نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاریکاریی عێراق لە چەندان پرسدا هەنگاوی گرنگی ناوە، لەوانە: بەرەنگاربوونەوەی وتاری ڕقوکینە و توندوتیژیی سێکسی و پاڵپشتیکردنی ڕۆڵی ژن لە سیاسەت و توانادارکردنی لاوان





### خاتوو ئێرینا فویاکۆفا

جێگری نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخەری کاروباری مرۆیی/ ڕێکخەری نیشتەجێ لە عێراقدا

ل ١٢ | چاوپێکەوتن



**گۆڤاری "لە پێناو عیراق" لە لایەن نوسینگەی راگەیاندنی یونامییەوە لە عیراق دەردەچێت و ناوەرۆکەکەی مەرج نییە ڕەنگدانەوەی هەڵوێستی فەرمی نەتەوە یەکگرتووەکان بێت و دەشکرێ بە ئاماژەکردن بۆ گۆڤاری "لە پێناو عیراق" جارێکی تر بەکار بهێنرێتەوە.**



**بەرپرسی بەشی ڕاگەیاندنی یونامی:**
**سەمیر غەتاس**

**سەرنوسەر: ئیڤان دجۆردجێڤیك**

**دەستەی نوسین: خالید دەهەب، لەیلا شەمجی، سیلیا تۆمپسۆن، تیمی ولاتیی نەتەوە یەکگرتووەکان**

**دیزاین : سالار بریفکانی**

**وەرگێڕدراوە بۆ کوردی لە لایەن: کۆمپانیای گلێتەر**

**پێداچوونەوە: ئیحسان بەرزنجی، نافیع عەزیز خۆشناو**

الأمم المتحدة – العراق
United Nations Iraq

مافی وێنە: نوسینگەی راگەیاندنی یونامی، ڕێکخراوی خۆراك و کشتوکاڵ، بەرنامەی نەتەوە یەککگرتووەکان بۆ پەرەپێدان، بەرنامەی نەتەوە یەککگرتووەکان بۆ ژینگە، ڕێکخراوی ژنانی نەتەوە یەککگرتووەکان، بەرنامەی نەتەوە یەککگرتووەکان بۆ نیشتەجێکردنی مرۆیی، کۆمیساری باڵای نەتەوە یەککگرتووەکان بۆ پەنابەران، ڕێکخراوی نەتەوە یەککگرتووەکان بۆ منداڵان، ڕێکخراوی نەتەوە یەککگرتووەکان بۆ پەروەردە و زانست و ڕۆشنبیری، فەرمانگەی نەتەوە یەککگرتووەکان بۆ کاروبارەکانی تایبەت بە مین، سندوقی نەتەوە یەککگرتووەکان بۆ دانیشتوان، نووسینگەی نەتەوە یەککگرتووەکان بۆ خزمەتگوزاری پرۆژەکان، بەرنامەی خۆراکی جیهانی، ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی، نووسینگە نەتەوە یەگرتووەکان بۆ تاوان و مادە هۆشبەرەکان، نەتەوە یەککگرتووەکان بۆ هەماهەنگی و کاروباری مرۆیی، ڕێکخراوی جیهانیی کۆچ، ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گەشەپێدانی پیشەسازی، ڕێکخراوی کاری جیهانی، وێنەی نەتەوەیەکگرتووەکان

**کاری هونەری : بەشی ڕاگەیاندنی یونامی**

**بۆ هەماهەنگی، بۆ تێبینی و سەرنجەکان تکایە پەیوەندی بکەن بە**

unami-information@un.org

**ماڵپەڕی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عیراق**

https://www.uniraq.org

**کەناڵەکانی یونامی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا:**

http://www.flickr.com/photos/uniraq
https://www.facebook.com/UnitedNationsIraq
https://twitter.com/UNiraq
https://www.youtube.com/user/UNIraqVideos
https://www.instagram.com/unami_iraq

ل٧



**سوودوەرگرتن لە توانای گەنج**
سەکۆیەکە لە پێشینەکانی یونامی بۆ گەنجی نیشتمانی داوای بەشداریی زیاتری گەنجان دەکات لە داڕشتنی ئایندەی وڵاتدا

ل١٦



**یارمەتیدانی هەڵبژاردنەکان**
هەڵبژاردنی پاک و بێگەردی سەرەکی بۆ دووبارە دروستکردنەوەی متمانەی جەماوەر؛ نەتەوە یەکگرتووەکان لەگەڵ دەستپێکردنی ئامادەکارییەکانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان چوارچێوەی پاڵپشتیکردن و یارمەتیی بواری هەڵبژاردن فراوانتر دەکات

ل١٨




**نووسینگەی مافی مرۆڤ**
پرسیار و وەڵام لەگەڵ خاتوو دانییل بیل سەرۆکی نووسینگەی مافی مرۆڤ لە عێراق

ل٢٢



**یونیتاد**
تیمی لێکۆڵینەوەی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پاڵپشتیکردن لە لێپێچینەوە لە تاوانەکانی داعش



ل٢٤
چاوپێکەوتن لەگەڵ دکتۆر سەلاح حاجی حەسەن نوێنەری ڕێکخراوی خۆراك و کشتوکاڵ لە عێراق



ل٣٨
چاوپێکەوتن لەگەڵ پاولا پۆلانچیا جێگری نوێنەری یونیسێف



ل٤٢
بەڕێز پیر لودهامر بەڕێوەبەری بەرنامەی فەرمانگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروبارەکانی تایبەت بە مین لە عێراق



ل٦٤
چاوپێکەوتن لەگەڵ دکتۆرە مەها قەتاع ڕێکخەری هەرێمییانەی ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کار لە عێراق



ل٢٤
ڕێکخراوی خۆراك و کشتوکاڵ



ل٢٦
ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گەشەپێدان



ل٣٠
بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژینگە



ل٣٢
بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ نیشتەجێکردنی مرۆیی



ل٣٤
کۆمیسیاریای باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەنابەران



ل٣٨
ڕێکخراوی یونیسێف



ل٤٠
ڕێکخراوی یونسکۆ



ل٤٢
فەرمانگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروبارەکانی تایبەت بە مین



ل٤٤
سندوقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتووان



ل٤٨
نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ خزمەتگوزاریی پرۆژەکان



ل٥٠
بەرنامەی خۆراکی جیهانی




ل٥٢
ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی



ل٥٦
نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکانی تایبەت بە مادەی هۆشبەر و تاوان



ل٥٨
ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ



ل٦٢
ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەرەپێدانی پیشەسازی



ل٦٤
ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی



ل٦٨
ڕێکخراوی ژنانی نەتەوە یەکگرتووەکان



## نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق

# خاتوو جینین هێنیس- پلاسخارت

## پێشەکی

پەتای کۆرۆنا لە ساڵی ٢٠٢٠ دا، سەرانسەری جیهانی گرتەوە و عێراقیش لەو دۆخە بەدەر نەبوو. چونکە کۆڤید-١٩ ، ئالنگارییە سیاسی و ئەمنی و ئابووری و مرۆیی و چەندان ئالنگاریی دیکەی دوو هێندە کردەوە بەهۆی قەیرانی ئابووری و دارایی بەهۆی دابەزینی نرخی نەوت و بەردەوامبوونی تەنگەژە کۆمەڵایەتییەکان و گرژییە توندوتیژە هەرێمییەکانیشەوە.

خانەوادەی نەتەوە یەکگرتووەکانیش لە عێراقدا بەو دۆخە کاریگەر بوون، بەڵام کارمەندان بێ سڵەمینەوە لە کارەکانیان بەردەوام بوون، ئەمەیش وەك بەرەنگاربوونەوەی کۆتوبەندە جیهانی و نیشتمانی و خۆجێییەکان بوو بۆ ئەوەی -دوور لە خانەوادە و خۆشەویستانیان- بۆ ماوەیەکی زۆر دوورودرێژ لە بارەگە و نووسینگەکانی کاروباریان لە عێراقدا ئامادەبن. هەندێکی دیکەشیان ناچاربوون خۆیان لەگەڵ دۆخی نوێی کارکردن لە دوورەوە بگونجێنن بۆ ئەوەی پاڵپشتییەکی بەردەوامی کار و چالاکییەکان بکەن.

پێوەندیی بەردەوامامان لەگەڵ کەرتێکی فراوانی هاوبەشانی عێراق بەشێوەی ڕووبەڕوو یانیش بەشێوەی ئۆنلاین و ئامادەیی بەهێزمان لەسەر ئەرزی واقیع و لەنێو بارودۆخی پەتای کۆڤید-١٩ ، دەیسەلمێنن کە ئێمە لە هەنبەر عێراق و عێراقییەکاندا پابەندبوونێکی پتەو و نەگۆڕمان هەیە.

من لە گشت بەشدارییەکانم لەگەڵ لایەنە پێوەندیدارەکانی نیشتمانیدا داوام دەکرد شان بەشانی یەکتری بە گیانی یەکبوون و بنیادنانی توانای خۆجێیی بۆ خۆڕاگری و گرتنەبەری چەند هەنگاوێکی هەستپێکراو بەرەو دابەزاندنی بەردەوامی گرژییەکان و پاراستنی عێراق لە گشت جۆرەکانی کێبڕکێکردنی دەستهێنانی دەسەڵات کار بکەین.

هەروەها لەگەڵ لایەنە عێراقییەکانیشدا سەبارەت بە جێبەجێکردنی بەرنامە حکوومییەکان و پێوەندییەکانی نێوان بەغدا و هەولێری تایبەت بە شنگال و کەرکووك و ژن و ئاشتی و ئاسایش و گەنجان و مافەکانی مرۆڤ لە پێوەندیی بەردەوامدا بووین. هەروەها دوای ئەوەی حکوومەت ڕایگەیاند کە هەڵبژاردنە گشتییە پێشوەختەکان لە ٢٠٢١ دا دەکرێ، بۆ پێشکەشکردنی زۆرێك لە پاڵپشتیکردن و یارمەتیدانی ڕاوێژکارییانە و تەکنیکی بۆ لایەنەکانی تایبەت بە هەڵبژاردنی عێراق و بەتایبەتیش کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن، هەنگاوی بەپەلەمان هەڵێنا و بە خێرایی کەوتینەخۆ بە چارەسەرکردن و وەدیهێنانی پێداویستییە خێرایەکانی تایبەت بە توانایەکانیشەوە. هەروەها لە سەروبەندی پەتای کۆڤید-١٩ و کاریگەرییەکەی بەسەر کەسەکان و پاڵپشتیکردنی ڕێکارەکانی سنووربەندکردن و کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانیشی، ڕووبەڕووی لایەنە پێوەندیدارەکانی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ بووینەوە. هەروەها داواکاریمان سەبارەت بە لێپرسینەوەیەکی زۆرتر و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ بەردەوام بوو، بەتایبەتیش لە ڕەوتی خۆپیشاندانە میللییەکان و توندوتیژییەکەی نێویەوە، کە نزیکەی ٥٠٠ کوژراو و ٨٠٠٠ کەسی بریندارى لێ کەوتەوە، لەگەڵ چاکسازی دادوەری و یاساییش. هەروەها لەو سەکۆیکارانەی کە لە سەرانسەری وڵاتدا بەڕێوە دەچوون، لەگەڵ گەنجانی عێراق بەردەوام بووین و پێگە و سەکۆیەکی بایەخدارمان بۆی دەستەبەر کردن بۆ ئەوەی دەنگیان ببیسترێ.

جگە لە وەدیهێنانی پێداویستییەکانی جەماوەر لە سەروبەندی پەتای کۆڤید-١٩ دا و لە سایەی ئەو بارە قورسەی خستبوویە سەر ئابوورییەوە، ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و سندووق و بەرنامەکانیشی پلانی کاردانەوەی ئابووری و کۆمەڵایەتییان تەواوکرد کە (بە نزیکەی ١،٤ ملیار دۆلار دەخەملێندرێ)، بۆ ئەوەی عێراق لەنێوان هەوڵە مرۆیی و گەشەپێدەرەکان و هەوڵەکانی بنیادنانی ئاشتیدا هاوسەنگی و گونجانێك دروست بکات.

هەروەها لەگەڵ پەیدابوون و داهێنانی پێکۆتە لە ساڵی ٢٠٢١ دا، هیوادارم ئەو قەیرانە تەندروستییە بەمزووانە ببێتە یادەوەرییەکی ڕابردوو، دواتریش بوار و کات بۆ چارەسەری گرفتەکان و سوود وەرگرتن لە دەرفەتەکانی نێو ئایندەدا وەربگیرێ. لەگەڵ بەردەوامبوونمان لە یارمەتیدانی زیاتر لە ملیۆنێك کەسی عێراقی، کە تا ئێستەیش هەر ئاوارەن و یانیش پێویستییەکی زۆریان بە یارمەتیی مرۆییانە هەیە، هەروەها لەگەڵ کارکردنمان بەرەو چاکترکردنی حەوکەمە و پتەوکردن و پاڵپشتیکردنی گفتوگۆیەکی بنیادنەرانە لە نێوان لایەنە کارایەکانی عێراقیدا، هێشتاکە کاری زۆر گرنگمان لەپێشە کە دەبێ ڕایان پەڕێنین. یەکێك لە وێستگە سەرەکییەکانی ئەو قۆناغەش بێگومان بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنێکی پاك و بێگەردە کە بە بناغەی دووبارە دروستکردنەوەی متمانەی جەماوەر و چالاککردنی دیموکراسی دادەندرێ.

ئێمە بۆ یارمەتیدانی عێراق وڕە بەرنادەین و تەنها یەك هەنگاویش لەو ڕێگە دروستە دوور ناکەوینەوە. نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ٢٠٢٠یشدا یادی حەفتاوپێنجەمین ساڵیادی خزمەتی مرۆییانەی کردەوە. عێراقیش ئەندامی دامەزرێنەری نەتەوە یەکگرتووەکانە و هاوبەشیەکەشمان لە ئەمڕۆدا لە هەر کاتێکی دیکە بەهێزترە و ئێمە بۆ پیشاندانی وەفاداری و پابەندبوونمان بە بەرتەمایی و ئاواتەکانی گەل بەرەو جڤاکێکی سەلامەتتر و بێمەترسیتر و گەشەسەندووتر و دادپەروەرانەتر، بە یەکەوە کار دەکەین.

**جینین هینیس-پلاسخارت، نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق**




# هەمەچەشنی و فرە ڕەنگی لە عێراقدا:

## سەرچاوەی هەتاهەتاییی شانازیکردن و زیندوویەتیی نیشتمانی

ئەو ساڵانەی لە عێراقدا بەسەرم بردن، ئەو باوەڕەی پشتڕاست کردمەوە کە لێبووردەیی هەمەگیریی نەك هەر تەنیا دوو پێویستیی ئەخلاقی و سیاسین، بەڵکو لە هەمان کاتیشدا دوو سەرچاوەی بەهاداری زیندوویەتیی نیشتمانی و سامانی ڕۆشنبیرین، بە ڕاستیش، سامانێکی ئابوورین. چونکە ئەو جڤاکەی کۆمەڵە و گرووپە هەمەچەشنەکان بە ئاشتی تیایدا دەژیەن، نەك هەر تەنیا بێمەترسییە، بەڵکو جڤاکێکی پڕ لە ژیان و گەشەسەندووە و متمانەی بەخۆی هەیە.

نۆرمێکی ئاسایی و لە هەمان کاتیشدا ڕاستییەکی سەرەکییە کە عێراق پێشتر و ئێستەیش پێکهاتەیەکی هەمەڕەنگی دەوڵەمەندە بە کەلتوور و ڕۆشنبیریی هەمەجۆر. چونکە هەندێك لە مەزنترین داهێنانەکانی مرۆڤایەتی لێرەوە سەریان هەڵداوە یانیش هەر لێرە چاکتر کراون، وەك چەرخ و وشەی نووسراو و زانستی جەبر و چەندان داهێنانی دیکەی بێشومار.

یەکێك لە مەسەلە هەرە گرنگەکانیش ئەوەیە، کە ئەو داهێنان و ئافراندنانە هەر تەنیا بەرهەم و دەستکەوتی یەك پێکهاتە نەبووە کە بە یەك زمان دوابن یانیش هەمان کەلتووریان هەبووبێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە، دەرئەنجامی هەمەچەشنی و ئاڵوێرکردنی هزر و بیروباوەڕەکان بووە. ئەو پێکهاتە جڤاکییانەی ئەم کەلتوورەی بە مرۆڤایەتی بەخشیوە، بە جیاوازییەکانی ڕازی بووە و سوودی لێ وەرگرتوون.

عێراقییەکان دەتوانن شانازی بە هەمان هەمەچەشنیی هەنووکەییی خۆیانەوە بکەن، چونکە نەك هەر تەنیا جوانییەکی دڵڕفێنی کەلتووری و ڕۆشنبیری دەبەخشێت، بەڵکو دەتوانێ لە ئابووری مەعریفەی جیهانیدا تایبەتمەندییەکی کێبڕکێکارانەش دەستەبەر بکات.

بەڵام ئەو " ماڵی دانایییە"ی هێزی هەیە، دەبێ لەسەر بنەمایەکی پتەو بنیاد بنرێ، بەڵام بەداخەوە، ئەم بنەمایانە لەمدواییانەدا بە تەواوی دووچاری لەرزینێکی قووڵ بوونەتەوە. خراپیی بەڕێوەبردن و گرژی و ململانێیە جیۆسیاسییەکان و دابڕینی توندوتیژی جڤاکی، گوتاری تێکبەردان و ڕقبوونەوە، ترس و تۆقینی داعش، وایان کردووە زۆرێك لە عێراقییەکان لە دۆخێکی زۆر ناهەموار و فشۆڵدا بژیەن.

کەمینە عێراقییەکان و ژنان و منداڵان و پیران و کەسانی خاوەن پێداویستیی تایبەت، بە جۆرێکی زۆر نەگونجاو ناهاوسەنگ بە هۆی کۆچپێکردنی بەزۆر و بێبەشبوون لە مافەکان و کەمیی وەدەستهێنانی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان زیانیان بەرکەوتووە، دۆخەکەش لە ژێر باری گرانی پاشەکشەکردنی ئابووریدا خراپتر بووە.

لە یەکێك لە دوا زانیاری و بەرچاوڕوونییەکانم کە پێشکێشی ئەنجوومەنی ئاسایشی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکانم کرد، جەختم لەسەر ئەوە کردبوویەوە کە بەرەنگاربوونەوەی پشکپشکێنەی وروژێنەری دابەشبوون و دووبەرەکی و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و بنیادنانی توانای خۆجێیی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانەکان و شێوە سەرانسەرییەکانی گەشەپێدان، هەر تەنیا چەند پێویستییەکی ئابووری نین، بەڵکو لە هەمان کاتیشدا بۆ بەڕێوەبردنی بەردەوامی قەیرانیش چەند جێگرەوەیەکی سیاسی دەستەبەر دەکات. جگە لەمانەیش، یەکگرتوویی و یەکبوون دەتوانێ ئەو کەسانە بێهێز بکات کە لە جیات ئەوەی مشووری بەرژەوەندیی نیشتمانی بخۆن، بەدوای دەستکەوتی کەسییەوەن، هەروەها یەکبوون دەتوانێ سەروەریش پتەو بکات: چونکە هەرچەندە ژمارەی ئەو عێراقییانە پتر بێت کە وەك یەك کەس دەپەیڤن و کار دەکەن، ئەگەرەکانی بێدەسەڵاتی و بێهێزیان لەبەردەم دەستوەردانە دەرەکییەکان بێهێزتر دەبێت.

لە بەرانبەریشدا، ئەو جڤاکەی یەکبوون و یەکییەتی باڵی بەسەردا کێشاوە لە دانانی باشترین داکۆکیی لەهەنبەر بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانی لە دۆخێکی باشتردا دەبێت، لەبەرئەوە، ئاشتبوونەوەی نێو چوارچێوەی جڤاکی خۆجێیی، لە هەمان ئاستی گرنگبوونی ئاشتبوونەوەی نێوان جڤاکەکاندایە.

هەموومان لەسەر ئەوە هاوڕاین کە پاراستنی هەمەچەشنی و هەمەڕەنگی پرسێکی بێچەند و چۆنە، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە: چۆن؟ کلیلەکە: ئەوەیە ڕێزگرتن لە مافە سەرەکییەکان و سەروەریی یاسا بەبێ دەرهاوێشتن بەسەر هەمووواندا باڵ بکێشێ.

بە هەمانشێوەی دووڕیانی ڕێگە ڕاستەقینەکان، دووڕیانی شارستانی چەندان بژاردە دەداتە دەست، ڕێگەشمان پێ دەدات بەرەو چەند ئاراستەیەك هەنگاو هەڵێنین. بەڵام پەڕینەوەی دروست لە دووڕیاندا پێویستی بە چەند بنەمایەك هەیە کە دەبێ ڕێزیان لێ بگیرێت. هەر کەسێك لە بەغدا ئوتومبێلی لێخوڕی بێت، دەزانێ ئەوانەی پابەندی هەر جۆرە بنەمایەکی بەشداریکردنی بەکارهێنانی ڕێگەن، زۆر کەمن و بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن!

ڕێزگرتن لەو شوناسە هەمەچەشنانەی کە دەکرێ ئاوێتەی یەکتری بکرێن یان یەکتری تەواو بکەن، لە جیات چەوساندنەوە و بەکۆیلەکردن و ڕەتکردنەوەی یەکتری، پێویستی بە داننانە بە یەکسانیی گشت هاووڵاتییەك لەبەردەم یاسادا.

لەسەر ڕێبەرانی سیاسی و جڤاکیش پێویستە دەستپێشخەری بکەن و بۆ خزمەتکردنی بەرژەوەندییەکانی گەلی عێراق دەست بخەنە نێو دەستی یەکتر، هەرگیز نەچنە نێو چەند کردەوە و ڕاگەیاندن و گوتەی هاندەرانەی وەها کە خەڵکی دیکە تۆمەتبار بکات یان سەرکۆنەیان بکات و لە مرۆڤایەتی دایان بماڵێ، هەروەها نابێ چاوپۆشیش لەو کردەوە و ڕاگەیاندن و پەیامانە بکەن.

جا هەر وەك چۆن دەبێ عێراق بە یەکسانی و وەك دەوڵەتێکی خاوەن سەروەریی نێو جڤاکی نێودەوڵەتی ڕێزی لێ بگیرێ، بەهەمانشێوەش دەبێ عێراقییەکان وەك هاووڵاتیانی یەکسان لەنێو وڵاتەکەیاندا مامەڵە و ڕەفتاریان لەگەڵدا بکرێ. نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر بنەمای یەکسانیی لە سەروەریی نێوان گشت دەوڵەتانی ئەندام بنیاد نراوە. سەروەریی عێراقیش لە بەهێزترین دۆخی خۆیدا، لە دۆخی دەستەبەرکردنی یەکسانیی نێوان گشت پێکهاتەکانیدا دەبێت.

جارنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ و ڕاگەیاندنی مافەکانی ئەو کەسانەی سەر بە کەمینە نەتەوەیی و نەتەوەیی و ئایینی و زمانەوانییەکانن، لە بەڵگەنامە سەرەکییەکانن و جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە بەرپرسیاریی دەوڵەتانە ڕێز لە شوناسی کەمینەکان بگرن و پاڵپشتیی لێ بکەن و نابێ هەڵاوێردن بە دژیان بکرێ.

وەك باوە، شوناسە تاکەکەسی و بەکۆمەڵەکان بە چەندان ڕێگە ئاوێتەی یەکتری دەبن و تێکدەچڕژێن، بەڵام نابێ چەند مافێکی بەرزتر و باڵاتر، یان مافی تایبەت و جیا بۆ هەر کۆمەڵەیەك هەبێت کە ببێتە هۆی ئەوەی تاکەکەسەکانی بخاتە دەرەوەی سەروەریی یاساوە. هەروەها هەرگیز ناشبێ بۆ پاساوهێنانەوەی تایبەت بە شێوە و جۆرەکانی چەوساندنەوە یان پێشێلکردنی مافەکان، پەنا ببردرێتە بەر شوناسی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و ئایینی.

هەر وەك چۆن هەمەچەشنی و هەمەڕەنگی ڕۆڵی لە بنیادنانی دەوڵەتدا هەیە، ئەوا مافەکانی هاووڵاتیبوونیش بۆ پاراستنی هەمەچەشنییەکە پێویستە: ڕەوتێکی دوو ڕەهەندییە.

پتەوکردن و پاڵپشتیکردنی مافەکانی مرۆڤ و سەروەریی یاسا بە پایەیەکی سەرەکیی ئەرك و کار ئەو پەیامانە دادەندرێ کە لە عێراقدا خراوەنەتە سەر شانی نەتەوە یەکگرتووەکان. کار و چالاکییەکانمان لەم بوارەدا، ئەم هەوڵانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

- چاودێریی دۆخی مافەکانی مرۆڤ دەکەین و سەبارەت بەو مافانە ڕاپۆرتان پێشکێش دەکەین- بە مافی کەمینەکانیشەوە.
- یارمەتیدەر و پاڵپشتیکاری دەزگا حکوومییەکان دەبین لەپێناو دەستەبەرکردنی ئەوەی هەمووان ئەو مافانە وەدەستبێنن، چونکە هاوبەشییەکی بەهێزیشمان لەگەڵ کۆمسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤی عێراقی هەیە، هیواداریشین بە زووترین کات یاسای

تایبەت بە بەرەنگاربوونەوەی هەڵاوێردن و پاراستنی هەمەچەشنی تەواو بکرێ.

- بە ڕووبەر و پانتاییەکی فراوان داوا دەکەین کەمینەکان بپارێزرێن، بە زمان و مافەکانیشیانەوە، دوو سەکۆیکاریش کە بەمدوواییانە لە هەولێر و بەغدا بەڕێوەچوون، ڕێك جەخت لەسەر ئەو مەسەلانە دەکەنەوە.
- کارئاسانی و زەمینەسازی بۆ دەستپێشخەرییەکانی تایبەت بە ئاشتەواییی نیشتمانی دەکەین و لە سەرانسەری عێراقدا و بەشداریشی تیادا دەکەین.
- هەوڵی چارەسەرکردن و بنبڕکردنی هۆیە ڕیشەییەکانی نایەکسانی و پرسەکانی وەك ڕقوکینە دەدەین، لەمبارەیەشەوە نێردەکە بۆ بەرەنگاربوونەوەی پلانێکی کاری گرتووەتەبەر، هەروەها لە داکۆکیکردن لەو ڕێکارانەی لەسەر بنەمای مافەکان وەستاون، بەردەوام دەبین، بە ڕەشنووسی یاسای تایبەت بە بەرەنگاربوونەوەی تاوانە ئەلیکترۆنییەکانیشەوە.
- داوا دەکەین ئاوارەکان بەشێوەیەکی سەلامەت و دوور لە مەترسی بچنەوە شوێنی پێشوویان، بەتایبەت کاتێك لە دۆخی کەمینەییدا دەبن.
- جەخت لە پێویستبوونی دادپەروەری و لێپرسینەوە لەو تاوانانە دەکەینەوە کەوا زیانیان بە پێکهاتە عێراقییەکان گەیاندووە، هەروەها جەخت لەسەر پترکردنی هۆشیاریی خەڵك دەکەینەوە لە هەنبەر مێژووی پڕ لە شڵەژان و ئاڵۆزیی تایبەت بە کەمینەکان لە عێراقدا.
- هەروەها لەو گفتوگۆیانەی بەمدواییانە لەگەڵ نوێنەری کەمینەکان و لاوانی خۆپیشاندەردا بەڕێوەچوون، هەستم بە توندیی بێهیوایی و هەناسەساردییان کرد، بۆم ڕاڤە کردن کە گۆڕانکاری پێویستی بە کات و کاری مکوڕانە هەیە و دەبێ زۆر کەس بێنە نێو چوارچێوەکەیەوە، هەروەها نابێ نەتەوە یەکگرتووەکان تێگەیشتنی هاوبەش سەبارەت بە هەنگاونان بسەپێنێ: چونکە مۆرکی عێراقی بۆ ئەم جۆرە تێگەیشتنە، مەسەلەیەکی سەرەکییە.

عێراقییەکان لە ڕابردوودا بەسەر ئالنگاریی زۆر گەورەدا زاڵبوون، لەمرۆشدا نابێ بێهیوا بن. نەتەوە یەکگرتووەکان لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٠یشدا بە بۆنەی حەفتا و پێنج ساڵی کارکردنی لە پێناو خزمەتی مرۆڤایەتی ئاهەنگی گێڕا. عێراقیش ئەندامێکی دامەزرێنەی نەتەوە یەکگرتووەکانە، لەپێناو جڤاکێکی سەقامگیرتر و خۆشگوزەرانتر و دادپەوەرتری عێراقی، لە کاری هاوبەشی نێوانمان بەردەوام دەبین.



# ڕێککەوتنی شەنگال: بەرەو ئایندەیەکی باشتر بۆ جڤاکی ماڵوێران و مەرگەساتباری خۆجێیی

کاتێك لە نێوان حکوومەتی فیدرالی و حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا لە تشرینی یەکەم/ ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠٢٠ دا ڕێککەوتنامەی تایبەت بە دۆخی نێو شارۆچکەی شەنگال سەر بە پارێزگەی نەینەوا ڕاگەیەندرا، نێردەکە زۆر بەخێرایی پێشوازی لەو دەستکەوتە کرد. بێگومانیش نێردەکە لایەنگرێکی ڕاشکاوی ئەو ڕێکار و بەرنامانە بوو بۆ دانیشتووانی ستەملێکراوی شنگال و خوازیاری دەستەبەرکردنی ئایندەیەکی باشتر بوو.

خاتوو " جینین هینیس پلاسخارت"، نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتي نەتەوە یەکگرتووەك لە عێراق و سەرۆکی نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاریکاریی عێراق (یونامی)، هەر لەو کاتەی لە کانوونی یەکەمی ٢٠١٨ەوە دەست بەکاربوو، بە بێ سڵەمینەوە و ماندووبوون کاری لەسەر ئەو دۆسییەیە کردووە، ئەو هەوڵە باش و نیازپاکانەشی بەکارهێناوە بۆ ئەوەی زەمینەسازی بۆ گفتوگۆیەکانی نێوان بەغدا و هەولێر بکرێت و نزیکخستنەوەی لایەنە پێوەندیدارەکان لە ڕێککەوتنەکەش ئەوەی سەلماند کە تا ئێستەیشی لەگەڵدا بێت وەدیهێنانی دژوارە.

خاتوو پلاسخارت بەمجۆرە باسی ڕێککەوتنەکەی کردووە کە دەڵێت " بۆ شەنگال بەشێکی نوێیە کە تیایدا بەرژەوەندیی ڕۆڵە و خەڵکی شنگاڵ لە سەرووی هەموو شتێکەوەیە". ئەم دەستکەوتە یارمەتیدەری زەمینەسازیی ڕێگەی گەڕانەوەی ئاوارەکانە بۆ سەر ماڵوحاڵی خۆیان و خێراکردنی پرۆسەی دووبارە ئاوەدانکردنەوە و چاکترکردنی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکانە.

لە کاتی سەردانە بەردەوامەکانی‌شیدا بۆ شەنگال و موسڵ ، خاتو پلاسخارت بەردەوام داوای گفتوگۆ و ئاشتەوایی دەکات. لەسەر ئەرزی واقیعیشدا ئەو وێرانکارییەی بینی کە داعش خستبوویەوە و داوای چڕکردنەوەی هەوڵەکانی دووبارە بنیادنانەوەی کردبوو لەگەڵ پێشکێشکردنی پاڵپشتی و یارمەتیی بەردەوامی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هەوڵەکانی حکوومەت لە هێورکردنەوە و کەمکردنەوەی ئێشوئازاری ئەو جڤاکەدا.

ڕۆڵە و دانیشتووانی شنگال دووچاری مەینەتیی تۆقێنەر و تاوانی دڕندانە بوونەوە کاتێك لە ساڵی ٢٠١٤ دا ڕێکخراوی داعش شارۆچکەکەی داگیرکرد و وێرانکاری و کۆمکوژی ئەنجامدا و ئێزدییەکانیانیش خستە بەر هێرشێکی تایبەتی پلانۆدانراوی وێرانکەرەوە. بە هەزاران ئێزیدی بەرەو چیایەکان هەڵاتن و زۆریشیان لێ کوژرا. ژن و منداڵ ڕفێندران و کۆیلەکران و ڕووبەرووی چەندان تاوانی تۆقێنەری سێکسی کرانەوە. هێشتاکەش زۆربەیان بێسەروشوێنن و ئەوانەی ڕزگاریش بوون بەدەست ئاسەوارەکانی ئەو کارەساتە بەکۆمەڵەوە دەناڵێنن. ژنان بەشێوەیەکی تایبەت دووچاری لەکە و نەنگی و ڕەتکردنەوە بوونەتەوە. لە کاتی شکستهێنانی داعشیشەوە، قوربانیان و کەسانی ڕزگاربوو بە هۆی ناکۆکیی لایەنەکان لەسەر ڕێکارە ئەمنییەکان و پێشکێشکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان و نەبوونی بەڕێوەبردنێکی یەکگرتوو، ڕووبەڕووی چەندان تەنگوچەڵەمە و ئاستەنگ بوونەتەوە.

لە ئەمرۆشدا، هێشتا زۆر کار ماوە بکرێن. لەگەڵ جێبەجێکردنی ئەو ڕێککەوتنەش لە لایەن لایەنە ئەمنییەکانەوە، دەبێ هەوڵەکان لە میانی بەڕێوەبردنێکی یەکگرتوو، لەسەر چەسپاندنی حوکمێکی سەقامگیر و بەردەوام چڕ بکرێنەوە.

ئەو کارانەی تا ئێستە هاتوونەتەدی، ڕێگە لەبەردەم چاکبوونێکی زۆرتری هەلومەرجەکانی گوزەران و ژیان خۆش دەکات، بەڵام بۆ ئەوەی ئەمە بێتەدی، دەبێ هەموو لایەنە پێوەندیدارەکان کار لەسەر یەکییەتی و هاوکاری بکەن. جا ئەگەر لە چیای شەنگال بێت، کە تیایدا زۆرێك لە دانیشتووانەکان لەنێو چادرگەکان دەژیەن و شوێنی ماڵوحاڵە نزیکە وێرانکراوەکانیانی گرتووەتەوە، یانیش لە سەردانەکانم بۆ کەمپەکانی دیکەی ئاوارەکان، هەستم بە خۆڕاگریی ڕۆڵەکانی شنگال کردووە لە پاراستنی کەلتوور و خاك و سووربوونیان لەسەر داواکردنی مافی ئازادی و دادپەروەری، هەرچەندە دژواریی زۆریش ڕووبەڕوویان بووەتەوە. چونکە ئەوە خاکی باب و باپیرانیانە و بە هیچ شتێکی دیکە نایگۆڕنەوە".

بەڵام پێویستیان بە کۆمەك و یارمەتیی هەمووومان هەیە. چونکە حوکمێکی کارا لە میانی بەڕێوەبردنێکی یەکگرتوو و چەند پەیکەرە و دامەزراوەیەکی سەقامگیری ئەمنی، دوو مەرجی سەرەکین بۆ ئەوەی جڤاکی خۆجێیی بتوانێ دووبارە بنیادنانەوە بگرێتەبەر و گەشە بکات. هەروەها دەبێ لەپێناو چڕکردنەوەی کار و چالاکییەکانی تایبەت بە دووبارە ئاوەدانکردنەوە و پێشکێشکردنی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکاندا، پەلە لە تەواوکردنی ڕێکارە ئەمنییەکان و جێبەجێکردنی بەشەکانی دیکەی ڕێککەوتنەکە بکرێ. هەروەها دەبێ لە پێناو گەڕانەوەیەکی سەربەرزانە و خۆیستانە، بارودۆخی ناوچەکە باشتر بکرێ.

نێردەکە بە ورەیەکی نوێ لەگەڵ گشت لایەنە پێوەندیدارەکان بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکان بەردەوام دەبێت ، بۆ ئەوەی پاڵپشتی لەو جڤاکە خۆجێییە بکات لەو کاتەی ئایندەیەکی دادپەروەرتر و ئاشتییەکی سەقامگیرتر بنیاد دەنێ.



# سوودوەرگرتن لە توانای گەنج

## سەکۆیکارە لە پێشینەکانی یونامی بۆ گەنجی نیشتمانی داوای بەشداریی زیاتری گەنجان دەکات لە داڕشتنی ئایندەی وڵاتدا

گەنج دڵی کۆمەڵگا و ئایندەیەتی. لە عێراق لە سەدا ٧٠ی دانیشتوان لەژێر تەمەنی ٢٥دان. لەبەر ڕۆشنایی ئەم ڕاستییە و بەشداریی یونامی لە فراوانکردنی مەودای مەدەنیدا، نووسینگەی کاروباری سیاسی دەستی بە چەندین چالاکی سەبارەت بە گەنجان کردووە بۆ پێوانەکردنی دید و بۆچوونی گەنجان و هاندانیان بۆ بەشداریکردن لە داڕشتنی ئاراستەی گەشەپێدانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی وڵاتدا. بۆ ئەم مەبەستەش، یونامی، بە هەماهەنگی لەگەڵ لێژنەی پێکەوەژیان و ئاشتیی کۆمەڵایەتیی نووسینگەی سەرۆك وەزیران و ڕێکخراوی ئەلئەمەل و لەژێر سەرباسی "گەنجانی عێراق: پێشەنگ لە دایەلۆگ و سەقامگیریدا"، ١٨ سەکۆیکاری لە هەر ١٨ پارێزگایەکەی عێراقدا لەماوەی ١٨ مانگدا لەسەرەتای ٢٠١٩ەوە ئەنجام دا.

کۆتایی ئەم سەکۆیکارانەش بەستنی کۆنفرانسێکی نیشتمانی بوو لە بەغدا لە ٢٢ی تشرینی دووەمی ٢٠٢٠ دا. لەم سەکۆیکارانەشدا قوتابیان و چالاکوانانی کۆمەڵایەتی و شارەزایان و گەنجانی بێکار کە تەمەنی هەر هەمووشیان لەنێوان ١٨-٣٠دا بوو، سەرەتا بەشێوەی ڕووبەڕوو و دواتریش لەسەردەمی کۆڤید-١٩ دا بەشێوەی سەرهێل، بەشدار بوون بەڵام بە ڕەچاوکردنی بارودۆخی تەندروستی.

هەرچەندە پاشخانی ئەم ٣٣٤ پیاو و ٢٤٦ ژنە جۆراوجۆر بوو بەڵام پەیامەکە لە هەموو سەکۆیکارکاندا بە نەگۆڕی بریتی بوو لە: گەنج دەیەوێت دەنگی ببیسترێت و ڕۆڵی زیاتری لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا هەبێت.

بەشداربوویەکی ژنی تەمەن ٢٠ ساڵە وتی "ئەوەی زۆر گرنگ بوو ئەوەبوو کە ئێمە توانیمان بەربەستی نێوان گەنج و بەرپرسانی حکومی بشکێنین. ئێمە ڕاشکاوانە رای خۆمان خستەڕوو و ئەوانیش گوێیان لێ گرتین. هیوادارین لە داهاتوودا چارەسەر بدۆزرێتەوە و هەماهەنگی زیاتر لەنێوان گەنج و کۆمەڵگەی مەدەنی و حکومەتدا هەبێت."

لای خۆشیەوە، سەرۆکی ڕێکخراوی ئەلئەمەلی ناحکومی، هانا ئێدوار، وتی کە ئەم چالاکییانە لەبەر ڕۆشنایی بڕیاری ژمارە ٢٢٥٠ی ( ٢٠١٥) ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانە سەبارەت بە گەنج و ئاشتی و ئاسایش و ڕێوشوێنی پێویستیشن بۆ سوود وەرگرتن لە وزەی گەنجان و سەرلەنوێ ئاراستەکردنیان بەرەو باشترکردنی ژیانی خۆیان و وڵاتەکەیان گیراوەتەبەر.

ئەو وتی "گەنج دیدوبۆچوونی واقیعییانەیان هەیە و بۆ کارکردنیش تامەزرۆن. ئەوان نەك پێشبینی ئەوە لە حکومەت دەکەن کە چەند سیاسەتێکی تایبەت جێبەجێ بکات بەڵکو دەبێ حکومەت هەنگاوەکانیان بەهەند وەرگرێت و لە پڕۆسەی بڕیاردان و گەشەپێدانی پڕۆژەدا بەشدارییان پێ بکات. ئەمەو جگە لە ئاسانکاریکردن بۆ بەشدارییپێکردنیان لە چالاکییە ئابووریەکان و بەتواناکردنیان لە بواری سیاسی و تاوتوێکردنی پرسە کۆمەڵایەتییەکانی وەك ماددەی هۆشبەر و هەروەها دانانی چەك لەژێر رکێفی دەوڵەتدا."

کۆنفرانسە نیشتمانییەکەی بەغدا چەند دەرەنجام و ڕاسپاردەیەکی بۆ گەورە بەرپرسانی حکومی خستەڕوو و ئەوانیش بە بایەخەوە گوێیان لێ گرت و دانیشیان بە گرینگیی بەشداریی گەنجدا هێنا لە کاروباری وڵاتدا. ئەم ڕاسپاردانەش بریتی بوون لە بەهێزکردنی ڕۆڵی گەنج لە پڕۆسەی بڕیارداندا و پەرەدان بە بەشداریی سیاسییانەی گەنج و بەتواناکردنی ئابووری و بەهێزکردنی گەنج و جێگیرکردنی سەروەری یاسا و جێبەجێکردنی یاسا و باشکردنی رەخساندنی هەلی کار و وەبەرهێنان و بەرزەفتکردنی چەك لەلایەن دەوڵەتەوە و پاراستنی ژنان لە توندوتیژیی خێزانی و پاراستنی ژینگە و زاڵبوون بەسەر شەڕی نێوان هۆزەکاندا.

لە کۆتایی کۆنفرانسەکەشدا، جێگری نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی نەتەوە بۆ عێراق، خاتو ئالیس وۆلپۆل، وتی "من هیوا و باوەڕم وایە کە ئەم کۆتاییە سەرەتایە. ئەمڕۆ ئامادەبوون و بەشدارییە بەنرخەکانتان لە هەموو کۆنفرانسەکاندا ئەو متمانەیەم پێ دەبەخشێت کە گەنجانی عێراق ئامادەی هەموو ڕووبەڕوونەوەیەك و دۆزینەوەی هەر جۆرە شێوازێکی پێکەوەییانەن بۆ زاڵبوون بەسەر ئەو گرفتانەی کە دێنە پێش وڵاتەکەیان. "

هەروەها سەبارەت بە کۆنفرانسەکە، بەڕێوەبەری نووسینگەی کاروباری سیاسی، بەڕێز مانۆج ماسیۆ، وتی" کۆبوونەوەکە بووە سەکۆیەکیش بۆ گەنجان بۆ ئەوەی بتوانن پرسەکان و بیرۆکەکانیان بخەنەڕوو کە هەر چەندە بە ڕواڵەت بچووکن بەڵام لە ناوەرۆکدا هەنگاوی گرینگن لە شێوازی لەخوارەوە بۆ سەرەوەی ناو کۆمەڵگادا."

ئەو هەروەها باسی لەوەشکرد کە نوێنەرانی گەنجان چەندین کۆبوونەوەی ڕووبەڕوویان لەگەڵ بەرپرسانی حکومی ئەنجام دا بۆ بەدواداچوونی ڕاسپاردەکان.

ئەو زیاتر وتی"ئەم کۆنفرانسانە شتێکی جیاوازیان داهێنا بەوەی کە توانیان بەرپرسانی حکومیش بەشداری پێ بکەن و پرسەکانیان لەگەڵدا ئاڵوگۆڕ بکەن و هەردوولاش بەیەکەوە بەدوای چارەسەردا بگەڕێن. بەڕاستی ئەمە بۆ گەنج پێشهاتێکی گرینگە. ئێستا ئەوان دەزگایەکی نێودەوڵەتیان هەیە کە گوێیان لێ بگرێت و دەنگیشیان لەلایەن حکومەتەوە ببیسترێت. ئەم جۆرە چالاکیانە متمانەیان بە خستنەڕووی ڕاستەوخۆیانەی پرسەکانیان بۆ بەرپرسانی حکومی زیاد دەکات و هیواش بە نەوەی گەنج دەبەخشێت لە پەرەپێدانی بەهرەی سەرکردایەتیکردنیان و لەگەڵ هاندانیشیان بۆ ئەوەی ببنە توێژێکی کاریگەری ناو کۆمەڵگا. هەموو ئەمانەش لەلایەن یونامییەوە ئاسانکاری بۆ کراوە و ئێمەش خۆشحاڵین کە بەشێکین لەم هەنگاوە.

# چەند ڕاستییەکی خێرا

## سەبارەت نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاریکاریی عێراق (یونامی) لە عێراقدا



### یۆنامی بە چ کار و ئەرکێك ڕاسپێردراوە و سەرپشك کراوە؟

بڕیاری ژمارە ٢٤٧٠ی ساڵی (٢٠١٩)ی ئەنجوومەنی ئاسایش کە لە ٢١ ئایاری ساڵی ٢٠١٩ دا دەرچووە، جەخت لەسەر سەروەری و یەکییەتی و سەلامەتیی خاکی عێراق دەکاتەوە، هەروەها جەخت لەسەر گرنگیی سەقامگیری و ئاسایشی عێراق دەکاتەوە بۆ گەلی عێراق و ناوچەکە و جڤاکی نێودەوڵەتی، بەتایبەتیش لەژێر ڕۆشنایی سەرکەوتنی عێراق بەسەر ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام ( داعش)، هەروەها پاڵپشتیی لە عێراق دەکات، پاڵپشتییەکەش بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو ئالنگارییانەیە لە ڕەوتی بەردەوامیدان بە هەوڵەکانی وەدیهێنانی سەقامگیری لە قۆناغی دوای کۆتایی هاتنی ململانێ و وەرچەرخان بە ڕادەیەکی زۆر بۆ ئەرکی چاکبوونەوە و دووبارە ئاوەدانکردنەوە و ئاشتبوونەوە، بە زەرورەتی وەدیهێنانی پێداویستییەکانی گشت عێراقییەکان؛ بە ژن و پیاو و گەنج و منداڵ و ئاوارە و ئەو کەسانەشەوە کە سەر بە کەمینە نەژادی و ئایینییەکانن.

ئەرك و کارەکانی نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاریکاریی عێراق بریتین لە:

١)پێشکێشکردنی ڕاوێژ و پاڵپشتی و یارمەتی بە عێراق، بە حکوومەت و گەلەوە، سەبارەت بە پتەوکردن و بەهێزترکردنی گفتوگۆی سەرانسەریی سیاسی بۆ هەمووان و بەرژەوەندیی نیشتمانی و پێشخستنی کردەکانی هەڵبژاردن و ڕاپرسییەکان و پتەوکردن و برەودان بە ئەحکام و ڕیفۆرمە دەستوورییەکان و ئاسانکردنی دایەلۆگی هەرێمی و بەڕێوەبردنی ئاماری دانیشتووان.

٢) پاڵپشتیکردن و یارمەتیدان و کارئاسانی، بە هەماهەنگی لەگەڵ حکوومەتی عێراقی، یارمەتیی مرۆیی و جێبەجێکردنی پەیماننامەی نێودەوڵەتی و باشترکردنی کردەی پێشکێشکردنی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان و گەشەپێدانی بەردەوام و دوورمەودا.

٣) پتەوکردن و پاڵپشتیکردن و یارمەتیدانی کردەی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و ڕیفۆرمی دادگەیی و یاسایی لەپێناو پتەوکردن و پاڵپشتیکردنی سەروەریی یاسا لە عێراقدا.

### جێبەجێکردنی ئەرك و کار و بەرپرسیارییەکانی نێردەکە

نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاریکاریی عێراق، بەشێوەیەکی تەواو لەگەڵ حکوومەتی عێراقی و هاوبەشییەکی توندوتۆڵ لەگەڵ سەرکردایەتیی سیاسی لە عێراقدا، لە پێشکێشکردنی ڕاوێژ و یارمەتی و پاڵپشتی سەبارەت بە کۆمەڵێك مەسەلە، هاوبەش و بەشدارە، لەوانە: بنیادنانی دەستگە و دامەزراوەکان و ڕیفۆرمی یاسایی، بە کەرتی ئاسایشیشەوە.

هەروەها نێردەکە بە هەماهەنگییەکی پتەو لەگەڵ دەستگە عێراقییەکان؛ بە هۆکارەکانی ڕاگەیاندن و جڤاکی نێونەتەوەیی و ناوەندە ئەکادیمییەکانیشەوە، وەك بەشێك لە کردەی بنیادنانی کەشوهەوا و ژینگەیەکی گونجاوی ئاشتەوایی، کار لەسەر پتەوکردن و پاڵپشتیکردنی بەهایەکانی ئاشتبوونەوەی نیشتمانی و لێبوردەیی و پێکەوە ژیان دەکات. هەروەها جەخت لەسەر دەستبەرکردنی موڵکایەتیی نیشتمانی و پەسندکردن لە لایەن پێکهاتەکانی جڤاکی عێراقی دەکاتەوە ؛ بە گشت ئاستە سیاسی و جڤاکی و هەرێمییەکانەوە.

نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاریکاریی عێراق (یۆنامی)، هەر لە کاتی دامەرزاندن و دروستکردنی لە ساڵی ٢٠٠٣ وە، لە پێشکێشکردنی پاڵپشتیی و یارمەتیی تایبەت بە نووسینەوەی دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ و یارمەتیدان بۆ بەڕێوەبردنی دە کردەی هەڵبژاردن، ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەی گێڕاوە. هەروەها ئەو یارمەتییانەی

نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاریکاریی عێراق لە بواری هەڵبژاردنەوە پێشکێشی دەستگە عێراقییەکانی دەکات، بەشێوەیەکی تەواو لەگەڵ پرۆژەکانی دیکەی بواری هەڵبژاردندا دەگونجێ کە لە میانی بەرنامەی گەشەپێدەری نەتەوە یەکگرتووەکان و نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ خزمەتگوزاریی پرۆژەکان و ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچەوە جێبەجێ دەکرێن. کۆمەك و پاڵپشتییەکەش بنیادنانی توانایەکان و پێشکێشکردنی ڕاوێژ به کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانیش دەگرێتەوە سەبارەت بە کردەکان و تەکنۆلۆژیای زانیارییەکان و تەکنیکە نوێیەکانی دەنگدان و لایەنە لۆجستییەکانی هەڵبژاردن و ڕێکارەکانی مەشق و پێوەندییە ستراتیژییەکان و دارشتنی یاسایەکان/ سکاڵایەکانی بواری هەڵبژاردن. هەروەها دەرفەتی یارمەتیدانی بواری هەڵبژاردن دەرەخسێنی کەوا نێردەی پاڵپشتیکردن و یارمەتیدانی یاسادانان پێشکێشی گشت جۆرە لیژنەکانی شارەزایانی تەکنیکیی نێو ئەنجوومەنی نوێنەرانی دەکات.

هەروەها نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاریکاریی عێراق (یۆنامی)، دەستی لە کۆمەڵێك چالاکیدا هەیە کە ئامانجیان پتەوکردن و پاڵپشتیکردنی ڕێزگرتن و پاراستنی مافەکانی مرۆڤە لە عێراقدا. ئەم چالاکییانەش بریتین لە چاودێریکردن و ئاگادارکرنەوە ( الابلاغ) و گرتنەبەری چەند پرسێك و پێشکێشکردنی ڕاوێژ و یارمەتی بە دەسەڵاتەکان بۆ جێبەجێکردنی پابەندییەکانی عێراق لە بواری مافەکانی مرۆڤدا، هەروەها بنیادنانی توانایەکانی حکوومەت و جڤاکی مەدەنی لە پرسەکانی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ. هەروەها ئامانجی چالاکییەکان پتەوکردن و پاڵپشتیکردنی ڕێزگرتنە لە مافەکانی گەلی عێراقی لە بواری مافەکانی مرۆڤ و بەشداریی تەواوەتی و یەکسان لە ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و سیاسی ، هەروەها کۆتایی هێنان بە پێشێلکارییەکان و دەستەبەرکردنی لێپرسینەوە لەهەنبەر پێشێلکارانی مافی مرۆڤ و دەستەبەرکردنی دادپەروەری بۆ قوربانیان و تواناداركردنی عێراقییەکان بۆ ئەوەی بتوانن داوای ڕێزگرتن و پاراستنی مافەکانیان بکەن.

نێردەکە هەر بەپێی ئەرك و کارەکەی و سەرپشککردنەکەی سەبارەت پێوەندییەکان لەگەڵ وڵاتانی دراوسێدا، بەردەوام تەقلی پتەوکردن و پاڵپشتیکردنی هاوکاریی نێوان عێراق و کوەیت دەبێت، هەروەها هەردووولاش پاڵپشتی لە گەڕان بەدوای بێسەروشوێنان و پرسی هەستیاری تایبەت بە موڵك و ماڵە بزربووەکانی کوەیت دەکەن.

**چۆن نێردەکە لە عێراقدا پڕۆژەکانی جێبەجێ دەکات؟**

نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ یارمەتیدانی عێراق (یۆنامی)، لەگەڵ حکوومەتی عێراق و هاوبەشانی لە دوو بواری گەشەپێدەر و مرۆییدا کار دەکات، هەروەها لەپێناو ئاسانكاری و زەمینەسازی و پاڵپشتیکردن و وەدیهێنانی یارمەتییە مرۆییەکان و یارمەتیدان بۆ چاکبوونەوە و یارمەتییە گرنگ و زیندووەکان بۆ جێبەجێکردنی ستراتیژی گەشەپێدان و پلاندانان و هەماهەنگیی گەشەپێدانی نێردەکە، لەگەڵ ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و جڤاکی مەدەنیش لە کاری بەردەوامدایە. هەروەها نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ یارمەتیدانی عێراق (یۆنامی)، لەپێناو پاڵپشتیکردنی ڕێکوپێکی و سیستماتیکی و بەردەوامبوونی نێوان کاری مرۆیی و ئاشتی و وەرچەرخان بەرەو گەشەپێدانێکی بەردەوام و دوورمەودا، کارئاسانی و زەمینەسازی بۆ هەوڵەکانی پەیکەرەی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکات.

هەروەها نێردەکە لە میانی تۆڕێکی بەرفراوانی مەیدانییەوە، کارئاسانی بۆ هاوبەشییەکان و کۆڕبەندەکانی نێوان لایەنە هەمەچەشنە پێوەندیدارەکان دەکات، بێگومان ئەمەیش بۆ پاڵپشتیکردنی ئەو هەوڵ و کار و کۆششانەیە کە لە قۆناغی ڕاگوزەری دوای داعش خراونەتە سەرشانی نەتەوە یەکگرتووەکان؛ بە گەڕانەوەی دانیشتووانی ئاوارە بۆ سەر ماڵوحاڵی خۆیان و سەقامگیریی ئەو ناوچانەی لەمێژ نییە ئازادکراون، هەروەها یەکسانیی نێوان هەردوو ڕەگەز و یەکییەتی و توندوتۆڵی و ئاوێتەبوونی کۆمەڵایەتی و ڕیفۆرمە پەیکەرەییەکان و ئاشتبوونەوەی جڤاکی.

**نەتەوە یەکگرتووەکان لە کوێی عێراق کار دەکات؟**

نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاریکاریی عێراق (یۆنامی) و تیمی هەرێمیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەر ١٨ پارێزگەی عێراقیدا کاردەکەن، هەروەها لەسەر ئاستی جڤاکی خۆجێیی و پارێزگە و هەرێم و ئاستی نیشتمانیش لە کارکردن بەردەوامن. هەروەها کارمەندانی عێراقی و نێونەتەوەیی لە سەرانسەری وڵاتەکەدا بڵاوبوونەتەوە و بە هاوبەشی لەگەڵ هاوشانەکانیان لەسەر ئاستی خۆجێی و پارێزگەکان و هەرێمەکان و ئاستی نیشتمانیش لە هەوڵ و کاری بەردەوامدان.

**ئەو ڕێکخراوانەی نەتەوە یەکگرتووەکان کامانەن کە لە عێراقدا کار دەکەن؟**

تیمی هەرێمییانەی نەتەوە یەکگرتووەکان ٢٣ ئەندام لەخۆ دەگرێ، بە ١٥ ئاژانسی نیشتەجێ و ٣ ئاژانسی نانیشتەجێوە. ڕێکخراوەکانیش بریتین لە: ڕێکخراوی خۆراك و کشتوکاڵ ، ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کار، سندووقی نێودەوڵەتی بۆ گەشەپێدانی کشتوکاڵی، نووسینگەی هەماهەنگیی کاروبارە مرۆییەکان، کۆمسیۆنی باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مافەکانی مرۆڤ ، ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ منداڵان، کۆنگرەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ بازرگانی و گەشەپێدان، دەستەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژنان، بەرنامەی گەشەپێدەری نەتەوە یەکگرتووەکان، لیژنەی ئابووری و کۆمەڵایەتی بۆ خۆرئاوای ئاسیا، ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەروەردە و زانست و ڕۆشنبیری، بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژینگە، کۆمسیۆنی باڵای نەتەوە یەکگرتووکانی تایبەت بە کاروباری پەنابەران، بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ نشینگە مرۆییەکان، ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گەشەپێدانی پیشەسازی، سندووقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتووان، نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان- تایبەت بە مادەی هۆشبەر و تاوان، نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ خزمەتگوزاریی پرۆژەکان، بەرنامەی خۆراکی جیهانی، ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی، فەرمانگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ڕێکارەکانی تایبەت بە مین، ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ کۆچ. (لیژنەی ئابووری و کۆمەڵایەتی بۆ خۆرئاوای ئاسیا و بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژینگە، فەرمانگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ڕێکارەکانی تایبەت بە بە مین، ئاژانسی نانیشتەجێن). جگە لەمانەیش، تیمی هەرێمیی نەتەوە یەکگرتووەکان کۆمەڵەی بانکی نێودەوڵەتیش لەخۆ دەگرێ.

هەروەها تیمێکی لێکۆڵینەوەی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان پێکهێندراوە کە بۆ پاڵپشتیکردنی لێپرسینەوەیە لەو تاوانانەی داعش لە عێراقدا کردوونی و بە ( یونیتاد) ناسراوە، تیمێکی لێکۆڵینەوەییە و بەپێی بڕیاری ژمارە ٢٣٧٩٨ی ساڵی ٢٠١٧ پێکهێندراوە و لە پاڵپشتیکردنی ئەو هەوڵە خۆجێییانەی عێراق سەرپشك کراوە کە تایبەتە بە لێپرسینەوە لەو ئەندامانەی داعش کەوا لە عێراقدا کردوویانە، ئەمەیش لەمیانی کۆکردنەوە و پاراستن و عەنبارکردنی مادە بەڵگەییەکانی ئەو تاوانانە دەبێت کە دەچنە ئاستی تاوانی جەنگ و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی و جینۆساید.

**جیاوازیی نێوان یۆنامی و قەوارەکانی دیکەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراقدا، چییە؟**

نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاریکاریی عێراق ( یۆنامی) نێردەیەکی سیاسییە و لە ساڵی ٢٠٠٣ دا لەسەر داوای حکوومەتی عێراقی و بەپێی بڕیاری ژمارەی ١٥٠٠ی ئەنجوومەنی ئاسایش دامەزراوە. لە ساڵی ٢٠٠٧ یشدا بەپێی بڕیاری ١٧٧٠ ڕۆڵەکەی بە شێوەیەکی گەورە فراوانتر کرا. بەڵام هەبوون و ئامادەیی ڕێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراقدا لەسەر بنەمای چەند ڕێککەوتنێکی دوولایەنەیە لەگەڵ حکوومەتی عێراقی.

**لە کەیەوە و بۆچی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراقە؟**

عێراق ئەندامی دامەزرێنەری نەتەوە یەکگرتووەکانە. چەند ڕێکخراوێکی نەتەوە یەکگرتووەکانیش لە ساڵی ١٩٥٥ ەوە لە عێراقدا کار دەکەن، بەڵام هەندێك ڕێکخراوی دیکە لە سەرەتایەکانی نەوەتەکانی سەدەی ڕابردوو و لە ساڵی ٢٠٠٣ەوە نووسینگەکانیان لە عێراقدا کردووەتەوە. نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاردانەوە لە هەنبەر پێداویستییەکانی گەلی عێراقی و پاڵپشتیکردن و یارمەتیدانی هەوڵەکانیان بۆ وەدیهێنانی ئایندەیەکی سەقامگیرتر و گەشاوەتر، بەردەوامی بە مانەوەی خۆی دەدات.

**ئایا نەتەوە یەکگرتووەکان هیچ جۆرە لایەنگرییەکی بۆ چەند کۆمەڵە و گرووپێکی دیاریکراو هەیە؟**

نەتەوە یەکگرتووەکان ڕێکخراوێکی بێلایەنە و بە پێی داواکاریی حکوومەتی عێراقی و بە هاوبەشی لەگەڵ ئەو حکوومەتە لە عێراقدا کار دەکات. نەتەوە یەکگرتووەکان لایەنگری هیچ کۆمەڵە و گرووپێکی سیاسی یان تائیفی و نەژادی نییە. لە هەمان کاتیشدا پابەندی بەرزترین پێوەرەکانە لە پاڵپشتیکردنی وەدیهێنانی دەرفەتی یەکسان بۆ گشت عێراقییەکان و ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و پاڵپشتیکردنی کردەی تواناداركردن بۆ وەدیهێنانی ئایندەیەکی سەرکەوتووانە و سەربەرزانە و بەردەوام و دوورمەودا بۆ گەلی عێراقی.

**چۆن یونامی بەڕێوە دەبردرێ؟**

نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاریکاریی عێراق ، لە لایەن نوێنەری تایبەتی ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراقدا سەرۆکایەتیی دەکرێ و دوو جێگریش یارمەتیی دەدەن؛ یەکێکیان سەرپەرشتیی کاروبارە سیاسییەکان و یارمەتیدانی بواری هەڵبژاردن دەکات، ئەوی دیکەش سەرپەرشتیی هەوڵە مرۆیی و گەشەپێدەرەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکات، هەروەها ئەرکەکانی ڕێکخەری نیشتەجێ و ڕێکخەری کاروباری مرۆیی لە عێراق جێبەجێ دەکات. نێردەکە بە پاڵپشتیی فەرمانگەی پاڵپشتیکردنی کردەکانەوە، کاروبارە سیاسییەکان و کاروبارەکانی بنیادنانی ئاشتی لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا بەڕێوە دەبات.

هەروەها لە میانی بڕیاری ٢٥٢٢ ی ساڵی (٢٠٢٠) کە لە ٢٩ی ئایاری ساڵی ٢٠١٩ دا دراوە، ئەنجوومەنی ئاسایش ئەرك و کارەکانی نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ یارمەتیدانی عێراق ( یۆنامی) تا ٣١ ئایاری ٢٠٢١ درێژ کردەوە.

هەروەها ژمارەی کادیرانی ڕێگەپێدراو ٨٠٧ کەسن ( ٣٠٦ کەسیان نێودەوڵەتین و ٥٠١ کەسیشیان عێراقین).

گوژمەی نێردەکە لە ساڵی ٢٠٢٠ دا بریتی بوو لە ١٠٠،٥ ملیۆن دۆلاری ئەمریکی



نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاریکاریی عێراق لە چەندان پرسدا هەنگاوی گرنگی ناوە، لەوانە: بەرەنگاربوونەوەی وتاری ڕقوکینە و توندوتیژیی سێکسی و پاڵپشتیکردنی ڕۆڵی ژن لە سیاسەت و تواناداركردنی لاوان

# ئەلیس وۆلپۆڵ

## جێگری نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری سیاسی و یارمەتیدانی هەڵبژاردنەکان

> **ساڵی 2020 بۆ نێردەکە ساڵێکی پڕ و تێروتەسەل بوو، چونکە چەندان کار و هەوڵی هەستپێکراو هاتنە دی کە دەکرێ بە چاوی شانازییەوە لێیان بنوارین و لە جێبەجێکردنی ئەرك و کارەکانی سەرشانیشمان بە هەمان گوڕوتاو بەردەوام دەبین**

ساڵی ٢٠٢٠، بەهۆی بڵاوبوونەوەی پەتای کۆڤید-١٩، ساڵێکی دەرهاوێشتە و بێوێنە بوو. لەو ساڵەدا من و هاوکارانم ئەجێندای چەندان پڕۆژە و سەردانی سەرنجراکێشمان ئامادە کردبوو، بەڵام پێویستیی بۆ دوورکەوتنەوەی کۆمەڵایەتی وایکرد زۆرێك لە چالاکی و کۆبوونەوە چاوەڕوانکراوەکانمان ئەستەم بن. ئەمەیش بۆ ئێمە سەرچاوەی بێهیواییەکی توند بوو. بەڵام ئێمە فێربووین چۆن بەخێرایی خۆمان لەگەڵ ئەو دۆخە بگونجێنین کە پێی دەگوترا " دۆخی نوێی سرووشتی": گەیشتن بە ڕێگەکانی گرێدانی کۆبوونەوەکان – لە دوورەوە- و سەرپەرشتیکردن و بەڕێوەبردنی سەکۆیکارەکان و سیمینارەکان بەشێوەی ئۆنلاین و چەند سەردانێکی شیمانەیی بۆ لایەنە پێوەندیدارەکانی سەرانسەری وڵات. ئەمینداری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان نامەیەکی بۆ گشت نێردە مەیدانییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و یۆنامیش نارد، بەوەی کە " بمێنینەوە و کار بکەین" بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئەرك و کارانەی کەوا ئەنجومەنی ئاسایشی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان پێی سپاردووین، ئیدی ئێمەش هەر وامان کرد- لەو ساڵە پڕ لە گۆڕانکارییە خۆجێییە زەبەلاحە سیاسییەکان و گۆڕانکارییە ئەمنییە هەرێمییەکان و قەیرانی ئابووری سەرچاوە گرتوو لە دابەزینی بەهای نەوت بە شێوەیەکی جیهانی، لە یارمەتیدانی عێراق بەردەوام بووین.

هەرچەندە توانیمان بەشێوەیەکی جیاوازتر لە زۆربەی چالاکییەکانمان بەردەوام بین، بەڵام بێتواناییم لە چاوپێکەوتنی کەسییانە بە زۆرێك لە هاوبەشانی عێراقیمان لە ساڵی ٢٠٢٠ دا پێشهاتێك بوو بێ هیوای کردم. بەڵام بە سەرۆکایەتیکردنی زنجیرەیەك سەکۆیکاری ئۆنلاین و شیمانەیی نایاب




لەگەڵ گەنجانی هەر یەك لە پارێزگەکانی عێراق شەرەفمەند بووم، کاتێك بە چالاکی و زیرەکییەوە گفتوگۆیان لەسەر ئەو ئالنگارییە سەرەکییانە دەکرد کەوا کاریگەریی لە جڤاکە خۆجێیەکانیان کردبوو، من گوێم لێ دەگرتن. هەروەها بە شێوەی ئۆنلاین بەشداریم لە چەند کۆنگرەیەکی گرینگ کرد لەگەڵ ئەندام پەرلەمانەکانی عێراق وگەورە دروستکەرانی بڕیار و چاڵاکانی نێو جڤاکی مەدەنیدا سەبارەت بە چەند پرسێکی گرنگی وەك بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی خیزانی و پاڵپشتیکردن و یارمەتیدانی ئەو ژنە عێراقییانەی لە توندوتیژیی سێکسی و ململانێیەکان دەرباز ببوون و پێویستییەکی زۆر بە کردەوەی بواری سیاسی عێراقی لەبەردەم ژنانی بەربژێری خاوەن بەهرە بۆ پێگە و پۆستە ڕەسمییەکان، بیروڕامان گۆڕیەوە و کاری جدیمان کرد. هەروەها لە ساڵی ٢٠٢٠ دا بەو چاوپێکەوتنە ڕێکوپێکانە شادمان بووم کە تیایدا ڕەچاوی دوورکەوتنەوەی کۆمەڵایەتییان کرابوو و لەگەڵ ئەندامانی تیمی ڕاوێژکاریی تایبەت بە ژنان- ژنانی داکۆکیکار لە مافەکانی مرۆڤ و چالاکانی جڤاکی مەدەنی و سیاسییەکانی پێشوو بوو، کە هەرهەموویان ڕاوێژی بەهادار و تێگەیشتنێکی قووڵیان لە هەنبەر گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان پێشکێشی نێردەکە کرد و لە پێکهێنانی کاردانەوەکانمان یارمەتییان داین.

بەرجەستەترین ڕووداوەکانی ئەو ساڵەش سەردانەکەی (ئەداما دیینج)، ڕاوێژکاری تایبەتی پێوەندیدار بە جینۆساید بوو کە لە مانگی ئادار/ مارسدا سەردانی عێراقی کرد، من لە میوانداریکردنی کۆبوونەوەیەکی زۆر چالاکی پسپۆڕانی پێوەندییە حکوومییەکان و ڕۆژنامەنووسان و نوێنەرانی ڕاگەیاندنی دیجیتاڵی و ڕاگەیاندنی بیندراو و بیستراو بۆ گفتوگۆکردن لەسەر باشترین ڕێگەکانی بەرەنگاربوونەوەی گوتاری ڕقوکینە لە عێراقدا، لەگەڵی بەشداربووم. هەروەها ڕووداوێکی دیکەی زۆر تایبەت سەردانێکم بوو کە پێش (پەتای کۆرۆنا) لە مانگی کانوونی دووەم بۆ زانکۆی مووسڵ ڕێکم خست، لەوێ تیمی ڕێبەرایەتیی زانکۆیەکە باسیان لە پلانە ئایندەیەکانیان کرد وەك مەڵبەندێکی هەرێمی بۆ فێربوون و تایبەتمەندبوونی توێژینەوەیی. هەروەها یەکێك لە تەوەرە سەرەکییەکان بە درێژایی ساڵەکە کاری نێردەکە بوو بۆ یارمەتیدانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بۆ دەستکردن بە ئامادەباشیی تایبەت بەو هەڵبژاردنە نیشتمانییانەی کەوا لە ساڵی ٢٠٢١ ڕاگەیەندراون. من و تیمی کاروباری هەڵبژاردن لە نێردەکەدا لە نزیکەوە و زۆر بەچڕی لەگەڵ ئەنجومەنی کۆمسیارانی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان لەپێناو پاڵپشتیکردنی بنیادنانی توانا و شارەزاییەکانی نێو ڕێکخراوەکە کارمان کرد.

لە هەمان کاتیشدا، من شانازی دەکەم لەوەی کە بە هۆی هاوکاریی بەردەوامی نێوان وەزارەتی بەرگریی عێراقی و شارەزایانی کوێتی، لە دۆسییەیەکدا -کە زۆر ئازیزە لەلام- پێشکەوتنێکی هەستپێکراومان بینی، دۆسییەکەش بریتی بوو لە " گەڕان بەدوای ئێسکوپرووسکی ئەو هاووڵاتییە کوەیتییانەی لە کاتی داگیرکردنی کوەیت لە لایەن عێراقەوە لە ساڵی ١٩٩٠ دا بزربوون. ساڵی ٢٠٢٠ ساڵێك بوو کە تیایدا پێشکەوتنێکی ڕاستین هاتەدی، چونکە لە مانگی کانوونی دووەم/ ینایر دوو گۆڕی بەکۆمەڵ لە پارێزگەی موسەنا دۆزرانەوە، ئێسکوپرووسکی نێو ئەم دوو گۆڕە بە کۆمەڵەش بە فڕۆکەی نەتەوە یەکگرتووەکان گوازرنەوە تاقیگەکانی شاری کووت، دواتریش لە مانگی تشرینی دووەمدا/ نۆڤێمبەر، دەسەڵاتەکانی کوەیت بەشێوەیەکی ڕەسمی جەختیان لەوە کردەوە کە ئەو ئێسکوپرووسکانەی پێشتر لە مانگی ئاب، ئۆگستی ٢٠١٩ دۆزرانەوە، بەڕاستی هی هەندێك هاووڵاتی بزربووی کوەیتییە. ئەمانەیش چەند زانیارییەکن هیوادارم کە کۆتاییەك بە چاوەڕوانییەکانی خانەوادەی ئەو کەسە بزر و بێسەروشوێنانە بێنێ.

ساڵی ٢٠٢٠ بۆ نێردەکە ساڵێکی پڕ و تێروتەسەل بوو، چونکە چەندان کار و هەوڵی هەستپێکراو هاتنە دی کە دەکرێ بە چاوی شانازییەوە لێیان بنوارین و لە جێبەجێکردنی ئەرك و کارەکانی سەرشانیشمان بە هەمان گوڕوتاو بەردەوام دەبین. بەڵام نایشارمەوە کە بە هۆی پەتای کۆڤید-١٩ ، لەگەڵ هاوڕێیان و هاوبەشانی عێراقی جۆرە پێوەندییەکی ڕووبەڕوو کەسییانەمان لە دەست دا. هیوادارم لە ساڵی ٢٠٢١ دا و لەگەڵ کەمبوونەوەی پەتایەکەدا بتوانین ئەو پێوەندییە ڕاستەوخۆیانە بەهێزتر بکەینەوە.

**”من و تیمی کاروباری هەڵبژاردن لە نێردەکەدا لە نزیکەوە و زۆر بەچڕی لەگەڵ ئەنجومەنی کۆمسیارانی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان لەپێناو پاڵپشتیکردنی بنیادنانی توانا و شارەزاییەکانی نێو ڕێکخراوەکە کارمان کرد“**



## چاوپێکەوتن لەگەڵ

### جێگری نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخەری کاروباری مرۆیی/ ڕێکخەری نیشتەجێ لە عێراقدا

# ئێرینا فویاکۆفا

**ئەو بوارە زۆر لەپێشینانە چین کەوا تیایاندا زۆربەی پرۆژە مرۆیی و گەشەپێدەرەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ٢٠٢٠ دا تیایدا تەواو کراوە؟**

کارە لەپێشینە و سەرلیستەکانی تیمی هەرێمیی مرۆیی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ٢٠٢٠ دا ، لە جەختکردنەوە لەسەر ڕەخساندنی پاڵپشتی و یارمەتیی ڕزگارکەری ژیان بۆ ئەو ئاوارانەی بەردەوام بووە کە هێشتا لە دۆخی ئاوارەیی ماونەتەوە و لە دەرەوە و ناوەوەی کەمپەکاندا زیاتر دووچاری مەترسی بوونەتەوە.

لەمبارەیەوە، بەهۆی داخستنی کتوپڕی کەمپەکانی ئاوارەکان لە چاریەکی کۆتایی ساڵەکە لە لایەن حکوومەتەوە، لە بەردەوامبوون لە پێشکەشکردنی کۆمەك و پاڵپشتیی رزگارکەری ژیان بە هۆی سیستمی پاڵپشتیکردنی هێشووییانەی چەسپاو بۆ جڤاکی عێراقی، ڕووبەڕووی چەندان ئالنگاری بووینەوە. بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا توانیمان خۆمان لەگەڵ دۆخەکە بگونجێنین و پاڵپشتی و یارمەتییە مرۆییەکانمان بەشێوەیەکی بەشۆکی بەرەو جڤاکەکانی گەڕانەوەی ئاوارەکان و شوێنە هەڕەمەکییەکانی نیشتەجێبوون وەرچەرخێنین کەوا ئاوارەی کەمدەرامەتتر و هەژارتر تیایاندا نیشتەجێن. چاوەڕوان دەکرێ ئەم وەرچەرخانە لە پاڵپشتیکردنی مرۆییانە تا ساڵی ٢٠٢١ بەردەوام بێت، پێشبینیش دەکەین ژمارەیەکی زۆری کەمپەکان دابخرێن و بیر لە چارەسەری بەردەوام بکرێتەوە.

لە هەمان کاتیشدا، کاردانەوەی مرۆییانەی نەتەوە یەکگرتووەکان لەو پارێزگەیانەدا بەردەوام کە بەهۆی ململانێیەکانەوە زیانیان بەرکەوتووە و هێشتاکەش میوانداریی لە ژمارەیەکی زۆری ئاوارەکان دەکەن - لە دەرەوە و ناوەوەی کەمپەکان- و هێشتاکەش لە ناوچە زۆر مەترسیدارەکاندا دەژیەن. ئەو پارێزگەیانەش بریتین لە دهۆك و هەولێر و سلێمانی و نەینەوا و ئەنبار و دیالە و بەغدا.

هەروەها سەبارەت بە چالاکییەکانی گەشەپێدانی تیمی هەرێمیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ٢٠٢٠ دا، جەختکردنەوەکە لەسەر جێبەجێکردنی چوارچێوەی نوێی هاوکاری بوو کە لە پێناو پاڵپشتیکردنی پلانی گەشەپێدانی نیشتمانیی بۆ عێراق و دیدی عێراق بۆ ساڵی ٢٠٣٠ دیزاین کرابوو. هەرچەندە جێبەجێکردنی ئەو چالاکییە پلان بۆ کێشراوانە بەهۆی کاریگەریی پەتای کۆرۆناوە ڕووبەڕووی ئالنگاری و کۆسپ بوونەوە، ڕاستییەکەی حکوومەتی نوێش تا نیوەی دووەمی ساڵەکە پێکهێنرا. هەروەها وەك کاردانەوەیەك لە هەنبەر ئەو ئالنگارییانەی پەتایەکە دروستی کردبوون و ڕووبەڕووی عێراق ببوویەوە، تیمی هەرێمییانەی نەتەوە یەکگرتووەکان پلانی کاردانەوەی کۆمەڵایەتی و ئابووری دانا کە چەند چالاکییەکی نوێی تایبەت بە پەتایەکە و



هەمواركردنەوەی پڕۆژە جێبەجێکراوەکانی خستە بەرنامەی کارەوە.

**ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و سندووق و بەرنامەکانی بەشێوەیەکی گەورە و کارا بەشداری لە هەوڵەکانی دووبارە ئاوەدانکردنەوەی ناوچە ئازادکراوەکاندا دەکەن. دەتوانیت لەمبارەیەوە زانیاریی زیاترمان پێ ببەخشیت؟**

کاریگەریی چالاکییەکانی وەدیهێنانی سەقامگیری، گەورە و بەهێز بوو و لە ناوچە ئازادکراوەکاندا پێشکەوتنی مەزن هاتنەدی.

یەکێك لە بەرنامە سەرەکییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان سێکتەری پارەدانی (التمويل) سەقامگیرییە کە پاڵپشتیی پێنج پارێزگە دەکات، ئەوانیش: ئەنبار و دیالە و کەرکووك و نەینەوا و سەڵاحەدینن، پاڵپشتیکردن و یارمەتیدانەکەش بریتیە لە دووبارە ئاوەدانکردنەوەی مادییانەی نیشتەجێکردن و سێکتەرەکانی ژێرخانی حکوومی کەوا بەشداری لە سەقامگیریی جڤاکەکاندا هەیە و کار بۆ تواناداركردنی ئاوارە عێراقییەکان و دانانی بناغەی چاکبوونەوەی دوای ململانێ لەگەڵ داعش دەکات. لە میانی کاری تیمەکانی سێکتەری پارەبەخشینی سەقامگیری و ژمارەیەکی زۆری پڕۆژەی دیکەی ئاژانسەکانی تیمی هەرێمییانەی نەتەوە یەکگرتووەکان، سەتان هەزار خانوو و سەتان خوێندنگە و زەویی کشتوکاڵی و شوێنەکانی پەرستن و زانکۆیە سەرەکییەکان و زیاتر لە سەت سێکتەری چاودێریی تەندروستی و دەیان بنکەی پۆلیس و دادگەکانی نێو پارێزگەی نەینەوا و سەلاحەدین و ئەنبار، دووبارە نۆژەن کرانەوە. هەروەها ڕەخساندنی دەرفەتەکانی بژێوی و بنیادنانی جڤاکە پتەوتر و بەهێزترەکان لە چوارچێوەی بەرنامەکانی پتەوی و یەکییەتیی کۆمەڵایەتی، بە بەشێکی گرنگی بەرنامەکانی ساڵی ٢٠٢٠ دادەندرێ.

بێجگە لەمانەیش، سەرلیستبوونمان بەخشییە دەستەبەرکردنی:

- پڕۆژەکانی یارمەتیدانی جڤاکی و دەرفەتەکانی پەیداکردنی بژێوی و یارمەتیدانی ئاوارە گەڕاوەکان و جڤاکە خانەخوێیە هەژارەکانیان لە میانی پاڵپشتیکردنی پڕۆژە بچووك و مامناوەندییەکان لە فراوانکردنی کارەکانیان بۆ ڕەخساندنی کار و پیشەی نوێ، هەروەها پاڵپشتیکردنی کارامەییەکانی وەگەڕخستن و دامەزراندن لە میانی مەشقی پیشەیی و ڕێبەرایەتیی کارە بچووکەکان و لە میانی دەستەبەرکردنی دراو لە بەرانبەر کاردا.
- دووبارە نۆژەنکردنەوە و شیاندنەوەی پەناگەی ئاوارە گەڕاوەکان و جڤاکە خانەخوێیەکانیان، بە لادانی داروپەرووەدی خانووە داڕووخاوەکان و دووبارە بەکارهێنانەوە و دووبارە شیاندنەوەی ژێرخان لە پێناو چالاککردنی ئابووریی خۆجێیی و زیادکردنی کردەی گەیشتنی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان (دووبارە شیاندنەوەی بازاڕەکان و تۆڕەکانی کارەبا و ئاو و دامەزراوە تەندروستییەکان و شارەوانییەکان و هتد..)
- گەڕاندنەوەی کشتوکاڵ و دووبارە شیاندنەوەی ژێرخانی ئاو لە پێکهاتە سەرەکییەکانی هەوڵەکانی دووبارە ئاوەدانکردنەوە بوو، چونکە کشتوکاڵ دووەم گەورەترین بەشداریکاری دەرامەت و کۆی داهاتی عێراقە، هەروەها گەشەکردنی ئاراستەکراو ڕووە و کشتوکاڵ نەك هەر لە ڕووی ئابوورییەوە پێویستە، بەڵکو توانای چاکترکردنی ئاسایشی خۆراکی و زیادکردنی خۆبەسبوون ( الاکتفاء الذاتی) و سوود گەیاندن بە دانیشتووانی هەژاری گشت ناوچە لادێییەکان و شارستانییەکانیشی هەیە.

هەروەها نەتەوە یەکگرتووەکان وەك هۆکارێك بۆ پتەوکردن و پاڵپشتیکردنی یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی و ئاشتەوایی و جڤاکی، جەختی لەسەر دووبارە بنیادنانەوە و شیاندنەوەی شوێن و تەلارە مێژووییەکانی مووسڵیش کردەوە، وەك: چاککردنەوە و نۆژەنکردنەوەی مزگەوتی نووری و کەنیسەی پاك و کەنیسەی ساعە و مزگەوتی ئاغەوات. جگە لەمانەیش فەرمانگەی بەرەنگاربوونەوەی مین و تەقەمەنییەکان لە ئەنبار و نەینەوادا زیاتر لە ١٣٥،٠٠٠ مەتر چوار گۆشەی زەویی کشتوکاڵی پاککردەوە کە بە مووشەك و بۆمبی تەقیو پیس ببوون.

زۆرێك لە ئاژانسەکانی دیکەی نەتەوە یەکگرتووەکان بەشداری لە پڕۆژەکانی وەدیهێنانی سەقامگیری دەکەن، وەك: ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی و یونیسێف و سندووقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتووان کە تا ئێستەیشی لەگەڵدا بێت بۆ پاڵپشتیکردنی سیستمی تەندروستی زۆر چالاکن.

**خانەوادەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕادەستکردنی یارمەتی بۆ زیان لێکەوتووانی نێو ناوچە ئازادکراوەکان بەردەوام بوو، ئایا ئێوە لەو شتانە ڕازین کە تا ئێستە وەدی هێنراون/ جێبەجێ کراون؟**

بەڵی، من لەو شتانە ڕازیم کە تا ئێستە جێبەجێ کراون، هەرچەندە بەهۆی پەتای کۆرۆناوە چەندان ئالنگاری و ئاستەنگی وەگەڕخستن و لۆجستی هاتنە پێشێ؛ بە قەدەغەکردنی هاتووچوو و کۆتوبەندە سەپێندراوەکانی سەر هاتن و چوون و داخستنی زۆرێك لە فەرمانگە



حکوومییەکان و مەڵبەندە جڤاکییەکان و ڕێکارەکانی دوورکەوتنەوە کۆمەڵایەتیش کەوا بوونە هۆی پەکخستن و دواخستنی هەندێك چالاکی.

گەرچی ئەم هەلومەرجە دژوارانەش هاتنە پێش، بەڵام ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان توانیان لە ساڵی ٢٠٢٠ دا چەندان دەرئەنجامی کرۆکییانە وەدەستبێنن، بۆ جێبەجێکردنی چەندان کار و چالاکی و پاڵپشتیکردنی کەسانی زیان لێکەوتووی ناوەوە و دەرەوەی ناوچە ئازادکراوەکان، لە ساڵی ٢٠٢٠ دا لەوپەڕی ئامادەباشیدان.

لە ساڵی ٢٠٢٠ دا هاوبەشانی مرۆیی بە تەنیا توانیان بگەنە زیاتر لە ١،٥ ملیۆن کەس و یارمەتیی مرۆییان پێشکێش کردن.

**نەتەوە یەکگرتووەکان، لەپێناو وەدەستهێنانی پارە و دارایی بۆ یارمەتیدانی ئەو کەسانەی لە کردەکانی گەشەپێدانی عێراقدا سوودمەند بوون، لە چەند بۆنەیەکی دیاریکراوی ساڵی ٢٠٢٠ دا چەند بانگەوازێکی کرد . کاردانەوەی کەسانی بەخشەر لە هەنبەر بانگەوازە مرۆییەکە چۆن هەڵدەسەنگێنێت؟**

لەو کاتەی گشت ئاژانسێك بانگەوازی تایبەت بە وەدەستهێنانی دوولایەنەی تەمویلی بەرنامە دیاریکراوەکان دەکات، هەماهەنگیی کاردانەوەی مرۆییانە لە عێراق لە میانی پلانی کاردانەوەی ساڵانەی مرۆییەوە دەبێت. لە ساڵی ٢٠٢٠ یشدا، جڤاکی مرۆییانە لە عێراق هەوڵی وەدەستهێنانی ٦٦٢ ملیۆن دۆلاری دا بۆ وەدیهێنانی پێداویستیی سوودمەندان ( بە کاردانەوەی هەنبەر پەتای کۆرۆناشەوە) ، لە جڤاکی بەخشەرانیشەوە ٩٢٪ی داواکارییەکانمان وەدەستهێنا. ئەمەیش ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی کە پلانەکەمان واقیعی بووە و لە لایەن بەخشەرە مرۆییەکانی نێو عێراق، پاڵپشتییەکی بەهێزمان هەبوو .

ئێمە متمانەمان بەوە هەیە کە هاوکاری و پشتگیری و یەکگرتوویی نێودەوڵەتی بۆ پێشکێشکردنی پاڵپشتی لە بواری مرۆیی و گەشەپێدان لە ساڵی ٢٠٢١ بەردەوام دەبێت بۆ ئەوەی لەو کاتە دژوارانەی گەلی عێراق پێیدا تێدەپەڕن، کەس لە کاروانەکە بەجێ نەمێنی.

**لە ساڵی ٢٠٢٠ لە عێراقدا ، تەڤلی خانەوادەی نەتەوە یەکگرتووەکان بووی. بەو سیفەتەی جێگری نوێنەری تایبەتی ئەمینداری گشتی/ ڕێکخەری نیشتەجێی/ ڕێکخەری کاروبارە مرۆییەکان- لەو وڵاتەدا سەرپەرشتیی هەوڵە مرۆیی و گەشەپێدەرەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکەیت؟ ڕۆڵی خۆت چۆن دەبینیت و بە چ شێوەیەك ئەم پۆستەت بە پۆستەکانی پێشووت بەراورد دەکەیت؟**

ساڵی ٢٠٢٠ ساڵێکی نائاسایی و دەرهاوێشتە بوو، چەندان ئالنگاریی نوێی بۆ عێراق هێنا و هەمووشیان پێوەندییان بە پەتای کۆرۆناوە هەبوو.

لە عێراقدا، کە بەڕاستی ڕووبەڕووی چەندان ئالنگاریی وەك ئاوارەیی و قەیرانی دارایی و کۆمەڵایەتی ببوویەوە، ئەوا ساڵی ٢٠٢٠ زۆرێك لە وابەستەیی نێوان ئاشتی و گەشەپێدان و کاری مرۆییانە و پێویستی بۆ هەماهەنگیکردن و ڕێکخستنی ڕێکارەکان لەو بەرە و سەنگەرانەدا هەبوو.

لەژێر ڕێبەرایەتیی نوێنەری تایبەتی ئەمینداری گشتی، ڕۆڵی من وەك ڕێکخەری نیشتەجێ/ ڕێکخەری کاروباری مرۆیی، دەستەبەرکردن و ئاسانکردنی هەماهەنگی و یەکگرتنێکی بەهێزتری چالاکییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بوو بۆ کاردانەوە لە هەنبەر پێداویستییە مرۆیی و گەشەپێدەرەکانی تایبەت بە خەڵکی عێراق. جا لەو کاتەی پەیکەرە و هەیکەلی بەڕێوەبەرایەتیی نەتەوە یەکگرتووەکان دیاری دەکرێ، ڕۆڵی من خۆی لە گرتنەبەری چەند ڕێگەیەکی گونجاوی کار و گونجان لەگەڵ ئەو ژینگەیەدا دەبینێتەوە کە بەردەوام لە گۆڕاندایە، ئەمەیش لە میانی ئەزموونە دوورمەودایەکانی ئابووری و تەندروستی و ژینگەیی دێتەدی.

من لەگەڵ ڕێکخراوی کۆچی نێودەوڵەتیدا کارێکی دوورودرێژم هەبوو، ئەم ڕێکخراوە ئاژانسێك بوو تەنیا لە ساڵی ٢٠١٦ ەوە هاتە نێو خانەوادەی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، بەهۆی زیادبوونی ئالنگارییەکانی کۆچی نێو دەوڵەتیشەوە بەشێوەیەکی زۆر گەورە گەشەی کرد. ڕۆڵی نوێم وەك ڕێکخەرێکی نیشتەجێ لە ساڵی ٢٠١٣ ەوە دەستی پێ کرد، ئێستەیش وەك ڕێکخەرێکی نیشتەجێ/ ڕێکخەری کاروباری مرۆیی لە عێراقدا، بە کارێکی زۆر بەسوود دادەندرێ، چونکە دەرفەتی وەدەستهێنانی ڕوانگەیەکی فراوانترم بۆ دەڕەخسێنی بۆ ئەوەی بتوانین بە شێوەیەکی کارا ڕووبەڕووی ئەو ئالنگارییانە ببینەوە کە خەڵك لە عێراقدا ڕووبەڕوویان بوونەتەوە، هەروەها بەپێی ئەمە توانای کاریگەری و سەرکردایەتیکردنی کاردانەوەی نەتەوە یەکگرتووەکانیش دەستەبەر دەکات.

**لە ساڵی ٢٠٢٠ دا، حکوومەتی عێراقی بڕیاری خێرا داخستنی کەمپەکانی ئاوارەی دا، نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ یارمەتیدانی عێراق و تیمی هەرێمیی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ یارمەتیدانی ئاوارە کەمدەرامەتە عێراقییەکان لەمبارەیەوە چییان کرد؟**

نەتەوە یەکگرتووەکان لەگەڵ جڤاکی فراوانتری مرۆییانە لە عێراق، داوای دۆزینەوەی چەند چارەسەرێکی بەردەوامی بۆ ئاوارەکان کرد بۆ




ئەوەی چیدی کەس پێویستی بە کەمپەکانی ئاوارەکان نەبێت بخرێنە خانەی فەرامۆشییەوە و ببنە بەشێك لە یادەوەری. جا بە پابەندبوون بەو ئامانجەوە، ئێمە بەردەوام بەو ڕێباز و بنەمایانە پابەند دەبین کە دەڵێ، دەبێ گەڕانەوەی ئاوارەکان خۆویستانە و بێمەترسی و سەربەرزانە و ڕوون و ڕەوان بێت. ئەم بنەمایە سەرەکییانە لەسەر ئاستی جیهانی و عێراقیشدا، لە قووڵایی و کرۆکی کاری نەتەوە یەکگرتووەکانن. هەروەها پاڵپشتیکردنی ئاسانکاریی و زەمینەسازی بۆ گەڕانەوە و ئاوێتەبوونی خۆجێیی و سەقامگیریی لە شوێنەکانی دیکە، لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دەکرێ، بێگومان تەنیا لەسەر بناغەی ئەو بنەما و ڕێبازانەی سەرەوە دەبێت؛ بە کردەی ئاسانکاری و زەمینەسازیی سەردانیکردنی کەمپەکان و بینینیشەوە.

لە ڕووی چالاکییەکانەوە لیستەکە زۆر دوورودرێژ و گەورەیە، هەر تەنیا بۆ نموونە: لە کاتی داخستنی کەمپەکان و پەڕینەوە و گەڕانەوەیان بۆ ناوچە مامناوەندییەکانی ئاوارەکان، دەستمان بە چاودێری کرد، ئەمەیش بۆ پاڵپشتیکردنی ئەو ئاوارە عێراقییانە بوو کەوا بەهۆی داخستنی کەمپەکانەوە زیانیان بەرکەوتبوو. هەروەها ناردنی نامە و پەیام و بەدواداچوون لە هەنبەر بەجێهێشتن و حەواڵەکردن و پێشکێشکردنی خزمەتگوزارییەکان لەتەك هەوڵە مەزنەکانی هەماهەنگی و چاودێریکردن و سەرپەرشتیکردنەوە، لەنێو قووڵایی و کرۆکی کاردانەوە بوو.

ئێمە کار بۆ دەستەبەرکردنی دیاریکردنی پێداویستیی ئەو ئاوارە هەژار و کەمدەرامەتانە دەکەین کە کەمپەکانیان جێهێشتووە لەگەڵ ئەو خانەوادە ئاوارانەی لە دەرەوەی کەمپەکان دەژیەن یانیش گەڕاونەتەوە شوێنی پێشووی خۆیان، یانیش هەر شوێنێکی دیکەی وڵات بەشێوەیەکی ڕوون و وەرگرتنی پاڵپشتی و یارمەتیی پێویست لەسەر بنەمای ئەو پێداویستییانە و بەپێی بنەمایە مرۆییەکان، لایەنێکی دیکەی کارەکانمانە.

بەشێوەیەکی دوورمەوداش، جێبەجێکردنی سەرکەوتووانەی ستراتیژی چارەسەرە بەردەوامەکان لە عێراقدا، بۆ دەستەبەرکردنی ئازادکردنی خانەوادە ئاوارەکان/ گەڕاوەکان لە کاریگەریی ئاوارەیی، بە هەنگاوێکی سەرەکی دادەندرێ بۆ ئەوەی دەست بە ژیانی ئاسایی خۆیان بکەنەوە و پشت بە خۆیان ببەستن.

**ساڵی ٢٠٢٠، لەگەڵ پەتای کۆرۆنادا، بۆ عێراق و خانەوادەی نەتەوە یەکگرتووەکان لەو وڵاتەدا، ساڵێکی پڕ لە ئالنگاری بوو، ئەو شتە چییە کە لە هەموو شتێکی دیکە زیاتر لە ساڵی ٢٠٢٠ دا شانازیت پێی کردووە؟**

بڵاوبوونەوە و تەشەنەکردنی پەتای کۆرۆنا، بۆ جیهان و عێراقیش، بووە ئالنگارییەکی بێوێنە و پێشبینی نەکراو، لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسەکەشدا، خانەوادەی نەتەوە یەکگرتووەکان هەوڵی بێوچانی دا بۆ ئەوەی چالاکییە بەرنامەییە هەنووکەییەکانی بگونجێنێ و کاردانەوە گونجاوەکانی هەنبەر ڕووبەڕووبوونەوەی پێداویستییەکان و ڕاستییە تازە سەرهەڵداوەکانی عێراق پێش بخات. ئێمە توانیمان پلانێکی کاردانەوەیی کۆمەڵایەتی ئابووریی هەنبەر پەتای کۆرۆنا دابنێین و لە ترۆپکی قەیرانەکەدا چالاکییەکانمان بە ئاراستەی یارمەتیدانی گەل و حکوومەتی عێراقی ئاراستە بکەین. ئەمەیش سەرکەوتنێکی مەزن بوو، چونکە پلانی کاردانەوە هەر بە تەنیا قەیرانی یەکسەر و لەناکاوی تەندروستی چارەسەر ناکات، بەڵکو لە هەمان کاتیشدا پلانەکانی تایبەت بە چالاکییەکانی چاکبوونەوەش زۆر پێویستن، بە تایبەت لە کەرتی ئابووری و ڕەخساندنی دەرفەتەکانی کار.

**ئالنگارییە سەرەکییەکانی داهاتووی نێو ساڵی ٢٠٢١ چین؟**

ئالنگارییەکە هەوێنبوونی چەند کاردانەوەیەکی هاوبەشە لەگەڵ جڤاکی مرۆیی و حکوومەت بۆ دانانی ئاوارەکان لەبەردەم کردە پێشوەختە گریمانییەکانی داخستنی کەمپەکان. دەبێ کاردانەوە هاوبەشەکانمان لەسەر بنەمای پێداویستییەکانی ئاوارەکان و جڤاکە خۆجێییە خانەخوێیەکان بێت. هەروەها دەبێ پتەوکردن و برەودان بە هەماهەنگی و هاوکاری و ئاڵوێرکردنی زانیارییەکان، بۆ وەدیهێنانی چەند چارەسەرێکی بەردەوام بۆ ئاوارەکان بەتایبەتیش لەسەر ئاستی خۆجێیدا، شتێکی تەوەرەیی و سەرەکی بێت. هەروەها زۆر پێویستە بۆ کاردانەوە لە کاتی گونجاودا پێکهاتە و سیستمێکی بەهێز و نەرم دابمەزرێ و دەبێ لە میانی سیستمی هەماهەنگییەك چارەسەر بکرێ کە لەسەر بنەمای ئەو ناوچەیە بنیاد نرابێت کە تازە پێکهاتووە.

سەبارەت بە پەتای کۆرۆناش، نەتەوە یەکگرتووەکان لە میانی یارمەتیدانی حکوومەتی عێراقی بۆ بنیادنانی ستراتیژێکی هەمەگیر بۆ خۆپاراستن لە پەتایەکە و ڕزگارکردنی گیانەکان و کەمکردنەوەی کاریگەرییە تەندروستی و ئابوورییەکانی، جەخت لەسەر ئەوپەڕی ئامادەباشی و کاردانەوە دەکاتەوە.

ئامانجەکانیش دوورمەودا دەبن، وەك چارەسەرکردنی گۆڕانی کەشوهەوا و چاکبوونەوەی ئابووری و ڕەخساندنی دەرفەتی یەکلاکەرەوەی کار لە ڕەوتی هەنووکەیی قەیرانە ئابوورییەکەی عێراقدا. ئەمەیش بۆ سەقامگیری و ئاشتیی نێو وڵاتەکە سوودبەخش دەبێت.



# یارمەتیدانی هەڵبژاردنەکان

## هەڵبژاردنی پاك و بێگەردی سەرەکی بۆ دووبارە دروستکردنەوەی متمانەی جەماوەر: نەتەوە یەکگرتووەکان لەگەڵ دەستپێکردنی ئامادەکارییەکانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، چوارچێوەی پاڵپشتیکردن و یارمەتیی بواری هەڵبژاردن فراوانتر دەکات

حکوومەتی عێراقی لە میانی خشتەیەکی دیاریکراوی کاتی، سەرلیستبوونی (الاولویە) بەخشیوەتە بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنە پێشوەختە ئازاد و دادپەروەر و بێگەردەکان، بەجۆرێك هەموو لایەك بگرێتەوە و لەگەڵ ئەرك و کارەکانی یۆنامی بگونجێ، لەبەرئەوە، نووسینگەی یارمەتیدانی هەڵبژاردن بۆ فراوانترکردنی چوارچێوەی پێشکێشکردنی یارمەتیی تەکنیکی و ڕاوێژ لەگەڵ کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لەپێناو بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنەکاندا ، لە هەوڵەکانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا ڕۆڵێکی پێشەنگانە دەگێڕێ.

ڕۆژی ١٠ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢١ وەك وادەی هەڵبژاردنەکان دیاری کراوە و جەختی لەسەر کراوەتەوە، یانیش دوای چوار مانگ لەو وادەیەی کە لە سەرەتادا بڕیاری لەسەر درابوو. ئەم هەڵبژاردنانە بۆ عێراق لە کاتێکی زۆر هەستیاردا دێت، چونکە دوای چەندان داواکاریی کەڵەکەبووی میللی بۆ گۆڕانکاری، بڕیار لەسەر بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکان دراوە. بەمەیش ئەم هەڵبژاردنانە دەرفەت بۆ عێراقییەکان دەڕەخسێنێ بۆ کێشانی وێنەی ئایندەی سیاسییان و هەروەها بۆ ئەوەی دەنگیشیان ببیسترێ، چونکە هەڵبژاردنی پاك و بێگەرد و دوور لە دەستێوەردان بناغەی دووبارە دروستکردنەوەی باوەڕ و متمانەی جەماوەرە. لەبەرئەوە، زۆر پێویستە ژینگەیەکی گونجاو بڕەخسێندرێ کە ڕێگە بۆ ئامادەکارییەکی کارا و شەفافی تایبەت بە هەڵبژاردنەکان هەموار بکات.

نێردەکە لە ساڵی ٢٠٠٤ەوە لەسەر شێوەی ڕاوێژ و یارمەتیدانی تەکنیکەوە پاڵپشتی و کۆمەك پێشکێشکی دەزگاکانی هەڵبژاردنی عێراق دەکات. هەروەها یۆنامی لە کاتی کۆتایی هاتنی دانانی یاسای هەڵبژاردنەکان و دەستکردن بە ئامادەکارییەکانی بواری هەڵبژاردن، دەستی بە چڕکردنەوەی یارمەتییە تەکنیکییەکان و بڵاوکردنەوە و ناردنی زۆرێك لە پسپۆڕان کردووە، بۆ ئەوەی لە بارەگا سەرەکییەکەی کۆمسیۆن و نووسینگە مەیدانییەکانیدا، لە لایەن یونامییەوە یارمەتییان بدرێ. پاڵپشتی و یارمەتییەکانمان بۆ لایەنەکانی تایبەت بە هەڵبژاردن لە عێراق، بەتایبەتیش کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، وەدیهێنانی پێداویستییە خێرا و هەنووکەییەکانی تایبەت بە توانایەکان بوو.

زۆر گرنگە جەخت لەوە بکەینەوە کە نەتەوە یەکگرتووەکان پاڵپشتیی لە کردەیەك دەکات کە هی عێراقییەکانە و هەر خۆیشیان بەڕێوەی دەبەن. بەڵام دید و بۆچوونی جەماوەر و هەندێك لە دەستکاریکردنی سیاسییانە کە هەندێك ڕەخنەگر کردوویانە، وەهای پیشان دا کە نەتەوە یەکگرتووەکان خۆی هەڵبژاردنەکان بەڕێوە دەبات و سەرپەرشتیی دەکات، ئەمەیش نەك هەر پڕوپاگەندەیەکی هەڵەیە، بەڵکو بەشێوەیەکی زۆر مەترسیدار سەرلێشێوێنەریشە. چونکە عێراق نامەیەکی بۆ ئەنجوومەنی ئاسایشی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان ناردووە و داوای لێ دەکات چاودێریی هەڵبژاردنەکانی عێراق بکەین، ئەمەیش وەك هەوڵێکە بۆ دووبارە دروستکردنەوەی متمانە و باوەڕی جەماوەر و پتەوترکردن و پاڵپشتیکردنی بەشداری. چاودێریی هەڵبژاردنیش نزمترین



شێوەکانی ئامادەگیی نێودەوڵەتییە لە عێراق و هۆکارێکی زانراو و پەسندکراوی جیهانییە و وەك دەستەبەرکردنێکی زیاتری پاراستنی پاکی و بێگەردیی کردەی هەڵبژاردنە.

هەروەها بۆ دەستەبەرکردنی هەڵبژاردنێکی پاکوبێگەرد چەند ڕەگەز و لایەنێکی دیکە هەن. چونکە دەبێ ئامادەکارییەکانی تایبەت بە هەڵبژاردن بە گشت قۆناغەکانییەوە لە دەستتێوەردانی سیاسی بەدوور بن. هەروەها دەبێ کۆمسیۆن لە کاتی بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنەکان و بەڕێوەبردنی کارەکانیدا، لە گشت دەستوەردانێکی سیاسی بەدوور بێت.

هەروەها لە پێناو چارەکردنی ئالنگارییەکانی نێو هەڵبژاردن و بنیادنانی باوەڕ و متمانەی جەماوەر بە پاکی و بێگەردی و توانا تەکنیکییەکانی کۆمسیۆن، دەبێ بەمشێوەیەی خوارەوە چەند ڕێکارێکی کردارییانە بگرێتە بەر، وەك ئامادەکردنی تۆمارێکی سەرانسەری و گشتگیر بۆ دەنگدەران و پشتبەستن بە سیستەمی بەڕێوەبردنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن کە پڕ بێت لە ڕاستگۆیی و شەفافییەت و تاقی کرابێتەوە و پشت بە سیستەمێکی دانایانەی مامەڵەکردن لەگەڵ سکاڵا و تانەکانی هەڵبژاردن ببەستێت و لایەنەکانی هەڵبژاردن لە ئامادەکاری و کردەکانی تایبەت بە هەڵبژاردنەکان ئاگادار بکاتەوە.

لە لایەن یونامییەوە و لە پێناو بەهێزترکردنی ئەو پاڵپشتی و یارمەتییەی لە بواری گەشەپێدانی توانایەکانەوە پێشکێشی کۆمسیۆن دەکرێ، پڕۆژەیەکی هەڵبژاردن بەسەرۆکایەتیی نەتەوە یەکگرتووەکان و بە بەشداریی چەندان دەوڵەت لە کۆتایی ساڵی ٢٠٢٠ دا دەستی پێ کراوە. ئەمەیش نیشانەی پاڵپشتی و یارمەتیی بەهێز و گەورەی نێودەوڵەتییە بۆ عێراق و ڕۆڵی یۆنامی. بەرپرسیارییەتیی بەڕێوەبردنی دارایی ئەو پارەو پوولە تەرخانکراوەش دەکەوێتە ئەستۆی بەرنامەی گەشەپێدەری نەتەوە یەکگرتووەکانەوە.

پڕۆژەکە بەناوی پاڵپشتیکردنی پرۆسەی هەڵبژاردنی عێراقییە و لە دوو قۆناغ پێکدێت و بۆ بنیادنانی توانا دامودەزگایەکا کۆمسیۆن و یارمەتیدانێکی ڕاستەوخۆ لە ڕێکخستنی هەڵبژاردنە پێشوەختەکانی پەڕلەمان، لەگەڵ مەرج و پێداویستییەکانی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان و دەسەڵاتە عێراقییەکان دەگونجێ. نێردەکەش بەپێی ئەم پڕۆژەیە، بۆ پێشکەشکردنی یارمەتیی تەکنیکی و ڕاوێژ لەو بوارە سەرەکییانەی بە هاوبەشی لەگەڵ کۆمسیۆندا دیاری کراون، کارمەندانی هەڵبژاردن بڵاو دەکاتەوە. هەروەها بۆ پاڵپشتیکردنی هۆشیارکردنەوەی مەدەنی و هۆشیارکردنەوەی دەنگدەران و پتەوکردنی پێوەندیی بەردەوامی کۆمسیۆن لەگەڵ لایەنەکانی هەڵبژاردنیش، چەند چالاکییەك جێبەجێ دەکرێن.

"دکتور ئەمیر ئاراین"، ڕاوێژکاری سەرەکیی هەڵبژاردن و بەڕێوەبەری نووسینگەی یارمەتیدانی هەڵبژاردن لە نێردەکەدا، گوتی: پاڵپشتیکردنی ڕاوێژی پسپۆڕان و ئەو یارمەتییە تەکنیکیەی پێشکێشی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی دەکات، لە میانی پاڵپشتییەکی زیاترەوە دەبێت کە لە لایەن تیمێکی گەورەترەوە دەبێت و بۆ هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٠٢١٢ ئامادەی دەکەین. ئێمە بۆ یارمەتیدانی هاوکاران و هاوپیشە عێراقییەکانمان لە بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنێکی پاك و بێگەردی سەرانسەری و هەمەگیر کە بتوانن شانازی پێوە بکەن، لەو پەڕی ئامادەباشیداین.

هەرچەندە نەتەوە یەکگرتووەکان و جڤاکی نێودەوڵەتی پاڵپشتی لە بەهێزکردنی توانایە عێراقییەکان دەکەن، بەڵام ئەوان لە سەرخستنی هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا ناتوانن جێگەی خودی عێراقییەکان بگرنەوە. هەروەها بەرپرسیاریی هەڵبژاردنێکی پاك و بێگەرد هەر بە تەنیا ناکەوێتە ئەستۆی عێراقییەکان، بەڵکو دەکەوێتە سەر شانی گشت لایەنەکانی تایبەت بە هەڵبژاردن و گشت لایەنە کارایە سیاسییەکان و سەرجەم هاووڵاتییانی عێراقی- کە داوایان لێ کراوە لە ژیانی گشتیدا ڕۆڵێکی گەورەتر بگێڕن، جا ئەگەر دەنگدەر بن یان بەربژێر یانیش ئەو هاووڵاتییە ئاساییانە بن کە سوورن لەسەر ڕابوون و گەشەکردنی وڵاتەکەیان.



# نووسینگەی مافی مرۆڤ

## پرسیار و وەڵام لەگەڵ

### سەرۆکی نووسینگە

# خاتوو "دانییل بیل"




**هەڵسەنگاندنت بۆ بارودۆخی مافەکانی مرۆڤی ساڵی ٢٠٢٠ لە عێراق چۆن بوو؟**

گۆڕانکاری و پێشکەوتنەکانی بارودۆخی سیاسی و ئابووری و تەندروستی و ئەمنی بەشێوەیەکی گەورە کاریگەریی بەسەر ئەوەدا هەبووە کە دەرفەتێك بڕەخسێنێ زۆرێك لە هاووڵاتیانی عێراقی لە ساڵی ٢٠٢٠ بە تەواوی مافە مرۆڤییەکانیان وەدەستبێنن.

هەروەها لە ساڵی ٢٠٢٠دا خۆپیشاندانە بەرفراوانە میللییەکان بەردەوام بوون کە هەر لە ساڵی ٢٠١٩ ەوە دەستیان پێکردبوو، بەڵام لەهەنبەر بەردەوامبوونی نائامادەییی لێپرسینەوە سەبارەت بەو مافانەی مرۆڤ کەوا پێوەندییان بە خۆپیشاندانەکانەوە هەیە، نیگەرانی بە بەردەوامی باڵ بەسەر نووسینگەی مافەکانی مرۆڤی نێو نێردەی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ هاریکاریی عێراق دەکێشێ، لە لایەکی دیکەشەوە زۆرێك لە کۆتوبوند بەسەر ئازادیی ڕادەربڕینی ئەو کەسانە سەپێندراوە کەوا ڕەخنە لە دەسەڵاتەکان دەگرن.

ڤایرۆسی نوێی کۆرۆناش لە ساڵی ٢٠٢٠ لە عێراقدا، کاریگەرییەکی گەورەی بەسەر بواری مافەکانی مرۆڤ هەبوو. جا نووسینگەی مافەکانی مرۆڤ لە نێردەکەدا وەك کاردانەوەیەك لەهەنبەر ئەمەدا، چالاکییەکانی لەهەنبەر چاودێریکردن و پێڕاگەیاندن و بانگەشە سەبارەت بە هۆکارەکانی نیگەرانیی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ لە ڕەوتی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، زیاتر کرد و بەتایبەتیش

جەخت و بیرکۆییەکی تایبەتی لەسەر کاریگەریی ئەو کۆتوبەندانە چڕکردبوویەوە کەوا بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە بەسەر ئەو جۆرە دانیشتووانانەدا سەپێندرابوون کەوا بارودۆخیان فشۆڵ و نالەبار بوو، بە ژنان و کچان و جڤاکی کەمینەکان و ئەوانەشەوە کە لە ئازادییەکەیان بێبەش ببوون.

نووسینگەی مافەکانی مرۆڤی سەر بە نێردەکە هەر لە ساڵی ٢٠٢٠دا، هاوبەشییەکەی لەگەڵ حکوومەت توندوتۆڵتر کرد، ئەمەیش وەك پاڵپشتیی ئەو هەوڵانە بوو کە لەپێناو پاڵپشتیکردن و پتەوکردن و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ خرابوونە گەڕ. حکوومەتیش لە ساڵی ٢٠٢٠ بەشێوەیەکی زۆر بنیادنەرانە لەگەڵ نووسینگەی مافەکانی مرۆڤی سەر بە نێردەکە و لەگەڵ میکانیزمەکان و دەستەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکانی تایبەت بە پەیماننامەکانی مافی مرۆڤ، هاتە نێو کارەکە و رۆڵی باشی گێڕا، نووسینگەکە لە ساڵی ٢٠٢١ دا لە کارکردنی نزیك لەگەڵ حکوومەت بەردەوام دەبێت، ئەمەیش بۆ یارمەتیدانیەتی لە جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانی پەیماننامەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و بەردەوامبوون لە جێبەجێکردنی ئەو ڕاسپاردە هەمەگیرانەی کەوا لەمیانی دەرخستە و نمایشی خولییانەی سەرتاپاگیر دەرچووە و لە ساڵی ٢٠١٩دا بەڕێوە چووە.

**لە کاتی خۆپیشاندانەکاندا بە چ شێوەیەك لە پاراستنی مافەکانی مرۆڤ دڵنیابوونەوە و لێکۆڵینەوەتان کرد؟**

پاراستنی خۆپیشاندەران و ئەو کەسە چالاکانەی ئازادانە مومارەسەی مافی ئازادیی گردبوونەوە و ئازادیی ڕادەربڕین دەکەن، لە ساڵی ٢٠٢٠ دا بە مەسەلەیەکی گرنگ دادەنرێ. نووسینگەی مافەکانی مرۆڤی سەر بە نێردەکەش دوو ڕاپۆرتی جیای دەرکرد کە لە هەردوو مانگی ئایار و ئابدا ڕاگەیەندران و دەستدرێژی و پێشێلکارییە مەترسیدارەکانی مافەکانی مرۆڤیان دۆکیومێنت کردبوو کەوا لە کاتی خۆپیشاندانەکاندا هێزە ئەمنییەکان و ئەو گرووپانەی بە میلیشیایەکان ئاماژەیان بۆ دەکرێ، پێڕەویان کردبوو. ئەم ڕاپۆرتانە - کە خرانە بەردەم حکوومەتیش- بەڵگەی بەکارهێنانی فیشەکی دژ بە خۆپیشاندەرانی ئاشتیخواز و بێ چەکی تیادا تۆمار کرابوو، هەروەها نیشانە گرتنەوە بە مەبەستی کوشتن و ڕفاندن و ئەشکەنجەدان و چەند دۆخێکی ڕفاندن و دەستگیرکردنی هەڕەمەکییانەی ئەو کەسانەشیان تیادا باسکرابوو کەوا پێوەندییەکیان بە خۆپیشاندانەکانەوە هەبوو. نووسینگەی مافەکانی مرۆڤ لە ڕاپۆرتەکانیدا داوای لێپرسینەوەشی کردبوو، چەند ڕاسپاردەیەکی کردارییانەشی پێشکەشی حکوومەت کردبوو کە ئامانجیان دەستەبەرکردنی گرتنەبەری ڕێکارەکانی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و کەسانی چالاك و قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانانە بوو کەوا لێیان کەوتبوو. نووسینگەی مافەکانی مرۆڤی سەر بە نێردەکە لە ساڵی ٢٠٢٠دا ئەو کۆتوبەندە زیادبووانەی تۆمار کردبوو کە لە هەنبەر ئەو کەسانەی ڕەخنە دەگرن و دژی دەسەڵاتەکانن، خرابوونە سەر ئازادیی ڕادەربڕین. نووسینگەکە لەهەنبەر ئەو ڕێکارە کۆتوبەندکارانەش نیگەرانیی خۆی دەربڕی کە لە کوردستاندا دژی کەسانی چالاك و هۆکارەکانی ڕاگەیاندن گیرانەبەر، هانی حکوومەتی هەرێمیشی دا کە دەستەبەری پاراستنی مافی ئازادیی ڕادەربڕین و ئازادیی کاری ڕۆژنامەنووسان و دەستگەکانی ڕاگەیاندن بکات بەبێ ئەوەی دەست لە کاروبارەکانیان وەربدات، یان بیانتۆقێنێ.




**چۆن نێردەکە لە پتەوکردن و پاڵپشتیکردن و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ لە بواری پێڕەوکردنی دادپەروەریدا، پاڵپشتیی هەوڵەکانی حکوومەتی کرد؟**

نووسینگەی مافەکانی مرۆڤی سەر بە نێردەکە لە ساڵی ٢٠٢٠ دا لە بەرنامە ڕێکوپێکەکەی خۆی بۆ چاودێریکردنی دەستگیرکردن و دادگەییکردنەکان بەردەوام بوو. بەشداریشی لە چالاکییەکانی بانگەشەکردن کرد و یارمەتیی تەکنیکیی پێشکەشی بەرپرسانی پێوەندیدار کرد، ئەمەیش بە ئامانجی پاڵپشتیکردن و پتەوکردنی مافی دەستگیرکراوان بوو، بە منداڵەکانیشەوە، لەگەڵ پاراستنی دەستەبەرییەکانی دادگەییکردنێکی دادپەروەرانە و ڕێکارە پێویستەکانی یاسایی. نووسینگەکە هەر لە ساڵی ٢٠٢٠ دا بە ئامانجی چاودێریکردن، لە شوێنەکانی دەستگیرکردندا (٩٧) چاوپێکەوتنی بەڕێوەبرد، لە مانگی کانوونی یەکەمیشدا نووسینگەکە بۆ یەکەمین جار لە پێناو چاودێریکردنی بارودۆخی زیندانی مەڵبەندیی ناسرییە مافی ئاگاداربوونی تەواوی پێ بەخشرا.

نووسینگەکە لە مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠٢٠ دا، بە هاوبەشی لەگەڵ نووسینگەی کۆمسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان ، ڕاپۆرتێکیان بەناونیشانی " مافەکانی مرۆڤ لە بواری پێڕەوکردنی دادپەروەری لە عێراق: دادگاییکردنەکان بەپێی یاسایەکانی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و لێکەوتەکانی لەسەر دادپەروەری و لێپرسینەوە و یەکگرتنی کۆمەڵایەتی لە دوای قۆناغی داعش" بڵاو کردەوە. ڕاپۆرتەکە ئەو ترس و نیگەرانییانە دەردەخات لەوەی کە پێوەرەکانی دادگەییکردنێکی دادپەروەرانە ڕێزی لێ نەگیراوە، هەروەها تیشکی خستە سەر نەبوونی یەکسانیی بەردەم دادگەکان. دوای بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتەکە و لە ئەنجامی چالاکییەکانی پشتگیریکردن و پێوەندیی بەردەوامەوە کە نێردەکە بەڕێوەی برد، ئەنجوومەنی باڵای دادگە بۆ دانانی چەند بنەمایەکی ڕێنماییکارانە لە پێناو بەڕێوەبردنی لێکۆڵینەوەکان و دادگەییکردنە دادگەییەکان بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان، لەسەر بەشداری ڕازی بوو. هەروەها نووسینگەکە لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠٢٠ و لە چوارچێوەی قۆناغی یەکەم لە زنجیرە گفتوگۆیەکانی تایبەت بە دارشتنی ئەم بنەمایانە، سەکۆیکارێکی ئۆنلاینی لەگەڵ ئەنجوومەنی باڵای دادگا ڕێکخست کە دوو ڕۆژ بەردەوام بوو و ١٦ دادوەری عێراقی لە چەندان دادگای بەغدا و پسپۆڕانی نێودەوڵەتی لە بواری مافەکانی مرۆڤ و پسپۆڕانی دادوەری تیایدا بەشدار بوون.

**بۆ پاڵپشتیکردن و پتەوکردنی مافی خوێندن چی دەکەن؟**

نێردەکە لە ١٧ی شوباتی ٢٠٢٠دا ڕاپۆرتێکی بەناونیشانی " مافی خوێندن- بەشی یەکەم: کاریگەریی کۆنترۆڵ و هەژموونی داعش بەسەر ناوچەکان لەهەنبەر ڕەخساندنی دەرفەتەکانی خوێندن بۆ نەوجەوانان لە عێراق" دەرکرد، ئەمەش ڕاپۆرتێکی تایبەت بوو کە پشتی بە چەندان ڕاوێژکاری و چاوپێکەوتن و گفتوگۆکردن لەگەڵ چەند کۆمەڵەیەکی تایبەتمەند بەو مەسەلەیە بەستبوو کە لەنێوان تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠١٨ و کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠١٩ دا بەڕێوە چوو. ڕاپۆرتەکە تیشك دەخاتە سەر چەندان ئالنگاری (التحديات)، بەو ساڵە لەدەستچووانەی خوێندنی فەرمیی منداڵان و نەبوونی ژمارەی پێویستی قوتابخانەکان یان بەرنامەیە خێرایەکانی فێرکردن و کەمیی کاتژمێرەکانی خوێندن و گرفت و ئاستەنگەکانی بەردەم هاتووچوو و ئەگەری وەدەستهێنانی بەڵگەنامە مەدەنییە (سەلمێنەرەکان) یشەوە لە پێناو تۆمارکردن لە قوتابخانەکاندا. نووسینگەی مافەکانی مرۆڤی سەر بە نێردەکە لە ئێستەدا کار بۆ تەواوکردنی ڕاپۆرتی دووەم دەکات کەوا باس لە ئەگەری وەدەستهێنانی دەرفەتی خوێندن لە عێراق دەکات" بەشی دووەم: تەگەرەکانی بەردەم خوێندنی کچان لە دوای داعش". ڕاپۆرتەکە ئەو تەگەرانە دەستنیشان دەکات کە تا ئێستەش لەبەردەم وەدەستهێنانی دەرفەتی خوێندنی کچاندا بەربەست دروست دەکەن و خۆیان لە ڕۆڵ و پێوەرە باوە تەقلیدییەکانی هەنبەر جۆری کۆمەڵایەتی ( ڕەگەز) و ئاستی خوێندنی خانەوادە و هەژاری و پاراستن و هێدمەکانی پێشوودا دەبیننەوە. وا بڕیارە ڕاپۆرتەکە لە کۆتاییەکانی مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠٢١ دا دەربچێ. هەردوو ڕاپۆرتیش چەند ڕاسپاردەیەکی ئامانجگر پێشکەش دەکەن کە بریتین لە چەند ڕێکارێکی دیاریکراو بۆ چارەسەرکردنی ئەو پێوەرە جڤاکییانەی پێوەندییان بە جۆری کۆمەڵایەتی (ڕەگەز)ەوە هەیە و داواکارییە بۆ دۆزینەوە و فەراهەمکردنی کەشێکی گونجاوی

فێرکردن و خوێندنی کچان.

**نووسینگەی مافەکانی مرۆڤی مرۆڤی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان بە چ شێوەیەك كار بۆ پتەوکردن و پاڵپشتیکردنی یەکسانی و ڕێگەگرتن لە هەڵاواردن دەكات؟**

پتەوکردن و پاڵپشتیکردنی یەکسانی و بەرپەرچدانەوەی هەڵاوێردن لە کارە لەپێشینە سەرەکییەکانی نووسینگەی مافەکانی مرۆڤە. کاری ئێمە لەم بوارەدا جەختی لەسەر پاراستنی مافەکانی مرۆڤی کەمینە نەژادی و ئایینییەکان و پتەوکردن و پاڵپشتیکردنی پاراستنی توێژە بێدەسەڵات و بێهێزەکان کردووەتەوە، بە ژنان و کچان و پەککەوتەکان و ئەوانەی سەر بە کەمینەکانن، هەروەها لەمیانی کارکردن لەگەڵ هاوبەشانمان لە تیمی هەرێمییانەی نەتەوە یەکگرتووەکان، پاڵپشتیی دەستەبەرکردنێکی دادپەروەرانە و دوور لە گشت جۆرە هەڵاوێردنێکی سەرچاوە و خزمەتگوزارییە گشتییەکانی کردووە، ئەمەیش مافی خوێندن و چاودێریی تەندروستیی گشت عێراقییەکانیش دەگرێتەوە.

نووسینگەی مافەکانی مرۆڤی نێو نێردەکە لە ساڵی ٢٠٢٠دا، کۆکردنەوە و تۆمارکردنی گێڕانەوە خۆجێییەکانی ئاشتیی سەرانسەری ئەو وڵاتەی تەواو کردووە. ئەم گێڕانەوە خۆجێییانەی ئاشتی، ئەو چالاکییانە بەدیاردەخات کەوا گەنجانی عێراقی بۆ پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و مامەڵەکردن لەگەڵ هەڵاوێردن لەنێو جڤاکە خۆجێیەکانی خۆیان بەڕێوەی دەبەن، گێڕانی ڕۆڵی لایەنە کارایەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتیش لە ڕاپۆرتێکدا جێگەیان دەکرێتەوە کە بڕیارە نووسینگەی مافەکانی مرۆڤی نێو نێردەکە لە سەرەتای ساڵی ٢٠٢١ دا دەری بچوێنێ.

هەروەها نووسینگەی مافەکانی مرۆڤ لە دەستپێشخەرییەکی هاوشێوەدا و بۆ پتەوکردن و پاڵپشتیکردنی گفتوگۆی نێوان پێکهاتەکان، نیازی دامەزراندنی سەکۆیەکی فرە نێوەنداری هەیە ئەمەیش بە بەکارهێنانی ئەو نموونە ئەرێنییانە دەبێت کە گێڕانەوە خۆجێییەکانی ئاشتی تیشکیان خستوونەتە سەر.

نووسینگەی مافەکانی مرۆڤی سەر بە نێردەکە، لە مانگی کانوونی یەکەمدا لە کۆی ئەو زنجیرە چاوپێکەوتنانەی کە لەپێناو تاوتوێکردنی گرنگیی پاراستنی زمانی کەمینەکان لە پاراستنی مێژووی کەمینەکان و هەمەچەشنییە ڕۆشنبیری و کەلتوورییەکەیاندا دەیگێڕێ، بەشێوەیەکی هاوبەش زەمینەسازی بۆ بەڕێوەچوونی یەکەمین چاوپێکەوتن و یەکتربینین کردووە و نزیکەی ٧٠ بەشداربووی سەر بە پێکهاتەی کەمینەکانی وەك کوردی فەیلی و ئەرمەنی و سائبە مەندائییەکان و زەردەشتییەکان و کلدانییەکان بەشداری چاوپێکەوتن و یەکتربینینەکە بوون، لە کۆی ئەو حەفتا کەسەش ٢٨ کەسیان ژن بوون. نوێنەرانی وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی پلاندانان و وەزارەتی ڕۆشنبیری و گەشتیاری و شوێنەوارەکان و کۆمسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤ لە عێراق و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەران، بەشداری چاوپێکەوتن و یەکتربینینەکە بوون. بڕیاردەری نەتەوە یەکگرتووەکان - تایبەت بە کاروباری کەمینەکان- بەشێوەی ئۆنلاین لەو یەکتربینینە گوتەیەکی پێشکێش کرد.

هەروەها نووسینگەی مافەکانی مرۆڤ لە ساڵی ٢٠٢٠ دا بەشداری لە چالاکییەکانی چاودێریکردن



و پێڕاگەیاندن ( الابلاغ) و پشتگیریی پاراستنی مافەکانی مرۆڤی توێژی هاوڕەگەزخوازەکان و ئەو کەسانەش کرد کە حەزی دوو ڕەگەزانەیان هەیە و شوناسی ڕەگەزییانەی خۆیان گۆڕیوە و ئەوانەش کە هەڵگری سیفەتی هەردوو ڕەگەزەکەن لە عێراقدا، بە چالاکییەکانی پێوەندیی بەردەوام و بەشداریکردنیشەوە لەگەڵ جۆرەها ڕێکخراوی جڤاکی مەدەنیدا، هەنگاوی گرنگی هەڵێناوە. ئەم توێژانە ڕووبەڕووی هەڵاوێردنێکی بەرفراوان و گوتاری ڕق و کینە و بێزراندن بوونەتەوە. نووسینگەی مافەکانی مرۆڤ، بە هاوکاری لەگەڵ جڤاکی مەدەنی و چەندان لایەنی دیکەی پێوەندیدار، بۆ کارکردن لەپێناو پاراستنی ئەو توێژە -لە عێراقدا- لە بەشداریکردن و تەقلیبوونی خۆی بەردەوام دەبێت.

**بۆ بەرپەرچدانەوەی توندوتیژیی سێکسی و توندوتیژیی تایبەت بە جۆری کۆمەڵایەتی (ڕەگەزی)، لە ساڵی ٢٠٢٠ دا چ شتێك كراوە و وەدیهێنراوە؟**

نووسینگەی مافەکانی مرۆڤ بۆ پتەوترکردنی ڕێکارەکانی پاراستنی ژنان و کچان لە توندوتیژیی خانەوادەیی و توندوتیژیی وابەستە بە جۆری کۆمەڵایەتی ( ڕەگەزی)، گرنگیی بە چالاکییەکانی پشتگیریکردن داوە. هەروەها نووسینگەی مافەکانی مرۆڤ لە مانگی حوزەیرانی ساڵی٢٠٢٠ دا لەگەڵ ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا لە پێناو پتەوترکردن و پاڵپشتیکردنی پاراستنیان لە توندوتیژیی خانەوادەیی و - بە ڕەچاوکردنی زیادبوونی ئەو ڕاپۆرتانەی سەبارەت بە دۆخەکانی توندوتیژیی خانەوادەییی قۆناغی ڤایرۆسی کۆرۆنا دەرچوون- بۆ پەلەکردن لە گرتنەبەری ڕەشنووسی دەستووری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی خانەوادەیی، تەقلی چەند چالاکییەکی بانگخوازانە بووە. جا نووسینگەی مافەکانی مرۆڤ لە نێردەکەدا، وەك پاڵپشتیکردنی ئەم پێوەندییە بەردەوامە لەگەڵ

ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەران و جڤاکی مەدەنی، بۆ بەرزکردنەوەی هۆشیاری و پتەوکردنی پاڵپشتیکردنی پاراستنی قوربانیانی توندوتیژیی خانەوادەیی، کورتە فیلمێکی بەرهەم هێناوە. لە دوای چالاکییەکانی بانگخوازیشدا کە نووسینگەی مافەکانی مرۆڤ و هاوبەشانی لە تیمی هەرێمییانەی نەتەوە یەکگرتووەکان تەقلی ببوون، سەرۆکی ئەنجوومەنی دادگەی باڵا ڕێنماییەکی ئاراستەکاری دەرکرد و داوای لە دادگە تایبەتمەندەکان کرد دژ بە ئەنجامدەرانی توندوتیژیی خانەوادەیی و ئاسانکاری بۆ پاڵپشتیکردنی قوربانیان، چەند ڕێکارێك بگرنەبەر.

**بۆ یارمەتیدانی قوربانیانی دۆخی ڕفاندنی زۆرەملێیانە چی دەکەن؟**

نووسینگەی کۆمسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤی سەر بە نەتەوە یەکگرتووکان لە نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ یارمەتیدانی عێراق، ڕاپۆرتێکی تایبەتی بەناونیشانی " دۆخەکانی ڕفاندنی زۆرەملێیانە لە پارێزگەی ئەنبار ٢٠١٥-٢٠١٦: لێپرسینەوە و تاقیبکردنی ونبووەکان و مافی زانینی ڕاستی" بڵاوکردەوە. ڕاپۆرتەکە داوای چەند لێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆیانە و کارای کرد بۆ دیاریکردنی چارەنووسی نزیکەی ١٠٠٠ پیاو و کوڕی مەدەنی کە لە ماوەی کردە سەربازییەکانی دژ بە داعش لە پارێزگەی ئەنباردا لە هەردوو ساڵی ٢٠١٥ و ٢٠١٦دا بزرببون، هەروەها ڕاسپاردەی بۆ حکوومەتیش ئەوەبوو کە دەبێ بۆ دەستەبەرکردنی سزادانی تاوانکاران و قەرەبووکردنەوەی قوربانیانی تایبەت بە بزرکردن و ڕفاندنی زۆرەملێیانە، چەند ڕێکارێکی پێویست بگرێتەبەر.

هەرچەندە وەك توێژینەوەی حاڵەتەکە جەختی لەسەر ئەنبار کردبوویەوە، بەڵام دەتواندرێ ڕاسپاردەکانی ڕاپۆرتەکە لە سەرانسەری وڵاتدا پێڕەو بکرێ، هەروەها لە مامەڵەکردن لەگەڵ دۆخەکانی دیکەی بزرکردن و ڕفاندنی زۆرەملێیانەدا




دەبێتە یارمەتیدەر. لەمبارەیەوە، چالاکییەکانی بانگڕاهێشتنی ( الدعوە) تایبەت بە نووسینگەی مافەکانی مرۆڤی نێو نێردەکە لە ساڵی ٢٠٢٠ دا ، بووە هۆی ئەوەی حکوومەت بۆ چڕکردنەوەی گەڕان بەدوای ئەو ئێزیدییانە لیژنەیەکی هاوبەش پێکبهێنێ کە هێشتاکە و دوای ڕفاندنیان لە لایەن ڕێکخراوی داعشەوە بێسەروشوێنن.

هەروەها نووسینگەی مافەکانی مرۆڤی نێو نێردەکە لە ساڵی ٢٠٢٠ لە پاڵپشتیکردنی خۆی بەردەوام بوو بۆ ئەوەی عێراق لەگەڵ میکانیزمانەی نەتەوە یەکگرتووەکان بەردەوام بێت کە پێوەندییان بە مافەکانی مرۆڤەوە هەیە، بە لیژنەی تایبەت بە دۆخەکانی ڕفاندنی زۆرەملێیانە (CED) و تیمی کارای تایبەت بە دۆخەکانی ڕفاندنی زۆرەملێیانە یان دوور لە ویست (WGIED). هەروەها نێردەکە لە هەردوو مانگی ئەیلوول و تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٠ دا لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و کۆمسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤ لە عێراق و شاندی حکوومەتی عێراقی -بەشێوەی ئۆنلاین- و لیژنەی تایبەت بە دۆخەکانی ڕفاندنی زۆرەملێیانە لە دانیشتنی نۆزدەیەمیدا پێوەندیی بەردەوامی دەستەبەر کرد و زەمینەسازییەکی گونجاوی بۆ کرد. لیژنەکە لە ٢٧ی تشرینی دووەمدا " چەند تێبینییەکی کۆتایی سەبارەت بە عێراق"ی دەرکرد کە چەند ڕاسپاردەیەکی دیاریکراویان تێدابوو، بەتایبەتیش لە هەردوو بواری ڕیفۆرمی یاسایی و لێپرسینەوەدا.

**ئەو هەنگاوانە چین (بەدیاریکراوی) کە لەپێناو چارەسەرکردنی ئەو کاریگەرییانە هاوێشتووتانە کە تایبەتن بە مافەکانی مرۆڤ لە سەروبەندی پەتای کۆرۆنادا؟**

نووسینگەی مافەکانی مرۆڤی سەر بە نێردەکە بە درێژایی ساڵی ٢٠٢٠، تەقڵی چالاکییەکانی تایبەت پشتگیریکردن بووە، ئەم بەشداری و تەقلیبوونەش بۆ هێنانەکایەی چەند یاسایەك بووە، بەجۆرێك بتوانێ پاراستنی ژنان و کچان لە توندوتیژیی خانەوادەیی پتەوتر بکات و ئەو ڕێکارانە زیاتر بکات کە دەبنە هۆی ئەوەی ژنان و کچان بتوانن لە ڕەوت و سەردەمی ڤایرۆسی کۆرۆنادا چەند خزمەتگوزارییەکی تەندروستی وەدەستبێنن.

نووسینگەی مافەکانی مرۆڤی سەر بە نێردەکە هەر لە شوباتی ساڵی ٢٠٢٠ دا و بە هاوکاریی پتەوی لەگەڵ نووسینگەی ڕاگەیاندنی نێردەکەدا، بۆ ڕوونکردنەوەی بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی لە هەمبەر کاریگەریی پەتای کۆرۆنا لەسەر مافەکانی مرۆڤ لە عێراق و پتەوترکردنی پابەندبوون بە ڕێکارەکانی خۆپارێزی لە ڤایرۆسی کۆرۆنا، هەڵمەتێکیان بەڕێوە برد. هەڵمەتەکە کە لە ساڵی ٢٠٢١یشدا بەردەوام دەبێت، لەسەر چەند ڕەگەز و لایەنێك بنیادنراوە کە پاڵپشتیی لە یەکتری دەکەن، بە وێنەی جوولاو و بڵاوکراوەکانی سەر دیوار و چەسپەکان و گرتە ڤیدیۆییەکان و کارتەکانی پۆستە کە لە جۆرەها کەناڵی پێوەندی و لە ڕێگەی پێوەندی کەسییانە و لەسەر تابلۆی زانیارییەکاندا بڵاو دەکرێنەوە. جا لە میانی بڵاوکردنەوەیان بە سێ زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی، هەڵمەتەکە لەنێو سۆشیال میدیای سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکاندا گەیشتە نیوملیۆن بینەر.

نووسینگەی مافەکانی مرۆڤی نێو نێردەکە بۆ جێبەجێکردنی ئەم هەڵمەتە، لەگەڵ زیاتر لە بیست ڕێکخراوی کۆمەڵی مەدەنیی عێراقی و حەوت هونەرمەندی عێراقی و ١٤٠ خۆبەخش کە ٣٠ کەسیان ژن بوون، لە شوێنە دووردەستەکان و ئەو شوێنانەی هەژدە پارێزگەکەی عێراق کاریان کرد کە چڕی دانیشتووانیان بەرزە و تیایاندا ٢٨،٥٠٠ چەسپ دابەش کران و ١٣ فیلمی ئەنیمەیشن نمایش کران و ٢٠ بڵاوکراوەی سەر دیواریش بڵاوکرانەوە، کۆی ئەم کارانەش لەپێناو هۆشیارکردنەوە بوو لەهەمبەر زیادبوونی توندوتیژیی تایبەت بە جۆری کۆمەڵایەتی (ڕەگەزی) و توندوتیژیی خانەوادەیی و هەڵاوردن و پاراستنی جڤاکی کەمینەکان و ڕەخساندنی دەرفەتی پەروەردە و فێربوون و چاودێریی تەندروستی و بڵاوکردنەوەی ڕێکارەکانی چاودێریی تەندروستی. هەڵمەتەکەش لەپێناو پاڵپشتیکردنی هەوڵەکانی حکوومەتی عێراقی بوو بۆ بەرزەفتکردن و سنووردارکردنی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا.

هەروەها نێردەکە بەبۆنەی ڕۆژی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ، سێ گۆرانیی " ڕاپ"ی دەرکرد کە لە نووسین و گوتنی گۆرانیبێژ " نینۆسی زێڕێن" هونەرمەندی ئاشووریی بواری ڕاپ و هونەرمەندی کوردی " ڕاز" و " بەڕێز ئوستووری" لە نەژادی عەرەبی بوون، ئەم گۆرانییانە مافەکانی مرۆڤ و تەندروستیی خەڵکانی دیکەیان کردووەتە تەوەر و نێوەڕۆکی خۆیان، ئەمەیش وەك کاردانەوەمان بوو لەهەمبەر ئەو پەتایەدا. هەروەها نێردەکە سەبارەت بە ڕەهەندە پێوەندیدارەکانی کۆرۆنا بە مافەکانی مرۆڤ، لە شاری مووسڵ و کوتدا پاڵپشتیی لە نمایشێکی بڵاوکراوەکانی سەردیوار کرد. هەروەها بە پاڵپشتیی هاوبەشانی خۆجێیی و لەپێناو هۆشیارکردنەوە لەهەمبەر ئەو کاریگەرییانەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لەسەر مافەکانی مرۆڤی جێدەهێڵێ، لە سێ شاری پڕ لە دانیشتووانی بەغدا ١٠،٠٠٠ کارتی ڕێنماییکاری پۆستەیی بڵاوکردەوە.

**کارە لەپێشینە و هەرە گرنگەکانی نووسینگەی مافەکانی مرۆڤ بۆ ساڵی ٢٠٢١ چین؟**

نووسینگەی مافەکانی مرۆڤ لە نێردەکەدا لە ساڵی ٢٠٢١ لە پاڵپشتیکردنی هەوڵەکانی حکوومەتی عێراقی- بۆ پتەوکردن و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ بەپێی پابەندبوونەکانی لەسەر بنەمای یاسای خۆجێیی و یاسای نێودەوڵەتی- بەردەوام دەبێت.

کارە سەرلیست و لەپێشینەکانی نووسینگەی مافەکانی مرۆڤ لە ساڵی ٢٠٢٠ دا ئەمانە بوون:

- پاڵپشتیکردن و پشتگیریکردن و پاراستنی ئازادیی بیرورا و ئازادیی پێکهێنانی کۆمەڵەکان و ئازادیی گردبوونەوەی سیاسی و فراوانترکردنی چوارچێوەی کەشی دیموکراسییانە و مەدەنی.
- پتەوکردن و پاڵپشتیکردنی لێپرسینەوە لەهەمبەر پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ، بە مەسەلەکانی ڕفاندن و بزرکردنی زۆرەملێیانە و بە ئامانجگرتن بە مەبەستی کوشتن و دەستبەسەرکردن و ڕەشبگیریشەوە.
- پاڵپشتیکردن و پتەوکردنی مافەکانی مرۆڤ لە بواری پێڕەوکردنی دادپەروەریدا.
- پاڵپشتیکردن و پتەوکردنی هەمەچەشنی و فرەڕەنگی و یەکییەتیی کۆمەڵایەتی، پاڵپشتیکردن و پتەوکردنی هەڵنەواردن و مافی جڤاکی کەمینە ئایینی و نەژادییەکان.
- پتەوکردن و پاڵپشتیکردنی یەکسانیی نێوان هەردوو ڕەگەز و جەختکردنەوە و توندترکردنی پاراستنی مافەکانی ژن، بە داواکردن بە لەنێوبردن و نەهێشتنی توندوتیژیی خانەوادەییشەوە.
- بەرپەرچدانەوەی هەوڵەکانی خۆدزینەوە و دەربازبوون لە سزادان و پاڵپشتیکردنی ئەو کەسانەی لە توندوتیژیی ڕەگەزیی وابەستە بە ململانێیەکان دەربازبوون.
- پتەوترکردن و پاڵپشتیکردنی پاراستنی منداڵ، بەوانەشەوە کە جەنگەکان زیانی پێگەیاندوون و ئەو منداڵانەش کە لە ئازادیی خۆیان بێبەش بوون.



# تیمی لێکۆڵینەوەی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پاڵپشتیکردن لە لێپێچینەوە لە تاوانەکانی داعش (یونیتاد)

## چەند خاڵێکی سەرەکی:

- یونیتاد، بە هاوکاری لەگەڵ حکوومەتی عێراقی، لە مانگی تەمموزدا سەردانە سەرەتاییەکەی خۆی بۆ شوێنی گۆڕی بە کۆمەڵ لە باکووری ڕومادی دەستپێکرد، سەردانەکە بۆ تاوتوێکردن و چاوگێڕان بە شانۆی تاوانەکان و گفتوگۆکردن سەبارەت بە باشترین ڕێگەی ئاشنابوون بە قوربانییەکان بوو، بە بەکارهێنانی ئەو ئامرازانەی کەوا تیمەکە پێشتر پێشکێشی بەڕێوەبەرایەتیی پزیشکیی داد و بەڕێوەبەرایەتیی گۆڕە بە کۆمەڵەکانی کردبوو، ئەو ئامێرانە بەشێوەیەکی خێرا کارئاسانی لە شیکردنەوەی ترشی ناوەکیدا دەکەن.
- هەروەها بە پاڵپشتی و کۆمەکی یونیتاد، دەسەڵاتە عێراقییەکان بە بەڕێوەبەرایەتیی پزیشکیی دادی و بەڕێوەبەرایەتیی گۆڕە بەکۆمەڵەکان لە کۆجۆ و شنگالدا، دووبارە دەستیان بە گەڕان و دۆزینەوە کرد.
- هەروەها یونیتاد مەشقی دەروونیی کۆمەڵایەتی بۆ زۆرێك لە ڕێکخراوە ناحکوومییەکانی عێراقی دەستەبەر کرد کەوا لەگەڵ قوربانیانی داعش سەبارەت بە کارامەییە سەرەکییەکان و زانیارییەکان بۆ پاڵپشتیکردن و یارمەتیدانی قوربانیان کار دەکەن، بەبێ ئەوەی زیانێکی زیاتری لێ بکەوێتەوە.
- هەروەها کۆڕبەندی گفتوگۆ لە نێوان یونیتاد و ڕێکخراوە ناحکوومییەکان لە کانوونی یەکەمدا وەك بەشێك لە پابەندبوونی بەردەوام بۆ پاڵپشتیکردنی تەڤلیبوونی یونیتاد لەگەڵ جڤاکی ڕێکخراوە ناحکوومییەکان، ڕاگەیەندرا و دەستی پێ کرد.
- ڕاوێژکاری تایبەت بەڕێز " کەریم خان"، سەبارەت بە ڕاپۆرتی پێنجەمی یونیتاد لە کانوونی یەکەمدا بەرچاوڕوونی پێشکێشی ئەنجوومەنی ئاسایش کرد.

## کاردانەوەی یونیتاد لە هەنبەر پەتای کۆڤید-١٩ دا

یونیتاد لە ماوەی پێڕەوکردنی ئەرك و کارەکانی سەردەمی پەتای کۆڤید-١٩ دا، ڕێبازێکی داهێندراوی گرتەبەر. هەروەها تیمی کاریش لە نزیکەوە لەگەڵ یۆنامی لە کارەکانیان بەردەوام بوون، ئەمەیش بووە هۆی کەمکردنەوەی ئەو ڕێکارانەی لە سەرانسەری وڵاتدا گیرابوونە بەر، ئەمەیش ڕێگەی بۆ یونیتاد هەموار کرد بەپێی توانا لە چالاکییە لێکۆڵینەوەییەکانی خۆی بەردەوام بێت.

تیمەکە لە میکانیزمەکانی بەڕێوەبردنی قەیران بۆ دەستەبەرکردنی تەندروستی و سەلامەتیی کارمەندان و شیەتحاڵەکان و لە هەمان کاتیشدا بەدواداچوون بۆ کارەکانی دۆزینەوە و لێکۆڵینەوە سەرلیستەکانی نێو چوارچێوەی (دانانی ئاستێك بۆ مەترسییەکان) بە کارابیەوە، لە میکانیزمەکانی بەڕێوەبردنی قەیران بەشداری کرد، ئەمەیش بۆ کەمکردنەوەی مەترسییەکانە و پێویستی بە گرتنەبەری چەندان ڕێکاری بەرز هەیە.

تیمی لێکۆڵینەوە بۆ چوونە نێو جڤاکەکان و کۆکردنەوەی بەڵگەکان و دەستەبەرکردنی گوێگرتن لە گوتەی قوربانییەکان، چەند ڕێگەیەکی جێگرەوەیان دۆزییەوە. یەکێك لە کارە هەرە گرنگ و میحوەرییەکانی ئەم مەسەلەیە، قووڵکردنەوەی هاوبەشی بوو لەگەڵ دەسەڵاتەکانی عێراقی و بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیا  لە بەڕێوەبردنی گفتوگۆیەکان- لە دوورەوە- و دروستکردن و ڕاگەیاندنی سەکۆ و پێگەیەك لەنێو تۆڕی ئینتەرنێت بۆ پێشکەشکردنی بەڵگەکان لە لایەن قوربانیان و شایتحاڵەکانەوە. ئەم ڕێگە و شێوازانە سەرکەوتنی خۆیانیان سەلماند و ڕێگەیان بۆ بەردەوامیدان بە کۆکردنەوەی بەڵگە و شایەتی و گوتەکان خۆشکرد. هەروەها نووسینگەی سەرۆکوەزیرانی عێراقی، ڕۆڵێکی گرنگیان لە پێشکەشکردنی یارمەتیی کردەکانی تیمەکەدا هەبوو، ڕۆڵی ئەو بەڕێزانەش لە میانی مەڵبەندی نیشتمانیی کردەکانەوە بە پاڵپشتیکردنی چەند سەردانێکی مەیدانی بوو بەهۆی هەماهەنگیکردن لەگەڵ دەستگە پێوەندیدارە ئەمنییەکان؛ بە دابینکردنی هێزی پاسەوانی چەکداریشەوە کە ئەگەر پێویستی کردبایە، پاسەوانیی تیمەکانیان دەکرد.

## چەند ڕێبازێکی داهێندراوی لێکۆڵینەوەکان

تیمەکە بۆ چارەسەرکردن و تاوتوێکردنی قەبارەیەکی زۆری بەڵگە کۆکراوەکان، بە شێوەیەکی کارا هەیکەلی خۆی دارشتەوە و نووسینگەی بەڕێوەبردنی بەڵگەکانی فراوانکرد. هەروەها بۆ دەستەبەرکردنی ڕێکوپێککردنی بەڵگەکان و شیکردنەوەی گشت بەڵگە کۆکراوەکان و هاوکاریکردن لەگەڵ نووسینگەی لێکۆڵینەوە مەیدانییەکان، تیمێکی پسپۆڕیش پێکهێنرا.

هەروەها یەکەی سیستمی زانیارییەکان، بۆ چاکترکردنی یارمەتیی تایبەت بە وەدیهێنانی ئەو پێداویستییە ئاڵۆزە کەڵەکەبووانەی تیمی لێکۆڵینەوەی مەیدانی، پاڵپشتیی لە خولی ژیانی بەڕێوەبردنی بەڵگەکانی سەر بە یونیتاد کرد.

هەروەها یونیتاد لە تۆڕی ئینتەرنێتدا پێگە و سەکۆیەکی بەناوی "شایەتەکان" دروستکرد، ئەمەیش بۆ دەستەبەرکردنی میکانیزمێکی بێمەترسی و پارێزراو بوو کە بەکارهێنانی سانابوو، دەشکرێ بە هۆی ئەم پێگەیەوە کەسانی ڕزگاربوو و قوربانییان و شایەتەکانیش زانیاریی تایبەت بە تاوانەکانی داعش پێشکێش بکەن.

## هاوکاریکردن لەگەڵ حکوومەتی عێراقی

ڕاوێژکاری تایبەت و یونیتاد ، لەگەڵ گەورە بەرپرسانی حکوومەتی عێراقی لە کارکردن بەردەوام بوون. ئەو گفتوگۆ و هەوڵانەش بریتیبوون لە چەند کۆبوونەوەیەکی ئاستبەرز لەگەڵ وەزیری دەرەوە و سەرۆکی ئەنجوومەنی باڵای دادگە. هەروەها ڕاوێژکاریش لە چەندان بۆنە و مەراسیمدا بۆ گفتوگۆکردن لەسەر چالاکییەکانی



تیمەکە و پاڵپشتیکردن و یارمەتیدانی دەسەڵاتە کوردییەکان لە وەدیهێنان و ڕاوەدوونانی دادگەیی ئەو تاوانکارانەی لە سایەی دەسەڵاتی داعشدا تاوانیان کردووە، چاوی بە سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کەوتووە . ئەم هەنگاوانەش بۆ پێڕەوکردنی بڕیاری ژمارە ٢٣٧٩ ی ساڵی (٢٠١٧) ی ئەنجوومەنی ئاسایش، بە پشتبەستن بە ویستی هاوبەشی وەدیهێنانی لێپرسینەوە، بە جۆرێك لەگەڵ ئەو ئەرك و کارانە بگونجێن کە خراونەتە سەرشانی ئەنجوومەنەکەوە، بە سەرکەوتنێکی هاوبەشی حکوومەتی عێراقی و تیمی لێکۆڵینەوە دادەندرێت.

## دید و بەرتەمایی بەرەو ساڵی ٢٠٢١

ا) جێبەجێکردنی پڕۆژەی یارمەتیدانی تەکنیکی لەگەڵ دادوەرانی لێکۆڵینەوەی عێراقی بۆ توانای هەنگاونان لە دۆسییەی ئەو پرسانەی کە دەتوانن لە بەردەم دادگە نیشتمانییەکان لە عێراقدا پاڵپشتیی دادگەییکردنی تاوانکارانی جەنگ و تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی و ئەو جینۆسایدە بکات کە ڕێکخراوی داعش کردوویانە.

ب) کۆتایی هێنان بە یادداشتنامەی پرسە بابەتییەکانی تایبەت بە سەرلیستەکانی لێکۆڵینەوەی سەرەتایی تیمەکە؛ بەو تاوانانەشەوە کە لە شنگال دژ بە پێکهاتەی ئێزیدی کراون، هەروەها ئەو جینۆسایدانەی داعش لە حوزەیرانی ٢٠١٤ دا لە تکریت کردبوونی.

ت) بەردەوامبوونی جێبەجێکردنی پڕۆژەی دیجیتاڵییانەی بەڵگەکان لەگەڵ دەسەڵاتە عێراقییەکاندا کە تیایدا ملیۆنان بەڵگەنامە بەشێوەی تیشکییانە وێنەیان دەگیرێت و بەشێوەیەك ئەرشیف دەکرێن کە لەگەڵ پێوەرە نێودەوڵەتییەکاندا بگونجێن.






## چاوپێکەوتن لەگەڵ

### نوێنەری ڕێکخراوی خۆراك و کشتوکاڵ لە عێراق

# دکتۆر سەڵاح حاجی حەسەن

**ڕۆڵی (فاو) لە وەدیهێنانی ئاسایشی خۆراکیی عێراقدا چییە؟**

ڕێکخراوی خۆراك و کشتوکاڵ بۆ وەدیهێنانی ئاسایشی دوورمەودا و بەردەوامی خۆراکی و پتەوکردن و پاڵپشتیکردنی هەوڵەکانی دانانی ئاستێك بۆ هەژاری لە ناوچە گوندنشینەکان، لە کایەی کشتوکاڵیدا سەرکردایەتیی هەوڵە هاوبەشەکان دەکات، بە ئاژەڵ و دارستانەکان و ڕاوگەکانی ماسی و بەڕێوەبردنی سەرچاوە سرووشتییەکان و پاراستنی ئاوی ئاودێری و پاشکەوتکردن و گڵدانەوە، لەگەڵ چارەسەرکردنی کشتوکاڵی و وردەفرۆشی (البیع بالتجزئە). جا بە ڕوانین لەو ئەرکەی بۆ بەرزکردنەوەی ئاستەکانی خۆراکپێدان خراوەتە سەرشانی ڕێکخراوی (فاو)، ئەوا ڕێکخراوەکە بۆ چاکترکردنی بەرهەمی کشتوکاڵی و بەرزکردنەوەی ئاستی ژیانی خەڵکی گوند و بەشداریکردن لە گەشەکردنی ئابووری، بەرپرسیاریەتێکی گەورەی لەسەر شانە.

هەروەها ڕێکخراوی خۆراك و کشتوکاڵ (فاو) لەگەڵ بەرنامەی خۆراکی جیهانی (WFP)، بۆ دەستەبەرکردنی هەبوونی توانای کاردانەوە، ڕێبەرایەتیی کۆمەڵەی ئاسایشی خۆراکی دەکات، هەروەها بە هاوکاری لەگەڵ هاوبەشەکانیدا، بەشێوەیەکی ستراتیژی و ڕێکخراوانەی سیستماتیك کردەکانی هەڵسەنگاندن و پلاندانان و ئامادەکردنی چەند بەرنامەیەکیش بەڕێوە دەبات.

**چۆن ڕێکخراوی ( فاو) ئەم ڕۆڵە جێبەجێ دەکات؟**

ڕێكخراوەکە لە ئاسانکردن و زەمینەسازی بەشداریکردنێکی پێشدەستانە ( الاستباقی) بۆ ئەو دەستگە حکوومیانەی بەرپرسی ئاسایشی خۆراك و کشتوکاڵن، ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێ ؛ بە وەزارەتەکانی کشتوکاڵ و سەرچاوە ئاوییەکان و وەزارەتی تەندروستی و ژینگە و پلاندانان، هەروەها هەوڵەکانی لەگەڵ ئاژانسەکانی دیکەی نەتەوە یەکگرتووەکان یەکخستووە، بەتایبەتیش لەگەڵ: بەرنامەی خۆراکی جیهانی (WFP) و ڕێکخراوی نێو دەوڵەتی بۆ کۆچ (IOM) و بانکی نێودەوڵەتی (WB) و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گەشەپێدان (UNDP) و سندووقی نێودەوڵەتی بۆ گەشەپێدانی کشتوکاڵی (IFAD) . ئەو هەنگاوانەی ڕێکخراوی (فاو) لە عێراقدا بۆ پتەوکردن و پاڵپشتیکردنی ئاسایشی خۆراکی و خۆراکپێدان هەڵیناون، بریتین لە:

١) داواکاری بۆ دانانی چەند سیاسەت و بەرنامەیەکی خۆراکی و کشتوکاڵی بۆ دەستەبەرکردنی چارەسەرکردنی ئەو ترسانەی پێوەندییان بە ئاسایشی بەردەوام و دوورمەودای خۆراکییەوە هەیە.

ب) بەشدارییەکی کارا لەگەڵ گشت ئەندامانی تیمی هەرێمییانەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پتەوکردن و پاڵپشتیکردنی ئەو هەوڵانەی ئامانجیان چاکترکردنی کشتوکاڵ و خۆراکە.

ج) کارکردن بۆ فراوەژۆکردنی (التکامل) چوارچێوەی ئەو بەرنامانەی کە ڕێکخراوی (فاو) لە وڵاتەکە دایان دەنێ لەگەڵ دانان و ئامادەکردنی بەرنامە ستراتیژییەکان.

توانای ڕێکخراوی (فاو) پاڵپشتی لە کاری شارەزا و پسپۆڕییە هونەرییە ڕەخسێندراوەکان دەکات هەم لە بارەگاکەی خۆی و هەمیش لە نووسینگە هەرێمییەکان و ناهەرێمییەکانی کە دەتواندرێ بۆ کاردانەوە لەهەنبەر پێداویستییەکان بەکاربهێندرێ. هەروەها ئەو بەشدارییە بێهاوتایەی ڕێکخراوی (فاو) لە هەردوو کەرتی کشتوکاڵ و گەشەپێداندا هەیەتی، یەکێکە لە ڕێباز و ئامراز و بنەمایە ئاراستەکارییەکان و ئەو کارکردانەی کەوا بەباشی تاقی کراونەتەوە. ئەمەیش لەتەك شارەزاییەکی وەرگیراو و پەند و عیبرەتی هەڵێنجراودا، بۆچوون و بەرچاوڕوونێکی

ڕوون دەبەخشێتە ڕێکخراوی فاو سەبارەت بە کارامەیی و شارەزایی، لەپێناو جەختکردنەوە و بیرکۆیی - هاوبەشانە لەگەڵ لایەنە پێوەندیدارەکان- لەسەر ئەو بوارانەی لە یارمەتیداندا سەرلیست و لەپێشینەن، بەمەیش هەوڵەکانی ڕێکخراوەکە گەورەترین کاریگەرییان دەبێت.

### گۆشەنیگا و کارە سەرلیست و لەپێشینەکانی ڕێکخراوی (فاو) لە ساڵی ٢٠٢١ دا چییە؟

ڕێکخراوی (فاو) لە سایەی تەشەنەکردنی هەنووکەیی پەتای کۆرۆنادا، لە چاودێریکردنی کاریگەریی ئەم پەتایە لەسەر ئاسایشی خۆراکی و ڕێگەکانی وەدەستهێنانی بژێویی دامەزراندندا بەردەوام دەبێت، هەروەها بە زنجیرە و بەدوایەکداهاتنێکی نیشتمانییانەی هاوردەکردنی خۆراك بە گشت هێز و توانای خۆیەوە، داوای گەڕاندنەوەی کار دەکات. لە هەمان کاتیشدا، جێبەجێکردنی ڕێکارە تەندروستییەکان بۆ وەستاندنی پەتای کۆرۆنا و پاراستنی توێژە زۆر بێدەسەڵاتەکانی نێو جڤاکی عێراقی، لایەنێکی دیکەی هەوڵ و کۆششەکانییەتی.

هەروەها ڕێکخراوی (فاو) لەمیانی هەڵسەنگاندنی پێداویستییەکانی جووتیاران و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی پاڵپشتیکردنی کشتوکاڵی بۆ پتەوکردن و پاڵپشتیکردنی ئەو نزیکبوونەوانەی ڕەچاوی کەشوهەوا دەکەن و پاڵپشتیی لە پێشخستنی زنجیرەی بەهای سەرانسەریی کاڵا کشتوکاڵییەکان و گرتنەبەری یەك ڕێبازی تەندروستی بۆ بەرەنگاربوونەوە و بەرپەرچدانەوەی نەخۆشی و پەتایە گیایی و ئاژەڵییەکانی سنووربڕ، لە پاڵپشتیکردنی ئاسایشی خۆراکی و خۆراکپێدان بە جووتیارە بچووکەکان بەردەوام دەبێت. ڕێکخراوەکە کار لەسەر بنیادنانی توانایەکان و فراوانکردنی هۆشیاری و زانیاریی پەیمانگەکانی توێژینەوەی کشتوکاڵی و بەخشەرانی خزمەتگوزارییەکان و جووتیاران و پتەوکردن و پاڵپشتیکردنی بەردەوامبوونی ئاوەکان و ئەو کردە کشتوکاڵییانەش دەکات کە ڕەچاوی کەشوهەوای ناوچە ئاست دابەزیوەکان دەکەن.

## کاردانەوە لە هەنبەر پەتادا

ڕێکخراوی فاو هەر لە سەرەتای ساڵی ٢٠٢٠دا کار لەسەر چاودێریکردنی کاریگەریی ڤایرۆسی کۆرۆنا دەکات لەسەر ڕێگەکانی پەیداکردنی بژێویی ئەو جووتیارانەی زەوییەکی بچووکیان هەیە. حکوومەتی عێراقی هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانی پەتای کۆڤید-١٩دا، کۆتوبەندەکانی هاتووچووکردنی لەسەر جووتیارە خاوەنکار و بەرژەوەندییەکان هەڵگرتووە، ئەمەیش دەرفەتی بەردەوامبوونی بەرهەمهێنان و گواستنەوەی بەربوومە کشتوکاڵییەکانی بۆ جووتیاران دەستەبەر کردووە. لەگەڵ ئەمانەیشدا، هێشتاکە چەندان ئالنگاری هەن ڕووبەڕووی گەشەپێدانی ئەو زنجیرە چالاکییانە بوونەتەوە کەوا بەهای مەزن بەرهەم دەهێنن، چونکە عێراق کەوتووەتە بەر کاریگەرییەکانی پەتای کۆڤید-١٩، ئەمەیش بەهۆی ئەو لایەنە لاوازانەن کە پێشتر هەبوون؛ بە بەرزبوونەوەی تێکڕایەکانی هەژاری و نەمانی سەرچاوە سرووشتییەکان و کۆچپێکردنی بەردەوام بەهۆی ململانێیەکانی پێشوو بووە. لەمبارەیەوە، ڕێکخراوی فاو بەپێی کارە لەپێشینەکان و پلانە نیشتمانییەکان و بە هاوبەشی لەگەڵ وەزارەتە پێوەندیدارەکان، پابەندی پتەوکردن و پاڵپشتیکردنی دۆخی کۆمەڵایەتی-ئابووریی جڤاکە کشتوکاڵییەکان بووە.

جگە لەمانەیش، هەرچەندە حکوومەت چەند ڕێکارێکی ئاسانکاری گرتووەتە بەر، بەڵام ڕێکخراوەکە لە جێبەجێکردنی پرۆژەکانی زیادکردنی بەرهەمی کشتوکاڵیی ناوچە گوندنشینەکان و نیمچە شارستانییەکان بەردەوام بووە، ئەمەیش لەپێناو پتەوکردن و پاڵپشتیکردنی زنجیرە نیشتمانییە خۆراکییەکان و دووبارە شیاندنەوەی بەرهەم و مەوجوداتە لادێییەکان و ژێرخانی تایبەت بە ئاوەکان بووە. هەروەها ڕێکخراوەکە کار بۆ پاڵپشتیکردنی بەرهەم و ڕێکخستنی خولەکانی هۆشیارکردنەوەی مەیدانی دەکات بۆ جووتیاران، بێگومان ئەمەیش لەپێناو دانانی ئاست و سنوورێکە بۆ بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆڤید-١٩ لەمیانی دوورکەوتنەوەی کۆمەڵایەتی و بەکارهێنانی مادە پاککەرەوەکان و پۆشینی ماسك و دەستکێشە بەشێوەیەکی دروست، وەك ڕێکارێکی خۆپارێزییانە و ڕێکخستنی خولە شیمانەییەکانی مەشق بە بەکارهێنانی بەرنامە نوێیەکانی پێوەندی لەپێناو ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری و خاڵە گرنگەکان. ئاژانسەکەش لەمیانی دامەزراندنی کۆڕبەندێکی دیجیتاڵییانەی ڕێنماییی کشتوکاڵی- کە جەخت لەسەر دامەزراندنی کۆڕبەندی " لە جووتیارەوە بۆ جووتیار" دەکاتەوە و توانا بە جووتیاران و بەرهەمهێنەران و تاکفرۆشەکان دەبەخشێ لە ئینتەرنێتەوە زانیارییەکانی تایبەت بە ڕێنمایی کشتوکاڵی وەدەستبێنن- پاڵپشتیی دوورمەودا بۆ خزمەتگوزارییەکانی ڕێنمایی کشتوکاڵی پێشکەش دەکات.

ڕێکخراوەکە بەشێوەیەکی زۆر پتەو و توندوتۆڵ لەگەڵ هاوبەشەکانی هاوکاری دەکات؛ بە بەرنامەی خۆراکی جیهانی و بانکی نێودەوڵەتی و سندووقی نێودەوڵەتی بۆ گەشەپێدانی کشتوکاڵی و وەزارەتی کشتوکاڵی عێراقیشەوەو، بۆ چاودێریکردنی کاریگەریی بڵاوبوونەوەی پەتاییە لەسەر مشەبوونی ( الوفرە) بەرهەمە کشتوکاڵییەکان و زنجیرە خۆراکییەکان. جا لەو کاتەوەی لە عێراقدا بەهۆی زۆریی بەرهەمەوە مشەیی لە کۆمەکە خۆراکییەکاندا هەبوو، ئەوا بڵاوبوونەوەی پەتایەکە هێشتاکە ئەو ئەگەرەی لەخۆگرتووە کە زنجیرە کۆمەکە زۆر گرنگەکانی خۆراکی لە ناوچە گوندی و شارنشینەکانیشدا پەکبخات. هەروەها ئەو کۆتوبەندانەی بەسەر جوولە و هاتووچوو و هاوردەکردن و هەناردەکردندا سەپێندراون، بوونەتە هۆی سەرهەڵدانی چەند ئالنگارییەکی بەردەم گواستنەوەی مادە سەرەکییەکانی خۆراك و گەیشتن بە یەکەکانی چارەسەرکردنی خۆراك و بازاڕەکان.

## پابەندبوون بە بەرهەمهێنانی دوورمەودا و بەردەوامی خۆراکی

ڕێکخراوی فاو لە ساڵەکانی کۆتاییدا و دوای ململانێ لەگەڵ ڕێکخراوی داعش، جەختی لەسەر فەراهەمکردن و بەرپاکردنی کشتوکاڵێکی بەردەوام و دوورمەودا و بنیادنانی توانای گونجان کردووەتەوە وەك چەترێکی کۆکەرەوە بۆ دیاریکردنی بەرنامەکان لەپێناو کەمکردنەوەی کاریگەریی هێدمەکان؛ بە نەبوونی سەقامگیریی سیاسی و ململانێیەکان و ڕووداوە ژینگەیی و کەشوهەواییەکان و کەمیی ئاوەکان و نەبوونی سەقامگیریی ئابووریی دوای قەیرانەکانیشەوە.

ململانێ لە عێراقدا بووە هۆی جوولەی لەرادەبەدەری دانیشتووان و زیانکەوتن بە موڵکە کەسییەکان و بەروبوومی کشتوکاڵی و بەرهەمهێنانی سامانی ئاژەڵ و پاڵپشتی و کۆمەکە خۆراکییەکان. جگە لەمانەیش، ئەو واقیعە بووە هۆی زیانگەیاندنی مادی بە زەوییەکان و بەروبوومە کشتوکاڵییەکان و وێرانبوونی بەرهەمەکان و پیسبوونی زەوییە کشتوکاڵییەکان و سەرچاوەکانی ئاو بە تەقەمەنییەکان و پاشماوەکانی جەنگ. هەروەها ئەو هەلومەرجانەی ململانێ دەیانهێنێتەکایەوە، وەهای لەو وڵاتە کرد بکەوێتە بەر هەڕەشەی تەشەنەکردنی پەتا و ئافات و نەخۆشییەکان. جگە لەمانەش، بەرهەمهێنانی خۆراکی و ڕێگەکانی بەدەستهێنانی دەرامەت و بژێویی لادێییانە بەو زیانانە زۆر کاریگەر بوو کە وەبەر ژێرخانی کشتوکاڵی کەوتن؛ بە سیستەمەکانی ئاودێری و خزمەتگوزارییەکانی ڤێتەرنەری و بازاڕەکان و شوێنەکانی عەنبارکردن و سێکتەرەکانی ڕێنمایی کشتوکاڵی و پەککەوتنی بازاڕە کشتوکاڵییەکان و زنجیرە چالاکییەکانی زیادکەری بەهاشەوە.

بەرنامەی گشتیی سەر بە ڕێکخراوی فاو لەگەڵ ئەو سەرلیستە نیشتمانییانە دەگونجێ کە ئامانجیان دووبارە بنیادنانەوەی کەرتی کشتوکاڵی و دەستەبەرکردنی وەدەستهێنانی پێداویستییە سەرەکییەکانە لەمیانی گەڕاندنەوەی سیستمی جووتیارانی بچووك و پاڵپشتیکردنی تەندروستی و بەرهەمی ئاژەڵ و زیادکردنی گەشەی ئابووری لە ناوچە لادێییەکان و ئەوانەی چوار دەوری شارەکان و هەمەچەشنکردن و زیادکردنی دەرفەتی کار.

هەروەها ڕێکخراوەکە لەمیانی ئاسانکاری و زەمینەسازی بۆ چاککردنەوەی هەیکەلە سەرەکییەکانی ئاو و زنجیرە چالاکییەکانی زیادکەری بەها و خزمەتگوزارییەکانی پاڵپشتیکردن لە ناوچە لادێییەکان و ناوچەکانی دەوروبەری شارەکان و دووبارە شیاندنەوە و پاڵپشتیکردنیان بۆ جووتیارانی بچووك؛ ئەوانەی ئەو بەرووبوومانە دەچێنن کە ڕەچاوی کەشوهەوا دەکات و بەخێوکەرانی ئاژەڵ و بەرهەمهێنانی سامانی ئاژەڵ، پاڵپشتیی وەزارەتە پێوەندیدارەکانی حکوومەتی عێراقی دەکات.

جا ڕێکخراوەکە وەك وەڵامدانەوەی ئەو دۆخە و بۆ پاڵپشتیکردنی پیاوان و ژنانی گوند لەمیانی دەستەبەرکردنی سەرچاوەکان و مادە کشتوکاڵییەکان و پێشکەشکردنی پاڵپشتیی یەکسەری ڕێگەکانی وەدیهێنانی دەرامەت و بژێویی ژیان و چاککردنەوەی ژێرخانی تایبەت بە جڤاکە خۆجێییەکان و گۆڕینی موڵکە بزربوو و زیانلێکەوتووەکان و بنیادنانی توانایەکان، ئەوپەڕی هەوڵی خۆی دەخاتە گەڕ. ئەو چالاکییانە ئەوە زامن دەکەن کە گەلی عێراقی لە دۆخی سستی و هەژاری و بێدەسەڵاتی نەمێننەوە کە تیایدا تەنیا پشت بە یارمەتییە مرۆییەکان ببەستن. جگە لەمانەیش، ڕێکخراوی فاو بۆ گەڕاندنەوەی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان و دەستەبەرکردنی شارەزایی و پسپۆڕیی پێویست بۆ ڕەخساندنی ڕێبازێکی کارا لەپێناو کەمکردنەوە و دانانی سنوورێك بۆ ئەو مەترسییانەی لەسەر ئەو کەسانە دروست دەبن کە لەناوچە زیان لێکەوتووەکاندا دەژین، لەگەڵ کەمکردنەوەی کاریگەریی ململانێ و کارەساتەکانی ئایندە، پاڵپشتیی دەستگەکانی حکوومەتی مەرکەزی و خۆجێیی دەکات.

جگە لەمانەش، ڕێکخراوی فاو بە هاوبەشی لەگەڵ حکوومەت، لەتەك چالاکییە دوورمەودایەکان وەبەرهێنان لە تەکنۆلۆژیای زانیاری و سیستەمەکانی هۆشداریی پێشوەخت و وەدیهێنانی پێداویستییە لەپێشینەکانیش دەکات ، ئەمانەش لەپێناو پاڵپشتیکردنی توانای گونجانە، بە حەواڵە دراوییەکان و پاڵپشتیکردن و یارمەتیدانی سیستەمەکان و زنجیرەکانی بەهای کشتوکاڵی (بە پاڵپشتیکردنی بەرهەم و چارەسەرکردن و عەنبارکردن و بازاڕدۆزی و گەشەپێدانی پرۆژەکانیشەوە). هەروەها لەپێناو پتەوکردن و پاڵپشتیکردنی زانیاری و کارامەییەکانی وابەستە بە خۆراك، لەگەڵ پاڵپشتیکردنی کردە پێشخراوە کشتوکاڵییەکانیشدا، یارمەتیی بژێوییانە پێشکەشی خانەوادەکان دەکات. لەگەڵ ئەمانەشدا، ڕێکخراوەکە پاڵپشتی لە بەخێوکردنی ئاژەڵان و خزمەتگوزارییەکانی ڤێتەرنەری دەکات، ئەم پاڵپشتییانەش لە میانی مەشقکردنە بەو کەسانەی لە بواری خزمەتگوزارییەکانی ڕێنماییکردن و دەستەبەرکردنی پێکوتە سەرەکییەکان و چاکترکردنی ئامێردارکردنی بەرهەمە ئاژەڵییەکاندا کار دەکەن. ئەمەیش بەشێوەیەك دەهێندرێتە دی کە لەگەڵ گشت کەرتە پێوەندیدارکانی وەدەستهێنانی دەرامەت و وەدیهێنانی بژێوی بگونجێت بەو پێیەی سەرلیستی گشتین لەگەڵ زیادبوونی هۆشیاری و بنیادنانی تواناکان لە بواری بەڕێوەبردنی سەرچاوە سرووشتییەکاندا.

## پلاندانان و هەماهەنگی

ڕێکخراوەکە لە هەیکەلییەکانی هەماهەنگی لەگەڵ حکوومەتی عێراقی و هاوبەشانی نێودەوڵەتیدا وەبەرهێنانی کردووە. ئەمەیش ڕێك لە مانگی شوباتی ٢٠٢٠ هاتەکایەوە و ڕێکخراوەکە بەهاوبەشی لەگەڵ وەزارەتەکانی پلاندانان و کشتوکاڵ و تەندروستی و ژینگە و سەرچاوە ئاوییەکان بە مەبەستی پلاندانان و جێبەجێکردن سەبارەت بە کشتوکاڵ و بەرنامەکان و ئەو سیاسەتانەی پێوەندییان بە ئاوەکان و ژینگەی عێراقییەوە هەیە، سەکۆیەکی فرەکەرتیی دامەزراند. ئەم دەستپێشخەرییەش کار بۆ چاکترکردنی هەماهەنگیی نێوان خاوەن بەرژەوەندییەکانی پێوەندیداردا دەکات بۆ پلاندانان و بەدواداچوون لەمەڕ ئەو بەرنامانەی ئامانجیان پاڵپشتیکردنی دۆخی کۆمەڵایەتی- ئابووریی جڤاکە جووتیارییە خۆجێیەکانە، ئەم هەوڵانەشی لەم بوارەدا بەپێی سەرلیست و پلانە نیشتمانییەکانە.



# ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گەشەپێدان

هەرچەندە پەتای کۆڤید-١٩ لە ساڵی ٢٠٢٠ دا چەندان تەنگوچەڵەمە و ناخۆشیی سەپاند، بەڵام بەرنامەی یەکگرتووەکان بۆ گەشەپێدان لە سەرانسەری عێراقدا لە جێبەجێکردنی چالاکییە زۆر گرنگەکانی خۆی بەردەوام بوو، هەر لە دهۆکەوە تا دەگاتە دیالە و کەربەلا و کەرکووك، خزمەتی ملیۆنان عێراقیی کرد.

کاردانەوەی بەرنامەی یەکگرتووەکان بۆ گەشەپێدان لە عێراق لە هەنبەر پەتای کۆڤید-١٩ دا بە گشت پسپۆڕییەکاندا گوزەری کرد، ئەمەیش لە لای حکوومەتی عێراقی و هاوبەشانی نێودەوڵەتیمان و ئەو جڤاکە خۆجێیانەی خزمەتیان دەکەین، تیشك دەخاتە سەر ناوبانگمان وەك هاوبەشێکی پلەیەك. ئێمە لە ڕیزی هەرە پێشەوەی وەڵامدەرەوەکان بووین، لە ئەنجامی ئەمەدا، توانیمان زیاتر لە ٣٨ ملیۆن دۆلار کۆ بکەینەوە.

- بۆ بەرزەفتکردنی پەتای کۆڤید -١٩ کاردانەوەیەکی فرە ڕەهەندمان هەبوو، ئەمەیش لە پێناو پاڵپشتیکردن و فەراهەمکردنی پێداویستیی تەندروستیی ١٥ پارێزگە بوو بەشێوەیەکی خێرا، ئەم کاردانەوەیە بریتی بوو لە دامەزراندن و دروستکردنی ١٦ قاوشی کەرەنتین کردن کە گشت ئامێرێکی بەتەواوی بۆ ئامادە کرابوو، هەروەها دەستەبەرکردنی ئامراز و پێداویستییەکانی خۆپارێزیی کەسییانە بۆ ئەو کەسانەی لە بواری چاودێریی تەندروستیدا کار دەکەن، لایەنێکی دیکەی کارەکانمان بوو.
- هەروەها ئەو هەڵمەتانەی بۆ هۆشیارکردنەوە لەنێو جڤاکە خۆجێییەکاندا بەناونیشانی " با شکست بە کۆرۆنا بێنین" دەستمان پێکردبوون، زیاتر لە ٣١،٧ ملیۆن عێراقیی گرتەوە.
- هەروەها بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی نێوخۆ، لەمیانی دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی خۆپارێزیی کەسی، یارمەتیی ئەفسەرانی پۆلیسمان دا ، لە هەمان کاتیشدا پشتگیریمان لە فێربوونی ئەلیکترۆنی کرد، بەشێوەیەك ئەفسەران بتوانن دوور لە مەترسی، مەشقەکان وەربگرن.
- هەروەها لە پارێزگەکانی ئەنبار و نەینەوا و سەلاحەددیندا بۆ زیاتر لە ٨٨،٠٠٠ کەس لەوانەی زۆر پێویستیان بە یارمەتیی هەبوو دەستەبەری پاڵپشتیکردنی ژیان و شوێنە گشتییە پاککراوەکانمان کرد.
- هەروەها خولێکی مەشقی ئۆنلاینمان بۆ ٧٥ کەسی پسپۆڕی کۆمەڵایەتی ڕێکخست بۆ ئەوەی یارمەتیی ٧،٥٠٠ کەس لەو ژنانە بدەن کە لە ململانێیەکاندا دووچاری توندوتیژی ببوونەوە.
- هەروەها هەماهەنگیمان بۆ توێژینەوەیەك کرد کە ٢٥ کەسی پسپۆڕی کۆمەڵایەتی بەڕێوەیان برد و تیایدا لە پێنج پارێزگەی عێراقیدا و لەپێناو دۆکیومێنتکردنی چۆنییەتیی کاریگەریی پەتای کۆڤید -١٩ لەسەر ژن و کچان لە عێراق و جەختکردنەوە لەسەر توندوتیژیی سێکسی و توندوتیژیی ڕەگەزی، ڕاپرسیی تەلەفۆنییان لەگەڵ ٢،٥٠٠ ژن کردبوو .

## دووبارە وەك سەرکردەی هزری گەشەپێدەرانە، جەخت لەسەر هەڵوێستی خۆمان دەکەین

زنجیرەی هەڵسەنگاندنی کاریگەریی سیاسەتە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان، لە هەوڵەکانی بووژاندنەوەی دوای کۆتایی هاتنی پەتای کۆڤید-١٩، بە سەرچاوەی یەکلاکەرەوەی حکوومەت و کۆمپانیایەکان دادەندرێ. ئەم زنجیرەیە دابەش دەبێتە سەر شەش بابەتی سەرەکی.

هەروەها لە ساڵی ٢٠٢٠دا سێ توێژینەوە بڵاوکرانەوە و سێی دیکەش لە ساڵی ٢٠٢١ دا دەرچوون.

- کاریگەریی قەیرانی نەوت و پەتای کۆڤید-١٩ لەسەر بارودۆخی فشۆڵی عێراق.
- کاریگەریی کۆڤید-١٩ لەسەر ئابووری عێراقیدا.
- کاریگەریی کۆڤید-١٩ لەسەر یەکگرتوویی و پتەویی کۆمەڵایەتی لە عێراقدا.



## بە بنیادنانی چەند جڤاکێکی پڕ لە ئاشتی و یەکگرتوویی، لە پابەندبوونەکانمان بەردەوام بووین

بەشە زۆر گرنگەکەی بەرنامەی ساڵی ٢٠٢٠ پاڵپشتیکردنی تەواوبوونی ئابووری و کۆمەڵایەتی و بنیادنانی جڤاکی بەهێزتر و پتەوتری خۆجێیی گرتەوە. بێگومان ئەمەیش لەمیانی بەرنامەی یەکگرتنەوەی کۆمەڵایەتیدا بوو. هەروەها کاری وابەستەمان بە دووبارە تێکەڵکردنەوە لە جڤاکە خۆجێییەکان بریتی بوو لە دووبارە تێکەڵکردنەوەی ٢،٧٠٠ خانەوادە کە باوەڕ وەهابوو سەر بە ڕێکخراوی داعش بن، کردەی تێکەڵکردنەوەکەش لە پارێزگەکانی ئەنبار و نەینەوا و سەڵاحەددین سەرکەوتووانە بەڕێوەچوو و خانەوادەکان بە ڕێگەیەکی زۆر بێمەترسی گەڕانەوە نێو جڤاکە خۆجێییەکانیان .

ئەو حەکیمە (٦٢) ساڵەیەی کە لەکاتی دابەشکردن لە شاری ڕومادیدا بینیمان، گوتی" هیوادارم ئەو قەیرانە زۆر مەترسیدارە چارەسەر بکرێ و ژیان بگەڕێتەوە سەر ڕەوتی جارانی خۆی. بێگومان ئەم قەیرانەش وەك هەر قەیرانێکی دیکەی پێشوو کۆتایی دێت. هیوا ئامانجانمانە".

لە ساڵی ٢٠٢٠ دا، لە پارێزگەکانی ئەنبار و نەینەوا و سەڵاحەددین و دیالەدا چوار کۆمەڵە بۆ ئاشتی و سێ کۆمەڵەی ژنانە لەپێناو ئاشتی پێکهێنران، ئەو کۆمەڵانەش لە کاتی دەستپێشخەرییەکانیاندا سوودیان بە زیاتر لە ١١،٠٠٠ کەس گەیاند. هەروەها بە هاوبەشیش لەگەڵ ڕێکخراوی تەمووز بۆ گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی و مەڵبەندی (سبق) بۆ گەشەپێدانی ڕاگەیاندن، بەرنامەی گەشەپێدەر لە عێراقدا چەند دەرفەتێکی دیکەی بۆ گەنجان دروستکرد، دەرفەتەکانیش لەمیانی ڕێکخستنی زنجیرەیەك خولی مەشق بوو سەبارەت بە ڕۆژنامەگەریی هاووڵاتی بۆ بنیادنانی ئاشتی و یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی کە ١٢٠ ڕۆژنامەنووس و ئەدمینی گەنجی عێراقی گرتەوە.

تواناداركردنی جڤاکە خۆجێییەکان لە چوارچێوەی بەرنامەی پتەویی کۆمەڵایەتیدا یەکێکە لە کارە لەپێشینەکان. هەروەها لە ساڵی ٢٠٢٠دا، ژمارەی ئەو کەسانەی لە خولەکانی مەشقی تایبەت بە گەشەپێدانی کارامەییەکان و بەخشینە پێشکەشکراوەکان بە ١٢ ڕێکخراوی جڤاکی خۆجێیی لە سەرانسەری هەردوو پارێزگەی سەڵاحەددین و نەینەوا بۆ پاڵپشتیکردنی ئەو دەستپێشخەرییانەی جەخت لەسەر بنیادنانی ئاشتی دەکەنەوە، گەیشتنە زیاتر لە ٥،٠٠٠ کەس، هەروەها جێبەجێکردنی پرۆژەکانی بەرنامەی یەکگرتووەکان بۆ گەشەپێدان و چالاکییەکانی نێو چوارچێوەی بەرنامەی یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی لە عێراق، بە پاڵپشتە تێروتەسەلەکەی هەردوو حکوومەتی دانیمارك و ئەڵمانیا بوو.

## چەند هەوڵێکی پاڵپشتیکارانە بۆ گەڕاندنەوەی سەقامگیری

بەرنامەی گەشەپێدەرانە لە ساڵی ٢٠٢٠دا، بە بەخشینی بودجە سێکتەری دووبارە گەڕاندنەوەی سەقامگیری تا ساڵی ٢٠٢٣ درێژ کردەوە. هەروەها بەرنامەی (--------) گەشەپێدەر بە هاوبەشی لەگەڵ حکوومەتی عێراقی و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا لە کۆتایی ساڵی ٢٠٢٠دا زیاتر لە ١،٣ ملیار دۆلاری ئەمریکی بۆ یارمەتیدان و دابینکردنی دارایی تایبەت بە چالاکییەکانی دووبارە گەڕاندنەوەی سەقامگیری، لە ٢٧ هاوبەشی نێودەوڵەتی و حکوومەتی عێراقی وەرگرت. لەمیانی ئەم پرۆسەیەشدا ٢٦،٤٥٥







خانوو و ٩٢٦ قوتابخانە و زانکۆ و ٣٩٦ شوێنی تەندروستی و ٣٧٩ هەیکەلی ژێرخانی شارەوانی ( بە مەڵبەندەکانی پۆلیس و دادگەکانیشەوە) لە سەرانسەری عێراقدا نۆژەن کردەوە.

ئێستە ١١ ملیۆن هاووڵاتیی عێراقی دەتوانن ژێرخان و خزمەتگوزارییە پێشکەوتووەکان وەدەست بێنن، بە خزمەتگوزارییەکانی کارەبا و نیشتەجێکردن و تەندروستی و ئاو و فێربوون و ئاوەڕۆی دروست و خزمەتگوزارییەکانی شارەوانی و ڕێگەوبانەکان.

هەروەها ژمارەی توێژی کەمدەرامەتی هاووڵاتیانی عێراقی کە سوود لە دەرفەتەکانی پاڵپشتیکردنی پەیداکردنی بژیوی ژیانی نێو دۆخە کتوپڕەکان وەردەگرن -کە خۆی لە کارکردن بەرانبەر پارەدا دەبینێتەوە- گەیشتە زیاتر لە ٥٤،٢٠٠ هاووڵاتی، وەك کارەکانی هەڵگرتن و بەرزکردنەوە و فڕیدانی داروپەردووی خانووە ڕووخاوەکان و بۆیەکردنەوەی دیوارەکان و نۆژەنکردنەوەی شوێنە گشتییەکان. ئێستە جەختەکە لەسەر وەدیهێنانی پێداویستییە وەدینەهاتووەکانی دیکە و دەستەبەرکردنی پێوەندیدار و بەستنەوەی پتەوی کارەکانەمان بەو هەوڵ و هەنگاوانە چڕکراوەتەوە کە لەپێناو دۆزینەوەی هەوڵە بەردەوام و دوورمەودایەکان و ئامادەکردنی ستراتیژێکی زۆر ڕوون بۆ دەرچوون وەگەڕخراون و هەڵێنراون.

## پاڵپشتیکردنی چاکبوونەوە و سازێژبوونەوە لە عێراق لە میانی گەشەپێدانی خۆجێیی و بەرنامەکانی پێشکەوتن

لە چوارچێوەی ئەو بەرنامەیەی یەکییەتیی ئەورووپا بۆ پاڵپشتیکردنی چاکبوونەوە و سەقامگیری لە عێراق لە میانی گەشەپێدانی خۆجێییدا پارە و گوژمەی بۆ تەرخان دەکات، بەرنامەی گەشپێدەر بۆ دۆزینەوەی دەرفەتی کار و پتەوترکردن و پاڵپشتیکردنی ڕابوونی شارستانی و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و چاکترکردنی لامەرکەزییەتی خزمەتگوزارییە خۆجێییەکان، لە پارێزگەکانی ئەنبار و بەسرا و دهۆك و هەولێر و میسان و نەینەوا و سەلاحەددین و سلیمانێ و زیقاردا، حەوت پرۆژە جێبەجێ دەکات. ئێستە ئامادەکاری بۆ دووبارە شیاندنەوەی ژێرخانی گشتی و دروستکردنی چەند شوێنێکی کات بەسەربردن دەکرێت، جەختکردنەوەش لەسەر زیندووکردنەوەی کەلتووری ڕۆشنبیرییانە و جوانکردنی شارستانییانە و پاڵپشتیکردنی گەشتیاریی ژینگەیی خۆجێیی بەردەوامە.

هەروەها لەمیانی دروستکردنی دەرفەتەکانی کار لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا کەوا پلانی بەخشین لەمیانی بەرنامەی پێشکەوتن دەیڕەخسێنێت و پارەکەی لە لایەن یەکییەتیی ئەورووپا و بەهۆی سندووقی (ئیئتمان)ی هەرێمییەوە بۆ کاردانەوە لەهەنبەر قەیرانی سووریا دابین دەکرێ " سندووقی مەدەد" بەرنامەی گەشەپێدەری نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ و وەگەڕخستنی ٦٨٥ کەس لە پارێزگەکانی هەولێر و دهۆك و هەڵەبجە و سلێمانیدا پاڵپشتیی ٥٦ پرۆژەی کردووە. هەروەها یارمەتییەکە پێشکەشی ٣١ پرۆژەی دیکە کراوە، بەشێوەیەك پێوەندیی بە پەتای کۆرۆناوە هەیە و لەپێناو خۆگونجاندنە لەگەڵ ژینگەکانی کار لە ماڵەوە و چەند نموونەیەکی دیکە بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکان، هەروەها چاکترکردنی فرۆشەکان لەمیانی ئینتەرنێت و و پێوەندییەکانەوە. هەروەها بەرنامەی گەشەپێدەر دەستی بە چەند دەستپێشخەرییەکی دیکە کردووە بۆ یارمەتیدان و پاڵپشتیکردنی زیاتر لە ١٠٠ کەسی خاوەن پرۆژە و پرۆژە تازە گەشەکردووەکان لە گشت بوارە جۆراوجۆرەکاندا، وەك کشتوکاڵ و بەخێوکردنی ئاژەڵ و بێستان و بەخێوکردنی ماسی. جێبەجێکردنی ئەم پرۆژانەش بە هاوبەشی لەگەڵ پارێزگەی هەولێر و دەستگەی ڕوانگەیە.

هەروەها لە چوارچێوەی هەردوو بەرنامە کە لەلایەن یەکییەتیی ئەورووپاوە گوژمەی بۆ تەرخان کراوە، ٨٠ کەس لە کەسانی خانەخوێی نێو جڤاکە خانەخوێیەکان و ئاوارەکان و پەناخوازانی سووریی بوونە پەیامنێری نێو جڤاکە خۆجێییەکان دوای ئەوەی لەسەر پەخش و ڕۆژنامەگەریی وێنەدار مەشقیان تەواو کرد.

## پێشوازیکردن و باوەشکردنەوە بۆ داهێنان

بۆ بەدواداچوون و تاقیبکردنی پەتای کۆرۆنا و بەبەکارهێنانی تەکنیکەکانی سیستمی زانیارییە نوێیەکانی جوگرافی، پاڵپشتیمان لە پارێزگەی کەربەلا کرد. جگە لەمەیش سیستمی زیرەکی کەربەلا لە کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠٢١دا دەستپێدەکات، کە ئەپلیکەیشنێکی کارلێکییە و وەك کەناڵێکی کراوەی پێوەندی بۆ هاووڵاتیان و سەردانیکارانی کەربەلا لەگەڵ جۆرەها لایەنی حکوومی دامەزرێندراوە.

هەروەها لەمیانی تاقیگەی خێراکردن و بە هاوبەشی لەگەڵ وەزارەتی فێرکردنی باڵا، دەستمان بە دەستپێشخەریی فێرکردنی ئاوێتە (المدمج) کردووە، کە خوێندنی ئۆنلاین بۆ قوتابییانی زانکۆیەکانی سەرانسەری عێراق ئاسان دەکات، زیاتر لە ١٠٠ چارەسەری خۆجێییشمان داهێناوە.

هەروەها ڕێکخراوی یەکگرتووەکان بۆ گەشەپێدان ، لە چوارچێوەی داهێنان لەپێناو گەشەپێداندا، لەگەڵ هاتنی مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠٢١ یەکەمین سەکۆی ژینگەیی شیمانەیی لە عێراقدا جێبەجێ کردووە و تاقی کردووەتەوە و دەستی پێ کردووە. سەکۆی ژینگەیی شیمانەییش بۆ خاوەنکاران و جڤاکەکان و کۆمپانیا و دامودەستگەکانە کە پانتاییەکی داهێنراو بۆ گەنجان و پیاوانی کار دەڕەخسێنێ لەپێناو کارلێککردن لەگەڵ خاوەن بەرژەوەندییەکانی دیکەی نێو سیستمی ژینگەیی (کەرتی تایبەت و گشتی) ئەمەیش لەسەر بنەمای سیستمی هاندان دەبێت.

## دووبارە جەختکردنەوە لەسەر ئەو ڕۆڵە یەکلاکەرەوەیەی ژنان و گەنجان لە گشت لایەنەکانی گەشەپێداندا دەیگێڕن

ژووری قەیرانەکانمان پێشخستووە کە بۆ دەستەبەرکردنی هاتنەکایەی ئەو ڕێکارانەی ڕەچاوی جۆری کۆمەڵایەتی دەکەن و لەو هەوڵە کاردانەوەییانەی لەهەنبەر قەیرانەکان و چاکبوونەوە خراونەتەگەڕ، کاردانەوەیان لە هەنبەر قەیرانەکانی جۆری کۆمەڵایەتی (ڕەگەزیدا) دەبێت. هەروەها یەکەم کۆڕبەندمان دامەزراندووە کە لە جۆرایەتیدا یەکەمە- ژنان دژ بە گەندەڵی، لەمیانی سێکتەری بەخشین و پارە تەرخانکردن بۆ وەدیهێنانی ئاشتی، پاڵپشتیی زیاتر لە شەش ملیۆن ژنمان کردووە.

لە چوارچێوەی پایەی حوکمدا Governance و بە هەماهەنگی لەگەڵ فەرمانگەی تواناسازیی ژن/ ئەمانەتی گشتیی ئەنجوومەنی وەزیران، ئەو یەکانەی جۆری کۆمەڵایەتی کە پێشتر دامەزرابوون لەلایەن بەرنامەی گەشەپێدەری نەتەوە یەکگرتووەکانەوە کەرەستە و ئامرازی پێویستیان پێ درا بۆ ئەوەی لەپێناو دەستەبەرکردنی






ئاوێتەکردنی گشتاندنی ڕەچاوکردنی ڕەگەزییانە لە سیاسەت و بەرنامەکاندا شیکردنەوەیەکی ڕەگەزی بکەن . جگە لەمانەیش بەرنامەی گەشەپێدەری نەتەوە یەکگرتووەکان و دەستەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژن ، بە هاوکاریی لەگەڵ ڕاوێژکارێکی نیشتمانی، هەڵسەنگاندنێکی بۆ سیاسەتە نیشتمانییەکانی هەنبەر توندوتیژیی سێکسی و توندوتیژیی جۆری کۆمەڵایەتی، پێشخست، لەگەڵ دەرخستنی کەلێنەکان و ئەو هەنگاوانەی بەرەو پێشەوە پێشنیاز کراون.

هەروەها بەرنامەی سەرکردەیی گەنجان دەستی پێکرد کە تیایدا ١٠٠٠ کوڕ و کچی لاو بۆ یەکەمین جار لە گشت پارێزگەکانی عێراق بەشدارییان کرد. چەند ئامراز و تەکنیکی نوێش بۆ سەرکردە گەنجەکانی عێراقی دەستەبەر کران، بەو چارەسەرانەشەوە کە پێوەندییان بە پەتایەکان و گۆڕانی ژینگە و پەروەردە و فێرکردنێکی باشتر و بەشداریی مەدەنییانەوە هەیە.

## ڕێکخراوی بەرنامەی یەکگرتووەکان بۆ گەشەپێدان لە عێراق وەك هاوبەشێکی سەرەکی لە بەرەنگاربوونەوەی گۆڕانی کەشوهەوا

لەگەڵ بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژینگە یادداشتنامەی لێکتێگەیشتنمان واژۆ کرد، هەروەها لەپێناو پێشخستنی ئەو بەشدارییە بڕیار لەسەردراوانەی کە (لە مەڵبەندی داتایە نیشتمانییەکان) لەسەر ئاستی نیشتمانین، بەپێی ڕێککەوتننامەی پاریس کارمان بۆ دەستەبەرکردنی پاڵپشتیی هونەری بۆ حکوومەتی عێراقی کردووە، هەروەها لەمیانی تاقیگەی خێراکردنەوە، یەکەم پێشانگەمان بۆ هەنگاونان بەرەو ئایندە و هونەری کەشو هەوا کردەوە و لە عێراقدا دەستمان بە دەستپێشخەریی Mission ١,٥ کردووە.

## ئەجیندای پێشکەوتووی 2020 لە عێراقدا

لەپێناو پێشخستنی ڕاپۆرتی هەڵسەنگاندنی کەلێن و کەموکورتیی زانیارییەکانی تایبەت بە ئامانجە بەردەوامەکانی گەشەپێدان، پاڵپشتیمان لە ئۆرگانی مەڵبەندیی ئاماری عێراقی کردووە هەروەها پاڵپشتیکردن و پتەوترکردنی چاودێریکردنی ئامانجەکانی گەشەپێدانی بەردەوام و دوورمەودا لە عێراق و ڕێگەدان بە دروستکەرانی بڕیار بۆ دیاریکردنی کارە لەپێشینەکانی ڕەوتەکانی گەشەپێدانی ستراتیژی بەشێوەیەکی زۆر کارامە، لایەنێکی دیکەی کار و پشتگیرییەکانمان بووە. لە ئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا، ئێستە پێشخستنی سەکۆی ئاڵوگۆڕکردنی داتایەکان و وێناکان لەمیانی ئینتەرنێتەوە تایبەت بە سیگنەڵەکانی ئامانجی گەشەپێدانی بەردەوام و دوورمەودا بەبەردەوامی ڕەوتی خۆی گرتووە. ئەمەیش لە ئاسانکردنەوەی هەڵقولانی داتایەکان لەمیانی دەستگە جۆراوجۆرەکانی دەوڵەت یارمەتیدەر دەبێت و ڕێگە بۆ شیکردنەوەی بەهێز و توێژینەوە بەراوردکارییەکان خۆش دەکات.

## پاڵپشتیکردن و یارمەتیدانی چوارچێوەی بەهێزتری دامودەزگاییانەی هەرێمی کوردستان

لە داڕشتن و پێشکەشکردنی یاسای کەرتی کارەبا و کۆتایی هێنان و لەخۆگرتنی چوارچێوەی هاوبەشیی نێوان هەردوو کەرتی گشتی و تایبەت و تۆڕی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بونیادنراو لەسەر هەژاری- بە هاوبەشی لەگەڵ وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی- یارمەتیدەر بووین.

## ئەو شتانەی لەسەر هاوبەشییە بەهێزەکانمان بنیاد نراون

واژۆکردنی یادداشتنامەی لێکتێگەیشتن لەگەڵ وەزارەتی پلاندانان و وەزارەتی لاوان و وەرزش

هەروەها لەگەڵ چەند ئاژانسێکی دیکەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا دەستمان بە دوو بەرنامەی دیکە کرد. ئەویش سندووقی هاوبەش بوو لەگەڵ ئامانجەکانی گەشەپێدانی بەردەوام و دوورمەودا لەگەڵ ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی بۆ کۆچ و ڕێکخراوی یونیسێف و ڕێکخراوی خۆراك و کشتوکاڵ لەپێناو پتەوترکردن و پاڵپشتیکردنی ژێرخانی ئاو لە بەسرادا لەگەڵ یونیسێف کارمان کرد.

هەروەها ڕێکخراوی یەکگرتووەکان بۆ گەشەپێدان لە پلانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاردانەوەی کۆمەڵایەتی و ئابووری- کە نەخشە ڕێگەی سیستمی گەشەپێدەری نەتەوە یەکگرتووەکانە و بۆ پاڵپشتیکردنی چاکبوونەوەی عێراقە لە پەتای کۆرۆنا- ئاژانسێکی هونەرییانەی زۆر پێشەنگ بوو. هەروەها ئێمە لە سەرکردایەتیکردنی ستراتیژی هەوڵە بەردەوامەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێبازی هاوبەشی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو خانەوادانەی گوایە پێوەندییان بە داعشەوە هەیە، بەشدارین.

## پتەوکردن و پاڵپشتیکردنی ڕیفۆرمی کەرتی ئاسایش و سەروەریی یاسا

بەرنامەی گەشەپێدەری نەتەوە یەکگرتووەکان لەپێناو پێشکەشکردنی پاڵپشتی و کۆمەك بە ١٧٨ ئەفسەری پۆلیس لەپێناو وەرگرتنی مەشقی شیمانەیی لە لێکۆڵینەوەکانی بواری تاوانکاری و ڕێگەگرتن لە تاوان و بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیس لە نەینەوا، کاری بەردەوامی کردووە. هەروەها ڕێکخراوی یەکگرتووەکان بۆ گەشەپێدان ، بۆ چاکترکردنی سەلامەتیی خۆجێیی و هاوبەشییەکانی نێوان پۆلیس و جڤاك، پاڵپشتیی لە شەش ڕێکخراوی خۆجێیی کردووە کە زیاتر لە ١٠٠٠ کەس لە ئەنبار و نەینەوا و سەلاحەدین و بەسرا و کەربەلا و بەغدا سوودیان لێ وەرگرت؛ بە دەسەڵاتە خۆجێییەکان و گەنجان و ژنان و ئەفسەرانی پۆلیسیشەوە. هەروەها لەمیانی بەرنامەی ئەزموونی بۆ فراوەژۆکردنی (التكامل) ئاسایشی جڤاکی، لە قورنەی سەر بە بەسرا، پاڵپشتی پێشکێشی ٨٧ خۆبەخشی پێشوو کرا ئەمەیش لەمیانی مەشقپێکردنیان بوو لەسەر پێشخستنی کار و پیشەکان و دانیشتنەکانی پاڵپشتیکردنی دەروونی و کۆمەڵایەتی، هەروەها پارەش بۆ دەستکردن بە کاری بازرگانی پێشکەش کرا بۆ ئەوەی لە دووبارە تێکەڵبوونەوەیان بە گۆڕەپانی دەستی کارگەر یارمەتییان بدرێ. هەروەها چوار پلانی وەبەرهێنان لە ئاسایشی جڤاکدا بەڕێوە دەبرێ ئەمەیش بۆ یارمەتیدان و کارئاسانییە لە نوێکردنەوەی قوتابخانەی ئامادەییی پیشەسازیی تاکوو جێگەی ٢٠٠ قوتابی تیادا ببێتەوە و بتوانن لە وانەکان ئامادەبن و وانە بخوێنن.



# بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژینگە

بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژینگە لە ساڵی ٢٠٢٠ دا، لە ڕێکارەکانی پاڵپشتیکردنی عێراق بۆ چارەسەرکردنی دەرئەنجام و لێکەوتەکانی جەنگی دژ بە داعش و بەشداریکردن لە دەستپێشخەرییە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە چارەسەرکردنی پاڵنەرەکانی گۆڕانی کەشوهەوا و نەمانی هەمەجۆریی بایۆلۆژی و زیاتربوونی پانتایی پیسبوون، بەردەوام بوو.

## بەرجەستەترین و گرنگترین ڕووداوەکانی ساڵی 2020

### پاڵپشتیکردن و یارمەتیدانی عێراق بۆ گۆڕینی گرفتی گازی میسان بۆ چەند سوودێك

گەرچی عێراق ٣٪ی نەوت و گازی جیهانی بەرهەم دەهێنێ، بەڵام بەپێی خەملاندنەکانی ئاژانسی وزەی نێودەوڵەتی، بەرپرسی دەردانی ٨٪ گازی میسانە. دەبێ ئەوەش بڵێین کە ئەم گازە بەفیڕۆدراوە بە ١،٥ ملیار دەخەملێندرێ و دەکرێ وەك گازێکی سرووشتی بەتایبەت بۆ وێستگەکانی سووتەمەنی بەکاربهێندرێ و وەك یارمەتیدەرێك لە چارەسەرکردنی گرفتی درێژخایەنی کارەبا لە عێراقدا سوودی لێ وەربگیرێ.

هەرچەندە لە میانی چەند ڕووپێوێکی وردی مەیدانییەوە پێویستییەکی زۆر بۆ پالاوتنی دەرچوونی گازی میسان هەیە ، بەڵام ئەوەی ڕوونە ئەوەیە کە دەرچوونی گازەکە لە بواری پیشەسازیی نەوت و گاز لە عێراقدا بە ڕێژەیەکی زۆر گەورەیە. گازی میسان بە پیسکەرێکی زۆر کاریگەری کەشوهەوا دادەندرێ و بەپێی تیمی حکوومیی نێودەوڵەتیی تایبەت بە گۆڕانی کەشوهەوا، بەرپرسی ٢٥٪ قەتیسبوونی گەرمییە، هەروەها کاریگەرییەکی گەورەی بەسەر کەشوهەواوە هەیە، چونکە دەتوانێ لە ماوەیەکی کورتدا ٨٤ جار پتر لە گازی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن گەرمی قەتیس بکات. زۆربەی گازی میسانیش لە کەرتی نەوت و گاز و بە هۆی کەللەبەر و دزەکردن لە دەستگە و دامەزراوە کۆنەکانەوە دەردەچێت.

بەڵام خۆشبەختانە دانانی ئاستێك بۆ دەرچوونی گازی میسان بە ئەنجامێکی ئاسان دادەندرێت و هیچ تێچوویەکی تەواوی نییە؛ دەتواندرێ ٤٠٪ دەرچوونی گازەکە بە بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیای بەردەست کەم بکرێتەوە کە دەکرێ تێچووەکەی بە قازانجی بەرهەمهێنانی گاز بەراورد بکرێت و پارسەنگ بدرێتەوە. لەوانەیە ئەم دەرئەنجامە لە دۆخی عێراقدا گەورەتر بێت، چونکە بە پێی گوتە و بۆچوونی ئاژانسی وزەی نێودەوڵەتی، دەکرێ کەمکردنەوەی ٦٤٪ دەرچوونی ئەو گازە بەبێ هیچ تێچوویەك سەربگرێ.

جا بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان، وەك وەدیهێنانی ئەم مەبەستە و بە هاوکاری لەگەڵ بەرنامەی گەشەپێدەری نەتەوە یەکگرتووەکان، سەبارەت بە ئاوێتەکردنی دەرچوونی گازی میسان بە هەوڵە نیشتمانییە دیاریکراوەکانەوە کە هەوڵە کەشوهەواییەکانی گشت دەوڵەتێکە بەپێی ڕێککەوتننامەی پاریس بۆ دانانی ئاستێك بۆ دیاردەی قەتیسبوونی گەرمی، ڕاوێژ پێشکەشی عێراق دەکات. بەمەیش عێراق دەبێتە یەکێك لەو دەوڵەتانەی بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن کە دانانی ئاستێك بۆ دەرچوونی گازی میسان لە کەرتی نەوت و گاز دەخاتە نێو بەشدارییە دیاریکراوە نیشتمانییەکەی کە پێشبینی دەکرێ بەشێوەیەکی ڕەسمی لە بەهاری ساڵی ٢٠٢١ دا لە لایەن حکوومەتی عێراقییەوە پێڕەو بکرێ.

هەردوو وەزارەتی تەندروستی و ژینگە و نەوت ، لەپێناو بەکرداریکردنی ئەجیندای گازی میسان و تێگەیشتن لە سرووشت و قەبارەی دەرچوونی گازی میسان لە کەرتی نەوت و گازدا، لە نێوان وەزارتەکاندا تیمێکی هاوبەشی حکوومییان پێکهێناوە. جا لە میانی هاوبەشی لەگەڵ بەرنامەی نەرویجیی نەوت بەرانبەر گەشەپێداندا، بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژینگە، لە بنیادنانی توانای تیمی کار سەبارەت بە ئیدارەدانی گازی میسان و وەدەستهێنانی پاڵپشتیی تەکنیکی لە دەستپێشخەرییە نێودەوڵەتییەکاندا – بە



هاوپەیمانیی جیهانی و ڕێکخراوە هاوبەشەکانی وەك ئاژانسی وزەی نێودەوڵەتی، یارمەتیدەر دەبێت

دانانی ئاستێك بۆ دەرچوونی گازی میسان جگە لە سوودە ژینگەیی و ئابوورییەکانی لە عێراقدا ، دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی پیسبوونی درێژخایەنی هەواش. چونکە لە شوێنە بەرهەمهێنەرەکانی نەوت -بۆ نموونە شاری بەسرە- گومان دەکرێ کە دەرچوونی گاز و ئەو پیسبوونەی بەهۆی سووتانەوە دروست دەبێت، ببێتە هۆی تەشەنەکردن و مەترسیدارتربوونی نەخۆشییەکانی تەنگەنەفەسی و هەندێك جۆری شێرپەنجە.

## یارمەتیدانی ئاوارەکان لە گەڕانەوە بۆ سەر ماڵوحاڵی خۆیان و دووبارە بنیادنانەوە لە میانی بەکارهێنانەوەی داروپەردووەکان و پاشماوەی خانووە ڕووخاوەکان

بویتەر بە یەکێك لەو گوندانە دادەندرێ کەوا کەوتبووە نێوان هێڵی پێشەوە و جیاکەرەوەی نێوان چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی لە باشووری کەرکووك و هێزەکانی پێشمەرگە لە باکووری ئەو شارەدا. ئەمجۆرە پشتێنە زەوییە کە ٦٥ کیلۆمەتر درێژ دەبێتەوە و پارێزگەی کەرکووك دەکاتە دوو بەش، تا ئەمدواییەش ناوچەیەکی قەدەغەکراو بوو و هیچ دانیشتووانێکی تیادا نەبوو، چونکە گوندەکان بەتەواوی خاپوور کرابوون.

لە نێوان ساڵی ٢٠١٤-٢٠١٧ دا، ململانێ و شەڕوشۆڕ لەگەڵ داعشدا بووە هۆی ئاوارەبوونی ملیۆنان عێراقی. ئەوەی نەزاندراوە ئەوەیە کە ململانێیەکە بووە هۆی پەیدابوونی نزیکەی ٥٥ ملیۆن تۆن داروپەردووی ماڵە زیانلێکەوتوو و داڕووخاوەکان. جا لەو کاتەی وردە وردە سەقامگیری گەڕایەوە کەرکووك، ئەوا هەبوونی داروپەردوو لە خانووی خەڵك و دانیشتووانەکەدا لێناگەڕێ ئاوارەکان بۆ شوێنەکانی وەك بویتەر بگەڕێنەوە و دووبارە خانوو و ماڵەکانیان بنیاد بنێنەوە.

لە کاتی ململانێیەکاندا، بە زۆری داروپەردووی خانووە داڕووخاوەکان بەشێوەیەکی هەڕەمەکی فڕێ دەدرێنە زەوییە پان و بەرین و کراوەکان و کەندەڵانەکانەوە. ئەمەیش گرفتێکە، چونکە لەوانەیە لەنێو چیمەنتۆ و بەرد دا مادەی ژەهراوی هەبێت، وەك ئەزبێز و پاشماوە مەترسیدارەکانی جەنگ، وەك: مین و فیشەك و تەقەمەنیی نەتەقیو. دەسەڵاتەکان لە کەرکوودا پێیان وایە بەهۆی ململانێ و شەڕەکانەوە نزیکەی ٨ ملیۆن تۆن داروپەردوو دروست بووبن، ئەم ڕێژەیەش بۆ دووبارە بنیادنانەوەی هەرەمەکانی میسر بەسە، نزیکەی دوو لەسەر سێی ئەو داروپەردووانەش پارچە کۆنکرێت و بەردەکانن کە دەکرێ زۆر بە ئاسانی بەکاربهێندرێنەوە.

بەرنامەی نەتەوە یەککگرتووەکان بۆ ژینگە، لەپێناو دەستپێکردنی پرۆژەیەکی داهێنراو بۆ دووبارە بەکارهێنانەوەی داروپەردووەکان، چووە پاڵ ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ، ئەمەیش یارمەتیی ئاوارەکانی پارێزگەی کەرکووك دەدات بگەڕێنەوە سەر ماڵوحاڵی خۆیان.

لە میانی سەلماندنی زانستییانەی دووبارە بەکارهێنانەوە -لەمیانی ئەم پرۆژە ئەزموونییەدا- ئامانجەکە بریتییە لە پێڕەوکردنی ڕێبازێکی بازنەییانە و داخستنی ئەڵقەکە سەبارەت بە گرفتی داروپەردووەکان و گۆڕینیان بۆ بەشێك لە چارەسەر. ئەمەیش نەك هەر تەنیا گەڕانەوەیەکی بێمەترسیی ئاوارەکان دەگرێتەوە، بەڵکو لە میانی چالاکییەکانی پارە بەرانبەر کاردا ، بۆ جێبەجێکردنی دووبارە بیناکردنەوە بە تێچوویەکی کەمتر و دووبارە بەکارهێنانەوەی داروپەردووەکان و ئیدارەدانێکی باشتری ژینگەیی، دەرفەتەکانی پەیداکردنی بژێوی و گوزەرانیش دەڕەخسێنێ.

لەبەرئەوەی دووبارە بەکارهێنانەوەی داروپەردووەکان لە عێراقدا شتێکی باو نییە، بەڵام تاقیکردنەوەی داروپەردووە شکێنراوەکان بۆ سەلماندنی ئەوە بە شتێکی سەرەکی دادەندرێ کە دەرئەنجامە کۆتاییەکان لەگەڵ پێوەرە نیشتمانییەکانی بەهێزی و پتەوی و توندوتۆڵیدا دەگونجێ. بۆ ئەم مەبەستە، تاقیکردنەوەکان بۆ بەکارهێنانی ئەو داروپەردووانەیە کە مەبەستن بەکاربهێندرێنەوە، لە ڕێگە و پارچەی بینایەکان و لە تەك ئەو ئامانجەدا هاوتەریب دەروات کە خۆی لە ئاسانکردنەوەی کردەکانی گەڕانەوە و دووبارە بیناکردنەوەدا دەبینێتەوە، ئامانجەکە تێئاخینینی ڕێبازی خولی ژیانە لە کەرتی بینای عێراقی و دواتریش دانانی ئاستێکە بۆ چۆڕبڕبوون و نەمانی مادە سرووشتییەکان.

هەروەها پرۆژەی بویتەر لەو ناوچانەی عێراق کەوا کەوتبوونە نێو ململانێ و بەهۆی شەڕەوە زیانیان بەرکەوتبوو- دوای پلان و نەخشەیەکی دیکەی ئەزموونی کەوا ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ لە مووسڵ بەهاوکاری لەگەڵ بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژینگە لە کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠١٨دا دەستیان پێکردبوو- لە ڕووی جۆرایەتییەوە بە دووەم پرۆژە دادەندرێ. پلانە بەرکارەکانی ئێستە بۆ فراوانکردنی چوارچێوەی کارە لە مووسڵ و کەرکووك و دووبارەکردنەوەی دەستپێشخەرییە هاوشێوەکانە لەو ناوچانەی لە وڵاتەکەدا بەهۆی ململانێیەکەوە زیانیان بەرکەوتووە، وەك شنگال و حەمدانییەی سەر بە پارێزگەی نەینەوا.



# بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ نیشتەجێکردنی مرۆیی

## نامەیەك لە بەڕێوەبەری بەرنامەکە لە عێراق

کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەرکی پاڵپشتیکردنی بەردەوامی کۆمەڵایەتی و ژینگەیی شارۆچکە و شارەکانی خستووەتە سەر شانی بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ نشینگە مرۆییەکان، پەناگەکە لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا ڕێکخەری گشت کاروبارەکانی تایبەت بە شارستانیبوون و نشینگە مرۆییەکانە.

پەناگەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە نشینگە مرۆییەکاندا هەر لە ساڵی ١٩٧٥ ەوە لە سەرانسەری جیهاندا کار دەکات و بۆ ئەو خەڵکانەوە جەخت لەسەر بنیادنانی ئایندەیەکی پڕشنگدارتر دەکاتەوە کەوا لە گوند و شارۆچکە و شارەکان دەژین. بەو پێیەی ڕێکخەری گشت پرسەکانی شارستانیبوون و نشینگە مرۆییەکانی نێو پەیکەری نەتەوە یەکگرتووەکانە، چونکە پەناگە متمانەی پێ کراوە ئامانجی یانزەیەمی گەشەپێدانی بەردەوام و دوورمەودا جێبەجێ بکات کە داوا دەکات شار و نشینگە مرۆییەکان هەمووان بگرێتەوە و پڕ بێت لە ئاسایش و سەقامگیری و بتوانێ لە خۆڕاگری بەردەوام بێت.

پەناگە لە عێراقدا هەر لە ساڵی ١٩٩٦ەوە لە چوارچێوەی بەرنامەی نەوت بەرانبەر خۆراك چالاکە. دوای ساڵی ٢٠٠٣ش، لە میانی دەستەبەرکردنی پەناگە و چارەسەرەکانی پلاندانانی تایبەت بە دووبارە ئاودانکردنەوە بەشێوەیەکی گەورە و کارا، تەقلی هەوڵەکانی چاکترکردنەوە و سارێژکردنەوە و دووبارە بنیادنانەوە بوو، بەتایبەتیش لە پاڵپشتیکردنی ئاوارەکان و گەڕاوەکان. پەناگەکە بۆ ئامادەکردن و جێبەجێکردنی جۆرەها سیاسەت و ستراتیژ و میکانیزمەکان، لەپێناو گەیشتن بە پلانێکی باشتری شارستانی، لەگەڵ حکوومەتە نیشتمانی و خۆجێییەکاندا کار دەکات ، وەك سیاسەتی نیشتەجێکردن و ستراتیژی دووبارە ئاوەدانکردنەوەی تایبەت بە نیشتەجێکردن و چاودێرگەی (المرێد) شارستانی و وەسفکردنی شارەکان. جا پەناگەکە وەك پێڕەوکردنی بنەمای " دووبارە بنیادنانەوەیەکی باشتر"، بۆ بنیادنانی توانای جڤاکە زیان لێکەوتووە خۆجێیەکان - لە ململانێیەکان- لەپێناو خۆڕاگری و ڕێگەگرتن لە پاشەکشەکردنی گەشەپێدان، لەگەڵ جڤاکەکان و حکوومەتە خۆجێیەکاندا کار دەکات.

پەناگەکە لە ساڵی ٢٠٢٠ دا، لەپێناو ئەو کەسانەی بەهۆی ململانێیەکانەوە زیانیان پێگەیشت، بەشداریی لە دەستەبەرکردنی چارەسەرە بەردەوامەکان کرد ، هەروەها بۆ دیاریکردنی بژاردە بەردەستەکان و بە بەکارهێنانی پلانی شارستانییانە و شارەزایی ئەندازیاری، پاڵپشتیی لە حکوومەت و تاکەکەسەکانی نێو جڤاکە زیان لێکەوتووەکان کرد. پەناگەکە لە میانی نۆژەنکردنەوە و دووبارە بنیادنانەوەی خانووەکان و ژێرخانی ئەو ناوچانەی ئاوارەکان بۆی دەگەڕێنەوە، کار بۆ زەمینەسازی و ئاسانکردنی گەڕانەوەیەکی بەردەوام و شکۆمەندانە و خۆویستانە دەکات و پاڵپشتیی لە وەدەستهێنانی بژێویش دەکات. هەروەها پەناگەکە لەمیانی پێشنیازکردنی چەند ڕێبازێکی کرداری بۆ گۆڕینی خێوەتگەکان بەچەند نشینگەیەکی شارستانی و دەستەبەرکردنی مافەکانی نیشتەجێبوون و زەوی و موڵکەکان بۆ گشت ئەو کەسانەی بەهۆی ململانێیەکانەوە زیانیان بەرکەوتووە، پاڵپشتیی هونەری پێشکەشی حکوومەت دەکات.

هەروەها پەناگەکە کاردانەوەی لە هەنبەر کۆڤید-١٩دا هەبوو، بەشێوەیەکی تایبەتیش جەختی لەسەر جڤاکە کەمدەرامەت و بێهێزەکان کردووەتەوە کەوا لە نشینگە نارەسمییەکان و خێوەتگەکان و ناوچە زیان لێکەوتووەکانی نێو ململانێیەکاندا دەژیەن. پەناگەکە لە پاڵپشتیکردنی کەسەکان و جڤاکی لاواز و بێهێزی خۆجێیی بەردەوام دەبێت، هەروەها لەو قەیرانە بێوێنە و نوێیەشدا یارمەتیی دەسەڵاتە خۆجێیەکان دەدات.

**وائیل شەهاب**

**بەڕێوەبەری بەرنامەی پەناگەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراقدا**




## بەرنامەی سەرەکیی پەناگەکە لە عێراقدا

ئامانجی پەناگەکە پاڵپشتیکردنی توێژە زۆر بێدەسەڵات و هەژارەکانی نێو ئەو گەڕەك و نشینگە نا ڕەسمییانەیە کە بەهۆی ململانێیەکانەوە کاریگەر بوون، هەروەها لە پێناو پلاندانانێکی باشتری شارستانییانە و وەدیهێنانی گەشەپێدانێکی بەردەوام و دوور مەودا، پاڵپشتیی لە توانا خۆجێییەکان دەکات. پەناگەکە لە ساڵی ٢٠٢٠ دا بۆ وەدیهێنانی ئەم ئامانجە، شەش بەرنامەی سەرەکی جێبەجێکرد.

١) چاکبوونەوە و سازڕێژبوونەوەی شارستانی پشتبەستوو بە ناوچە زیانلێکەوتووەکانی شار بەهۆی ململانێیەکانەوە، ئەمەیش لەمیانی نۆژەنکردنەوەی ئەو خانووانەی لە جەنگ و ناوچە گشتییەکان و ژێرخاندا وێران بوون لەگەڵ ژێرخانی سەرەکی، وەك ئاوەکان و ئاوەڕۆی ستانداردی تەندروستانە و پاکوخاوێنیی کەسی و قوتابخانەکان و سێکتەرە تەندروستییەکان.

٢- دروستکردنی چەند یەکەیەکی کەمخەرجی نیشتەجێکردن بۆ نیشتەجێکردنی ئەو ئاوارانەی گەڕاونەتەوە شوێنی جارانیان و خانووەکانیان هێندە وێران بووە کە چاککردنەوە و نۆژەنکردنەوەیان ئەستەمە.

٣-پاڵپشتیکردنی ڕێگەی وەدەستهێنانی بژێوی و دەرفەتە ئابوورییە خۆجێییەکان لە میانی دروستکردنی دەرفەتی کار و مەشقی پیشەییانەوە.

٤-پاراستنی مافەکانی نیشتەجێبوون و زەوییەکان و موڵکی تایبەت بە ئاوارەکان و ئاوارە گەڕاوەکان و کەمینەکان.

٥- دروستکردنی پەناگە لە دۆخە کتوپڕەکان و پاڵپشتیکردنی ئەو ئاوارانەی لە دەرەوەی خێوەتگەکاندا دەژین، بە مادەی ناخۆراکی.

٦- کاردانەوە و پلاندانانی تایبەت بە پەتای کۆڤید- ١٩.

## ئەو کار و پرۆژە سەرەکییانەی پەناگەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ٢٠٢٠دا تەواوی کردوون

- نۆژەنکردنەوەی زیاتر لە ٣٠٠ خانووی زیان لێکەوتوو کە زیان و تێکچوونەکەیان گەورە و زۆر بووە.
- نۆژەنکردنەوەی سێکتەرەکانی ئاو و ئاوەڕۆی ستاندارد کە خزمەتی زیاتر لە ٧٠٠ خانەوادە دەکەن و ئاوی پاك و ڕێکوپێکیان بۆ دەستەبەر کراوە.
- نۆژەنکردنەوەی بۆڕییەکانی ئاو لە سیمێلی سەر بە پارێزگەی دهۆك.
- هەڵمەتی خاوێنیی تەندروستانە کە لە شارەدێی یەسربی سەر بە پارێزگەی سەلاحەدین جێبەجێکراوە.
- نۆژەنکردنەوەی باغچەی گشتیی یەرمووك لە شاری مووسڵ کە بە گەورەترین باغچەی گشتیی پارێزگەی نەینەوا دادەندرێ، هەروەها بەشداریی گەنجانی خۆجێیی لەو زنجیرە ڕووداوە وەرزشییانەی ئامانجیان پتەوکردنی یەکییەتیی کۆمەڵایەتییە.
- مەشقی پیشەیی و دروستکردنی دەرفەتەکانی کار بۆ زیاتر لە ٢٠٠ کوڕ و کچی ئاوارە گەڕاوەکان.
- چارەسەرکردنی ٣٥٦ ململانێی تایبەت بە زەوییەکان و موڵکایەتی لە میانی نێوەندکارە متمانەپێکراوەکانی نێو جڤاکە خۆجێیەکان لە هەردوو شارۆچکەی حەمدانییە و تلکێفی سەر بە پارێزگەی نەینەوا کە ڕێژەی سەرکەوتنەکەی گەیشتە ٨٧٪.
- بڵاوکردنەوەی چەند وێستگەیەکی گەڕۆك بۆ شۆردنی دەستەکان لە چوارچێوەی کاردانەوە لە هەنبەر پەتای کۆڤید- ١٩ دا.



> پەناگەکە کاردانەوەی لە هەنبەر کۆڤید19-دا هەبوو، بەشێوەیەکی تایبەتیش جەختی لەسەر جڤاکە کەمدەرامەت و بێهێزەکان کردووەتەوە




# کۆمیسیاریای باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەنابەران

کۆمیسیاریای باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەنابەران لە عێراقدا، لە کاردانەوەی هەنبەر پاراستن و یارمەتیدانی ئاوارە و پەناخوازان و داواکارانی پەناهەندەیی و ئەو کەسانەی لە عێراقدا بێ ڕەگەزنامەن و دەستنیشانکردنی چارەسەرگەلێکی هەمەگیر بۆ یارمەتیدانی ئاوارە و پەناخوازان لە دووبارە بنیادنانەوەی ژیانیان، یارمەتیی حکوومەتی عێراقی دەدات. کۆمسیۆنەکە ڕێبەرایەتیی ئەو کۆمەڵانە دەکات کە تایبەتن بە پاراستن و هەماهەنگیی خێوەتگەکان و بەڕێوەبردنیان و حەواندنەوە و مادە نا خۆراکییەکان، لەپێناو پاڵپشتیکردنی ئاوارە و پەناخوازاندا، هەروەها کۆمسیۆنەکە بۆ هەماهەنگکردنی کاردانەوەی تایبەت بە پەناخوازانی سووری، لە میانی پلانی هەرێمییانە و پاڵپشتیکردنی توانای ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانەکان، هاوکاریی حکوومەت دەکات.

## ڕاستی و ژمارەکان:

- ژمارەی دانیشتووان: ١٠٢٨ ملیۆن پەناخواز/٤٠٨ ملیۆن ئاوارەی گەڕاوە/ ٢٨٢،٥٥٩ پەناخواز/ تا کۆتایی مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠٢٠.
- لە کۆی ٢٨٢،٥٥٩ پەناخوازی تۆمارکراو لە عێراقدا، ژمارەی پەناخوازانی سووری ٢٤١،٦٨٤ کەسن.

### ■ خێوەتگە و کەمپەکان:

- لە سەرانسەری هەرێمی کوردستانی عێراقدا دە کەمپی پەناخوازان هەن کە ٤١٪ پەناخوازانی سووری لەخۆ دەگرن (لە ٩٩،٠٠٠ کەس زیاترن) بە کەمپی بەردەڕەش و گەویلانیشەوە میوانداری لەو ئاوارە نوێیانە دەکەن کە لە باکووری خۆرهەڵاتی سووریاوە هاتوون. ٥٩٪ دیکەیان (نزیکەی ١٤٦،٠٠٠) ئاوارەی سووری لە ناوچە شارنشینەکان و نیمچە شارنشینەکان و لادێییەکاندا دەژین.
- کۆمسیۆنەکە لە سەرانسەری عێراقدا، ٢٩ خێوەتگەی دیکەی پەناخوازان بەڕێوەدەبات کە نزیکەی ١٩٣،٠٠٠ پەناخوازی سەرانسەری وڵاتەکە لە خۆیان دەگرن.

## ئامادەیی کۆمیسیاریای باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەنابەران لە عێراقدا:

- کۆمسیۆن لە میانی حەوت نووسینگەی سەرانسەری عێراقدا کار دەکات، بە نووسینگەی هەرێمییانەی ڕێکخراوەکەشەوە لە بەغدادی پایتەخت و نووسینگەی مەیدانی لە پارێزگەی بەسرە و نووسینگە لاوەکییەکانی نێو پارێزگەکانی هەولێر و دهۆك و مووسڵیشەوە، هەروەها دوو نووسینگەی دیکەی مەیدانیش لە هەردوو پارێزگەی سلێمانی و کەرکووکیشەوە.
- کۆمسیۆن جگە لەم نووسینگانەی سەرەوەش و هاوبەشانی لە سەرانسەری وڵاتەکە- لە پارێزگەی بەسرە و شاری حلە (پارێزگەی بابل) و شاری بەعقوویە (پارێزگەی دیالە) و شاری کەربەلا (پارێزگەی کەربەلا) و شاری سامەڕا (پارێزگەی سەلاحەدین) و شاری کووت (پارێزگەی واست) و شارۆچکەی خانەقین (پارێزگەی دیالە)- ئامادەییان هەیە و بەردەوامن.

# بوارە سەرەکییەکانی کارکردن:

## کاردانەوەی کۆمسیۆن لە هەنبەر پەتای کۆڤید- ١٩ لە عێراقدا



کۆمسیۆن لە میانی پێوەندیی بەردەوام و ڕێکوپێك لەگەڵ دەسەڵاتەکان؛ دەسەڵاتە فیدراڵییەکان و هەرێمییەکان و پارێزگەییەکانیش، دەستەبەری ئەوەی کردووە کۆی ئەو کەسانە بخاتە نێو پلانەکانی کاردانەوەی نیشتمانیی هەنبەر پەتای کۆڤید- ١٩ کە جێگەی گرنگیپێدانن ، لەگەڵ ئەمەشدا و لەگەڵ زیاتربوونی ژمارەی حاڵەتەکانی تووشبوون، دەستگە و دامەزراوە تەندروستییەکان لە سەرانسەری عێراقدا بۆ خزمەتکردنی گشت کەسانی تووشبوو، ڕووبەڕووی گوشاری زۆر بوونەوە، لە سەرەتای مانگی ئابیشدا، زۆربەی بەڕێوەبەرایەتییەکانی تەندروستی ئاماژەیان بەوە کرد کە دۆخە مامناوەندییەکان و توندەکان و ڕووگیرەکانیش (المحرج) لە نەخۆشخانەکاندا پێشوازییان لێ دەکرێ، بەڵام ئەو دۆخانەی ماکەکانی پەتایەکەیان لێ بەدیار نەکەوتووە و ئەو کەسانەش کە ماکی سووکی پەتایەکەیان پێوە دیارە، لە ماڵەوە خۆیان کەرەنتین بکەن.

زۆربەی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان - ئەگەر بە ڕێژەیەکی دیاریکراویش بووبێت- لەو خێوەتگە و کەمپانەدا بەردەوام بوون کە ڕێژەیەکی زۆری پەناخوازن لێیان نیشتەجێن. کۆمسیۆن چەند ڕێگەیەکی نوێی دابەشکردنی گرتەبەر بۆ ئەوەی دەستەبەری گەیشتنی یارمەتییەکان بکرێ. ڕێگە و نۆرمە نوێیەکان بریتی بوون لە گەیاندنی دەرگە بە دەرگەی یارمەتییەکان، بۆ ئەوەی ڕێگە لە دروستبوونی گردبوونەوەکان بگیرێت و ڕەچاوی دوورکەوتنەوەی جەستەیی بکرێت و لە دوورەوە چاودێریی جۆری خۆپارێزییەکە بکرێت، هەروەها پێشکەشکردنی ڕاوێژی یاسایی و یارمەتیدانی دەروونی و کۆمەڵایەتی، لایەنێکی دیکەی چالاکی و کارەکان بوون. جگە لەمانەیش، کۆمسیۆن لە سەرانسەری ئەو وڵاتەدا وەك کاردانەوەیەك لە هەنبەر تەشەنەکردنی ئەو ڤایرۆسەدا، لە جێبەجێکردنی ئەم زنجیرە ڕێکارانە بەردەوام بوو:

### ■ دەستڕاگەیشتن بە مادە سەرەکییە تەندروستییەکانی پاکوخاوێنی:

کۆمسیۆنەکە لە خێوەتگەکان و ناوچە شارستانییەکان و ناوچەکانی دەوروبەری شارەکان و ناوچە لادێیەکاندا، یارمەتیی پارەی (کاش)ی پێشکێشی ئەو ئاوارە و پەناخوازانە کرد کە لەم شوێنانەی سەرەوەدا نیشتەجێن، بۆ ئەوەی بتوانن بەرگەی کڕین و دەستەبەرکردنی پێداویستییە سەرەکییەکانی پاکوخاوێنیی تەندروستی بگرن. لەم یارمەتییەدا ١٠٠،٣٣٥ خانەوادەی ئاوارە و پەناخواز لە سەرانسەری عێراقدا سوودمەند بوون. جگە لەمانەش، کۆمسیۆنەکە زیاتر لە ٧٧،٧٨٠ پاکێجی پێداویستیی تەندروستییانەی ژنان و کچانی نێو کەمپەکانی دابەشکرد.

### ■ وشیارکردنەوەی تەندروستی:

کۆمسیۆنەکە لە خێوەتگەکانی ئاوارە و پەناخوازان و مەڵبەندەکانی تۆمارکردن و هەندێك ناوچەی شارستانیدا، سەبارەت بە ڕێگەکانی گواستنەوەی کۆڤید-١٩ و ڕێگەکانی خۆپارێزی، چەند کۆبوونەوە و دانیشتنێکی وشیارکردنەوەی ڕێکخست. هەروەها لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتیی کەمپەکان و بنکەکانی چاودێریی سەرەتاییی تەندروستی و خۆبەخشانی بواری پێوەندیکردن بە جڤاکە خۆجێییەکانەوە، چەسپ و بڵاوکراوەی سەر دیوار و پێچراوەکان دابەشکران.

### ■ دەستەبەرکردنی کەرەستە کەسییەکانی پاراستنی پزیشکییانە:

کۆمسیۆنەکە کەرەستە کەسییەکانی پاراستنی پزیشکییانە و ماسکی ڤاڵڤدار و ئەو پێڵاوانەی دەستەبەرکرد کە یەکجار بەکار دەهێندرێن، بۆ ئەوەی لە کەمپەکاندا بەکاربهێندرێن. خۆ ئەگەر پارەی پێویست لەبەردەست بێت، ئەوا کۆمسیۆنەکە کەرەستە و پێداویستییەکانی دیکەی خۆپارێزیش دەکرێت وەك ماسکی نەشتەرگەری و دەستکێش و عەبای پزیشکی کە یەکجار بەکاردەهێندرێن و بۆ مەبەستی بەکارهێنانی ڕۆژانە لە لایەن کادیرە پزیشکییەکان و بنکەکانی چاودێریی سەرەتایی تەندروستیی نێو خێوەتگەکانی پەناخوازان سوودیان لێ وەردەگیرێت، هەروەها چەند مادەیەکی دیکەشی بۆ دەستگە گشتییەکانی تەندروستیش دەکرێ.

### ■ دەستەبەرکردنی چەند کەرەستە و ئامرازی دیکەی تایبەت:

کۆمسیۆن لەسەر بنەمای ڕاوێژکردن لەگەڵ دەسەڵاتەکانی تەندروستی و دەستگەکانی دیکەی حکوومەتەوە، بەپێی پێویست پاڵپشتی و یارمەتییەکی مادیی تەرخان کرد بۆ ئەوەی بنکە و شوێنە گشتییەکانی تەندروستی بتوانن بە شێوەیەکی گونجاو چاودێریی تەندروستی دەستەبەر بکەن و بتوانن مامەڵە لەگەڵ ئەو دۆخانەدا بکەن





کە گومانیان لێ دەکرا دووچاری ڤایرۆسی کۆڤید-١٩ بوونەتەوە و لە ڕیزی ئەو کەسانەن کە جێگەی گرنگیدانی کۆمسیۆنن.

## هەوڵەکانی پاراستن و پشتگیریکردن

- کۆمسیۆن وەك خۆ گونجاندن و جێبەجێکردنی ئەرکە سەرەکییەکانی لە بواری پاراستن و پشتگیریکردن، هەوڵێکی بەرفراوان دەخاتە گەڕ. ئەمەیش بۆ ئەوەیە ئاوارەکان یارمەتییە مرۆییەکانیان بۆ دەستەبەر ببێت و بە تەواوی مومارەسەی مافەکانی خۆیان بکەن. ئەم هەولانە پێشکەشکردنی یارمەتی و نوێنەرایەتیکردنی یاسایی و چارەسەرکردنی ئەو کۆتوبەندانەش دەگرێتەوە کە بەسەر ئازادیی هاتووچوو و چاکترکردنی توانای دەرچوواندنی چەند بەڵگەنامەیەکی مەدەنی و سەلامەتی و خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان و پێشکەشکردنی ڕاوێژی دەروونی و کۆمەڵایەتی و دیاریکردنی توێژە بێدەسەڵات و بێهێزەکان و حەواڵەکردنیان بۆ خزمەتگوزارییە تایبەتمەندەکان و پاڵپشتیکردنی ئاوارەکان لە توندوتیژیی جۆری کۆمەڵایەتی و پاراستنی یەکییەتیی خانەوادەش دەگرێتەوە. سەبارەت بە پەناخوازانیش جەختکردنەوەکە بە تایبەتی لەسەر قبووڵکردنی داواکارییەکانی پەناخوازی و وەدەستهێنانی خزمەتگوزارییەکانی سەلامەتی و تۆمارکردن و دۆکیۆمێنتکردن و زیادکردنی دووبارە نیشتەجێکردنەوە و چەندان چارەسەری دیکەی بەردەوام چڕکراوەتەوە؛ بە گەڕانەوەی خۆویستانە و بێمەترسی و سەربەرزانە و دوور لە هەڵاواردنیشەوە. جەختکردنەوەکە بە تایبەتی لەسەر پاڵپشتیکردنی دەرچوواندنی بەڵگەنامەکانی باری کەسی چڕکراوەتەوە لە میانی پێشکەشکردنی یارمەتیی یاسایی و پاڵپشتیکردنی بەڕێوەبەرایەتییەکانی ڕەگەزنامە و باری کەسیی سەر بە وەزارەتی ناوەخۆیە و بۆ تواناداركردنی ئاوارەکانە لە وەدەستهێنانی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان و هاتووچوویەکی بێمەترسییە بەنێو خاڵەکانی پشکنین و گەڕانەوە بۆ ناوچەکانیان و دەستەبەرکردنی دەرفەتی کار بۆیان.
- دەرخستەی گشتیی پێداویستییە سەرەکییە مرۆڤییەکان بۆ ساڵی ٢٠٢٠ و کردەی چاودێریکردن بە ئامانجی دەستەبەرکردنی پارێزگەری کەوا کۆمسیۆن بەڕێوەیان دەبات، دەری دەخات کە ژمارەیەکی زۆری ئاوارە و گەڕاوەکان هێشتاکە پێویستیان بە هەندێك بەڵگەنامەی کەسی هەیە وەك: پسوولەی خۆراك و ناسنامەکانی باری کەسی و ڕەگەزنامەی عێراقی و گوزەرنامە (پاسپۆرت) و بەڵگەنامەی لەدایکبوون و چەندان بەڵگەنامەی دیکەی سەلمێنەر. کۆمسیۆن لە ساڵی ٢٠١٩ وە بۆ ناردنی چەند تیمێکی گەڕۆك - کە تیایدا فەرمانبەرانی حکوومی بەڵگەنامەی مەدەنی بۆ ئاوارەی نێو خێوەتگەکان دەردەکەن- هاوکاریی وەزارەتی نێوخۆی کردووە. جەختکردنەوەی سەرەکیی ئەو تیمە گەڕۆکانەش لەسەر دەرچوواندنی سێ لە گرنگترین بەڵگەنامەکانی تایبەت بە ئاوارەکانە، ئەوانیش: ناسنامەی باری کەسی و بەڵگەنامەی ڕەگەزنامەی عێراقی و کارتی نیشتمانییە، بەپێی توانا. وەزارەتی نێوخۆ لە دەستپێکردنی پرۆژەکەوە تا مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠٢٠، بە هۆی تیمە گەڕۆکەکانەوە ٨،٣٠٩ ناسنامەی باری کەسی و ١٤،١٩٣ ڕەگەزنامە و ١،٠٠٦ کارتی نیشتمانی بۆ ئاوارەکان دەرچوواندووە. کۆمسیۆن لە ساڵی ٢٠٢١یشدا زیاتر جەخت لەسەر پاڵپشتیکردن و هاندانی کۆمەکخواستن بە نووسینگەکانی باری کەسیی نێو شارۆچکەکان دەکاتەوە؛ بە دووبارە شیاندنەوە و زەمینەسازی و پێکهێنانی هەندێك تیمی گەڕۆکیشەوە.
- کۆمسیۆن بۆ دروستکردنی داتابەیسی ئاوارە و گەڕاوەکان، یارمەتیی وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران دەدات . ئەم داتابەیسەش وەك سەکۆیەکی نایابە کە تیایدا دابەشکردنی پاداشتی گەڕانەوە بە بڕی ١،٥ ملیۆنێك و پێنجسەد هەزار دیناری عێراقی تیایدا بەکاردێ، ئەو پاداشتەش لە لایەن حکوومەتی عێراقی بڕیاری لەسەر دراوە بدرێتە خانەوادەی ئاوارە گەڕاوەکان.
- کۆمسیۆن بۆ بنیادنانی توانای هاوبەشانی وەك ڕێکخراوە ناحکوومییەکان و فەرمانبەرانی حکوومەت، لە پێناو قەدەغەکردن و بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی جۆری کۆمەڵایەتی و کاردانەوە لە هەنبەریدا لەگەڵ پاراستنی منداڵان، کاردەکات و لە هەوڵی بەردەوامدایە؛ بە ڕێکارەکانی پاراستنی بەرژەوەندییە هەرە باشەکانی ئەو منداڵانەی دووچاری مەترسی بوونەتەوە.

## چەند پانتاییەکی دوور لە مەترسی بۆ ئاوارەکان

- کۆمیسیاریای باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەنابەران، لە مەڵبەندەکانی پاڵپشتیی جڤاکیی سەرانسەری وڵاتدا کۆمەڵێك خزمەتگوزاری پێشکەشی پەناخوازان و ئاوارەکان و ئاوارە گەڕاوەکان و بێ ڕەگەزنامەکان دەکات. مەڵبەندەکانی پاڵپشتیی جڤاکیش چەند شوێنێکی بێمەترسی و گشتین و ژنان و پیاوان و کوڕان و کچانی سەر بە نەژاد و ڕەگەزی هەمەچەشن دەتوانن لە بۆنە کۆمەڵایەتییەکاندا چاویان بە یەکتری بکەوێت و بیروڕای خۆیان لەگەڵ یەکتری و لەگەڵ کۆمسیۆن و هاوبەشەکانیشیدا بگۆڕنەوە، هەروەها ئەم شوێنانە چەند ناوچەیەکی بێمەترسین و بۆ بینین و چاوپێکەوتنی کارمەندانی پسپۆڕی بواری پارێزگەری و وەرگرتنی ڕاوێژ و خزمەتگوزاری و یارمەتییەکان، پێشوازی لە هەموو کەسێك دەکەن. ئەم مەڵبەندانە چالاکییەکانی کات بەسەربردن پێشکەش دەکەن، وەك: گەمە وەرزشییەکان و گەمەی منداڵان و نەوجەوانان و گەنجان. هەروەها سەبارەت بە بابەتە جۆراوجۆرەکان زانیاریی سەرەکیان تیادایە، وەك پاراستنی منداڵ و توندوتیژیی جۆری کۆمەڵایەتی و پەروەردە و فێرکردن و خزمەتگوزارییە یاساییەکان. هەروەها چەند مەشقێکی پیشەییش دەستەبەر دەکرێ بۆ ئەوەی ئاوارە کەمدەرامەتەکان توانادار ببن و کارامەییەکانیان زیاتر بکرێ. جا لەبەر دۆخی ئاوارتە و نائاسایی تەندروستی -بەهۆی پەتای کۆرۆناوە- مەڵبەندەکانی پاڵپشتیکردنی جڤاکی بەشێوەیەکی دیاریکراو کار دەکەن، بەشێوەیەك لەگەڵ ڕێنماییەکانی حکوومەتی عێراقی و ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانیدا بگونجێ. کۆمسیۆنەکە لە ساڵی ٢٠٢١ یشدا لە بەکارهێنانی مەڵبەندەکانی پاڵپشتیکردنی جڤاکی بەردەوام دەبێت.

## دەستەبەرکردنی پاڵپشتیی پەناگە و هەماهەنگیی خێوەتگە و کەمپەکان

- کۆمسیۆن لە میانی کار و چالاکی و خزمەتگوزارییەکانی تایبەت بە پەناگەدا، ئەوە دەستەبەر دەکات کە پەناخواز و ئاوارەکانی نێو عێراق پەناگەیەکی گونجاو و مادە سەرەکییەکانی فریاکەوتنیان بۆ دەستەبەر ببێت، یارمەتییەکانی کۆمسیۆن لە بواری داڵدەداندا دەستەبەرکردنی پەناگەیەکی گونجاوە لە خێوەتگە و کەمپەکانی ئاوارە و پەناخوازەکان و دروستکردنی چەند یەکەیەکی گەڕۆکی داڵدەدان (یەکەکانی نیشتەجێکردنی پەناخوازان) و دووبارە نۆژەنکردنەوەی خانووە زیان لێکەوتووەکانە لەو ناوچانەی ئاوارەکان بەشێوەیەکی خۆویستانە بۆی دەگەڕێنەوە، ئەمەش بۆ ئاسانکردنی کردەی ئاوێتەکردنەوەی ئاوارەکانە بە جڤاکی خۆجێییان و شوێنی نیشتەجێبوونی پێشوویان.
- کۆمسیۆن وەك ڕێبەری گرووپ و کەرتی هەماهەنگی و بەڕێوەبردنی خێوەتگەکان،

لەگەڵ دەسەڵاتی خۆجێیی و لایەنە چالاکە مرۆییەکان، لە میانی دەستەبەرکردنی خزمەتگوزارییە ڕێکوپێکەکاندا لەپێناو چاکترکردنی هەلومەرجی ژیان و گوزەرانی ئەو پەناخوازانە کار دەکات کەوا لە خێوەتگەکاندا دەژین، کۆمسیۆن لە سەرانسەری عێراقدا پاڵپشتیی بەڕێوەبەرایەتیی ۲۹ خێوەتگەی ئاوارەکان و ۱۰ خێوەتگەی پەناخوازان دەکات.

- حکوومەتی عێراقی، لە تشرینی یەکەمدا، زنجیرەیەك داخستنی کتوپڕی چەند کەمپێکی ئاوارەکانی ڕاگەیاند، زۆرینەی زیانلێکەوتووانیش ئەو ژن و منداڵانە بوون کە بە ڕاستی لەژێر هەڕەشەدان. دوو لەسەر سێی کەسە زیانلێکەوتووەکان گەیشتنەوە شوێنی پێشووی نیشتەجێبوونیان، بەڵام زۆربەیان نەگەیشتنەوە ماڵ و خانووی خۆیان. ئێستەیش لەوپەڕی بێدەرەتانی و کەمدەرامەتیدان و پەناگە و شوێنێکی گونجاوی داڵدەیان نییە. هەروەها گرژییە کۆمەڵایەتییەکان و نەبوونی ئاسایش و هەبوونی بۆمبی نەتەقیو و کەمیی بەڵگەنامە مەدەنییەکان و نیشتەجێکردن و خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان و نەبوونی دەرفەتەکانی ژیان و گوزەران، بوونە هۆی ئەوەی یەك لەسەر سێیەکەی دیکە نەتوانن بگەڕێنەوە شوێنی نیشتەجێبوون و ماڵوحاڵی خۆیان، ئەمەیش بووە هۆی ئاوارەبوونێکی لاوەکی. کۆمسیۆن لە چاودێریکردنی دۆخی ئەو ئاوارانە بەردەوامە کەوا گەڕاونەتەوە سەر ماڵوحاڵی خۆیان، بەتوندیش داوا دەکات کە دەبێ گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ سەر ماڵوحاڵی خۆیان خۆویستانە و بێمەترسی و سەربەرزانە بێت، لەمەشدا پەند لە چوارچێوەی مەبدەئییانە و متمانەپێکراوی گەڕانەوە دەبەستێ کە ڕەچاوی هەلومەرجە گونجاوەکانی شوێنی نیشتەجێبوونی پێشووی ئاوارەکان دەکات بۆ ئەوەی گەڕانەوەیەکی بەردەوام و دوورمەودا دەستەبەر ببێت.

## پاڵپشتیکردن و یارمەتیدانی خانەوادەکان بۆ وەدەستهێنانی پێداویستییە سەرەکییەکانیان

- کۆمسیۆن یارمەتیی خانەوادە کەمدەرامەتەکانی ئاوارە و پەناخوازان دەدات بۆ ئەوەی لە ڕێگەی دابەشکردنی یارمەتییە کەشەکانەوە (النقدیە) پێداویستییە سەرەکییەکانیان دەستەبەر بکەن. چونکە لەو شوێنانەی بازاڕیان تیادایە و کەسانی سوودمەند دەتوانن دەستیان پێیان ڕابگات، پارە و دراوی بێمەرج دەبێتە هۆی دەستەبەرکردنی ڕێگەیەکی کارای زامنکردنی پێداویستیی ئەو کەسانەی بە هۆی ئاوارەییەوە زیانیان بەرکەوتووە، ئەمەیش یارمەتیی خانەوادەکان دەدات پێداویستییە هەرە لەپێش و سەرلیستەکانیان دیاری بکەن و کەرامەت و سەربەرزییان بپارێزن و ئەگەری پەنابردنە بەر ستراتیژە زیانبەخشەکانی خۆگونجاندنیش کەم ببێتەوە.

## بەهاناوەچوونی دانیشتووانی کەمدەرامەتی ئاوارە لە هەلومەرجە سەختەکانی زستاندا

- لە هەندێك ناوچەی شاخاویی عێراق،



بەتایبەتیش لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا کە ٩٩٪ پەناخوازانی سووری تیایدا نیشتەجێن، لەوانەیە لە مانگەکانی زستاندا پلەی گەرمی دابەزێتە خوار سفرەوە. کۆمەك و بەهاناوەچوونی ئاوارە و پەناخوازانیش لەو وەرزەدا وادەکات بتوانن مامەڵە لەگەڵ هەلومەرجە سەختەکانی زستاندا بکەن و خۆیان لەگەڵی بگونجێنن. کۆمسیۆن لە زستانی ساڵی ٢٠١٩ و ٢٠٢٠ دا، گەیشتە زیاتر لە ٦٦٦،٠٠٠ ئاوارە و ١٥٧،٠٠٠ پەناخوازی سووری و ١٦،٨٠٠ پەناخوازی سەر بە نەژادی دیکە و یارمەتیی دارایی و پارەی پێشکەش کردن. ئەم یارمەتییانە بۆ فەراهەمبوونی دابینکردنی کەرەستە و پێداویستی و سەرچاوەی پێویستی مانەوە لە ژیان لە وەرزی زستاندا، بۆ ئەو خانەوادە بێدەرەتان و کەمدەرامەتە ئاوارانە بە هۆکاری زیندوو دادەندرێ.

## پاڵپشتیکردنی یەکییەتی و پتەویی کۆمەڵایەتی لە کاتی پاڵپشتیکردنی هەوڵەکانی دەوڵەت لە دووبارە ئاوەدانکردنەوەدا

- کۆمسیۆنی باڵای کاروباری پەنابەران، لە میانی پرۆژەکانی کاریگەری و شوێنەواری خێرا -کە بۆ پتەوکردن و پاڵپشتیکردنی پێکەوەژیانی ئاشتییانە و یەکییەتی و پتەویی کۆمەڵایەتی و دووبارە ئاوێتەکردنەوەی ئاوارە گەڕاوەکان بە جڤاکەکانی پێشوویان، جەخت لەسەر جڤاك دەکاتەوە - یارمەتیی جڤاکی گەڕاوەکان دەدات. ستراتیژی کۆمسیۆن ئامانجی پتەوکردن و پاڵپشتیکردنی ژینگەیەکی گونجاوە بۆ ئاوارە گەڕاوەکان لەپێناو پشتبەخۆبەستن و پاڵپشتیکردنی توانای ڕووبەڕووبوونەوە. پرۆژەکان بریتین لە چاککردنەوەی ژێرخانی سەرەکیی وەك بەڕێوەبەرایەتییەکانی باری کەسی و قوتابخانە و نۆڕینگە تەندروستییەکان و سێکتەرە کشتوکاڵییەکان (ترومپایەکانی ئاو و خانووە کشتوکاڵییە شووشەییەکان) و دووبارە پێشکەشکردنەوەی خزمەتگوزارییەکانی وەك کۆکردنەوە و فڕێدانی زبڵ و خاشاك.

## پاڵپشتیکردن و پشتگیریی چارەسەرە هەمیشەییەکان و پشتبەخۆبەستان

- کۆمسیۆن لەنێو پەناخوازانی نێو عێراقدا هەوڵی کەمکردنەوەی پشتبەستن بە خەڵکانی دیکە دەدات و لە هەمان کاتیشدا و بەبێ ڕەچاوکردنی ئەو چارەسەرە بەردەوامەی هەڵی دەبژێرن، پاڵپشتیی خۆبەسبوون (الاکتفاء الژاتی) دەکات. ستراتیژی کۆمسیۆنەکە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە ناوی ئەو کەسانە لەو سیستمە بەرکارە یاسایی و کۆمەڵایەتییانەدا تۆمار بکات کەوا گرنگییان پێ دەدات و کار لەسەر چوار بواری پێگەیی دەکات کەوا باڵی بەسەر ڕەهەندە یاسایی و کۆمەڵایەتی و مەدەنی و ڕۆشنبیرییەکاندا کێشاوە. ستراتیژەکە ڕەچاوی پاڵپشتیکردنی جڤاکە خۆجێییەکان و حکوومەتەکان دەکات بۆ ئەوەی کەمپەکانی پەناخوازان ئاوێتەی جڤاکە خانەخوێیەکان بکات و بەرتەماییشی هەیە لە کۆتاییدا ئەو کەمپانە ببنە چەند نشینگەیەکی جوان داڕێژراو و دروستکراو و ببنە چەند گەڕەکێکی شارۆچکە دراو سێیەکانیان، هەروەها پەناخوازانیش وەك دانیشتووانە خۆجێییەکان بتوانن خزمەتگوزارییە سەرەکییە پاڵپشتیکراوەکان وەدەست بێنن و بگەنە بازاڕی کار و پەروەردە و فێربوون.
- هەروەها کۆمسیۆنەکە لەگەڵ وەزارەتە جێبەجێکارە سەرەکییەکانی حکوومەت و ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و لایەنە کارایەکانی نێو بواری گەشەپێدان و کەرتی تایبەتدا کار دەکات، بۆ ئەوەی لە پلانەکانی گەشەپێدانی نیشتمانی و بەرنامە هەمیشەیی و دوورمەودایەکانی گەشەپێداندا دەستەبەری ئاوێتەبوونێکی ڕێکوپێکی کەسانی پێوەندیدار بکات ، ئەمەش لە ڕێگەی گرتنەبەری ستراتیژ و هەماهەنگی و بەرنامە هاوبەشەکان و / یان دانانی چەند بەرنامەیەك لەسەر بنەمای بەڵگەکانەوە دەبێت. بوارە سەرەکییەکانی هاوبەشبوونیش بریتین لە، پاراستنی کۆمەڵایەتی و تۆمارکردن و یارمەتیدانی یاسایی و (دووبارە) ئاوێتەکردنەوە؛ بە گەیشتنی خزمەتگوزارییە سەرەکی و کۆمەڵایەتییەکان و پشتبەخۆبەستنیشەوە.



# ڕێکخراوی یونیسێف

## چاوپێکەوتن لەگەڵ

## پاولا پۆلانچیا

### جێگری نوێنەری یونیسێف



**پاولا سڵاو، باسی ئەو کاتەمان بۆ ناکەی کە لە لای یونیسێف کارت دەکرد و لە عێراقدا بەسەرت برد، هەروەها چۆن ساڵی ٢٠٢٠ بە بەراورد لەگەڵ ساڵەکانی پێشوو " جیاواز" یان " نائاسایی" بوو ؟**

ساڵی ٢٠١٩ پێوەندیم بە نووسینگەی هەرێمیی ڕێکخراوەکە کرد لە عێراقدا، بەڵام ئەو ماوەیە بە چاوترووکانێك تێپەڕی، تا ئێستەیش گەشت و سەفەرێکی زۆرباش و دڵڕفێن بوو. من زۆر چێژ لەو کاتە وەردەگرم کە لێرەدا بەسەری دەبەم، چونکە من شانازی دەکەم کە توانیوومە خزمەتی منداڵانی عێراق بکەم، کاریش لەگەڵ کەسانی زیرەك دەکەم کەوا زۆر بە مکوڕی کار دەکەن، من ڕۆژانە شتی نوێ فێر دەبم، تەنانەت من لە ئێستەدا بە بەراورد بە دوو ساڵی ڕابردوو، زۆر بەگوڕوتاوترم.

ئای لە ساڵی ٢٠٢٠! ئێمە لەو ساڵەدا بە دەرهاوێشتەترین ساڵی ژیانماندا تێپەڕیوین، چونکە ئەو ساڵە چەندان پەند و وانەی فێرکردووین.

لە مانای وشەی " شیمانەیی" تێگەیشتین، چونکە پەتای کۆرۆنا چەندان ئالنگاریی دیکەشی دروستکرد، ئەمەیش مانای وایە ئێمە خزمەتگوزارییەکانمان ( بە خزمەتەکانی دروستیی ئەقڵی و پاڵپشتیی دەروونی-کۆمەڵایەتی و هۆشیارکردنەوە و هتد) لەمیانی واتسئەپ و بەرنامەی **U_Report** و چەندان سەکۆی دیکەی ئینتەرنێتی پێشکەش کرد، هەروەها لە گشت شوێن و سەرجەم ئاستەکاندا بەشێوەی ئۆنلاین چەندان خولی مەشقمان بەڕێوەبرد (بۆ نموونە: وەزارەتەکان و بەڕێوەبەرایەتییەکان و جڤاکەکانی خۆجێیی)، ئێمە وامان کرد هزرە بنەڕەتییەکانی گشت تیمێکی یونیسێف و هاوبەشمانمان، لەسەر واقیعی نوێ و خۆگونجاندن لە سەریدا چڕ ببێتەوە.

فێربووین ئالنگارییەکان بکەینە دەرفەت. چونکە لە دۆخی وەها دژواردا، ئاسانە دووچاری نەرێیبوون و ڕەشبینی و بێهیواییەکی ڕاستین ببینەوە و گشت شتێك دوا بخەین. بەڵام ئەوەمان بۆ دەرکەوت کە ئێمە لە هەنبەر کاروبار و مەسەلەکان و ئامادەکاریی تەواو بۆ بەشداریکردن لە باشترین ڕێگەی گۆڕینی ئالنگارییەکانی بەردەممان بۆ چەند دەرفەتێك، زۆر کراوە بووین و توانای گۆڕانی ڕوانگەی خۆمان هەبوو. بۆ نموونە، منداڵان لە ساڵی ٢٠٢٠ دا دووچاری بەرزترین هەڕەشەی سەر ژیان و پێشکەوتن و وەدەستهێنانی مافە سەرەکییەکانیان بوونەوە. بەڵام یۆنیسێف لە سەرەتای قەیرانەکەدا بۆ دیزاین و جێبەجێکردنی پلانی حەواڵەکردنی دراویی تەرخانکراو لە بەرژەوەندیی ٢،١ ملیۆن خانەوادەی زیانلێکەوتوو بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە، بەردەوام و بەشێوەیەکی توندوتۆڵ کاری لەسەر داواکارییەکانی حکوومەت کردووە و بە یارمەتیی گونجاو و هونەرییانە یارمەتیی حکوومەتی داوە. هاوکات لەگەڵ ئەمەیشدا، یونیسێف لە پاڵپشتیکردن و داواکاریی خۆی لەپێناو پتەوکردنی سیستمەکانی پاراستنی کۆمەڵایەتی بەردەوام بووە، ئەمەیش بووەتە هۆی دانانی بەرنامەیەکی هاوبەش لەگەڵ (ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کار **ILO** و بەرنامەی خۆراکی جیهانی **WFP**) و هاوبەشیکردن لەگەڵ یەکییەتیی ئەوروپا بۆ پاڵپشتیکردنی حکوومەت بە مەبەستی خێراکردنی چاککردنەوەی سیستمی پاراستنی کۆمەڵایەتی، ئەمەش بوارێکە کە پێشتر ڕووبەڕووی چەندان کۆتوبەند و دواکەوتن ببوویەوە.

بەهەمانشێوە، قوتابخانە و پەیمانگەکان، بە مەڵبەندەکانی گەنجان و فێربوونی نا ڕەسمیشەوە، لە ساڵی خوێندنی ٢٠١٩- ٢٠٢٠ داخران، لە سەرەتادا بەهۆی شڵەژانە مەدەنییەکان و نارەزاییەکانی ساڵی ٢٠١٩ەوە بوو، دواتریش بەهۆی ماوەی دووردرێژی داخستن و قەدەغەکردنی هاتووچوو بوو لە ساڵی ٢٠٢٠. یونیسێف و هەردوو وەزارەتی پەروەردەی فیدراڵی و وەزارەتی پەروەردەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و هاوبەشان لە کردەی پەروەردە و فێرکردندا، جەختیان لەسەر دەستبەرکردنی بەردەوامیدان بە پەروەردە و فێرکردن کردەوە، جەختکردنەوەکەش لە میانی ڕێبازی ئاوێتەی پەروەردە و فێرکردنەوە بوو کە بریتی بوو لە چەند میکانیزمێکی جێگرەوەی خوێندنی نێو پۆل بۆ گەیاندنی پرۆگرامەکانی خوێندن بەهۆی تەلەفزیۆنی پەروەردەیی و دەروازەکانی ئینتەرنێت و مادەکانی فێربوونی خودی، لەمەشدا زیاتر لە ٢٠٩ ملیۆن منداڵی عێراقی بۆ وەدەستهێنانی پەروەردە و فێربوونێکی باش سوودیان وەرگرت. ڕێبازی خوێندنی ئاوێتە- لە سێکتەرە ڕەسمی و نارەسمییەکانی پەروەردە و فێرکردن و لەنێو چەند قەیرانێکی هاوشێوە کە ڕەنگە لە ئایندەدا کردەی پەروەردە و فێرکردن پەکبخەن- بەردەوامبوونی پەروەردە و خوێندن دەستەبەر دەکات.

هەرچەندە مەڵبەندەکانی گەنجان لە سەرانسەری عێراقدا داخران، بەڵام چەند گەنجێکمان بینی جارێکی دیکە دەستپێشخەرییان دەکرد و بەردەوام دەبوون و لە میانی کەناڵ و سەکۆیەکانی ئینتەرنێتەوە بۆ بەشداریکردن چەند دەرفەتێکیان دەرەخساند. لەخۆبردوویی و ورە و ویستیان بەردەوام ئێمەیان سەرسام دەکرد.

فێربووین ئەوە هەڵسەنگێنین کە چ شتێك لەسەر ئاستی کەسی و پیشەییدا بۆ ئێمە گرنگە، چونکە لە بواری پیشەییدا بۆ دووبارە ڕێکخستنەوەی کارە لەپێشینەکان و دابەزاندنی ئاستی کارە سەرلیستەکانی دیکەی چالاکییەکانمان و یارمەتیدانەکانمان بەپێی ڕەوتە نوێیەکە، بەرنامە و پلانەکانمان بژار کردەوە، ئەمەیش بووە هۆی پەیدابوونی چەند گۆڕانکارییەك کەوا ڕوونی و هاوسەنگیی بۆمان دەستەبەر کرد، لە هەمان کاتیشدا گوڕوتاوی تیمەکەمان و هاوبەشانمانی لە هەنبەر ئەو کارە پاراست کە ئێمە ڕایدەپەڕێنین. لەسەر ئاستی کەسیشدا، ئەو شتەی لە ماوەی ئەو ساڵە پڕ لە گەرداوەدا فێری بووم، گرنگیدان بوو بە کەسانی خۆشەویست و دەروونددروستیی خۆم، پێوەندیی بەردەوامیشم لەگەڵ خەڵکانی دیکەدا هەبوو، بۆ ئەوەی لە سەلامەتییان دڵنیا ببمەوە.

فێربووین جەختی زیاتر لەسەر ڕۆشنبیریی تیمەکە بکەینەوە و بەردەوامیی پێ ببەخشین، ساڵی ٢٠٢٠ بۆ زۆربەی خەڵك پڕ لە غەم و دژواری بوو، " پاراستنی نەرمی و گونجان" و " درێژەدان بە پێوەندی" دوو بنەما بوون کە بۆ ئەرێنیبوون و گەشبینی یارمەتیان دام، لەسەر ئاستی پیشەییشدا، جەختکردنەوە لەسەر ڕۆشنبیریی تیم لە ئێستەدا لە

گشت کاتێکی دیکە گرنگترە، چونکە هەمووان لە دوورەوەرا کار دەکەن، دۆزینەوەی ڕێگەیەکی گونجاو بۆ مانەوە لەگەڵ فەرمانبەران و هاوشانان و هاوکاران و دەستەبەرکردنی پاڵپشتی بە هەر ڕێگەیەکی کردەیی بۆ ئەو پڕۆژانەی کاریان لەسەر دەکەن، جێگەی بایەخپێدانی بەردەوامی منە.

ئێستە ئێمە بەشێوەیەکی ڕەسمی ساڵی (٢٠٢٠)مان تێپەڕاندووە، بەڵام ئەو پرسیارە هەر دەمێنێتەوە کە دەڵێ: بە چ شێوەیەك خۆمان بۆ ساڵی ٢٠٢١ ئامادە بکەین؟ چۆن دڵنیا بینەوە لەوەی ئێمە ئەو نەرمی و گونجاوییەوە دەپارێزین کە لە ساڵی ٢٠٢٠ دا فێری بووین؟ چۆن ئەو وانانە بخەینە واری کردارییەوە کە زۆر بە دژواری و زەحمەتەوە فێریان بووین؟ چۆن ئەم توانایە لە نەوەی نوێ (منداڵان و گەنجان) بچەسپێنین، مەبەستم توانای خۆگونجاندن و هاوتەریب ڕۆیشتنە لەگەڵ ڕاستییە نوێیەکان؟

**یونیسێف زۆر باس لە " دووبارە وێناکردنەوە"-ی جیهان و ژیانی منداڵانی دوای ڤایرۆسی کۆرۆنا دەکات. ئەمە بۆ یونیسێف چ مانایەك دەگەیەنێ، بە تایبەت بۆ یونیسێف لە عێراقدا چ مانایەکی هەیە؟**

ویست و ئاراستەیەکی پشتگوێخستنی منداڵان و گەنجان هەیە، چونکە ڤایرۆسی کۆرۆنا کەمتر کاریان لێ دەکات، بەڵام ئەوان لە هەنبەر شوێنەوارە دوورمەودایەکانی ڤایرۆسەکە بێهێزتر و بێدەرەتانترن. چونکە منداڵان و گەنجان لەگەڵ بەرزبوونەوەی ئاستی هەژاری و دابڕان لە قوتابخانە، لە ساڵانی دواتردا زیاتر دووچاری تەنگوچەڵەمە دەبنەوە و بەدەست چەندان کێشەوە دەناڵێنن. لە عێراقدا و لە کۆی هەر پێنج منداڵێکدا، دوو منداڵ لەژێر هێڵی هەژاریدا دەژیەن، ئەمەیش دوو هێندەی تێکرای تۆمارکراوی ساڵی ٢٠١٨ یە، لە هەردوو منداڵێکیشدا منداڵێك لە زیاتر لە لایەنێکی خۆشگوزەرانی بێبەشە.

سەبارەت بە کردەی پەروەردە و فێرکردنی پێش پەتایەکە، منداڵان لە عێراقدا بە ڕێژەی ٤٠،٠ وەرگیران " ساڵەکانی خوێندن بە پێی فێربوون هەژمار دەکرێ". کاتێکیش درێژبوونەوەی ماوەی داخستنی شوێنەکانی پەروەردە و فێربوون بە هۆی پەتای کۆرۆناوە ڕەچاو دەکەین، زیانە پەروەردەییەکان زیاتر دەبن، چونکە ژمارەی ئەو گەنج و منداڵانە زیاتر دەبێت کەوا خۆیان لە خوێندن دەدزییەوە، لەوانەیە ئەمەش لە دوورمەودادا کاریگەریی نەرێنی بەسەر ئابووریی ئەو وڵاتەدا هەبێت و ببێتە هۆکارێکی زیاترکەری ئەو جیاوازییانەی لەنێوان هەردوو ڕەگەزدا هەن، ئەمەیش وادەکات کچان زیاتر ڕووبەڕووی بێبەشکردن و مەترسییەکانی وازهێنان لە خوێندن ببنەوە.

یونیسێف لە سەرەتای بڵاوبوونەوەی پەتایەکەدا، زۆر بەخێرایی و کارایییەوە کاردانەوەی لە هەنبەر پێداویستییە هەنووکەیی و خێرایەکانی منداڵان و گەنجان و خانەوادەکانیان هەبوو. جا یونیسێف لە میانی ڕووبەڕووبوونەوەی دوورمەودای ڤایرۆسی کۆرۆناوە، لە پاراستنی ئەو منداڵانەدا بەردەوام دەبێت کە بارودۆخیان خراپترە و کاریگەریی پەتایەکە زیاتر ڕەنگدانەوەی لەسەریاندا دەبێت، هەروەها بۆ منداڵان و گەنجان، خەریکی دووبارە وێناکردنەوەی جیهانێکی گونجاو دەبێت. هەڵمەتی " دووبارە وێناکردنەوە" ڕۆڵی چەترێکی کۆکەرەوە دەگێڕێت و- گوزارشت لە بۆچوون و گۆشەنیگای ئێمە دەکات لەهەنبەر ئەو گۆڕانە جیهانییەی دووچاری منداڵان دەبێتەوە و - دەتوانێ بەردەوامی و بەشداریی ڕاگەیەندراوی جیهانیمان و هەوڵەکانی کۆکردنەوەی پیتاك سەبارەت بە کۆرۆنا دیاری بکات. وەك هێزێکی پاڵنەرە، هەروەها کۆکردنەوەی هاوبەشان و کۆمپانیا و دەستگەکان و تاکەکەسەکانە بۆ کاری بەکۆمەڵ، بۆ ئەوەی ڕێگە لەو پەتایە بگیرێ و بۆ منداڵان و گەنجان و نەوەکانی داهاتوو، نەبێتە مەرگەساتێك.

یونیسێف لە عێراقدا لە کارکردن لەگەڵ حکوومەتەکان و جڤاکی مەدەنی و کەرتی تایبەت و سەرچاوەکانی کاریگەری و سەرجەم گەل، لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە جۆرییەکان بە گەنجان و منداڵان بەردەوام دەبێت، جەختیش لەسەر دڵنیابووونەوە دەکاتەوە کە واز لە توێژە زۆر بێدەسەڵات و بێهێزەکان نەهێندرێ- بە پەناخوازان و ئاوارە نێوخۆییەکان و منداڵانی خاوەن پێداویستیی تایبەتیشەوە. جگە لەمانەیش لە پێوەندی لەگەڵ بەخشەران (بە حکوومەت و کۆمپانیا و تاکەکەسەکانیش) بۆ کۆکردنەوەی گوژمە و یارمەتیی دارایی هاوکار دەبین ، بۆ ئەوەی یونیسێف بتوانێ مامەڵە لەگەڵ قەیرانەکەدا بکات و بۆ چاکبوونەوە یارمەتیی منداڵان و گەنجان بدات. لە ساڵی ٢٠٢٠ دا لە ڕێکخراوی یونیسێف لە عێراقدا لەپێناو یارمەتیدان سەبارەت بە ڕووبەڕووبوونەوەی کۆرۆنا، توانیمان زیاتر لە (٣٥) ملیۆن دۆلاری ئەمریکی کۆ بکەینەوە. ئێمە سوپاسی گشت بەخشەرانمان و پاڵپشتانمان دەکەین ( ئەڵمانیا و بەڕێوەبەرایەتیی گەشەپێدانی نێودەوڵەتی لە شانشینی یەکگرتوو DFID و یابان و یەکییەتیی ئەوروپا و لیژنەی نیشتمانیی یونیسێف لە شانشینی یەکگرتوو و نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هەماهەنگی کاروباری مرۆیی UNOCHA و نووسینگەی دانیشتووان و پەناپەران و کۆچ لە نەتەوە یەکگرتووەکان BPRM)، تەمای ئەوەشمان هەیە لە ساڵی ٢٠٢١ و دواتریشدا لە هاوبەشیکردن و تەڤلیببوونمان لەمبارەیەوە بەردەوام بین، بۆ ئەوەی دەستەبەری ئەوە بکەین کە ئێمە وەبەرهێنان لە ئایندەی منداڵان و گەنجان دەکەین و بەشێوەیەکی باشتر دووبارە بنیاد دەنێینەوە کە زیاتر ڕەچاوی ژینگە بکات. بەیەکەوە، دەتوانین ڕێگە لە پەتای کۆرۆنا بگرین و نەیەڵین لە هەنبەر منداڵان و گەنجاندا ببێتە قەیرانێکی بەردەوام، بەتایبەتیش ئەو کەسانەی لەو دوو توێژەدا لاوازتر و بێدەسەڵاترن و بارودۆخیان فشۆڵترە.

دووبارە وێناکردنەوەی کارەکانمان لە عێراقدا، واتای ئەوەیە ستراتیژێکی فرە ڕەهەند دەگرینەبەر، کە بریتییە لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە سەرەکییە تێروتەسەلەکان بۆ ڕزگارکردنی ژیانی منداڵان و پاڵپشتیکردنی ئەو سیستمانەی کاریگەرییەکی ئەرێنیی بەردەوام و دوورمەودایان دەبێت. لە بەرنامەکانی یونیسێفدا پاراستن پێگەی هەرە بەرز و سەرلیست داگیر دەکات، ئەویش لەمیانی گرتنەبەری ڕێبازێکی سەرانسەری و فرە ڕەهەندی ئیدارەدانی دۆخەکان و کەمکردنەوەی مەترسییەکانی ئەو توندوتیژییەی لەسەر جۆری کۆمەڵایەتی بنیادنراوە لەگەڵ پتەوکردنی توانای خۆڕاگری و چاکبوونەوە.

هەروەها لە میانی چالاکییەکانی هۆشیارکردنەوە و پاڵپشتیکردنی ڕەخساندنی کەناڵە بێمەترسی و متمانەدارەکانی پێڕاگەیاندنەوە، کار لەسەر گشتاندنی قەدەغەکردنی خراپ سوود لێ وەرگرتن و دەستدرێژیی سێکسی دەکەین. یونیسێف کار لەسەر چاکترکردنی توانای وەدیهێنانی یارمەتی و کۆمەکە ڕزگارکەرەکانی ژیان و خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان دەکات، بە تایبەت لەو کەرتانەی ڕێکخراوەکە تیایاندا تایبەتمەندییەکی ڕێژەییانەی هەیە، ئەویش تەندروستی و خۆراکپێدان و ئاو و ئاوەڕۆی ستاندارد و پاکوخوێنیی تەندروستی (WASH) و پەروەردە و فێرکردن و پاراستنی منداڵان و پاراستنی کۆمەڵایەتییە. هەروەها یونیسێف سەبارەت بە پاراستن و وەدەستهێنانی خزمەتگوزارییەکان و ئامادەکردنی کۆمەکە گرنگەکان لە دەستگەکانی چاودێریی تەندروستیی نێو ئەو جڤاکانەی ڕووبەڕووی مەترسیی گەورە بوونەتەوە، کار لەسەر شیاندنەوە و پێشخستنی ژێرخانی مادی/ دیجیتاڵی دەکات ، هەروەها لەپێناو بەرپەرچدانەوەی ئەو نەخۆشییانەی بەهۆی ئاوەوە دەگوازرێنەوە و سەبارەت بە ڤایرۆسی کۆرۆناش، بە چەند نامەیەك لەگەڵ خەڵکی لە پێوەندیی بەردەوامدا دەبێت.

لە بیرکردنەوەیەکی ناتەقلیدیش بەردەوام دەبین و لە میانی بەشداریکردنی مەدەنییانە و دیجیتاڵییانەوە لەگەڵ گەنجان و کچان و کەسانی خاوەن پێداویستیی تایبەت ، چەند هاوبەشییەك پەیدا دەکەین، بە دەستپێکردنی پڕۆژە کۆمەڵایەتییەکانیشەوە، ئەمەش بۆ دۆزینەوەی چارەسەر خۆجێییەکانە لەهەنبەر ئەو دۆخەی وەك ئالنگارییەکی جیهانی لێی دەنواردرێ، یونیسێف لەپێناو دەستنیشانکردنی قەیرانەکان/ هێدمەکان و خۆ بۆ ئامادەکردنیان و مامەڵە لەگەڵ کردنیان و ئاوێتەکردنی ڕێبازێك کە جەخت لەسەر تازە پێگەیشتووان/ گەنجان دەکاتەوە، لە چوارچێوەی یارمەتییە مرۆییەکان و بەرنامە گەشەپێدەرەکانەوە بۆ دەستەبەرکردنی بەشداریی گەنجان بەشێوەیەکی ڕێکوپێك و سیستماتیك، توانای حکوومەت و هاوبەشانی جڤاکی مەدەنی بنیاد دەنێ. ئەمەیش واتای گوێگرتنە لە گەنجان و منداڵان و کارکردن لەگەڵیان لە پێناو دەستەبەرکردنی ئایندەیەکی باشتر.

**سەبارەت بە ڕۆڵی هاوبەشکاران و عێراقییەکان لە پاڵپشتیکردنی مافی منداڵان و گەنجاندا پەیامت چییە؟**


گشت منداڵان و گەنجان بە هەردوو ڕەگەزەوە، بەوانەی زۆریش بێهێزن، گرنگیی خۆیان هەیە، بۆ ئێمە زۆر گرنگە هەستیان پێ بکەین و ڕۆڵیان لە جڤاکدا هان بدەین و پاڵپشتیان بین بۆ ئەوەی ببنە هاووڵاتیی کارا و بتوانن لە وڵاتی خۆیاندا دەستپێشخەری بکەن.

لەمرۆژگارەدا، لە گشت کاتێکی پێشوو زیاتر و لە سایەی قەیرانە پەتاییەکە و کۆتوبەندی سەر لایەنی دارایی، بۆ دۆزینەوەی چەند چارەسەرێك -کە سیفەتی ڕێبەرایەتیکردنی کاروبارەکانی لەخۆگرتبێت- پێویستمان بە هاندانی گەنجان هەیە، پێویستمان بەوە هەیە ڕێگە بە منداڵان و گەنجان بدەین گوزارشت لە خۆیان بکەن و دەرفەتی پێوەندیی بەردەوام و کۆکردنەوەی جڤاکە خۆجێیەکانیان پێ ببەخشین، هەروەها پێویستمان بەوەیە توانادریان بکەین بۆ ئەوەی لە گشت ئاستەکاندا تەڤلی کردەکانی دروستکردنی بڕیار ببن. هەروەها ئێمە بۆ پتەوکردنی سیستم و ڕێکخراوە نیشتمانییەکان لە کارکردن لەگەڵ حکوومەتی عێراقی بەردەوام دەبین و سەبارەت بە منداڵان بەشداری لە کاریگەری دروستکردن لەسەر بەخشینی (تمویل) خۆجێیی گشتی دەکەین. جا لەو کاتەی حکوومەت بە ئاراستەی جۆرەها بواری ڕیفۆرم هەنگاوی پلە بەپلە دەهاوێ (بەشێوەیەك لەگەڵ بۆچوون و گۆشەنیگای هەنبەر ساڵی ٢٠٣٠ دا بگونجێ)، هەردەبێ چەند هەوڵ و کۆششێك بخرێنە گەڕ بۆ پاراستنی ئەو دۆخەی کە لە منداڵاندا وەبەرهێنان بکرێ و هەروەها کاریگەریی وەبەرهێنانە گشتییە سەرەکییەکان و سەرچاوە زیندووەکان لەسەر دەرئەنجامە کۆمەڵایەتییەکان هەڵسەنگێندرێ.

دەمەوێ سوپاسی گشت کەسانی بەخشەر و هاوبەشە گەشەپێدەرەکانمان بکەم لەهەنبەر بەشدارییە زۆر و زەوەند و چاوتێرانەکانیان. ئێمە شادمانین کە پاڵپشتیی ئەوانمان وەدەستهێنانەوە و ڕێز لە هاوبەشبوونەکانیان دەگرین بۆ بەشداریکردن لە ئافراندنی گۆشەنیگا و ڕوانگەیەك بەرەو جیهانێکی باشتر بۆ منداڵان و بەردەوامبوون لە هەوڵ و کار لەپێناو پێڕەوکردنی مافەکانی منداڵ.

منداڵان و نەوجەوانان و لاوان لە عێراقدا هۆکاری ڕاستینی گۆڕانکارین، چونکە بۆ بەشداریکردنێکی ئەرێنییانە لە ژیانی خانەوادە و جڤاك و نیشتمانەکەیان، توانای گەورەیان هەیە.

یونیسێف پابەندە بە بەخشینی دەرفەتی یەکسان و دادپەروەرانە بە گشت منداڵێك، بۆ ئەوەی لە تەندروستییەکی باشدا بن و بە جوانی پەروەردە و فێر بکرێن و پارێزراوبن و پەراوێزخراو نەبن، ڕێکخراوی یونیسێف سەرلەنوێ جەخت لەسەر پابەندبوون و شانازیی خۆی دەکاتەوە بۆ ئەوەی دەنگی منداڵەکان بگاتە نزیکترین شوێن و لە وەدیهێنانی خەونەکانیان یارمەتییان بدات، بۆ ئەوەی ئایندەیەکی باشتر بۆ عێراق بهێندرێتە دی.



ڕێکخراوی یونیسکۆ لە چوارچێوەی چالاکییە ڕۆشنبیرییەکاندا و وەك هۆکارێك بۆ پتەوکردنی یەکگرتوویی کومەڵایەتی و ئاشتبوونەوەی جڤاکی، جەخت لەسەر دووبارە ئاوەدانکردنەوە و نۆژەنکردنەوە و شیاندنەوەی پێگە و تەلارە مێژووییەکانی مووسڵ دەکاتەوە، وەك مزگەوتی نووری منارەی حەدبا و کەنیسەی پیرۆز و کەنیسەی ساعە و مزگەوتی ( الاغوات) و خانووەکانی شاری کۆن.

یونیسکۆ جگە لەمانەیش و لە چوارچێوەی چالاکییەکانی پەروەردە و فێرکردندا، جەختی لەسەر دووبارە بنیادنانەوە/ دووبارە شیاندنەوەی قوتابخانەکان و دەستەبەرکردنی کەرەستە و تۆڕەکانی ئاوی پاوك و ئاوەڕۆی تەندروستانە و پاکژیی تەندروستیی شوێنە ئازادکراوەکان کردووەتەوە؛ بە شاری نەینەوا و سەڵاحەددین و ئەنباریشەوە. تێکرای ئەو پارەیەی بۆ ئەو چالاکییانە تەرخان کرابوون، نزیکەی ١٠٠ ملیۆن دۆلار بوون کە ئەم لایەنە بەخشەرانە بەشدارییان تیادا کردبوو: ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی و یەکییەتیی ئەورووپا و قەتەر و ئەڵمانیا و ئیتاڵیا.

یونیسکۆ لە پێشکەشکردنی پاڵپشتی و کۆمەك بە زیان لێکەوتووانی ناوچە ئازادکراوەکان بەردەوام دەبێت. هەروەها چەندان جۆرە پاڵپشتیی پەروەردەییمان پێشکەشی ١٠٠ هەزار قوتابیی نێو ناوچە ئازادکراوەکان کردووە. تەنانەت لەنێو جەرگەی پەتای کۆرۆناشدا، توانیمان پاڵپشتیی پەروەردەیی بۆ فەراهەمکردنی دەستڕاگەیشتن بە پەروەردە و فێربوون دەستەبەر بکەین.

## گرنگترین کارە تەواوکراوەکانی یونسکۆ لە ساڵی ٢٠٢٠:

- پێشکەشکردنی کۆمەك و پاڵپشتیی پەروەردەیی بە قوتابیان لەنێو جەرگەی پەتای کۆرۆنادا و لەمیانی فێربوون لە دوورەوە، ئەم یارمەتی و کۆمەکانەش ٤،٥ ملیۆن لەو قوتابییانە سوودی لێ دەبینن کەوا ناتوانن بچنە قوتابخانەوە.
- دەستەبەرکردنی کەرەستە و پێداویستیی تەندروستی بۆ نزیکەی ٤٠١٠٠ قوتابی -پێش تاقیکردنەوەکان- ئەمەیش لەپێناو پاراستنی تەندروستییان بوو.
- بەڕێوەبردنی چەندان خولی مەشق بۆ ٢٨٠ ڕۆژنامەنووس و لایەنە کارایەکانی نێو دەستگەکانی ڕاگەیاندن سەبارەت بە زانیارییە هەڵەکانی تایبەت بە ڤایرۆسی کۆرۆنا بۆ زیاترکردنی هۆشیاریی هەنبەر پەتایەکە بوو.
- دووبارە شیاندنەوەی سەنتەری شاری مێژوویی مووسڵ و نۆژەنکردنەوە و / پاراستنی نمایە شوێنەوارییەکان.

## چەند چالاکییەکی تایبەتمەند:

### یونیسکۆ بە پاڵپشتیی دەستکراوانەی ئەڵمانیاوە، لە مزگەوتی ئاغاواتی شاری کۆنی مووسڵدا دەست بە قۆناغی یەکەمی چالاکییەکانی دەکات

کارەکانی نۆژەنکردنەوە و دووبارە شیاندنەوەی مزگەوتی ئاغاواتی مووسڵی کۆن بەردەوامە. هەروەها یونیسکۆ بە هەماهەنگی لەگەڵ هێزی چەکداری عێراقی و لە میانی لادان و فڕێدانی داروپەردووەکان و تەقەمەنییە نەتەقیوەکان لە کۆمەڵگەکە و لەپێناو ئاوەدانکردنەوەدا، دەستی بە قۆناغی یەکەمی چالاکییەکانی کرد، شوێنی پڕۆژەکەشی دەستەبەر کردووە.

ئەو مزگەوتە کە مێژووەکەی بۆ سەدەی هەژدەیەم دەگەڕێتەوە لە تەنیشت پردی مێژوویی سەر ڕووباری دیجلەیە. ئەو مزگەوتە بە گومبەتە سپییەکەیەوە بە پیرۆزترین و وروژێنەرترین بینای شاری مووسڵ دادەندرێ. پڕۆژەکە کار بۆ پاراستنی هەمەچەشنیی ڕۆشنبیری و کەلتووری و بەیەکەوەژیانی نێوان ئایینەکان دەکات، چونکە شاری مووسڵ لە عێراقدا بە شوێنی هەمەچەشنیی ئایینی و نەژادیی دادەندرێ.

هەنگاوی یەکەمی نۆژەنکردنەوەکەش تۆمارکردنی زیانەکان و ئەو ڕەگەز و لایەنە تەلارسازییانەیە کە لە مزگەوتەکەدا ماوەتەوە. لە هەمان کاتیشدا، لەسەر تەکنیکەکانی نۆژەنکردنەوە و پاراستنیشدا مەشق بە پسپۆڕانی خۆجێیی دەکرێ. پڕۆژەکە بریتییە لە پێکهاتەکانی گەشەپێدانی کارامەییەکان و ڕەخساندنی دەرفەتی کار، بۆ ئەوەی کوڕان و کچانی گەنجی شاری مووسڵ لەمیانی کەرتی دووبارە شیاندنەوەی کەلتوورییانەوە، بژێویی

ژیانیان پەیدا بکەن، هەروەها تیشکیش بخرێتە سەر ئەو هەمەچەشنییە دەوڵەمەندە کەلتووری و ڕۆشنبیرییەی خۆی لە شاری مووسڵی کۆندا بەرجەستە کردووە.

ئەم دەستپێشخەرییە بەهۆی پاڵپشتیی چاوتێرانە و دەستکراوانەی حکوومەتی ئەڵمانی و کاری ڕێکخەر لەگەڵ حکوومەتی عێراقی و هاوبەشانی خۆجێیی و پسپۆڕانی نێودەوڵەتییەوە هاتە کایەوە. یونیسکۆش وەك بەشێکی سەرەکیی لە دەستپێشخەریی زیندووکردنەوەی گیانی مووسڵ، لە کارەکان بەشدارە. ئەم دەستپێشخەرییە سێ بواری سەرەکیی ستراتیژی دەگرێتەوە: پەروەردە و فێرکردن و ژیانی ڕۆشنبیری و کەلتوور.

ئامانجی سەرەکی لە پرۆژەی مزگەوتی ئاغاوات بەشداریکردنە لە پاراستنی هەمەچەشنی و فرە ڕەنگیی کەلتووری و ڕۆشنبیرییانەی شاری مووسڵ، بەتایبەت لە ڕووی پێکهاتەی مرۆڤی و ئەو کەلتوورە ڕۆشنبیرییەی تا ئێستەش ماوەتەوە. یونسکۆ چووە نێو ئەرکێکی زۆر ورد و هەستیار کە خۆی لە دووبارە ئاوەدانکردنەوەی نێو داروپەردووی داڕووخاودا دەبینێتەوە، لەگەڵ دەستەبەرکردنی پابەندبوونێکی زۆر توند بە سەلامەتیی هێشتنەوەی لایەنە مێژووییەکانی تەلارەکان.

هەروەها خاتوو (ئۆدری ئەزۆلای)، بەڕێوەبەری گشتیی یونیسکۆ لە شوباتی ٢٠١٨دا دەستپێشخەرییەکی پێشەنگانەی کرد کە بریتی بوو لە " زیندووکردنەوەی گیانی مووسڵ"، ئەمەیش وەك کاردانەوەی ڕێکخراوەکە بوو بۆ وەرگرتنەوە و گەڕاندنەوەی یەکێك لە شارە بەناوبانگەکانی عێراق. زیندوو کردنەوەی مووسڵ هەر تەنیا دووبارە بنیادنانەوەی پێگە و شوێنە کەلتوورییەکان نییە، بەڵکو پێوەندیی بە تواناداركردنی دانیشتووانەکەیەوە هەیە وەك هۆکارگەلێکی گۆڕانکاری کەوا لەمیانی ڕۆشنبیری و پەروەردە و فێربوونەوە بەشداری لە کردەی دووبارە بنیادنانەوەی شارەکەیاندا دەکەن. هەروەها گەیاندنی پەیامێکی هیوا و سووربوونی بەهێزە بۆ عێراق و جیهانیش، ناوەڕۆکی پەیامەکە ئەوەیە کە جڤاکێکی سەرانسەری و پتەو و یەکگرتوو و دادپەروەر ئەو ئایندەیەیە کەوا شایستەی عێراقییەکانە، هەر لە پێناو گەیاندنی ئەو پەیامەش بوو دەستپێشخەریی " زیندووکردنەوەی گیانی مووسڵ" هاتەکایەوە.

## یونسکۆ بە سپۆنسەر و پاڵپشتیی بەخشندانەی و دەستکراوانەی یەکییەتیی ئەوروپا، دەستی بە پرۆژەی ڕیفۆرمی پەروەردە و مەشقی تەکنیکی و پیشەیی (TVET)٢ کرد

جێبەجێکردنی بەرنامەکە لە هاوبەشییەکی پتەو لەگەڵ حکوومەتی عێراقی و کەرتی تایبەت ڕێچکەی خۆی گرتووە و هەوڵێکە بۆ کارکردن لەپێناو جێبەجێکردنی بەرنامەی ڕیفۆرمی پەروەردە و فێرکردن و مەشقی تەکنیکی و پیشەیی.

قۆناغی یەکەمی دەستپێکردنی ئەم بەرنامەیە لە ساڵی ٢٠١٤ و لە میانی ڕێککەوتننامەی هاوبەشی واژۆکراو بوو لەگەڵ حکوومەتی عێراقی. پەروەردە و فێرکردن و مەشقی تەکنیکی و پیشەیی چەندان دەرفەتی کار دەخولقێنێ، ئەمەیش لەمیانی یارمەتیدانی عێراقییەکانە بۆ وەرگرتنی زانیاری و پێشخستنی کارامەیی پێویست بۆ ئەوەی لە کێبڕکێکردن لە بازاڕی کاری ئەم ڕۆژگارەدا بەهێزتر بن و بە بەکارهێنانی چارەسەرەکانی ئەم ڕۆژگارەش، خزمەتی پێداویستییەکانی بازاڕی ئەمڕۆ بکەن.

بەڕێز (پاولۆ فۆنتانی)، نوێنەری یونیسکۆ لە عێراق و خاتوو ( باربرا ئیجەر)ی سەرۆکی هاوکاری و، نوێنەری یەکییەتیی ئەوروپا و جێگری وەزیری خوێندنی باڵا و چەندان سەرۆکی زانکۆی هونەری لە عێراق و نوێنەرانی کەرتی تایبەت بەشداری چالاکییەکە بوون.

ئامانجی بەرنامەی ڕیفۆرمی پەروەردە و فێرکردن و مەشقی تەکنیکی و پیشەیی، چاکترکردنی کارایی سیستمی پەروەردە و فێرکردن و مەشقی تەکنیکی و پیشەییە لە عێراق لەمیانی یارمەتیدانی گەنجان و کەسانی گەورەتریش تاکوو بۆ کارکردن و دامەزران و ڕێبەرایەتیکردنی کاروبارەکان و فێربوون بەدرێژاییی ژیان ئەو کارامەییە پێویستانە وەدەستبێنن. جگە لەمانەیش، پرۆژەکە بەشداری لە جێبەجێکردنی پلانی گەشەپێدانی بەردەوام و دوورمەودای ساڵی ٢٠٣٠ دا دەکات، بەتایبەتیش ئامانجەکانی گەشەپێدانی بەردەوام و دوورمەودای ٤٠٣ و ٤٠٤.

ئامانجی ٤،٣- دەستەبەرکردنی یەکسانانانەی دەرفەت بۆ گشت ژن و پیاوان بۆ فێربوونی تەکنیکی و پیشەیی و خوێندنی باڵا.

ئامانجی ٤٠٤- زیادبوونی ڕێژەیەکی گەورەی ژمارەی ئەو گەنج و گەورە ساڵانەی کەوا کارامەیی و شارەزایی گونجاویان هەیە؛ بە کارامەییە پیشەیی و تەکنیکییەکانیشەوە، بۆ ئەوەی کار و وەزیفەی شایستەیان دەستکەوێ و دەست بە کاری ئازادانە بکەن.

پرۆژەی ڕیفۆرمی پەروەردە و فێرکردنی تەکنیکی و پیشەیی لەسەر چوار ئامانج کار دەکات:

- جێبەجێکردنی نموونەی (الحوکمە)ی پەروەردە و فێرکردن و مەشقی تەکنیکی و پیشەییانەی بژارکراو.
- زیادکردنی دامەزراندنی گەنجانی عێراقی لەمیانی دروستکردن و دامەزراندنی مەڵبەندەکانی تایبەتمەندبوونی (التمیز) پیشەیی لە دهۆك و مووسڵ و کەربەلا و بەغدا و بەسرا لە قوتابخانە پیشەییەکانی سەر بە وەزارەتی پەروەردە.
- دروستکردن و دامەزراندنی ٤ ئەنجوومەنی کەرتییانە (هۆتێلی، کشتوکاڵی، بینا، تەکنۆلۆژیای زانیارییەکان) بۆ چاکترکردنی کردەی بەستنەوەی کەرتی تایبەت بە دەستگە و دامەزراوەکانی پەروەردە و فێرکردن و مەشقی تەکنیکی و پیشەیی.
- یارمەتیدانی هەر چوار زانکۆی تەکنیکی بۆ گونجاندن و هاوتەریبکردنی پرۆگرامەکانی خوێندنیان و کردەکانی چاودێریی کوالیتیی لەگەڵ پێوەرە نێودەوڵەتییەکان بەبەکارهێنانی کردەی پۆلۆنیا بۆ فێربوون.

## یونیسکۆ و ئەنجوومەنی دەوڵەت بۆ شوێنەوار و کەلتوور لە مووسڵ دەست بە ڕێکارەکانی چەسپاندنی (ماڵی سولەیمان سائیغ) و (ماڵی ئەلزیادە)ی مێژوویی نێو مووسڵ دەکەن

ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەروەردە و ڕۆشنبیری و زانستەکان (یونیسکۆ) و ئەنجوومەنی دەوڵەت بۆ شوێنەوار و کەلتوور لە مووسڵ، دەستیان بە ڕێکارەکانی چەسپاندنی ( ماڵی سولەیمان سائیغ) و ( بێت زیادە) کرد کە دوو شوێنی مێژووییین، ئەمەیش وەك بەشێك لە پرۆژەیەکە کەوا یەکییەتیی ئەوروپا بۆ پاراستنی خانوو و تەلارە کەلتوورییەکانی مووسڵ و پاراستن و دووبارە ئاوەدانکردنەوەیان پارەی بۆیان تەرخان کردووە، لە چوارچێوەی دەستپێشخەریی یونیسکۆشدا " زیندووکردنەوەی گیانی مووسڵ"، پرۆژەکە ئەو " شارە کۆنە"ش دەگرێتەوە کەوا یەکییەتیی ئەوروپا وەك دووبارە ئاوەدانکردنەوەی ئاوێتەییانەی تەلارەکان پشتگیرییان لێ دەکات، ماڵە گشتی و تایبەتەکان و بەتایبەتیش ئەو قوتابخانە و تەلارە گشتییانەش دەگرێتەوە کە بەهایەکی کەلتوورییانەیان هەیە.

بەڕێز " فازڵ موحەممەد خدر"، سەرۆکی لیژنەی سەرپەرشتیار و بەدواداچوون لە ئەنجوومەنی دەوڵەت بۆ شوێنەوار و کەلتوور، گوتی:" ئێستە ئەرکێکی زۆر ورد ڕادەپەڕێنین کە خۆی لە چەسپاندنی هەردوو ماڵدا دەبینێتەوە". هەروەها نوێنەری کۆمپانیای (AMAC) گوتی:" ئێمە لە بەشداریکردنمان لەو کارە گرنگەدا زۆر دڵخۆشین، چونکە دەرفەت بە کۆمپانیا و کرێکارانی مووسڵ دەدات لەو هەنگاوە گرنگەی ئاوەدانکردنەوەی تەلار بە تەلار و ماڵ بە ماڵی شارەکەمان بەشدار بن".

هەروەها (عومەر سەوواف)-ی ئەندازیاری ڕێکخراوی یونیسکۆ گوتی:" بەڕاستی من شادمانم کە لەم پرۆژەیەدا لە بەرژەوەندیی یونسکۆ کار دەکەم. هەردوو خانووش چەند تایبەتمەندییەکی بێهاوتایان تیایدایە کەوا دابونەریتە تەلارسازی و هونەرییەکانی شارەکەمان بەدیاردەخات. ئێستە ئێمە لە چوارچێوەی هەمان پرۆژەدا کار لەسەر نزیکەی ٥٠ خانووی دیکەی مووسڵ دەکەین کە یونیسکۆ و یەکییەتیی ئەوروپا پاڵپشتیی لێ دەکەن، کۆی ئەم خانووانەش بەشێکی ئەو دابونەریتە کەلتووری و ڕۆشنبیرییانەمان دەپارێزن کەوا بەهۆی جەنگ و شەڕوشۆڕەوە زیانیان بەرکەوتووە.

ئامانج لەو پرۆژەیەدا پتەوکردن و پاڵپشتیکردنی دەرفەتەکانی بژێویی ژیانە بۆ گەنجانی عێراقی، بەتایبەتیش لەنێو جڤاکی شاری کۆنی مووسڵ و بەسرە، بۆ بەشداریکردن لە زیندووکردنەوەی دیمەنی شارستانییانەی مێژوویی، لە هەمان کاتیشدا بەشداریکردنە لە پتەوی و یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی و ئاشتبوونەوەی نێوان جڤاکەکانی دانیشتووان.

## یونیسکۆ، بە هاوکاری لەگەڵ کۆمسیۆنی باڵا بۆ زیندووکردنەوەی قەڵای هەولێر، دووبارە شوێنەکە بۆ گشت گەشتیاران وسەردانیکەران دەکاتەوە

ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەروەردە و ڕۆشنبیری و زانستەکان (یونیسکۆ)، بە هاوکاری لەگەڵ کۆمسیۆنی باڵای دووبارە زیندووکردنەوەی قەڵای هەولێر، دووبارە شوێنەکەی بە ڕووی گشت گەشتیاران و سەردانیکەران کردەوە. ئەم هەوڵە لە چوارچێوەی پرۆژەی " پاڵپشتیکردنی ڕێگەکانی گوزەران دێت لە میانی پێشخستنی کەلتووری ڕۆشنبیری" کە یەکییەتیی ئەوروپا پارەی بۆ تەرخان دەکات.

قەڵای هەولێر لە نیوەی مانگی ئاداری ساڵی ٢٠٢٠ بەهۆی ئەو ڕێکارانەی داخستنەوە داخرا کە تەشەنەکردنی ڤایرۆسی کۆرۆنا سەپاندبووی، چونکە حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ڕووبەڕبوونەوەی پەتای کۆرۆنا، چەند هەنگاوێکی خۆپارێزیی هەڵێنابوو.

قەڵای هەولێریش، کە هەر لە ساڵی ٢٠١٤دا لەسەر لیستی شوێنە کەلتوورییەکانی جیهانە، بریتییە لە نشینگەیەکی پەرژیندار لەسەر گردێکی شێوە هێلکەیی زۆر گەورە دروستکراوە ( گردێکە لە لایەن چەند نەوەیەکی ئەو خەڵکانە دروستکراوە کە لەو شوێنەدا دەژیان و دووبارە لە هەمان شوێندا) واتا لە پارێزگەی هەولێری نێو هەرێمی کوردستان خانوو و شوێنی نیشتەجێبوونیان بنیاد دەنایەوە. ئێستەیش دیوارە دوورودرێژەکان کە لەچەند ڕووکارێکی ( الواجهە) دوورودرێژدایە لەسەر مۆدێلی سەدەی نۆزدەیەمدایە و ئەو وێنە چاوییەی قەڵا و دیوارێکی زۆر قایم و پتەو دەردەخات کە دەڕوانێتە سەر شاری هەولێر.



# فەرمانگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروبارەکانی تایبەت بە مین

## بە پێنووسی

### بەڕێوەبەری بەرنامەی فەرمانگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروبارەکانی تایبەت بە مین لە عێراق

## بەڕێز پیر لۆدهامار



کاتێك دەڵێین ساڵی ٢٠٢٠ ساڵێکی وەرچەرخێنەر بووە، لەوانەیە سستووسووککردنێکی گەورەمان کردبێت، چونکە پەیدابوونی پەتای کۆڤید-١٩ و تەشەنەکردنە خێرایەکەی هەموو جیهانی گرتەوە. هەروەها زۆربەی ئەو وڵاتانەی ئامادەی ڕووبەڕووبوونەوەی جۆرەها کارەساتی سرووشتی و ناسرووشتی ببوون، خۆیان بۆ پەتایەکی لەمجۆرە ئامادە نەکردبوو. زۆرێك لە خەڵکیش وێنای ئەوەیان نەکردبوو کە ئەو جۆرە پەتایە بەهێزەی تووشی کۆئەندامی هەناسە دەبێت، دەبێتە هۆی ئەوەی نزیکەی ساڵێك سەرلەبەری جیهان دابخات.

لەگەڵ ئەمەشدا، کاتێك لەمساڵدا ئاوڕێك لە دواوە دەدەینەوە، تەنیا هەست بە شانازی دەکەم لەهەنبەر ئەو کارانەی فەرمانبەرانی فەرمانگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروبارەکانی تایبەت بە مین لە عێراقدا – لە دوورەوە و لەسەر گۆڕەپانی واقیعیدا جێبەجێیان کردووە و لەپێناو قەرەبووکردنەوەی کاتی لەدەستچوو و زاڵبوون بەسەر ئالنگارییەکانی ڕۆژانەدا بێ سڵەمینەوە خەریکی کاری بەردەوام بوون، لەگەڵ هەبوونی ئەو تەنگوچەڵەمانەی کە ڕۆژانە لە کاری تایبەت بە مین ڕووبەڕوویان دەبینەوە، ئەوا چەند ئالنگارییەکی دیکەش کەوا تەشەنەکردنی پەتای کۆڤید- ١٩ هێنابوویە ئاراوە، چەندە دژوار بوون هێندەش شتێکی نوێ و نائاسایی بوون، لەگەڵ ئەمەیشدا ورە و هیممەتی فەرمانگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروبارەکانی تایبەت بە مین لە عێراق دانەڕووخا. تەنانەت لەکاتی وەستاندنی کردە مەیدانییەکانمان بەپێی ڕێکارەکانی قەدەغەکردنی هاتووچوو- کەوا لیژنەی باڵای تەندروستی و سەلامەتیی نیشتمانیی سەر بە حکوومەتی عێراقی دەیگرتنەبەر- ویستمان وەهابوو لەگەڵ حکوومەتی عێراقیدا هەماهەنگیمان پتەوتر بکەین بۆئەوەی دەست بە ستراتیژی دەستپێکردنەوە بکەین، ئەمەیش بۆ دەستەبەرکردنی دەستپێکردنەوەی وردەوردەی کردەکان بوو لە نزیکترین کاتی ڕێتێچوودا. بەدڵنیاییەوە فەرمانگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروبارەکانی تایبەت بە مین لە عێراق، دوای تێپەڕینی کەمتر لە چوار مانگ بەسەر وەستاندنی کردەکان، لە تەمووزی ٢٠٢٠ دا لە کردەکانی خۆی بەردەوام بوو.

کاتێکیش بیر لەو ساڵی دەکەمەوە، بۆ دارشتنی زنجیرەی بەدوایەکداهاتنی ڕەوتی ئەو ساڵە، چەند ساتێکی زۆر گرنگ و میحوەری دێنەوە مێشکم.




# چەند تیشکێك:

- کانوونی دووەمی ٢٠٢٠، کاتێك شاندێکی باڵیۆزخانەی فینلەندی لە مووسڵ سەردانی کردەکانی فەرمانگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروبارەکانی تایبەت بە مینی کرد. نەشمان دەزانی ئەو سەردانە دوا سەردانی هەمان ساڵی ئەو لایەنە بەخشەرانەیە، بەهۆی گرتنەبەری ئەو ڕێکارە تەندروستی و ئەمنییە توندوتیژانەی کەوا کاریگەرییان بەسەر سەفەر و هاتووچوو و گردبوونەوەکاندا هەبووە، بەو پێیەی چەند هەوڵێکی ڕووبەڕووبوونەوەی پەتای کۆڤید- ١٩ بوون.

ئەو شوێنانەی سەریان لێ درا کۆمەڵگەی نەخۆشخانەی شیفا بوو، کە پێشتر بارەگەی ڕێکخراوی داعش بوو لە مووسڵ، لەوێ هەزاران چەك و تەقەمەنی مەترسیدار دۆزرانەوە، جگە لەمەیش، ئەندامانی شاندەکە لە دانیشتنێکی هۆشیارکەرەوەی کارلێکیدا بەشدارییان کرد، دانیشتنەکە بۆ هۆشیارکردنەوەی ئەو منداڵانە لە مەترسیی مین و تەقەمەنییەکان بەڕێوەچووو کە لە گەڕەکەکانی هاوسێی نەخۆشخانەکەدا دەژیان، هەروەها بە مەبەستی لادان و هەڵگرتنەوەی مینەکان سەردانەکە شوێنێکی چالاکی نزیکی گرتەوە و فەرمانگەکە سەرپەرشتیی دەکرد. توانیشیان لە پارێزگەی نەینەوا لەگەڵ بەڕێوەبەری بەرگریی شارستانی کۆببنەوە کە هەماهەنگی لەگەڵ فەرمانگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروبارەکانی تایبەت بە مین هەبوو لەپێناو چارەسەرکردنی پیسبوونە مەترسیدارەکەی شوێنە گشتییەکان و شوێنی نیشتەجێبوونی هاووڵاتیان.

- لە ئاداری ساڵی ٢٠٢٠دا کاتێك عێراق لە بەرەنگاربوونەوەی پەتای کۆڤید-١٩ چەند ڕێکارێکی توندی پاراستنی تەندروستی و سەلامەتی گرتەبەر و چووە سەنگەری جیهانەوە، بێگومان ئەو ڕێکار و کۆتوبەندانە زۆر توندوتیژ بوون و خرابوونە سەر سەفەرکردن، قەدەغەکردنی نیشتمانییانەی هاتووچووش یەکێك بوو لە هەوڵەکانی دیکەی بەرزەفتکردنی پەتایەکە. ئەمەیش بووە هۆی ئەوەی فەرمانگەکە کردە مەیدانییەکانی بەشێوەیەکی کاتییانە هەڵپەسێرێت و ڕێگەی کارکردن لە دوورەوە بگرێتەبەر، ئەم هەوڵەش بریتی بوو لە دەستەبەرکردنی پتەوکردن و پاڵپشتیی پێوەندی لەگەڵ دەستگەکانی حکوومەتی عێراقی و مەشقکردنی ئۆنلاین و پاڵپشتیی هونەریی پێشکەشکراو بە لایەنە کارایەکانی نیشتمانی و خۆجێیی. هەروەها فەرمانگەکە کاری بۆ گونجانی چالاکییەکانی هۆشیارکردنەوەی هەنبەر پاشماوەی تەقینەوەکانیش کرد، ئەم هەوڵە لەپێناو ئامادەکردنی چەند ڕێگە و شێوازێکی دیجیتاڵی بوو کە لەپێناو بەردەوامبوونی پێشکەشکردنی پاڵپشتیی ڕزگارکەرانەی ژیانی مرۆڤ، پێویستی بە پێوەندی هەبوو. هەروەها فەرمانگەکە لەمیانی چەند تابلۆیەکی ئاگادارکردنەوەکاندا چەند نامەیەکی هۆشیارکردنەوەی پێشکێشی جڤاکە خۆجێییەکان کرد و لە کەناڵەکانی تەلەفزیۆندا بڵاوی کردنەوە، لە سۆسیال میدیاشدا هەڵمەتێکی بەناونیشانی " هەنگاوی بێمەترسی" بەڕێوەبرد. جگە لەمانەیش، فەرمانگەکەکە لە ماوەی وەستانی کردەکاندا ٢٧ بەڵگەنامەی ڕێکارەکانی کاری نموونەیی بڵاوکردنەوە و وانە و پەندە وەرگیراوەکان و ئەزموونەکانی لەخۆگرتبو، لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری ئەو چالاکییانەی تایبەتن بە بەڕێوەبردنی هەڵگرتنەوەی مین و پێشکەشکردنی ئەو خزمەتگوزارییانەی لە ئایندەدا وەك بەردی بناغەی کۆنترۆڵکردن و مەشقن. جگە لەمانەیش، فەرمانگەکە لەمیانی هەماهەنگیی پتەو لەگەڵ حکوومەتی عێراقیدا پلانی دەستپێکردنەوەی کردەکانی دوای نەمانی ڕێکارە سەلامەتی و تەندروستییەکانی ئامادەکرد. ئەم پلانانەش ئەمانەی گرتەوە: ئاگادارکردنەوەی تیمەکانی ئیدارەدانی مەترسیی تەقەمەنییەکان کە ماوەکەی ٤٨ کاتژمێر بوو، هەروەها ئامادەکردنی یاداشتنامەیەکی کردەیی ئاراستەکارانەی تایبەت بە کۆڤید - ١٩ بۆ وەگەڕخەران لەپێناو جێبەجێکردنی ڕێکارەکانی بەرزەفتکردنی پەتایەکە و چەند هەموارکردنەوەیەکی پێویستی تایبەت بە گرێبەست و بەخشینەکان ( المنح).

- کاتێك فەرمانگەکە دوای وەرگرتنی ڕێنمایی لە دەسەڵاتی نیشتمانی لە تەمووزی ٢٠٢٠دا ، بەشێوەیەکی بەردەوام دەستی بە کردەکانی پاککردنەوە کردەوە، ئەوا تیمەکانی ئیدارەدانی مەترسیی تەقینەوەکان، لەگەڵ هاتنی مانگی تشرینی یەکەم بەوپەڕی هێز و توانای خۆیان لە شارەکانی فەلووجە و مووسڵ و ڕومادی و شنگال و تەلەعفەر دەستیان بەکارەکانیان کردەوە. تیمەکانیش هەمەچەشن بوون و لە چەندان تیمی تێکەڵاوی تایبەت بە هەڵگرتنەوە و لابردنی مین پێکهاتبوون.

- کاتێك لە تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠٢٠ دا لەگەڵ تیمی فەرمانگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروبارەکانی تایبەت بە مین لە سەردانێکی ئاشکراکاردا بۆ چاوپێکەوتن لەگەڵ نوێنەرانی مەڵبەندی هەرێمی بۆ کاروبارەکانی تایبەت بە مین- لقی باشوور سەردانی بەسرا کرا، سەریان لەو شوێنانەدا کە پێشبینی دەکرا ببنە جێگەی ڕاپەڕاندنی ئەرکە جێبەجێکارییەکان، ئەمەش بۆ فراوانکردنی چالاکیی پێشبینیکراوی ئایندەیی بوو لە باشووری عێراقدا.

سەردانەکە وەك وەڵامدانەوەی داواکاریی حکوومەتی عێراقی بوو لە فەرمانگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروبارەکانی تایبەت بە مین، بۆ ئەوەی سنووری کردەکانی فراوانتر بکات و بگاتە دەرەوەی ئەو شوێنانەی کە لە دەستی داعش ڕزگار کراون. جا لەو کاتەی وڵاتەکە ڕووبەڕووی بارودۆخی سەختی ئابووری دەبێتەوە، ئەوا پەتای کۆڤید- ١٩ و ڕێکارە پێشبینیکراوەکانی دەستپێوەگرتن و کەمخەرجی (التقشف) دۆخەکەی دژوارتر کردووە، ئەوا فراوانکردنی کردەکانی پاککردنەوەی ناوچەکان لە مین و تەقەمەنییەکان، ناوچەکانی باشووری عێراقیش دەگرێتەوە، بە شاری بازرگانیی بەسرەشەوە، ئەمەیش دەبێتە هۆی دەستەبەرکردنی چەندان دەرفەتی نایابی وەبەرهێنان کە دەتوانن لە چالاککردنی ئابووریی خۆجێیدا یارمەتیدەر بن، بێگومان ئەمەیش جگە لە ڕزگارکردنی گیانی مرۆڤ، بە ڕۆڵی خۆی کاریگەرییەکی ئەرێنیی ئابوورییانەی بەسەر جڤاکە خۆجێیەکانەوە دەبێت.

بێگومان، ساڵی ڕابردوو ساڵێکی دەرهاوێشتەیی و نائاسایی بوو. چونکە ئالنگارییەکان نوێ بوون، بەڵام لە هەمان کاتیشدا چەندان پەند و وانەیان لێ وەرگیرا و چەند دەرفەتێکیش هاوتەریبی تەنگوچەڵەمەکان هاتن. لەوانەیە ئەم قسەیە جۆرە گەشبینییەکی تیادا بێت، بەڵام ئەو ساڵە ئەو بیرۆکەیەی دووپات کردەوە کە هەر چەندە جیاوازیمان لە نێواندا هەیە، بەڵام هەر هەمووومان پێکدەچین. بە کاری هاوبەش و بەیەکەوەش نەبێت ناتوانین بەسەر ئەو کاتە دژوارانەدا زاڵبین. من ئەمە لەمیانی تەرخانکردنی سەرانسەری ژیانی پیشەییم لە کاروبارەکانی تایبەت بە مین و بەتایبەتیش لە عێراقدا، فێربووم کە دوای گشت ناخۆشییەك خۆشییە، ئەمە ئەو شتەیە من تەواو لێی دڵنیام.






# سندووقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتووان

## ساڵی ٢٠٢٠، بۆ ژنانی عێراق ساڵێکی پڕ لە ئاڵنگاری بوو

**سندوقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتووان، لە پێناو پتەوکردنی توانای دەستگەکانی دەوڵەت و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و ڕێکخراوەکانی جڤاکی مەدەنی و جڤاکە خۆجێییەکان بۆ بەرەنگاربوونەوە و قەدەغەکردنی توندوتیژیی جۆری کۆمەڵایەتی و بەرپەرچدانەوەی، یارمەتی و کۆمەك پێشکێش دەکات، بە دۆخە مرۆڤییەکانیشەوە**

ساڵی ٢٠٢٠ بە یەکێك لە مەترسیدارترین قەیرانی تەندروستیی گشتی دادەندرێ کە مێژووی نوێ بەهۆی پەتای کۆرۆناوە بەخۆیەوەی بینیوە. کاریگەریی تەشەنەکردنی پەتایەکە جارێکی دیکە ئەوەی سەلماند کە ژنان زیاتر دووچاری مەترسی دەبنەوە، کەچی لە کاردانەوە پەتاییەکاندا نائامادەن. لە عێراقیشدا، حکوومەت کردەکانی داخستنی سەپاند و کۆتۆبەندیشی خستە سەر سەفەر و هاتووچوو، ئەمەیش بووە هۆی زیادبوونی توندوتیژیی دژ بە ژنان و لەنێو خودی سیستمێکی لاوازی چاودێریی تەندروستیشدا بووە هۆی زیادبوونی ئاستەنگی گەیشتن بە خزمەتگوزارییەکانی تەندروستیی منداڵبوون.

هەروەها کردە و ڕێکارەکانی داخستن بوونە هۆی زیادتربوونی دۆخەکانی توندوتیژیی خانەوادەیی، بەتایبەتیش دژ بە ژنان، هەروەها پەتایەکە بە شێوەیەکی زۆر گەورە کاریگەریی لە خۆشگوزەرانیی ژنان کرد. چونکە ژن سەرچاوەی سەرەکیی تەندروستی و چاودێریکردنی تەندروستییە و یەکەمین کەسە چاودێری پێشکەش دەکات کاتێك ئەندامێکی خانەوادە نەخۆش دەکەوێ. بێجگە لەمانەیش، ژنان لە کاتی کردەکانی داخستندا ڕووبەڕووی بارێکی گەورە و گرانتری چاودێرییەکی بێ بەرانبەر بوونەوە. جا بە ڕەچاوکردنی سیستمەکانی چاودێریی تەندروستیی بارگرانکراو، ئەوا مافەکانی منداڵبوون، جا ئەگەر وەدەستهێنانی هۆکارەکانی قەدەغەکردنێکی دوو گیانی بێت، یانیش منداڵبوونێکی بێمەترسی بێت، زۆر کۆتوبەندیان خراوەتە سەر.

سندوقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتووان، لەگەڵ حکوومەتی عێراقی و هاوبەشانی جێبەجێکار بۆ بەردەوامیدان بە پێشکێشکردنی خزمەتگوزارییەکانی تەندروستیی منداڵبوون و خزمەتگوزارییەکانی دژ بە توندوتیژیی جۆری کۆمەڵایەتی ( ڕەگەزی) لە کاتی پەتایەکەدا، کاری کردووە.

بە پێی گوتە و بۆچوونی " دکتۆرە ڕیتا کۆلۆمبیا"ی نوێنەی سندوقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتووان، ئەوا" لە میانی ئەو کاتە دژوارانەدا، دەبێ ژنان بەخۆڕایی خزمەتگوزارییەکانی تەندروستیی دایکایەتی و تەندروستیی باشی منداڵبوون وەدەستبێنن، لەگەڵ خزمەتگوزارییەکانی خۆپارێزی لە توندوتیژیی جۆری کۆمەڵایەتی و کاردانەوەش لە هەنبەریدا؛ بە خزمەتگوزارییەکانی یارمەتیی دەروونی و کۆمەڵایەتیشەوە. هێشتاکەش پەتایەکە و کردەکانی داخستن و کەرەنتینی تەندروستی، ڕاستەوخۆ کاریگەرییان بەسەر خۆشگوزەرانی و تەندروستیی کچان و ژنانەوە هەیە.



### کاردانەوە لە هەنبەر پەتای کۆرۆنادا

سندووقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتووان، لەگەڵ هاوبەشانیدا و لە کاردانەوەیەکی یەکسەری هەنبەر پەتای کۆرۆنادا، بە بەهای ٣٥٧،٠٠٠٧ دۆلاری ئەمریکی، ئامراز و کەرەستە و پێداویستییەکانی خۆپارێزی پێشکێشی وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان کرد. ئەم ئامراز و پێداویستییانە توانای بە کارمەندانی تەندروستیی هێڵی پێشەوەی ڕووبەڕووبوونەوەی پەتایەکە بەخشی بتوانن پارێزگەری لە کوالیتیی خزمەتگوزارییەکان و لە هەمان کاتیشدا پاراستنی خۆیان بکەن. هەروەها سندووقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتووان، لە هەردوو نەخۆشخانەی سۆران و نەخۆشخانەی منداڵبوون لە زاخۆ، دوو یەکەی کەرەنتینیان دروستکرد. هەروەها یەکەکانی کەرەنتین کردن بە ئامانجی منداڵبوونێکی بێمەترسی، پانتایی و مەودایەکی بێمەترسی و چاودێرییەکی باش بۆ ژنانی دووگیانی تووشبوو بە دەرەخسێنن. ئەم ڕێکارەی خۆپارێزی لە تەشەنەکردنی پەتای کۆرۆنا، سەلامەتیی بۆ هەموو ئەو ژنانە دەستەبەر دەکات کە هەوڵی وەدەستهێنانی خزمەتگوزارییەکانی تەندروستیی دایکانە دەدەن. هەروەها سندووقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتووان لە هەردوو ناوچەی گەرمیان و سلێمانیدا، کەرەستە و پێداویستیی بەشەکانی منداڵبوونی دەستەبەر کرد، ئەمەیش بۆ چاکترکردن و بەرزکردنەوەی کوالیتیی گەیشتنە بە خزمەتگوزارییەکانی تەندروستیی دایکانە. زیاتر لە ٣٠٠ ژنی تووشبوو بە پەتای کۆرۆنا، لە یەکەکانی کەرەنتینکردن، بۆ ماوەی سێ مانگ خزمەتگوزارییەکانیان وەدەستهێنا.

هەروەها سندووقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتووان، بە ئامانجی پێوەندیی بەردەوام و ڕاستەوخۆ لەگەڵ دانیشتووان لە دە کەمپی ئاوارەکان و پێنج جڤاکی خانەخوێی ئاوارەکان، ٧٣،٥٠٠ پاکێجی پێداویستییەکانی پاکوخاوێنی دابەشکرد کە بریتین لە ماسك و دەستکێش و پاککەرەوەی دەستەکان. هەروەها سندووقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتووان بە هاوکاری لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی و گەنجانی خۆبەخش و ڕێکخراوەکانی جڤاکی مەدەنی، سەبارەت بە خۆپارێزی لە پەتای کۆرۆنا و زیادتربوونی مەترسیی توندوتیژیی لە کاتی پەتایەکەدا، هەڵمەتی هۆشیارکردنەوەی بۆ نزیکەی ١٣١،٥٥٤ ژن و ١،١٦٢ پیاو ڕێکخست.

هەروەها وەزارەتی تەندروستی و سندووقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتووان، لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٠ دا سەرکەوتووانە دەستییان بە پلانی یارمەتیدانی نەوجەوانان و گەنجان کرد، چونکە گەنجان سەبارەت بە پرسەکانی تەندروستی و پەتای کۆرۆنا ، توانیان چەند خزمەتگوزارییەکی کوالیتیی بەرزی ڕاوێژکاری وەدەستبێنن. هەروەها شێست و حەوت هەزار کوڕ و کچی گەنج لە سەرانسەری عێراقدا، سوودیان لە هەڵمەتەکانی هۆشیارکردنەوەی هەنبەر ڤایرۆسی کۆرۆنا وەرگرت.

هەروەها بە پاڵپشتی و کۆمەکی سندووقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتووان، وەزارەتی پلاندانان و تەندروستیی حکوومەتی فیدراڵی و حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لە مانگی ئەیلوولیی ٢٠٢٠ دا، بۆ کاریگەریی پەتای کۆرۆنا لەسەر خزمەتگوزارییەکانی تەندروستیی منداڵبوون لە عێراق هەڵسەنگاندنێکی خێرایان کرد. هەڵسەنگاندنەکە ١٠٧ بنکەی تەندروستیی لە قۆناغی سەرەتایی، و دە نەخۆشخانە لەسەر ئاستی مامناوەندی و سێ نەخۆشخانە لە پارێزگەکانی بەغدا و بەسرە و هەولێر و نەجەف و سەلاحەدینی گرتەوە، کە ٢٧ دکتۆر و ١٦ کەسی ئاماری بەڕێوەیان برد و لەسەر کۆکردنەوەی داتایەکاندا مەشقیان پێ کرابوو. هەڵسەنگاندنەکە دابەزینێکی -بە ڕێژەی ٢٠٪ - لە خزمەتگوزارییەکانی چاودێریی تەندروستیی پێش منداڵبوون و دابەزینێکی- بە ڕێژەی ٨٠٪ - لە ڕێژەی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی ڕێکخستنی خێزان پیشان دا. زۆرینەی ئەو ژنانەی کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ ساز درابوو، بەهۆی ترس لە پەتایەکە و قەدەغەی هاتووچۆوە، خزمەتگوزارییەکانیان وەدەست نەهێنابوو. هەروەها نۆڕینگە تەندروستییەکانیش دووچاری کەمبوونەوەی پێشکەشکارانی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان ببوونەوە لەگەڵ پانتاییەکی دیاریکراوی بەدواداچوون لەهەنبەر دوورکەوتنەوەی کۆمەڵایەتی وەك ڕێکارێکی خۆپارێزییانە.

## دانانی سنوورێك بۆ توندوتیژی لەسەر بنەمای جێندەری

سندووقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتووان، لە پێناو پتەوکردنی توانای دەستگەکانی دەوڵەت و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و ڕێکخراوەکانی جڤاکی مەدەنی و جڤاکە خۆجێییەکان بۆ بەرەنگاربوونەوە و قەدەغەکردنی توندوتیژیی جۆری کۆمەڵایەتی و بەرپەرچدانەوەی، یارمەتی و کۆمەك پێشکێش دەکات، بە دۆخە مرۆڤییەکانیشەوە. هەروەها سندووقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتووان، لە دارشتنی ستراتیژێکی نیشتمانیی هەنبەر توندوتیژیی ڕەگەزی - بە شێوەیەك دەستەبەری پێڕەوکردنی ڕێبازێکی سەرانسەری و هاوبەشانە بکات- یارمەتیی حکوومەتی عێراقی داوە.

هەروەها سندووقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتووان، لە ساڵی ٢٠٢٠ دا لە داواکاری بۆ سیاسەتەکان و گەشەپێدانی توانایەکانی حکوومەتی عێراقی سەبارەت بە پتەوکردنی ئەو یاسا و سیاسەت و ستراتیژانە بەردەوام بووە کە بەشداری لە خۆپارێزیی توندوتیژیی ڕەگەزی و بەرپەرچدانەوە و پاراستنی مافی کەسانی ڕزگاربوو دەکەن؛ بە گەیشتن بە خزمەتگوزارییە سەرەکییەکانی تایبەت بە جۆری کۆمەڵایەتی و ڕەگەزیشەوە. هەروەها یاسای فیدراڵیی بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی خانەوادەیی لە سەرانسەری وڵاتدا، سزای ئەو جۆرە توندوتیژییانە دەدات.

هەروەها بە درێژایی ساڵەکەش ٤٧،٠٣٥ ژن و کچ پێداویستییەکانی پاکوخاوێنیان وەرگرتووە. پێداویستییەکانی پاکوخاوێنیی کەسیش بۆ دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی تەندروستیی منداڵبوون، ڕادەستی ئەو ژن و کچانە کرا کە لە تەمەنی منداڵبوونن و لە خێوەتگەکان و دەرەوەی خێوەتگەکاندا دەژیەن. هەروەها پاکێجی پێداویستییەکانی پاکوخاوێنیی کەسیی ژنان دەپارێزێت و توانا بە ژنان و کچان دەبەخشێ دەستیان بە خزمەتگوزارییەکان ڕابگات و ئەرکەکانی ڕۆژانەیان ڕاپەڕێنن.

جگە لەمانەیش، سندووقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتووان ، لە پێشکێشکردنی زانیاری و چەند خزمەتگوزارییەکی بواری توندوتیژیی ڕەگەزی بە ١٥٨،٧٠٣ ژن و کچ لە ڕەوتە مرۆیی و گەشەپێدەرەکاندا بەردەوامە. هەروەها لە ساڵی ٢٠٢٠ دا چاودێریی چوار هەزار و پەنجاوپێنج دۆخ کراوە و لە کاتی بڵاوبوونەوەی پەتایەکەشدا، چاودێریی ٣،٠٣٥ دۆخی دووره دەست کراوە. جگە لەمانەیش، ١١ مەشقی تایبەت بە پاڵپشتیکردنی دەروونی و کۆمەڵایەتی و دەروونداروستی و ئەقڵدروستی بۆ ١٢٧ کەس لە پێشکەشکارانی خزمەتگوزارییەکانی پەناگەکان ڕەخسێندراوە، ئەمەیش بۆ دەستەبەرکردنی زامنبوونی خزمەتگوزارییەکانی توندوتیژیی ڕەگەزی لە گشت کاتەکانی سەردەمی پەتایەکەدا بووە.






## تەندروستیی سێکسی و منداڵبوون

کار و دەستپێشخەری و تەدەخولەکانی سندووقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتووان کەوا جەخت لەسەر تەندروستیی سێکسی و منداڵبوون دەکەنەوە، بەشداری لە ڕزگارکردنی ژیانی ژنان و بنیادنانی توانای خۆڕاگریی کەرتی تەندروستی دەکەن. سندووقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتووان، کار لەسەر پتەوکردن و پاڵپشتیکردنی توانایە نیشتمانییەکان دەکاتەوە، بە تایبەتیش سیستمە تەندروستییەکان و میکانیزمەکانی ژنان، ئەمەیش بۆ وەدیهێنانی پێداویستییە گەشەسەندووەکانی مرۆیی و گەشەپێدەرەکان و دەستەبەرکردنی دۆخیکە کە کەس تیایدا لە کاروانەکە دوا نەکەوێ.

سندووقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتووان، پاڵپشتی لە گەشەپێدانی توانایەکانی پیشکەشکارانی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان کردووە بۆ ئەوەی خزمەتگوزارییە تێروتەسەلەکانی تەندروستیی منداڵبوون و سێکسییانە لەسەر هەردوو ئاستی چاودێریی سەرەتایی و مامناوەندیی تەندروستی پێشکێش بکەن.

سندووقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتووان، لە ساڵی ٢٠٢٠ دا، لەنێو کەمپەکان و شوێنەکانی دەرەوەی کەمپەکاندا، چەندان دانیشتنی هۆشیارکردنەوەی تایبەت بە خۆپارێزی لە ڤایرۆسی کۆرۆنا ڕێکخستووە، لەم هەوڵەشدا ژنانی دووگیان و مامانەکان و سستەرەکان بە ئامانج گیران. هەروەها کارمەندانی تەندروستیش سەبارەت بە بەڕێوەبردن و مامەڵەکردن لەگەڵ دووگیانی و منداڵبوون لە کاتی تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنا، بە شێوەی ئۆنلاین مەشقێکیان بۆ ڕێکخرا. هەرچەندە ڕێکارەکانی داخستنی شوێنەکان و قەدەغەی هاتووچوو بە شێوەیەکی بەربڵاو بوو، بەڵام سندووقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتووان لە یارمەتیدان و پاڵپشتیکردنی بێ پچڕانی سێکتەرە تەندروستییەکاندا بەردەوام بوو. لە ئەنجامی ئەمەشدا، زیاتر لە ٦٠٣،٦١٩ ژن و کچ خزمەتگوزارییەکانی تەندروستیی سێکسی و منداڵبوونیان پێشکێش کرا.

جا بۆ ئەوەی کەس لە کاروانەکە دوا نەکەوێ، سندووقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتووان، بۆ پێشکێشکردنی خزمەتگوزارییەکانی تەندروستیی منداڵبوون و سێکسی بۆ ژنانی خاوەن پێداویستیی تایبەت، پاڵپشتیی هەشت سێکتەری تەندروستی کرد، حەوت لەو سێکتەرانە لە هەرێمی کوردستانی عێراقن، کە ٧٣٧ ژن و ٢٠٢ کچ سوودیان لە خزمەتگوزارییەکان وەرگرت ، ٤٠٧ ژن و ٦٥ کچی خاوەن پێداویستیی تایبەت، لە نۆڕینگەکانی نەینەوادا خزمەتگوزارییەکانی تەندروستیی سێکسی و منداڵبوونیان وەرگرت.

هەروەها سندووقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتووان، لە ساڵی ٢٠٢٠ دا، لەپێناو دانانی ستراتیژێکی نیشتمانی بۆ ڕێکخستنی خێزان، پاڵپشتی و یارمەتی پێشکێشی حکوومەتی عێراقی کرد، وەزارەتی تەندروستیی عێراقی بۆ درێژکردنەوەی ماوەی نێوان منداڵبوونەکان/ ڕێکخستنی خێزان ( ٢٠٢١-٢٠٢٥) ستراتیژێکی نیشتمانییانەی دەستپێکرد. ئامانجی ستراتیژەکە چاکترکردنی هەلومەرجی گەیشتنێکی باشترە بە خزمەتگوزارییەکانی ڕێکخستنی خێزان و باشترکردنی کوالیتییەکەی لەسەر ئاستی نیشتمانیدا؛ بە هۆکارەکانی ڕێگری لە دووگیانبوون و هۆشیارکردنەوەی خەڵك سەبارەت بە ڕێکخستنی خێزان و کاریگەرییەکەی لەسەر گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی و ئابووریی جڤاکە خۆجێییەکان و جڤاکیش بە گشتی.

## تواناداركردن و بەشدارپێکردنی گەنجان

سندووقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتووان، هەوڵی تواناداركردنی گەنجان و بە تایبەتیش کچانی نەوجەوان دەدات، بۆ ئەوەی سەبارەت بە تەندروستی و مافە سێکسییەکانیان و مافی وەچەخستنەوە و مومارەسەکردنی سەرکردایەتی و بەشداریکردن لە پاراستنی ئاشتی و یەکییەتیی کۆمەڵایەتی، چەند بژاردەیەکی ڕوون و ڕەوان بگرنەبەر.

حکوومەتی عێراقی بە پاڵپشتیی سندووقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتووان و ڕێکخراوی یونیسێف، لە ساڵی ٢٠٢٠ دا دەرئەنجامی ڕووپێوی نیشتمانی بۆ گەنجان ئاشکرا کرد. پرۆسەکە سەرانسەری بوو و دۆخی نەوجەوانان و گەنجان و تەما و دید و وێنای ئەو گەنجانەی لە هەنبەر ژیانیان دەرخست. ئامانجیش لە توێژینەوەکە پێشکێشکردنی چەند داتایەکی تێروتەسەل و متمانەپێکراو بوو بە وەزارەتی گەنجان و وەرزشی سەر بە حکوومەتی فیدراڵی و وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی هەرێمی کوردستانی عێراق بۆ پێشخستنی ئەو سیاسەت






و بەرنامانەی لەسەر بەڵگەکان بنیادنراون و لەپێناو تواناداركردنی کۆمەڵایەتی و ئابووریی گەنجان، جەخت لەسەر گەنجان دەکەنەوە.

سندووقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتووان، لە ساڵی ٢٠٢٠ دا پاڵپشتی و یارمەتیی تەکنیکی پێشکێشی وەزارەتی لاوان و وەرزش و وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان کرد، ئەم کۆمەك و یارمەتییەش بۆ پێشخستنی دیدی گەنجانەی بنیادنراوە لەسەر بەڵگەکان بۆ ساڵی ٢٠٣٠ لەپێناو ڕووبەڕووبوونەوەی ئاڵنگارییە هەنووکەییەکان و پتەوکردن و پاڵپشتیکردنی ڕۆڵیان لە گشت کەرتەکاندا. جا سندووقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتووان لە پێناو پێڕەوکردنی ڕێبازێکی هاوبەشی نێوان کەرتەکان بۆ جێبەجێکردنی دیدی گەنجان، لە پێکهێنانی لیژنەی هاوبەشی نێوان وەزارەتەکان- کە لە وەزارەتە جێبەجێکارەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئەو تەدەخولانە دەگرێتە بەر و ڕێکیان دەخات کەوا جەخت لەسەر گەنجان دەکەنەوە- پاڵپشتیی پێشکێشی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی هەرێمی کوردستانی عێراق کرد. هەروەها بە پاڵپشتی و کۆمەکی سندووقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتووان، وەزارەتی لاوان پلانی کاری تایبەت بە خۆبەخشیی لاوانی لە بەشداریکردنی مەدەنی و تواناداركردنی لاوان لە بنیادنانی کارامەییە سەرکردەییەکانیان پێشخست، بۆ ئەوەی لە گشت دەستپێشخەرییە چاکییەکاندا ببنە خۆبەخش.

هەروەها سندووقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتووان، بە هاوکاری لەگەڵ وەزارەتی لاوان و وەرزشی عێراقی و وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی هەرێمی کوردستانی عێراق، لە تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠٢٠ دا هەڵسەنگاندنێکی بۆ توانایەکانی مەڵبەندەکانی لاوان کرد. دەرئەنجامی ئەو هەڵسەنگاندنەش- بۆ پتەوکردن و پاڵپشتیکردنی کەرتی لاوانە لە میانی زیادکردنی توانای مەڵبەندەکانیان بۆ ئەوەی ببنە ئاژانسی پێشەنگ لە پێناو تواناداركردنی گەنجان و بەشداریکردنیان لە جێبەجێکردنی دیدی نیشتمانییانەی لاوان- لە لایەن حکوومەت و هاوبەشان بەکاردەهێندرێ.

هەروەها سندووقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتووان، لە پێناو پاڵپشتیکردنی بەشداریی گەنجان لە کردەکانی دروستکردنی بڕیار و بنیادنانی توانایەکان لە ڕۆڵە سەرکردەییەکاندا، بە هاوکاری لەگەڵ وەزارەتی لاوان و وەرزش، لە سێ پارێزگەدا سێ ئەنجوومەنی ڕاوێژکاریی لاوانی کردەوە، وەك پارێزگەی: بەسرە و نەجەف و دیالە. ئامانجی ئەو ئەنجوومەنانەش پێشکێشکردنی ڕاوێژە بە بەڕێوەبەرایەتییەکانی گەنجان و وەرزش لە پلاندانان و چاودێریکردن و جێبەجێکردنی بەرنامەکانی لاوان.

جگە لەمانەش، لە پێنجەمین ساڵیادی بڕیاری ژمارە ٢٢٥٠ی ئەنجوومەنی ئاسایشی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان، وەزارەتی لاوان و وەرزش دەستی بە پێکهێنانی هاوپەیمانییەکی نیشتمانی بۆ گەنجان و ئاشتی و ئاسایش کرد کە بە پاڵپشتیی سندووقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتووان و ئەکادیمیای فۆلك برنادۆتی سەر بە حکوومەتی سویدی بوو. هاوپەیمانیی نیشتمانی بۆ لاوان، ڕێبەرایەتیی دانانی پلانێکی کاری تایبەت بە بڕیاری ژمارە ٢٢٥٠ ی ئەنجوومەنی ئاسایش دەکات، بۆ ئەوەی لاوان لە کردەکانی ئاشتی و چارەسەری ململانێیەکان و چاکبوونەوە لە قەیرانە دوورمەوداییەکان و گەشەپێدانێکی بەردەوام بەشداریی کارایان هەبێت.

## دانیشتووان و گەشەپێدان

سندووقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتووان، لە پێناو چاکترکردنی سیستمەکانی داتایە نیشتمانییەکانی دانیشتووان کار دەکات، ئەمەش بۆ چاکترکردنی کردەی دەستەبەرکردن و شیکردنەوە و ئەگەری گەیشتنە بەو زانیارییانەی کە لەسەر بەڵگەی تایبەت بە دینامیەتەکانی دانیشتووان داڕێژراون و بۆ داڕشتنی ئەو سیاسەتانایە کە لەسەر مافەکان بیناد نراون.

هەروەها سندووقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتووان، لە پێناو پاڵپشتیکردنی توانای نیشتمانییانەی حکوومەت لە ڕاپەڕاندنی هەژمارکردنێکی ئەلیکترۆنیدا، یارمەتیی پێشکیشی حکوومەتی عێراقی کردووە. هەروەها وەزارەتی پلاندانان ٦ ملیار دیناری عێراقی (٥ ملیۆن دۆلاری ئەمریکی) پێشکێشی سندووقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتووان کردووە، بۆ ئەوەی لە ئاماری دانیشتووان‌دا لە ساڵی ٢٠٢٠ پاڵپشتیی لە پێداویستییە تەکنیکییەکان بکات و کەرەستەی پێویستی تایبەت بە ئاماری دانیشتووان بکردرێ. ئاماری گشتیی دانیشتووان و خانووەکان لە ساڵی ٢٠٢٠ دا یەکێك بوو لەو پابەندبوونانەی کە عێراق ڕەزامەندی لەسەر دەربڕیوە و بۆ پێشکێشکردنی چەند داتایەکی سەرانسەری و نوێکراوەی ئاماریی سەبارەت بە تایبەتمەندییەکانی تاکەکەسەکان و خانووبەرە و ماڵ و خانەوادەکانە. حکوومەتی عێراقی بە هۆی پەتای کۆرۆناوە ئاماری دانیشتووانی تا ساڵی ٢٠٢١ دواخست.






# نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ خزمەتگوزاریی پرۆژەکان

## مەڵبەندیی زانیاریی عێراقی


لە ساڵی ٢٠٢٠دا، و بە گوژمەی هەنووکەیی ئاژانسی ئەمریکی بۆ گەشەپێدانی نێودەوڵەتی و نووسینگەی هەماهەنگیی کاروباری مرۆیی- سندووقی عێراقی بۆ پاڵپشتیکردنی مرۆیی و بەرنامەی خۆراکی جیهانی، مەڵبەندی زانیاریی عێراقی کە نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ خزمەتگوزاریی پرۆژەکان لە جیات تیمی هەرێمییانەی مرۆیی بەڕێوەی دەبات، کاردانەوەی لە هەنبەر پێداویستییە ڕووگیرەکانی دانیشتووانی زیان لێکەوتووی عێراقیدا بەردەوام بوو.

مەڵبەندی زانیاریی عێراقی کاری بۆ چاکترکردنی کوالیتیی لێپرسینەوە کاردانەوەی مرۆیی بۆ دانیشتووانی زیان لێکەوتوو هەبوو، ئەم کاردانەوەیەش لە میانی کۆکردنەوە و ئاڵوگۆڕکردنی زانیارییەکانی تایبەت بە پێداویستییەکانی دانیشتووان و ئاراستەکردنیان بەرەو لایەنە کارایە پسپۆڕەکانی مرۆییەوە بوو.

مەڵبەندی زانیاریی عێراقی لە ساڵی ٢٠١٩دا وەڵامی ١٣٦٥٥٢ پێوەندیی تەلەفۆنی داوەتەوە بە ڕێژەی ٣٩،١٤٪ لە ژمارەی ئەو پێوەندییە تەلەفۆنییانەی ساڵی ٢٠١٩ زیاتر بوو. ٧٦٪ پێوەندییە تەلەفۆنییەکان هی نێرینەکان و ٢٤٪ هی مێینەکان بوو، لەگەڵ دابەزینی ٣٪ ژمارەی ئەو پێوەندییانەی لەلایەن مێینەکانەوە کراون بەبەراورد بە ساڵی ٢٠١٩. ٣٢،١١٪ی ئەو پێوەندییانە لە لایەن ئاوارەکانەوە کراون و ٢٢،٤٦٪ لە گەڕاوەکان و ٤٥،٤٣٪ لە لایەن پەناخوازانەوە کراون.

مەڵبەندیی عێراقی بۆ زانیاری، لە ساڵی ٢٠٢٠دا بەرنامەیەکی پێشخست و لە گردبوونەوەکان و ڕێکخراوە جۆراوجۆرەکانی عێراقدا پێشکەشی کرد. بەرنامە نوێیەکە توانای حەواڵەکردن بەشێوەیەکی بەرفراوانتر بۆ زۆرێك لە پێشکەشکارانی خزمەت لە عێراق زیاتر دەکات و کار بۆ خێراکردنی کاتی وەڵامدانەوە و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان بە دانیشتووانی زیان لێکەوتوو دەکات.

مەڵبەندی عێراق بۆ زانیارییەکان لە مانگی ئەیلوولدا وەڵامی پێوەندیی ئاوارەیەکی نێرینەی دایەوە کە تیایدا باسی ئەوەی کردبوو یەکێکە لەو کەسانەی لە توندوتیژیی جۆری کۆمەڵایەتی و ئازاردانی خودی/ سۆزی و دەستدرێژیی جەستەیی ڕزگاری بووە. ڕزگاربووەکە داوای دەستەبەرکردنی





سەلامەتیی کەسی کردبوو و بەدوای پەناگەیەکدا دەگەڕا. دوای ئەوەی ڕەزامەندی پیشان دا مەڵبەندی زانیاریی عێراقی زانیارییە کەسییەکانی کەسە ڕزگاربووەکە لەگەڵ هاوبەشانی باس بکات، داواکارییەکەی حەواڵەی کۆمەڵە پێوەندیدارەکان کرا. هەروەها پێشکەشکاری خزمەتی بواری توندوتیژیی ڕەگەزی و کۆمەڵەکانی دیکەش پێوەندییان بە کەسە ڕزگاربووەکە کرد و لە ماوەی دە ڕۆژدا بە هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ ئاژانسە پێوەندیدارەکان یارمەتیی پێشکەش کرا. کاتێکیش مەڵبەندی عێراقی بۆ زانیارییەکان بەدوای مەسەلەکەدا چوو، کەسی پێوەندیکار پێی ڕاگەیاندن کە ئاژانسەکان بۆ یارمەتیدانی لە چارەسەرکردنی گرفتەکەی، پێوەندییان پێوە کردووە.

جەنگی دژ بە داعش لە سەرانسەری عێراقدا بووە هۆی قەیرانێکی دوور و درێژی مرۆیی و وێرانبوونی زۆر ناوچە. هەروەها ژێرخانیش کاول کرا، ئەمەیش بووە هۆی ئەوەی ئەو ناوچانە بێ خزمەتگوزاری ببن و پڕبن لە پاشماوەی ڕەق. هێشتا ئەو کەسانەی تازە گەڕاونەتەوە لەژێر مەترسیدان، چونکە تا ئێستەیشی لەگەڵدا بێت هەوڵی وەدەستهێنانەوە و گەڕاندنەوەی ڕێگەی وەدەستهێنانی دەرامەت و بژێویی ژیانیان و یارمەتیدانی خانەوادەکانیان دەدەن. جگە لەمانەیش لەو شوێنانەی داعش داگیری کردبوون، ژمارەیەکی زۆری بریندار هەبوون، ئەمەیش بووە هۆی زیادبوونی ژمارەی ئەو کەسانەی پەکیان کەوتووە و بێ دایك و باوك بوون و بێوەژن کەوتوونەتەوە و ئەوپەڕی پێویستیان بە پاڵپشتیکردن و یارمەتیدان هەیە.

خەملاندن و هەڵسەنگاندنەکانی تایبەت بە زیانەکان ئاماژە بە ئاستێکی باڵای پشت بەیەکتر بەستنی دوولایەنەی نێوان ئەم کەرتە زیان لێکەوتووانە دەکات؛ خزمەتگوزارییەکانی شارەوانی و ئیدارەدانی پاشماوە ڕەقەکان و ئاو و ئاوەڕۆی تەندروستی لە ناوچە شارستانییەکان و ڕێگە شارستانییەکان و وزە.

نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ خزمەتگوزاریی پرۆژەکان بە گوژمەی تەرخانکراوی حکوومەتی یابان و بۆ چاکترکردنی هەلومەرجی گوزەرانی ئەو کەسانەی گەڕاونەتەوە ناوچە ئازادکراوەکان، لە چوارچێوەی پرۆژەی " دووبارە گەیشتن بە خزمەتگوزارییە زیندووە شارستانییەکان لە ناوچە ئازادکراوەکاندا" پاڵپشتیی حکوومەتی عێراقی کردووە. دووبارە گەیشتن بە خزمەتگوزارییە زیندووە شارستانییەکان لە ناوچە ئازادکراوەکاندا لەپێناو زەمینەسازی ڕێگە خۆشکردن بۆ گەڕانەوەی دانیشتووانی ئاوارە و دەستەبەرکردنی هەلومەرجێکی شایستەی گوزەران و بژێوی، مەسەلەیەکی زۆر گرنگە.

نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ خزمەتگوزاریی پرۆژەکان، لە کاتی جێبەجێکردنی پرۆژەکەدا کە لە رومادیی پارێزگەی ئەنبار لە عێراق جێبەجێ کران بەم چالاکییانەی خوارەوە بەشداریی لە پرۆژەکە کرد:

- ئیدارەدانی پاشماوە ڕەقەکان لەمیانی دەستەبەرکردنی ئامێر و ئوتومبێلەکانی پەستان و گوشینی پاشماوە ڕەقەکان و بەرزکەرەوە تایەدارەکان و زەوی هەڵکەنەکان (الحفارات) و دەستەبەرکردنی حاوییەی پاشماوە ڕەقەکان و دەستەبەرکردنی مەشق لەسەر سیستمەکانی خۆ دەربازکردن لە پاشماوە نوێیەکان.
- ئاوە شارستانییەکان و ئاوەڕۆی ستاندارد لەمیانی فراوانکردن و نۆژەنکردنەوەی تۆڕی زیان لێکەوتووی ئاوەڕۆی ئاوی باران و گۆڕینی بنەمایەکانی ئاوی خواردنەوە و ئاوی باران ، هەروەها دووبارە نۆژەنکردنەوەی بۆڕییە سەرەکییەکانی دابەشکردنی ئاو لە وێستگەی بەرزکردنەوەی ئاوی باران.
- نۆژەنکردنەوە و شیاندنەوەی ڕێگە و بانە شارستانییەکان بە شیاندنەوەی ڕێگە لاوەکییەکان و دەستەبەرکردنی ئاو و کارەبا بۆ خزمەتگوزارییە ڕووگیرەکان و دەستەبەرکردنی ڕووناکیی سەرشەقامەکان بە وزەی خۆر.

نوسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ خزمەتگوزاریی پرۆژەك، لە چوارچێوەی پرۆژەیەکی دیکە کە لە لایەن حکوومەتی یابانییەوە گوژمەی بۆ تەرخان کرابوو ئەویش" دووبارە گەڕاندنەوەی توانای گەیشتن بە خزمەتگوزارییە زیندووەکانی کۆمەڵگە لە پارێزگەی دیالە"بوو، یارمەتیی پێشکەشی حکوومەتی عێراقی کرد، ئەم یارمەتییەش لەپێناو چاکترکردنی هەلومەرجی گوزەرانی ئەو ئاوارانە بوو کە گەڕاونەتەوە ناوچە ئازادکراوەکانیان. جا بە بەکارهێنانی ڕێبازێکی تێروتەسەل لە هەڵبژاردنی چالاکی و جێبەجێکردنی پرۆژەکە، توانای گەیشتن بە خزمەتگوزارییەکانی کۆمەڵگە لە دیالە دەگەڕێنێتەوە، هەروەها کارایی تێچووەکە تا ئەوپەڕی زیاد دەکات و لەمیانی کەرتەکانیشدا دەستەبەری فراوەژۆیی دەکات.

پرۆژەکە ئەوە دەسەلمێنێ و دەستەبەری ئەوەش دەکات کە خەڵك لە عێراق و جڤاکی مەدەنی و جڤاکەکان بە گشتی و بەتایبەتیش ژنان، بۆ سەرکردایەتیکردن و بەشداری و هاوپشکی لە دیزاینکردن و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی دادپەروەرانە و وەڵامدەرەوانە، بەتایبەتیش بۆ توێژە زۆر کەمدەرامەترەکان، توانایەکی زیاتریان هەیە. جگە لەمانەیش، پرۆژەکە لەپێناو ئەو جڤاکانەی لە دیالەدا وەك ئامانج هەڵبژێردراون، کار بۆ چاکترکردنی دەرفەتەکانی گەیشتن بە خزمەتگوزارییە زۆر پێویست و زیندووەکانی جڤاکی دەکات.

پرۆژەکە لە جێبەجێکردندایە و نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ خزمەتگوزاریی پرۆژەکانیش بەم چالاکییانەی خوارەوە لە خالسی سەر بە قەزای مەنسوورییە لە دیالە بەشداری دەکات:

- ئیدارەدانی پاشماوەکان بە دەستەبەرکردنی حاوییەی پاشماوە ڕەقەکان و دەستەبەرکردنی مەشق لەسەر سیستمەکانی دەربازبوون لە پاشماوە نوێیەکان.
- ڕێگەوبانە شارستانییەکان لەمیانی شیاندنەوە و نۆژەنکردنەوەی ڕێگە لاوەکییەکان و فەراهەمکردنی کارەبا بۆ خزمەتگوزارییە ڕووگیرەکان و دەستەبەرکردنی ڕووناکیی سەرشەقامەکان بە هۆی وزەی خۆرەوە.

پێشبینی دەکرێ لەگەڵ کۆتایی ساڵی ٢٠٢١ دا کۆتایی بە گشت چالاکی و کارەکانی نێو پرۆژەکە بێت.




# بەرنامەی خۆراکی جیهانی

هێشتاکە بارودۆخی عێراقی ڕەوتێکی دژوار و بەردەوام وەرچەرخاو لەهەنبەر کاری مرۆیی و گەشەپێدەرانە- کە بەرنامەی خۆراکی جیهانی لە ساڵی ٢٠٢٠ دا دەستێکی باڵای تیادا هەیە- دەخاتە بەردەممان. جا لەو کاتەی پێویستیی پێشکێشکردنی یارمەتی و کۆمەکی خۆراکیی ڕزگارکەری ژیان بە کەسانی بێدەرامەت و هەژاری دانیشتووان لە زۆربەی شوێنەکاندا وەك خۆیەتی، بەڵام هەندێك خانەوادەش گەڕاونەتەوە سەرماڵوحاڵی خۆیان کە ئەوە بۆ ئەوان و جڤاکە خانەخوێیەکانیان دەستەبەر دەکات لە چالاکی و بزاوتەکانی پەیداکردنی دەرامەت و بژێویدا بەشدار بن، بەشێوەیەك پاڵپشتیی لە خۆبژێوی خانەوادەکان و بنیادنانی توانایەکانیان بکات بۆ خۆڕاگری لە بەرانبەر قەیرانەکانی ئایندە. خۆ ئەگەر پەتای کۆڤید-١٩ و کەشوهەوایە ناسەقامگیرە ئەمنییەکە ڕەچاو بکەین، ئەوا بەرنامەکە پشتی بە کاردانەوەیەکی دینامیکیی بەست لەگەڵ ئەرك و کارەکەی خۆی بگونجێ کە بریتییە لە گەشەپێدانی مرۆیی، ئەمەیش کارئاسانی و زەمینەسازی بۆ کاردانەوە لە هەنبەر پێداویستییە هەمەچەشنەکانی هاووڵاتییانی عێراقی و پەناخوازانی سووریش کردووە. هەرچەندە ئالنگاری هەبوون، بە کۆتۆبەندە سەپێندراوەکانی سەر پارەی نەختینەش بەهۆی پەتای کۆرۆناوە، بەڵام بەرنامەکە لە پاڵپشتیکردن و یارمەتیدانی ٨٩٨،٠٠٠ ژن و پیاو و کچ و کور و منداڵدا لە گشت چالاکییەکانی نێو عێراق لە ساڵی ٢٠٢٠ دا سەرکەوتنی وەدەستهێنا، ئەم ساڵەش ساڵی یەکەمی پلانی ستراتیژیی هەرێمییانەیە (٢٠٢٠-٢٠٢٤).

پەتایەکە بووە هۆی چەند دۆخێکی داخستنی شوێنەکان و قەدەغەی هاتووچوو و نەمانی ڕێگەکانی پەیداکردنی دەرامەت و بژێویی ژیان، ئەمەیش بووە هۆی کەمکردنەوەی توانای خانەوادەکان لە وەدەستهێنانی پێداویستییە سەرەکییەکانیان.

بەرنامەکە کاردانەوەی لە هەنبەر ئەو پێداویستییانە هەبوو کە لەم بارودۆخەوە سەریان هەڵدا، کاردانەوەکەش لە میانی دووبارە ئاوێتەکردنەوەی دەیان هەزار پەناخوازی سووری و ئاوارەکان بوو بە گشتی بۆ وەدەستهێنانی یارمەتی و کۆمەکە یەکسەرەکان و یارمەتییەکانی فریاکەوتن، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی بەردەوام بەدەست نەبوونی ئاسایشی خۆراکییەوە بناڵێنن و لە هەمان کاتیشدا وای لە بەرنامەکە کرد لە دۆخە ئاوارتە و کتوپڕەکاندا کۆمەکی خۆراکییانە پێشکێشی ٣٧١،١٠٠ پەناخواز و ئاوارە بکات.

هەروەها لە چوارچێوەی بەرنامەی خۆراکی جیهانی بۆ بنیادنانی توانای خۆڕاگری، یارمەتیی خۆراکی لەپێناو دامەزراندن و دووبارە شیاندنەوەی بنەما و لایەنە هەبووەکان ( الموجودات)ی جڤاکە خۆجێییەکان و یارمەتییە خۆراکییەکانی تایبەت







بە مەشق بەخشرایە نزیکەی ٣٩,٠٠٠ کەسی ناوچە دێهاتییەکان. ئەم ڕێکارانە لە چارەسەرە بەردەوامەکاندا بە بەشێکی سەرەکی دادەندرێن، جا ئەگەر سەبارەت بەو خانەوادە ئاوارانە بن کەوا لە کەمپ و جڤاکە خانەخوێییەکانەوە بگەڕێنەوە سەر ماڵوحاڵی خۆیان کە ئێستاش هەر پێویستیان بە یارمەتی و کۆمەك هەیە، هەروەها لە بواری پەیداکردنی گوزەران و دەرامەتی ژیانی ناوچە شارستانییەکان و لە چوارچێوەی کاردانەوە لە هەنبەر پەتای کۆرۆنادا چەند چالاکییەك نوێکرانەوە، ئەمەیش بۆ یارمەتیدانی کەسانی بەشدار و سوودمەند بوو بۆ ئەوەی دووبارە دەست بە کاروپیشەکانیان بکەنەوە، لەمبارەیەوە یارمەتیی پێشکەشی ٤٢,٨٠٠ کەس کرا کە سەرچاوەی داهات و پەیداکردنی بژێویی ژیانیان لەدەستدابوو. هەروەها بەهۆی بڵاوبوونەوەی پەتاکەوە، خولی " تواناداركردن لەسەر زەویی واقیع" کە خەڵاتی بەرنامەی خۆراکیی جیهانیی وەدەستهێنابوو و خولێکی داهێنراوی مەشقییانە بوو لە چوارچێوەی کارامە دیجیتاڵییەکان و زمانی ئینگلیزی بۆ ئەوەی لەسەر تۆڕی ئینتەرنێتدا پێشبخرێ، لەمەشدا ١٠,٩٠٠ کەسی سەر بە توێژی گەنجان و خانەوادەکانیان پاڵپشتیان کرا.

دەبێ ئەوەش بڵێین کە بەرنامەی خۆراکی جیهانی لە چوارچێوەی هاوبەشی لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە و فێرکردندا، لە ساڵی ٢٠٢٠ دا بەرنامەی خۆراکپێدانی قوتابخانەیی بەشێوەیەکی زۆر گەورە فراوان کرد، ئەمەیش وەك دانپێدانێك بوو بەو مۆرکە فرە ڕەهەندەی کەوا پاڵپشتیی لە ئاسایشی خۆراکی و خۆراکپێدان و پەروەردە و فێرکردن و ئامانجەکانی یەکسانیی نێوان هەردوو ڕەگەز دەکات کە ٣٢١,٨٠٠ منداڵی گرتەوە. بەپێی ئەو کۆتوبەندانەی لەسەر هاتووچوو سەپێندرابوون، قوتابخانەکان داخران و بەرنامەی خۆراکپێدانی قوتابخانەییش لە نیسانی ٢٠٢٠ەوە داخران. بەرنامەی خۆراکیی جیهانی لە مانگی ڕەمەزانیشدا بەهۆی سەبەتە ئامادەکراوەکانی خۆراکییەوە، کۆمەکی پێشکێشی نزیکەی ١١٢,٨٠٠ خانەوادەی منداڵان کرد. بەرنامەکە هەر لە ساڵی ٢٠٢٠یشەوە بۆ ئامادەکردنی سیاسەتێکی خۆراکیی نیشتمانییانەی قوتابخانەیی و بە ڕەچاوکردنی گۆشەنیگای خۆراکپێدانێکی سەرانسەری بۆ گشت منداڵانی نێو قوتابخانەکان، لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە و فێرکردندا کاری کردووە.

هەرچەندە پەتای کۆرۆناش هەبوو، بەڵام بەرنامەکە توانی خۆگونجاندنی وەگەڕخەرانەی خۆی بپارێزێت و خۆی بۆ فەراهەمکردنی چەند ڕێگەیەکی جێگرەوە ئامادە کرد، وەك پسوولە شیمانەییەکان و کاراکردنی پلانەکانی فریاکەوتن و هەمەچەشنکردنی میکانیزمەکانی ڕادەستکردنی حەواڵەکراوە دراوییەکان. هەروەها لەپێناو وەدیهێنان و دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی خەڵك بەشێوەیەکی باشتر، حەواڵەکردنە دراوییەکان بە ئاستێکی زۆر بەرز و بە ڕێژەی ١٠٠٪ی یارمەتییەکان زیادی کرد، هەرچەندە خۆراکی ماددییانە هێشتاکە لەپێناو بەکارهێنان و سوود لێ وەرگرتنی لە دۆخە کتوپڕەکان هەر هەیە و بەردەستیشە.

دەستەبەرکردنی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان لە لایەن بەرنامەکەوە یەکێك بوو لە ڕەگەز و لایەنە گرنگەکانی تواناداركردنی کاردانەوەی تایبەتی هەنبەر کۆڤید – ١٩ ، چونکە کاتێك گەشتە بازرگانییەکانی ئاسمانی وەستێندرابوون، بەرنامەکە لە عێراقدا زەمینەی چەند گەشت و سەفەرێکی ئاسمانیی خۆشکرد. ئەم ڕێکارەش دەرفەتی بۆ هاوبەشانی بواری گەشەپێدانی مرۆیی لە عێراقدا دەستەبەر کرد. بەرنامەی تیمی کارای هاوبەش هەر لە ساڵی ٢٠٢٠ یشەوە، لەنێوان ئاژانسەکانی تایبەت بە کاروباری لۆجستی لە عێراق دەستی بە چالاکی کرد.

بەرنامەی خۆراکی جیهانی، بۆ دەستەبەرکردنی بەردەوامیی لە پاڵپشتیکردنی توانایەکان و کامڵتربوونی چالاکییەکان، لە کارکردنی نزیك لەگەڵ حکوومەتە خانەخوێیەکان و بەخشەرەکان و هاوبەشانی نەتەوە یەکگرتووەکان و بانکی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوە ناحکوومییە هاوبەشەکانی بەردەوام بوو. هەروەها لە میانی کارکردن لەگەڵ کۆمەڵەی خۆراکی جیهانی کەوا خودی بەرنامەکە لە سەرکردایەتیکردنی هاوبەشە، لە پاڵپشتیکردن و پتەوترکردنی ڕۆڵی خۆی وەك لایەنێکی تواناداركردن و باشترین هاوبەشی جڤاکی مرۆیی و گەشەپێدانێکی فراوانتر، بەردەوام بوو. بەرنامەی خۆراکی جیهانی و یونیسێف بۆ پتەوترکردنی خۆشگوزەرانیی منداڵان لە قوتابخانەکانی عێراقدا، واژۆیان لەسەر پلانی هاوبەش کردەوە. هەردوو ئاژانسیش لە بەسرە لە ساڵی ٢٠٢١ دا بۆ یارمەتیدانی ئەو کچانەی خانەوادەکانیان بۆ بەردەوامبوونیان لە خوێندن لە هەوڵی بێوچاندان، دەستپێشخەرییەکی هاوبەش دەکەن.

بەرنامەکە لە مانگی نیسانەوە لە دانانی سیستمی چاودێریکردنی دیاردەی برسیەتی لە میانی کۆکردنەوە و شیکردنەوەی داتایەکانی تایبەت بە کاریگەریی پەتای کۆڤید-١٩ لەسەر ئاسایشی خۆراکیی عێراقی، ڕۆڵی ڕێبەری گێڕاوە، هەروەها بۆ نرخەکان و بازارەکانیش چەند ڕاپۆرتێکی هەفتانە و مانگانەی چاودێریکردنی پێشکێش کردووە.

هەروەها بەرنامەکە بە هاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوی خۆراك و کشتوکاڵ و سندووقی نێودەوڵەتی بۆ گەشەپێدانی کشتوکاڵی و بانکی نێودەوڵەتی، شیکردنەوەی بۆ بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتە دەورییە هاوبەشەکان و پاڵپشتیکردنی لایەنە کارایەکانی حکوومەت و گەشەپێدەرەکانیش بەکارهێناوە، ئەمەیش بۆ دەرچوواندنی چەند بڕیارێکی تایبەت بە بەرنامەکە بووە. هەروەها بەرنامەکە لە دانانی پلانێکی کاردانەوەی کۆمەڵایەتی- ئابووری لە عێراقدا کاری کردووە.

بەشێکی زیندووی کاری بەرنامەکە لە بواری پاراستنی کۆمەڵایەتی لە ساڵی ٢٠٢٠ دا، هاوبەشیکردن بوو لەگەڵ وەزارەتی بازرگانی بۆ دیجیتاڵکردن و چاککردنەوەی سیستمی پسوولەی خۆراك. هەروەها ئەپلیکەیشنێکیی بواری پسوولەی خۆراك بەناوی " بەشە خۆراکەکەم" لە مانگی تەمووزدا دەستی پێکرد، ئەمەیش یارمەتیی خانەوادەکانی دا دوور لە مەترسی لە ماڵەوە بمێننەوە و داتایەکانیان لە دوورەوە و بە شێوەی ئۆنلاین بۆ نوێ بکرێتەوە. هەروەها لەسەر بنەمای داواکارییەك کە وەزارەتی بازرگانی پێشکێشی کردبوو، کارکردن لەسەر فراوانکردنی دەستپێشخەریی بە ژمارەکردن ( الرقمنە) لە ساڵی ٢٠٢١ یش بەردەوام دەبێت.

ساڵی ٢٠٢٠ وەك قۆناغێکی وەرچەرخان بۆ گشتاندنی دۆخی بەرنامەکە دەستی پێ کرد، لەمەشدا ڕەچاوی گۆشەنیگای ڕەگەزی و ململانێ و ئالنگارییەکانی بەردەم بەرنامەکە کرا لە عێراقدا. هەروەها نووسینگەی هەرێمییانە بەرنامەی وەرچەرخانی ڕەگەزیی سەر بە بەرنامەی خۆراکی جیهانی دەستپێکرد، لە هەمان کاتیشدا چەند توێژینەوەیەکی شیکردنەوەی ململانێیەکانیشی بەڕێوەبرد، ئەمەیش لەپێناو بەردەوامیدان بوو بە ئاوێتەکردنی یەکسانیی نێوان هەردوو ڕەگەز بەشێوەیەك بتوانێ سەرکەوتنێکی زۆرتر وەدەستبهێنێت و ژن و یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی توانادار بکات و لە ململانێیەکان تێبگات و مامەڵەیان لەگەڵدا بکات و لە گشت لایەنەکانی بەرنامەی کاری هاوبەش، لە هۆیەکانیان تێبگات. بەرنامەکە لە مانگی تشرینی یەکەمدا خەڵاتی نۆبلی ئاشتی وەدەستهێنا، ئەمەیش وەك بەرزڕاگرتنی هەوڵەکانی بوو لەپێناو بەرەنگاربوونەوەی برسیەتی و بەشداریکردن لە چاکترکردنی هەلومەرجەکانی ئاشتیی نێو ئەو ناوچانەی بەهۆی ململانێیەکانەوە زیانیان بەرکەوتووە. ئێستەیش بەرنامەی خۆراکی جیهانی لە گشت چالاکییەکانیدا داکۆکی لە ژنان دەکات و نیوەی تێکڕای پۆستەکانی نێو پڕۆژەکانی خۆی بۆ ژنان تەرخان دەکات.




پێشەکی

**ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی لە دۆزینەوەی میکانیزمەکانی کاردانەوەی کارا و بەرفراوانی نێو دۆخە کتوپڕەکان بەشداری کردووە، پلانەکانی ئامادەباشیی هەنبەر پەتایەکەشی داناوە کە پلانە هاوبەشەکانی نێوان ئاژانسەکانیشی گرتەوە، وەك پلانی ستراتیژی بۆ ئامادەباشی کاردانەوە (SPRP) و ئامادەکردنی چەند بەڵگەنامەیەکی هاوبەش لەنێوان کەرتەکاندا**

عێراق لە ٢٤ شوباتی ٢٠٢٠ دا یەکەمین دۆخی تووشبوونی بە پەتای کۆڤید -١٩ لە وڵاتدا تۆمارکرد. ئەمەیش دوای ڕاگەیاندنی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی بوو لە ٣٠ کانوونی دووەمی ٢٠٢٠ دا کە تیایدا بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی نوێی کۆرۆنا (SARS-Co_V-٢ ) ی وەك پێشهاتێکی تەندروستیی جێی نیگەرانی نێودەوڵەتیی باسکردبوو. جا عێراق لە کاردانەوەی هەنبەر پەتایەکەدا، لە ١٤ی ئاداردا ڕێکارەکانی داخستنی تەواوەتی پێڕەوکرد؛ بە داخستنی گشت سنوورەکان بۆ ماوەی زیاتر لە مانگێك. ئەم ڕێکارانە سەپاندنی کۆتوبەندەکانی سەر چالاکیی بازرگانی و هاتووچووی مەدەنیی سەرانسەری وڵات و فڕۆکەخانە نێودەوڵەتییەکان و دەروازە سنوورییەکانی وڵاتەکەشی گرتەوە.

لە کۆتاییەکانی مانگی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٠ دا، زیاتر لە ٥٩٣،٠٠٠ دۆخی تووشبوون بە کۆڤید-١٩ ڕاگەیەندرا کە لەو ژمارەیەدا ١٢٨،٠٠٠ کەس مردن. بە درێژاییی ئەو ماوەیەش ، ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی بەشێوەیەکی توندوتۆڵ لەگەڵ دەسەڵاتە خۆجێییەکان لەسەر ئاستی خۆجێی و هەرێمی کوردستانی عێراق، بەهاوکاری لەگەڵ هاوبەشانی دیکە، بۆ پاڵپشتیکردن و یارمەتیدانی کاردانەوەی حکوومەت لە پێناو دانانی سنوورێك بۆ تەشەنەکردنی ڤایرۆسەکە و قەتیسکردنی تەشەنەسەندنەکەی، کاری کردووە. ئەم ڕاپۆرتە تیشك دەخاتە سەر ئالنگارییەکان و ئەو پێشکەوتنەی لەو بوارەوە وەدیهاتوون، هەروەها ئەو ڕێکارانەش بەرجەستە دەکات کە بۆ دانانی سنوورێك لەپێناو قەتیسکردنی کۆڤید-١٩ کاراتر بوون.

کاردانەوەی عێراق لە ڕووی جۆرییەوە زۆر بێهاوتابوو، چونکە جگە لە مامەڵەکردن لەگەڵ کۆڤید -١٩، ئەوا لە کاردانەوەی هەنبەر دۆخە کتوپڕە مرۆییەکانیشدا بەردەوام بوو، چونکە هێشتاکە لەنێو کەمپەکانی ئاوارە و پەنابەراندا هەزاران دۆخی ئاوارەیی ماون. ئەو کەسانە لە دۆخێکی زۆر ناهەمواردا دەژیەن و لە خەڵکانی دیکەش زیاتر کەوتوونەتە بەر هەڕەشەی تووشبوون بە پەتای کۆڤید-١٩، چونکە دۆخی گوزەرانیان لە خوار ئاستی پێویستە، ئەمەش دۆخەکەی دژوارتر کردووە. هەروەها هەندێك دۆخی تووشبوون لە کەمپەکانیش ڕاگەیاندران. جا بەهۆی سەرکردایەتیی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی و هەوڵە ڕێکوپێکەکان لەگەڵ هاوبەشاندا (ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە خۆجێیی و نێودەوڵەتییەکان)، دۆخەکانی تەشەنەکردنی پەتایەکە لە خێوەتگەکان زۆر سەرکەوتووانە کۆنترۆڵ کرا.

ئەم پاڵپشتییە بووە هۆی ڕێبازێکی ڕێکوپێکی پڕ لە هەماهەنگی لەگەڵ گشت هاوبەشانمان، ئەمەیش بووە هۆی خۆ دوورگرتن لە دووفاقیبوونی هەوڵەکان، ژمارەی ئەو کەسانە زیادی کرد کە خرانە بەر پشکنین، لە هەمان کاتیشدا تێکڕای زۆر بەرزی دۆزینەوە و ئاشکراکردنی نەخۆشییەکە و دیاریکردنی حاڵەتەکانی تووشبوون بە شێوەیەکی گەورەتر لە جڤاکە خۆجێیەکاندا هاتنەدی. لەگەڵ کۆتایی مانگی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٠ دا، زیاتر لە ٥٣٤،٨٠٠ کەس لەوانەی تووشی پەتای کۆڤید- ١٩ ببوون، چاکبوونەوە و بنکە و دەستگە تەندروستییەکانی سەرانسەری وڵاتیان جێهێشت.

## گرنگترین چالاکی و دەستکەوت و کارە ستراتیژییەکان

ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی لە قۆناغە سەرەتاییەکانی پەتای کۆڤید-١٩ ەوە، لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی و وەزارەتی ژینگە و هاوبەشان، لە پێناو کۆنترۆڵکردن و سنووربەندکردنی پەتایەکە بەهۆی دروستکردنی میکانیزمێکی کارای چالاکیی کاردانەوەی تایبەت بە بڵاوبوونەوەی پەتایە گوازراوەکە کاری کردووە و لەوە دڵنیابووەتەوە کە تووشبووانی کۆڤید-١٩ چارەسەری پێویست وەردەگرن. بوارە سەرەکییەکانی پێشکێشکردنی پاڵپشتیی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی بە عێراق بە ئامانجی دابەزاندنی تێکڕایەکانی تووشبوونەکە بەمجۆرە بوو:

### 1. ئامادەباشی و کاردانەوە

ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی، وەك خۆگونجاندنێك لەگەڵ لیستە نێودەوڵەتییەکانی تەندروستی (IHR)، هانی وەزارەتی داوە بۆ ئەوەی ڕێبازێك بگرێتەبەر کە لە کاردانەوەی هەنبەر کۆڤید-١٩ دا گشت لایەنە حکوومییەکان و جڤاکیش بگرێتەوە، هەروەها بۆ دابەزاندنی ژمارەی تووشبوونەکان و دەربازکردنی خەڵکانی دیکە لە مردن و کەمکردنەوە و دابەزاندنی کاریگەریی پەتایەکە بۆ نزمترین ئاست لە وڵاتەکەدا، پاڵپشتیی لە دانانی ستراتیژیکی هەمەگیری نیشتمانی کردووە.

ڕێکخراوەکە بە هاوکاری لەگەڵ وەزارەت، پلانی ئامادەباشی و کاردانەوەی ستراتیژیی داناوە، کەوا ئەو ڕێکارە گشتییە پێویستییانەی تەندروستی دیاری دەکات بۆ ئەوەی ڕێگری لە بڵاوبوونەوەی زیاتری ڤایرۆسەکە بکرێت و کۆنترۆڵ بکرێ. پلانەکە بۆ ئامادەباشی و کاردانەوە لە هەنبەر کۆڤید-١٩ و دانانی سنوورێك بۆ خێرایی بڵاوبوونەوەی لەنێو عێراقدا و ڕێگری کردن لێی بۆ ئەوەی لە وڵاتانی دیکە بڵاو نەبێتەوە، پاڵپشتیی لە وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتییەکانی تەندروستی کردووە.

هەروەها ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی، لەپێناو کاردانەوە لە هەنبەر زیادبوونی ژمارەی تووشبووان، چەند تیمێکی تایبەت بە کاردانەوەی یەکسەری بڵاوکردەوە، ئەم تیمەش ڕێنمایی تەکنیکی و ئامراز و کەرەستەی پێویستی کردەکانی چاودێریکردن و دڵنیابوونەوەی تاقیگەییان پێشکێشی لایەنە پێوەندیدارەکان کردووە. هەروەها مەشقیان دەستەبەر کردووە و مادەکانی هۆشیارکردنەوەشیان پێشخست، بۆ ئەوەی لە کاتی هەڵمەتەکانی هۆشیارکردنەوەی جڤاکیدا بڵاوی بکەنەوە کە قوتابخانە و شوێنەکانی بازارکردن و مزگەوت و شوێنە گشتییەکانی بە ئامانج گرتبوو.

### 2. هەماهەنگی و هاوکاری

ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی، وەك سەرۆکی کۆمەڵەی تەندروستی، پێشتر و ئێستەیش لەو وڵاتەدا ڕۆڵێکی گرنگ لە سەرکردایەتیکردنی هەوڵەکانی کاردانەوەی هەنبەر کۆڤید-١٩ دەگێڕێ. ڕێکخراوەکە هەر لە سەرەتای بڵاوبوونەوەی پەتاکەشدا ئەندامێکی شانەی کردە مرۆییەکان (HOC) بووە، کە پێگە و سەکۆیەکە و ڕێکخەری کاروباری مرۆیی و نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ یارمەتیدانی عێراق (یونامی) و مەڵبەندی هەماهەنگیی ڕێکخراوە ناحکوومییەکان لە عێراق و سەرۆکەکانی ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق و ڕێکخراوە نا حکوومییەکان و نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هەماهەنگیی کاروباری مرۆیی(OCHA) لەخۆ دەگرێ. جگە لەمانەیش، ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی، لە قۆناغە زووەکانی پەتایەکەدا بەشێکی لیژنەی فەرمانی ژمارە ٥٥ی دیوانی بووە ، چونکە سەبارەت بەو ڕێکارە گونجاوانە ڕاوێژی هونەری پێشکەش کردووە کە دەبێ حکوومەتی عێراقی لەپێناو دانانی نزمترین ئاست بۆ بڵاوبوونەوەی پەتایەکە بیگرێتەبەر.

هەروەها ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی لە دۆزینەوەی میکانیزمەکانی کاردانەوەی کارا و بەرفراوانی نێو دۆخە کتوپڕەکان بەشداری کردووە، پلانەکانی ئامادەباشیی هەنبەر پەتایەکەشی داناوە کە پلانە هاوبەشەکانی نێوان ئاژانسەکانیشی گرتەوە، وەك پلانی ستراتیژی بۆ ئامادەباشی کاردانەوە (SPRP) و ئامادەکردنی چەند بەڵگەنامەیەکی هاوبەش لەنێوان کەرتەکاندا، وەك: پاشکۆی کۆڤید-١٩ بۆ پلانی کاردانەوەی مرۆیی بۆ ساڵی ٢٠٢٠ و ڕێوانی ڕێنماکاری تایبەت بە دامەزراندن و وەگەڕخستنی شوێنەکانی کەرەنتینی تەندروستی لە کەمپەکان و ستراتیژی دابەشکردنی تەرخانکراوی یەکەمی یەدەگیی سندووقی چالاکییە مرۆییەکان لە عێراق کە جەختی لەسەر کاردانەوەی هەنبەر کۆڤید-١٩ و هتد کردبوویەوە... بێجگە لەمانەیش، ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی/ و کۆمەڵەی تایبەت بە تەندروستی، بەشێوەیەکی بەردەوام ڕێکوپێك ڕێنمایی هونەری و زانیاریی نوێکراوە دەبەخشنە تیمی هەرێمییانەی مرۆیی و کۆمەڵەی هەماهەنگیی نێوان کەرتەکان (ICCG).

هەروەها لە میانی هاوکاری لەگەڵ کەرتی ئاو و ئاوەڕۆی دروست و کەرتی هەماهەنگیی کاروباری کەمپەکان و بەڕێوەبردنی کەمپەکان، کۆمەڵەی تایبەت بە تەندروستی، نموونەی " کێ چی دەکات و چی و لە کوێ و کەی" داناوە کە بۆ دانانی نەخشەی دیاریکردنی توانای هاوبەشەکانە، لە پێناو دانانی نەخشەی توانایە بەردەستەکانی هاوبەشە لە کاردانەوەی هەنبەر کۆڤید-١٩، بەتایبەت لەو ناوچانەی دۆخەکانیان پێویستی بە کاردانەوەی مرۆییانە هەیە؛ بە ئامادەبوون لە شوێنە جوگرافییەکان و کاتی پێویستی پێش جووڵاندنی سەرچاوەکان و ئەو ماوەیەی جێبەجێکردنەکە دەیخایەنێ و وەك بڕیاری لەسەر دراوە. داتایەکانیش بەشێوەیەکی مانگانە نوێ دەکرێنەوە. کەواتە ئەو نەخشەیەی هاوبەشانی کاری مرۆیی سەبارەت بە خزمەتگوزاری و دەستەبەرکردنی کەرەستە پێویستەکان پێشکێشی وەزارەتیان کرد، هەروەها ڕۆڵە ڕێکخەر و سەرکردەییەکەی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی و کۆمەڵەی تایبەت بە تەندروستی، بوونە هۆی ڕێگریکردن لە بڵاوبوونەوەی کۆڤید-١٩ بەنێو دانیشتووانی کەمپەکان، هەرچەندە دواتر هەندێك دۆخی جۆراوجۆری تووشبوون لە کەمپی ئاوارەکاندا ڕاگەیەندران.

هەروەها ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی، بە هاوکاری لەگەڵ کۆمەڵەی لاوەکیی تایبەت بە توندوتیژیی جۆری کۆمەڵایەتی، چاودێریی زیادبوونی دۆخەکانی توندوتیژیی جۆری کۆمەڵایەتی ( ڕەگەزی) کرد کە بەهۆی کۆتوبەندە سەپێندراوەکانی سەر هاتووچوو و کاریگەریی کۆمەڵایەتی و ئابووریی کۆڤید-١٩ سەری هەڵدابوو. هەروەها کۆمەڵەی کاری تایبەت بە دەروونددروستی و یارمەتیی دەروونی، بە سەرۆکایەتیی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی کە ڕاپۆرتەکانی بۆ کۆمەڵەی تایبەت بە تەندروستی بەرز دەکاتەوە، چەندان خولی مەشقی بۆ کارمەندانی هێڵەکانی پێشەوەی بواری تەندروستی و ئاسایش کردەوە، ئەمەیش بۆ دیاریکردنی ئەو ڕزگاربووانە بوو کە لە توندوتیژیی ڕەگەزی دەربازبوون و دواتریش حەواڵەکردنیان بوو بۆ ئەو شوێن و سێکتەرانەی ئەو خزمەتگوزارییانەی تیادایە.

جا لە پێناو ئاسانکاری و زەمینەسازیی بۆ چاودێریکردنی دۆخەکانی تووشبوون بە پەتای کۆڤید-١٩ لەنێو کەمپەکاندا، کۆمەڵەی تایبەت بە تەندروستی، هەماهەنگییەکی سەرەتایی لەگەڵ کۆمەڵەی تایبەت بە هەماهەنگیی کاروباری کەمپەکان و بەڕێوەبرردنی کەمپەکان کرد، دواتریش لەگەڵ کۆمسیۆنی کاروباری پەنابەرانیش بۆ وەدەستهێنانی زانیاریی سەبارەت بە ژمارەی دۆخەکانی تووشبوون و مردن لە کەمپی پەنابەران و ئاوارەکان لە ناوچە شارستانییەکان کاری هاوبەشانەی کرد؛ ئەو زانیارییانەش بەشێوەی هەفتانە لەسەر لاپەڕە ٢١ی تابلۆی بەدواداچوونی کۆڤید-١٩ی تایبەت بە ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی لە عێراق نوێ دەکرێتەوە.

### 3. چاودێریکردنی کارا و بەدواداچوون و شوێنپێهەڵگرتنی کاریگەریی پێوەندی ( لەگەڵ نەخۆشاندا)

ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی و وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتییەکانی تەندروستی، لە گشت شوێنەکاندا یارمەتییان پێشکێشی پتەوکردنی چاودێریی کرد؛ بە هەندێك لە نەخۆشخانەکان و دەروازەکانی چوونە ژوورەوە و کەمپە دەستینشانکراوەکانی ئاوارەکانیشەوە. یارمەتییەکەیش بریتی بوو لە دەستەبەرکردنی چەند پێناسەیەکی پێوانەییانەی دۆخەکان و چەند نموونەیەکی ئامادەکردنی ڕاپۆرت و لیستە خەتییەکان و ڕاپۆرتە ئەلیکترۆنییەکان و بنەمایە نوێکراوەکانی ئاراستەکردن و پرۆتۆکۆلەکان و خولەکانی مەشق. هەروەها ڕێکخراوەکە بنەما ئاراستەکارەکانی تایبەت بە کەرەنتین و دڵنیابوونەوەی تاقیگەییشی پێشکێش کرد، هەروەها پێداویستییەکانی تاقیگەشی دەستەبەر کرد بۆ ئەوەی لەو دۆخانە دڵنیاببنەوە کە بەتەواوەتی سەلمێندراون، بۆ ئەوەی ڕێکارەکانی دابڕین و چارەسەر لە هەنبەریاندا پێڕەو بکرێن.

هەروەها ڕێکخراوەکە لە میانی بەدواداچوون بۆ پێوەندیی کەسەکان و دەستپێشخەرییەکانی جڤاکی خۆجێیی بۆ چاودێریکردن، پاڵپشتیی لەو هەوڵانەی چاودێری کرد کە هەوڵی دابڕین و پشکنین و چارەسەری گشت دۆخێکی تووشبوون دەدات و بە دوای گشت ئەو کەسانەشدا دەچێت کە سەبارەت بە تووشبوون بە دۆخەکە پێوەندییان کردووە. ئەم دەستپێشخەرییانە بوونە هۆی چاکترکردنی ئاستی ئاشکراکردنی دۆخەکانی تووشبوون بە پەتای کۆڤید-١٩ و دڵنیابوونەوە لێیان و کاردانەوە لە هەنبەریان، تا گەیشتن بەو دۆخەی لە دوای بۆنەی جەژنی ڕەمەزان لە مانگی ئایاردا ڕێژەی تووشبوون بە پەتایەکە بەرزبوونەوەی بەخۆیەوە بینی و ڕێژەی بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکە لە جڤاکە خۆجێییەکان بە ئاستێکی زۆر بەرز تۆمار کرا. هەروەها فەرمانگە و بەڕێوەبەرایەتییەکانی تەندروستیی گشتی و ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی، توانیان لە ڕێگەی سیستمی چاودێریی سەر بە وەزارەتەوە، بۆ پێشبینیکردنی ئاراستە پەتاییەکانی کۆڤید-١٩ ، چەند تابلۆیەکی بەدواداچوونی بەردەوام گۆڕاو دامەزرێنن ، ئەمەیش بۆ دەستەبەرکردنی زانیاری بوو بۆ خاوەن بڕیارەکان و سەبارەت بە هەوڵەکانی کەمکردنەوەی کاریگەریی پەتایەکە و کاردانەوە بوو لە هەنبەریدا.

هەروەها ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی لینك و بەستەرێکی بێوێنەی بۆ پێڕاگەیاندنی ( ابلاغ) دۆخەکان داهێنا، ئەمەیش لەمیانی سیستمی تۆڕی هۆشداریی

پێشوەختە و کاردانەوە (EWARN) بوو بۆ پێڕاگەیاندنی دۆخە گوماناوییەکانی تووشبوون بە کۆڤید-١٩ی نێو ناوچەکانی کاردانەوەی مرۆڤییانە. پێڕاگەیاندنیش لە کاتی گونجاودا، دەرفەتی ئاشکراکردن سەبارەت بە دۆخەکانی پەتایەکە و دڵنیابوونەوە لێی و کۆنترۆڵکردنی لە کەمپەکانی ئاوارە و پەنابەران و ئەو شوێنانەش دەڕەخسێنێ کە ئاوارەکان بۆیان گەڕاونەتەوە. بەهۆی سیستمی هۆشداریی پێشوەختەوە لە ساڵی ٢٠٢٠ دا ٦٥٠ دۆخی تووشبوون ئاشکرا کران، لەو ژمارەیەشدا ٦٣٠ کەسیان گومانیان لێ دەکرا تووشی کۆڤید-١٩ بووبین، ٢٥ کەسەکەی دیکەش چەند دۆخێکی بڵاوبونەوەی کۆڤید-١٩ بوون کە لە ڕێگەی تاقیگەوە سەلمێندرابوون. یەکێك لەو نەخۆشییانەش کە ئاشکرا کران یەك تووشبوو بە نەخۆشیی کۆلێرا و یەك تووشبووی دیکە بە سووریژە و چواردە دۆخی دیکەی تووشبوون بە هەوکردنی پەردەی مێشك و یەك دۆخی تووشبوون بە سیلی سییەکان و یەك دۆخی تووشبوون بە تیفۆئید و یەك دۆخی تووشبوون بە نەخۆشیی ئەنتراکس هەبوون. بەرێژەی مامناوەندیش ١٢٩ شوێن و سێکتەری تەندروستی هەبوون کەوا ڕاپۆرتی هەفتانەیان پێشکێش دەکرد و بریتی بوو لە ٢٦٦٦٧٧٥٣ ڕاوێژی تەندروستی کە لە ماوەی ساڵێکدا تۆمار کران، لەوانە ٩٧٦١٢٢ ڕاوێژ ئەو نەخۆشییانەی تۆمارکردبوو کە تۆڕی هۆشداریی پێشوەخت و کاردانەوە بە ئامانجی دەگرێ. هەروەها دەیان ئاگادارکردنەوە سەبارەت بە ١١٠ دۆخی پەتایی نێردرابوون کە پشت بە ڕووداوی سێکتەرە پێوەندیدارەکان دەبەستێ و لەپێناو لێ دڵنیابوونەوە و کاردانەوە لە هەنبەریدا، تۆڕی هۆشداریی پێشوەختەیان بەکارهێنابوو.

## 4. پێڕاگەیاندنی (التبیلغ) مەترسیەکان

ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی و وەزارەت، بە هاوبەشی لەگەڵ دەستەی ڕاگەیاندن و پێوەندییەکانی عێراقی و هاوبەشان لە بواری تەندروستی و کۆمپانیایەکانی ڕاگەیاندن، لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی زیاتر لە یەك ملیۆن مادە و بابەتی هۆشیارکردنەوە و ڕۆشنبیرکردن و هۆکارەکانی پێڕاگەیاندن و نامە و پەیامە بەکۆمەڵەکان، توانیان بگەنە ١٢،٠٠٠ کەس. جا لە پێناو دەستەبەرکردنی هەماهەنگیی نێوان گشت هاوبەشانی بەشدار لە کاردانەوەی هەنبەر پەتایەکەدا، سەبارەت بە بڵاوکردنەوەی نامەکانی هۆشیارکردنەوە و خۆدوورگرتن لە زانیاری ئاڵۆز و نارۆشن، شانەیەکی ڕاگەیاندنی تایبەت بە قەیرانەکە پێکهێنرا، کە هەریەکە لە ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی و کۆمسیۆنی پێوەندییەکان و ڕاگەیاندن و سی هۆکاری ڕاگەیاندنی لەخۆگرتبوو، ئەمەیش بۆ هۆشیارکردنەوەی جڤاك بوو سەبارەت بە پەتای کۆڤید -١٩ و ڕێگریکردن لە بڵاوبوونەوە و تەشەنەکردنی. لەم هەنگاوەشدا بۆ هۆشیارکردنەوەی جڤاکە خۆجێییەکان، هۆکارەکانی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و سۆسیال مێدیاش بەکارهێندرابوون، لەوانە: واتس ئەپ و ڤایبەر و فەیسبووك و تویتەر و ئینستاگرام.

بچۆرە نێو کۆمسیۆنی عێراقی بۆ پێوەندییەکان و ڕاگەیاندن بۆ لایککردن و بەشداریکردن لە گفتوگۆ

هەروەها ١٧ ڤیدیۆ (شریتی سینەمایی) هۆشیارکردنەوە بەرهەم هێندران و لە ٣٠ کەناڵی ئاسمانیی سەرانسەری عێراقدا پەخش کران. هەروەها بۆ دەستەبەرکردنی پێوەندییەکی کارا سەبارەت بە مەترسییەکانی کۆڤید-١٩ و ڕێگەکانی خۆپارێزی، لە زۆربەی شوێنەکاندا- لەو شوێنانەی دیکەش- هەردوو وەزارەتی تەندروستی و نەخۆشخانە و فرۆکەخانەکان، سەتان هەزار مادە و بابەت و نامەی هۆشیارکردنەوە و هۆکارەکانی پێڕاگەیاندن بە زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی و کوردی بڵاوکرانەوە و ئاراستەی جۆرەها جڤاکی خۆجێیی نێو وڵاتەکە کران.

هەروەها زۆرێك لە چاوپێکەوتنە تەلەفزیۆنییەکان لە سەرانسەری وڵاتدا ساز دران کە ژمارەیان ٧٥ چاوپێکەوتن بوو، ئەمەیش بۆ زیاترکردنی هۆشیاریی گشتی بوو سەبارەت بە پەتایەکە. هەروەها کەناڵەکانی سۆسیال میدیای تایبەت بە ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی، نامەیەکی زۆر و زەوەندی بە پانتاییەکی زۆر فراوان بڵاوکردەوە، کە گەیشتە زیاتر لە ٩٠٠ چریکەی تایبەت بە گرنگترین نامەی خۆپارێزی.

ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی و هاوبەشانی، سەبارەت بە مەترسییەکانی پەتایەکە ڕووی دەمیان لە جڤاکە خۆجێییەکان کرد و سەبارەت بە ڕێکارەکانی تەندروستیی گشتیی بۆ ڕێگریکردن لە بڵاوبوونەوەی پەتایەکە و بەتایبەتیش لە کاتی گردبوونەوە جەماوەرییەکاندا، کاریان لەسەر هۆشیارکردنەوەی ئەو جڤاکانە کرد.

هەروەها بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی، چەند مادەیەکی هۆشیارکردنەوە چاپ و بڵاوکرانەوە کە زیاتر لەپێناو هۆشیارکردنەوە بوو سەبارەت بە دەروونددروستی و یارمەتیدانی دەروونی/ و توندوتیژیی ڕەگەزی. هەروەها ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی ئەو مادە و بابەتانەی وەرگێڕایە سەر زمانی کوردیی- شێوەزاری سۆرانی کە تایبەت بوون بە دەروونددروستی و توندوتیژیی ڕەگەزی.

هەروەها لە پێناو کاردانەوە لە هەنبەر تیکرایەکانی گوازرانەوەی کۆڤید-١٩ لەنێو جڤاکە خۆجێییەکاندا، بە هاوبەشی لەگەڵ کۆمەڵەی پزیشکیی یەکگرتووی عێراقی و وەزارەتی لاوان و وەرزش و پۆلیسی جڤاکی، ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی و وەزارەتی تەندروستیی حکوومەتی فیدراڵی و وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان، هەڵمەتی هۆشیارکردنەوەی لەو ماوەیەدا ڕێکخست کە ڕاپۆرتەکە گرتبوویەوە. هەڵمەتەکە زیاتر لە ١٠ ملیۆن کەسی نێو جۆرەها شارۆچکەی پڕ لە دانیشتووان و زیانمەندی گرتەوە کە بەهۆی کۆڤید – ١٩ لە پارێزگەکانی بەغدا و میسان و کەربەلا و نەجەف و هەولێر و سلێمانی و دهۆك و مووسڵ زیانیان بەرکەوتبوو و دووچاری تەنگەژە ببوونەوە، هەڵمەتەکەش بریتی بوو لە بڵاوکردنەوەی چەند نامە و پەیامێك کە ئامانجی پاڵپشتیکردن و پتەوکردنی تەندروستی و هۆشیارکردنەوەی تەندروستی بوو لەپێناو دانانی سنوورێك بۆ بڵاوبوونەوە و تەشەنەکردنی پەتای کۆڤید-١٩. ئەم هەڵمەتانە لەژێر دروشمی " تەندروستیت گرنگە" لە هەر دە شارۆچکەدا بەڕێوەبران و سێ ڕۆژیان خایاند. هەروەها زیاتر لە (٢٥٠٠) خۆبەخش لە جۆرەها شوێن و سەر شاشەکانی مۆبایل و نۆرینگە گەڕۆکەکانیان بۆ پیشاندنانی چەند ڤیدیۆیەکی هۆشیارکردنەوە و پەخشکردنی نامەی دەنگیی سەبارەت بە ڕێکارە هەمەچەشنەکانی خۆپارێزی بەکارهێنا. هەروەها چەند ماسکێك و مادەی پاککەرەوەی دەستەکان و بڵاوکراوەیان پەخش کرد، هەروەها هانی جەماوەریان دا گرنگیی بە پۆشینی ماسك بدەن و بە دوورکەوتنەوەی کۆمەڵایەتی و شۆردنی دەستەکان بەشێوەی بەردەوام پابەند بن. هەڵمەتەکە لە لایەن هۆکارەکانی ڕاگەیاندن و پیاوانی ئاینی و وەرزشوانان و هونەرمەندان و چەندان کەسی دیکەی پیشەییەوە پاڵپشتیی لێ کرا.

هەروەها ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی، بە هاوکاری لەگەڵ سندووقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ منداڵ (یونیسێف)، بۆ دانانی ستراتیژێکی نیشتمانی بۆ پێڕاگەیاندن لەهەنبەر مەترسییەکان و بەشدارییپێکردنی جڤاکی خۆجێیی، یارمەتی و پاڵپشتیی پێشکێشی وەزارەتی تەندروستی کرد ، ئەویش نەك تەنیا بە ئامانجی پێشکەشکردنی یارمەتی و ئاراستەکردنی کاردانەوە لەهەنبەر کۆڤید-١٩ بەتەنیا، بەڵکو لە هەمان کاتیشدا بۆ کردەکانی کاردانەوە بۆ گشت دۆخەکانی تەشەنەکردنی نەخۆشییەکان و پێشهاتی دیکەی کتوپڕ کەوا لەوانەیە لە ئایندەدا بێتە پێشێ و پێویست بەوە بکات دەستەوەردانەکان پێڕاگەیاندنی هەنبەر مەترسییەکان و بەشدارییپێکردنی جڤاکە خۆجێییەکانیش بگرێتەوە. ئێستە ئەو بەڵگەنامەیە بۆ ئاراستەکردنی کاردانەوەی بەردەوامی هەنبەر کۆڤید- ١٩ لە عێراقدا بەکاردێ.

## 5. گردبوونەوە جەماوەرییەکان

مەترسییەکانی سەر تەندروستیی گشتی لە گردبوونەوە جەماوەرییەکاندا، بەشێوەیەکی گە ورە زیاتر دەبن. توێژینەوەیەکی نوێی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی، ئاماژەی بەوە کردووە کە گردبوونەوە گەورەکان دەتوانن تێکڕای گواستنەوەی هەر جۆرە نەخۆشییەکی هەناسەدان ( بە ڤایرۆسی کۆرۆناشەوە) بە ڕێژەی ٥٧٪ زیاتر بکەن. ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی لەگەڵ وەزارەتدا لەپێناو دانانی ئاستێك/ قەدەغەکردنی گردبوونەوە ئایینییەکان، کاری کرد، ئەم ڕێکارەش بۆنە و مەراسیمە سەرەکییەکانی کازمییەی بەغدایشی گرتەوە لە ( ٢١ ئاداری ساڵی ٢٠٢٠) ، کە تەنیا ١٠٪ ئامادەبووانی ساڵانی پێشوو تیایدا ئامادەبوون. هەروەها چالاکییەکیش ڕێگەی لێ گیرا کە بریار بوو لە ٨ ی نیسانی ٢٠٢٠ و لە نیوەی مانگی شەعباندا ڕێکبخرێ، ئەمەیش دوای کۆبوونەوەکانی نێوان نوێنەری ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی و گەورەزانایانی ئایینی لە نەجەف و کەربەلادا هاتەدی، هەروەها نوێژی هەینیش لە دوای کۆبوونەوەکانی نێوان وەزیری تەندروستی و پیاوانی ئایینی لە مزگەوتەکاندا قەدەغە کرا. هەروەها مزگەوتەکان لە مانگی ڕەمەزاندا داخران و گردبوونەوە گشتییەکان قەدەغە کران. لە هەرێمی کوردستانیشدا گردبوونەوە گشتییەکانی نێو مانگی ڕەمەزان قەدەغەکران و گشت جۆرە گردبوونەوەیەك – تەنیا نوێژی هەینی نەبێت ئەویش بە ڕەچاوکردنی خۆپارێزیی زیاترەوە- تا ٣١ تەمووزی ساڵی ٢٠٢٠ قەدەغەکران.

## ئاراستەکردن و ڕێنماییکردنی هونەری و مەشق

### نێردەی پسپۆڕانی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی، 12ـ9ی ئاداری 2020

ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی، بۆ هەڵسەنگاندنی لایەنە سەرەکییەکانی کاردانەوەی حکوومەت بە خێرایی و پێشکەشکردنی ئاراستەکردنی هونەری بەپێی پێویست و پاڵپشتیکردنی زیاترکردنی ئامادەگیی وەگەڕخستن و کاردانەوەی هەنبەر پەتای کۆرۆنا، لە ماوەی ٩-١٢ی ئاداری ٢٠٢٠، ڕێبەرایەتیی نێردەی چاوگێڕانەوەی تیمی هاوبەشی نێوان ئاژانسەکانی کرد.

تیمەکەش توانا نیشتمانییەکانی دۆزینەوەی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا و لێکۆڵینەوە لە هەنبەری و ئیدارەدانی دۆخەکان و دەرچوواندنی چەند دەرئەنجام و ڕاسپاردەیەکیان هەڵسەنگاند.

### مەشق

مەشق بۆ زۆرێك لەو فەرمانبەرە نیشتمانییانە دەستەبەر کرا کە لە بەڕێوەبەرایەتییە پێوەندیدارەکانی سەر بە وەزارەتی تەندروستی و ژینگەدا کار دەکەن. هەروەها ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی سەبارەت بە خۆپارێزیی دەسەڵاتەکان لە فرۆکەخانەکانی بەغدا و بەسرا و سلیمانی و هەولێر و نەجەف، چەند خولێکی ئاراستەکاری پێشکێش کرد. جگە لەمانەش، ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی، سەبارەت بە چاودێریی پێوەری و دڵنیابوونەوە و خۆپارێزی لە پەتایەکە و چالاکییەکانی بەڕێوەبردنی دۆخەکان، ڕێنمایی و مەشقی پێشکێشی کارمەندانی بواری چاودێریی تەندروستی کرد. لەم خول و مەشقانەدا (٦١٥) لە کارمەندانی بواری چاودێریی تەندروستی لە گشت پارێزگەکاندا لە هەرێمی کوردستان ئامادەبوون و سوودیان بینی. هەروەها چەند مادەیەکی مەشقییانە بۆ وەزارەتەکە دەستەبەر کرا کە بەڕۆڵی خۆی پێشبینیی ئەوەی

لێ دەکرێ بۆ پارێزگەکانی دیکەشی بگوازێتەوە. هەروەها ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی پاڵپشتیی لە مەشقکردنی هەنبەر خۆپارێزی و بەرەنگاربوونەوەی پەتایەکە و بەڕێوەبردنی دۆخەکانی گشت پارێزگەکان کرد. هەروەها تیمە هونەرییەکانی سەر بە ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی چەند ڕێنماییەکی هونەرییان پێشکەشی وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتییەکانی تەندروستی کرد. هەروەها سەبارەت بە تاقیگە خۆجێیەکانی ڕووپێویی لە ناوچەی باشووردا، ۆرکشۆپێك بۆ بنیادنانی توانایەکان بۆ هەشت کەسی پسپۆڕی تاقیگەکان و تەکنیکییەکان لە بەسرا و موسەنا و میسان و زیقاردا بەڕێوەچوو.

## 6. پشکنین و دڵنیابوونەوە

ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتییەکانی تەندروستی، بۆ خۆدوورگرتن لە زیادتربوونی ژمارەی حاڵەتەکانی تووشبوون و دیاریکردنی سێ تاقیگەی تەندروستیی گشتی لە پارێزگەکانی بەغدا و هەولێر و سلێمانی وەك شوێنی تاقیکردنەوە، کاری کرد. ڕێکخراوەکە لە کۆتایی مانگی کانوونی یەکەمیشدا، پاڵپشتی و یارمەتیی خۆی پێشکەشی وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان کرد. یارمەتییەکەش بریتی بوو لە زیاتر لە ٦٥،٨٠٠ ئامرازی پشکنین بوو بۆ دەستەبەرکردنی کردەی خێرا پشکنینی ئەو کەسانەی دووچاری پەتای کۆڤید -١٩ بوونەتەوە. ئەمەیش وایکرد ژمارەیەکی زۆرتری کەسەکان پشکنینیان بۆ بکرێ. لە ٢٤ی شوباتی ٢٠٢٠یشدا چەند تاقیکردنەوە و پشکنینێکی تایبەت بە کۆڤید- ١٩ بە تێکرای ٣٨،٠٠٠ کەس لە ڕۆژێکدا بۆ زیاتر لە ٤،٣٩٥،٩٠٠ کەس کران. تێکرای ئەو تووشبوونانەی تاکو ٣١ ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٠ لە وڵاتەکەدا تەواو سەلمێندراون، گەیشتووەتە ٢،١٨٪ و ڕێکخراوەکە لە میانی دەستەبەرکردنی مادەکانی پشکنینی تاقیگەیی و مەشق لەگەڵ ٧٨،٨٥٠ پاکێجی تایبەت بە ڕاکێشانی نموونەکان و شیکردنەوە، پاڵپشتیی پێشکێشی تاقیگەی مەڵبەندیی تەندروستی گشتیی کردووە.

هەروەها ڕێکخراوەکە وەك بەردەوامیدان بە کەمکردنەوەی ئەو بۆشاییەی بەهۆی کەمیی پاکێجەکانی پشکنینەوە دروستبووە، لەگەڵ زانکۆی بەسرا لە میانی پارەدارکردنی ( التمویل) ئەو چارەسەرە داهێنراوەدا بۆ بەرهەمهێنانی کەرەستەکانی تایبەت بە پشکنین و تاقیگەکانی ڤایرۆسی کاری کردووە. ئەمەیش بووە هۆی دابەشکردنی ٣٨،٩٩٥ کەرەستەی تاقیگەیی و ٧٧،٩٩٩ ئامێر و کەرەستەی تایبەت بە پشکنین بەسەر ١٣ بەڕێوەبەرایەتیی تەندروستی و کڕین و ئامێردارکردنی ٤٦،٤٢٠ تاقیگەیی دیکەی ڤایرۆسی. جا ڕێکخراوەکە لەپێناو فراوانکردنی چوارچێوەی پشکنینەکانەوە، بۆ کردنەوەی چوار تاقیگەی نوێ لە پارێزگەکانی نەجەف و بەسرە و مەدینە توب و موسەنا و زیقار و میسان و بەغدا و کەرخ، یارمەتیی پێشکێشی وەزارەتی تەندروستی و پارێزگەکان کردووە.

## 7. دەستەبەرکردنی ئامێر و کۆمەکە پزیشکییەکان

ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی، لە میانی دەستەبەرکردنی هەزاران ئامێر و کەرەستەی خۆپارێزیی کەسی و سەدان پێداویستیی تایبەت بە نەخۆشخانەکان و پێداویستییەکانی دیکەی تەندروستی، وەك شاشەکان و ئامێرە تایبەتەکانی هەناسەدانی نێو چاودێریی چڕ و ئامادەکارەکانی ئۆکسجین و ئۆتومبێلەکانی فریاکەوتن و هەڵگرەکانی گیراوەکانی دەماری و قەرەوێڵەی چاودێریی چڕ، لەپێناو درێژەدان بە کۆمە سەرەکییەکان بۆ ئەو کەسانەی لە هێڵی پێشەوە کاردەکەن و مامەڵە لەگەڵ دۆخەکانی کۆڤید-١٩ دەکەن، لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی کاری کردووە. ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی، لە پارێزگەی کەرکووکیشدا ١٠ کەرەڤانەی کڕیوە و بۆ پتەوکردنی کاردانەوەی هەنبەر پەتایەکە، ڕادەستی بەڕێوەبەرایەتیی تەندروستیی کەرکووکی کردووە و بەسەر نەخۆشخانەکانی حەواڵەکردنیدا دابەش کردووە. ئەمەیش بۆ کردنی چەند پشکنینێکی پزیشکی و پشکنینی تاقیگەیی بووە. هەروەها کەرەڤانەیەکیشی بۆ نەخۆشخانەی گەڕەکی سناعی و یەکەی کەرەنتینکردن دابین کردووە. هەروەها نەخۆشخانەی داقووقیش کەرەڤانەیەکی بۆ دەستەبەر کرا. هەروەها نەخۆشخانەی حەویجە دوو کەرەڤانە و نەخۆشخانەی کۆماری کەرەڤانەیەك و نەخۆشخانەی ئازادیش چوار کەرەڤانەی بۆ دابین کرا. هەروەها ڕێکخراوەکە لەپێناو دروستکردنی دوو نموونەی ژووری دابڕینی پزیشکی بۆ نەخۆشان بە مەبەستی دابینکردنی پێداویستیی بەڕێوەبەرایەتیی تەندروستیی بەسرە، کۆمەك و یارمەتیی دارایی پێشکێشی زانکۆی بەسرا کرد، بۆ ئەوەی لە یەکەکانی چاودێریی چڕدا بەکار بهێندرێن، هەروەها بۆ گواستنەوەی نەخۆشەکان بەرەو شوێنەکانی تەندروستی، چەند ئۆتومبێلێکی فریاکەوتنیشی پێشکەش کردن.

هەروەها ڕێکخراوەکە بۆ دەستەبەرکردنی دابینکردنی کەرەستە و پێداویستی و ئامێر لەپێناو چارەسەرکردنی ئەوانەی دووچاری ڤایرۆسی کۆڤید-١٩ بوون و بۆ کڕینی سیستمی تاقیکردنەوەی کارلێکی بولیمیرازی یەکسەری زنجیرەدار بۆ بەڕێوەبەرایەتیی تەندروستیی کەربەلا، لەگەڵ ئاراستەکردنی بەخشینە نێوخۆییەکانیش، کارئاسانی بۆ پێشنیازکردنی چەند بەخشینێك کرد.

هەروەها ڕێکخراوەکە وەك هاوبەشێکی هەماهەنگیکار، چەند تایبەتمەندییەکی بەخشییە لایەنە بەخشەرەکان و ئەو لایەنانەش لە کڕینی ئەو ئامێر و کەرەستە و پێداویستییە خۆپارێزییانەی کەسیدا لەسەری ڕۆیشتن کە نەخۆشخانەکان زۆر پێویستیان پێیان هەیە. هەروەها ڕێکخراوەکە یارمەتیی پێشکێشی وەزارەتی تەندروستی و بەڕێوەبەرەکانی سەر بەو وەزارەتە کرد، چونکە زیاتر لە ٦٥،٨٠٠ پاکێجی پشکنین و ٧٨،٨٥٠ پاکێجی تایبەتی ڕاکێشان و وەرگرتنی نموونەکان و شیکارییەکانی کڕیوە و هەروەها ٨٥،٤١٥ پاکێجی تاقیگەیی ڤایرۆسی و ٧٧،٩٩٩ کەرەستەی دیکەی دابین کردووە کە لە کۆمەڵەکان و ئەو تاقیگەیانە کردراون. هەروەها ڕێکخراوەکە ١٠ کەرەڤانەی بۆ بەڕێوەبەرایەتیی تەندروستیی کەرکووك کڕیوە و ڕادەستی کردوون، ئەمەش بۆ پتەوکردن و پاڵپشتیکردنی کاردانەوەی هەنبەر پەتایەکە و درێژەدانە بە دابینکردنی کەرەستە و پێداویستییە سەرەکییەکان بۆ ئەو کەسانەی لە هێڵی پێشەوەن و مامەڵە لەگەڵ تووشبووانی کۆڤید -١٩ دەکەن، ئەمەیش بە کڕینی کەرەستە و پێداویستییەکانی خۆپارێزیی کەسی و سەتان پێداویستیی تایبەت بە نەخۆشخانەکان و دابینکردنی پێداویستیی دیکەی وەك شاشەکان و ئامێرەکانی هەناسەدانی تایبەت بە یەکەکانی چاودێریی چڕ و ئامێرەکانی ئۆکسجین و ئۆتومبێلەکانی فریاکەوتن و ستاندەکانی هەڵگری ئاوی بژوێنی تایبەت بەو شلانەی لە ڕێگەی کانوولەوە دەکرێنە نێو دەمارەکانی خوێن و قەرەوێڵەکانی چاودێریی چڕ. هەروەها بۆ گەیاندنی زانیاری بە زیاتر لە ١٥٠،٠٠٠ کەس و هۆشیارکردنەوەیان و گەیاندنی مادە و بابەتەکانی بواری ڕاگەیاندن، لەسەر ئاستی جڤاکە خۆجێییەکان چەند هەڵمەتێکی هۆشیارکردنەوەی بەڕێوەبردووە.

## 8. بەڕێوەبردنی دۆخەکان

بەڕێوەبردن و مامەڵەکردنێکی دروست لەگەڵ دۆخەکانی تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆڤید-١٩ ژمارەی مردنی ڕۆژانەی نێو وڵاتەکە کەمتر دەکاتەوە. خەڵك لەهەنبەر جۆری ئەو چاودێرییە تەندروستییەی لە قاوشەکانی دابڕیندا پێشکێشی نەخۆشان دەکرێن، لەبەر چەند هۆیەك هەست بە ڕەزامەندی ناکەن. ئەمەیش وادەکات زۆرێك لەو کەسانەی گومانی تووشبوونیان لێ دەکرێ مل نەدەنە پشکنینی بولیمیرازی زنجیرەدار، یانیش خەوتن لە قاوشەکانی دابڕین، یانیش لە سێکتەرە تەندروستییەکاندا چارەسەر بکرێن.

ئەم کەسانە وەهایان پێ باشترە لە چەند نۆڕینگەیەکی تایبەت و تەنیا بە بەکارهێنانی تەکنیکەکانی وێنە و تیشك دۆخی تەندروستییان دەستنیشان بکرێ کە ئاخۆ دووچاری پەتایەکە بوونەتەوە یان نا (ئەم جۆرە پشکنینەش لە دەستنیشانکردنی نەخۆشییەکەدا زۆر سنووردار و کەمتوانایە) بۆ ئەوەی لە ماڵەوە بمێننەوە، ئەمەیش بووەتە هۆی ئەوەی زۆرێك لە دۆخە مامناوەندییەکان و توند و مەترسیدارەکانیش لە ماڵەکاندا چارەسەر وەرنەگرن.

## ڕەوتی کاری ئایندەیی:

پەتای کۆڤید-١٩ کردەی دەستەبەرکردنی پاڵپشتی و یارمەتیی تەکنیکیی پێشکەشکراو بە وەزارەتی تەندروستی و ژینگەی ناچارکرد جەخت لەسەر ئەو هەوڵانەی کاردانەوە بکات کە پێوەندییان بە پەتایەکە هەیە، هەرچەندە ژمارەیەکی کەمی کارمەندانی هەریەکە لە نووسینگەی هەرێمییانەی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی و فەرمانگەکانی وەزارەتی تەندروستی و ژینگە کەمن، بەڵام ڕێکخراوەکە بەبێ سڵەمینەوە و ماندووبوون لەگەڵ دەسەڵاتە تەندروستییەکانی نیشتمانی و هاوبەشاندا، بۆ کاردانەوە لەهەنبەر پەتای کۆڤید- ١٩ دا بەردەوام بوو.

ڕاسپاردەی ڕێکخراوەکە ئامادەکردنی نەخشە ڕێگەیەکی نوێیە بۆ کاردانەوەی عێراق لەهەنبەر پەتای کۆڤید-١٩ و تەشەنەکردنی لە وڵات و کاردانەوە لەهەنبەر شەپۆڵی پێشبینیکراوی تووشبوون و نەخۆشکەوتنی نوێدا.

ڕاسپاردە و ڕێنماییەکانی ڕێکخراوەکە بۆ خۆ ئامادەکردن و کاردانەوە لەهەنبەر پەتایەکە لە قۆناغ و کاتی داهاتوودا، جێبەجێکردنی ئەو ڕێکارانەی خوارەوەیە :

- بەستنی ماسك.
- گردبوونەوەی گەورە.
- بەرزەفتکردنی سنوور.
- پشکنینە تاقیگەییەکان و چاودێریکردنێکی کارا.
- ڕێگری لە پەتایەکە و کۆنترۆڵکردنی.
- هۆشیارکردنەوە لە هەنبەر مەترسییەکان و هۆشیاریی گشتی.
- چاودێریکردن و بەڕێوەبردنی داتایەکان.
- دابڕین ( کەرەنتین) و بەڕێوەبردنی دۆخەکان.

لە کۆتاییدا، ڕێکخراوەکە لە کارکردن لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی و وەزارەتی ژینگە بەردەوام دەبێت، بێگومان ئەم کارکردنە هاوبەشەش بۆ دەستەبەرکردنی بەردەوامیدانە بە پێشکێشکردنی خزمەتەکانی کوتان و تواناداکردنی ژنان و منداڵان لە وەدیهێنانی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان و پاڵپشتیکردنی سیستمی تەندروستی بۆ دەستەبەرکردنی ئەوەی کە گشت دۆخە گوماناوییەکانی تووشبوون بە پەتای کۆڤید -١٩ و ئەو دۆخانەش کە تووشبوونیان سەلمێندراوە و کۆی ئەو کەسانەی دووچاری هەر دۆخێکی ناهەمواری تەندروستی بوونەتەوە، بەپێی پێویست چارەسەر وەردەگرن.



# نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکانی تایبەت بە مادەی هۆشبەر و تاوان

## نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان- تایبەت بە مادەی هۆشبەر و تاوان لە لێکۆڵینەوە و وەدواکەوتنی دادگەیی و بڕیاردان لەسەر ئەو تاوانانەی داعش کردوونی، یارمەتیی عێراق دەدات

لقی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر کە سەر بە نووسینگەی تایبەت بە مادەی هۆشبەر و تاوانە و سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکانە، وەك کاردانەوەیەك لە هەنبەر پێداویستییە زۆر و فراوانەکەی عێراق لە بواری بەرەنگاربوونەوەی تیرۆردا، یارمەتیی تەکنیکی پێشکەشی عێراق کردووە، بۆ ئەوەی توانای دادپەروەریی بواری تاوان و پێڕەوکردنی یاسای بەرەنگاربوونەوە و قەدەغەکردنی تیرۆر پتەوتر بکات و پاڵپشتییەکی تەواوی لێ بکات.

لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٠ دا، لە بەیرووت دوو وۆرکشۆپ بۆ ٣٣ کەسی پسپۆڕی بەرکاری عێراقی ڕێکخرا- ئەمەیش جاری یەکەمە نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان -تایبەت بە مادەی هۆشبەر و تاوان، چەند وۆرکشۆپێکی ئامادەییانە جێبەجێ بکات لەوەتەی پەتای کۆرۆنا بڵاو بووەتەوە. مەشقی یەکەمی جەختی لەسەر بەڕێوەبردن و سازدانی چەند چاوپێکەوتنێکی شوێنپێهەڵگرانە کردووەتەوە. ئامانجی سەرەکیی لە وۆرکشۆپەکە پاڵپشتیکردنی توانای بەرپرسانی جێبەجێکاری یاسایە بۆ کۆکردنەوەی ئەو بەڵگانەی دادگە لە پرسەکانی هەنبەر تیرۆر پەسندیان دەکات لەگەڵ ملکەچکردن بۆ پێوەرەکانی مافی مرۆڤ، بەتایبەتیش لەکاتی سازدانی پێوەندی لەگەڵ ژنان و منداڵاندا.

پسپۆڕێك ئاماژەی بەوە کرد کە " پەیامی سەرەکیی بەشداربووان ئەوەیە، ئەگەر ئەوان لە چاوپێکەوتندا لە پلانێکی تێروتەسەلی پێشوەختەدا نزیك بوونەوە، دواتریش بە نەرمی و هاوسۆزییەوە مامەڵەیان لەگەڵ گومانلێکراو کرد و بۆ دروستکردنی پێوەندی لەگەڵیدا کاتێکیان بەسەربرد، ئەوا بەشێوەیەکی بەرز و گەورە هاوکاری و ئاشکراکردن و هەواڵگرییەکان زیاتر دەکەن".

وۆرکشۆپی دووەمیش، پشتی بە دەرئەنجامەکانی ئەوانەی پێش خۆی بەست و جەختی لەسەر وەدیهێنانی لێکۆڵینەوە و دادگەییکردن و بڕیاردان لەسەر ئەو تاوانانە کردەوە کە ڕێکخراوی داعش کردوونی. ئەم بۆنەیە لە پرسەکانی تایبەت بە تیرۆردا بۆ هەردوو ڕەگەز، بووە هۆی کۆڕبەندێکی کارلێکییانە بۆ گفتوگۆکردن لەسەر مافەکانی مرۆڤ و کارکردە (الممارسات) هەمەگیرەکان. هەروەها جەختی لەسەر ئەو ڕێکارانە کردەوە کە لە دوورەوە لە بواری تاوانکاریدا دەگیرێنەبەر و دواتریش چارەسەریان بۆ دەستەبەرکردنی ڕێزگرتن لە مافەکانی کەسی سکاڵا لێکراو یان داواکراو دۆزییەوە، ئەمەیش وادەکات دامودەستگەکانی دادپەروەریی بواری تاوانکاری لە کاتی پەتایەکەدا بەوپەڕی سەلامەتی و خۆ دوورگرتن لە مەترسییەوە، کارەکانی خۆیان بکەن.

هەروەها ددان بە گرنگیی ئاوێتەکردنی ڕەهەندەکانی جۆری کۆمەڵایەتیدا نرا و لە ڕێکارەکانی بواری تاوانکاری و لە هەردوو وۆرکشۆپەکەدا جەختی لەسەر کرایەوە. ژنە دادوەرێکی بواری لێکۆڵینەوە کە لە یەکێك لەو دوو وۆرکشۆپەدا بەشداریی کردبوو، گوتی: " ژن لە کردەی بەرقەرارکردنی دادپەروەری و دووبارە ئاوێتەکردنەوەی کۆمەڵایەتی لە عێراقدا، بەردەوام ڕۆڵێکی سەرەکی گێڕاوە. ئەمەش هۆی ئەوەیە کە بەشداریکردنیان لە خولە مەشقییەکانی بواری ئەمنی بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و هەوڵەکانی دووبارە شیاندنەوە لەسەر ئاشتی نیشمانیدا، کارێکی زۆر پێویستە."

## شیکردنەوەی ستراتیژی و تەکتیکی بۆ بەرەنگاربوونەوەی شۆردنەوەی پارە و پارەدارکردنی (التمویل) تیرۆر

گرووپە تیرۆرستییەکان بۆ ئامادەکردن و وەگەڕخستن و پاڵپشتیکردنی ئەندامانیان و پاراستنی مەڵبەندە لۆجستییەکان و ڕێکارەکانی کردەکان، پێویستییان بەوە هەیە چەند لایەنێك پارەیان پێ ببەخشن و لایەنی داراییان بۆ دەستەبەر بکەن. کەواتە، ڕێگەگرتن لە گرووپە تیرۆرستییەکان بۆ ئەوەی نەتوانن بگەنە سەرچاوە داراییەکانیان، مەسەلەیەکی یەکلاکەرەوەی ڕووبەڕووبوونەوەیەکی سەرکەوتووانەی هەڕەشەی تیرۆرە. نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان- تایبەت بە مادەی هۆشبەر و تاوان، لەگەڵ دەسەڵاتەکانی عێراقیی وەك: بانکی مەرکەزیی عێراقی و نووسینگەی بەرەنگاربوونەوەی شۆردنەوەی پارە و بەرەنگاربوونەوەی دەستەبەرکردنی سەرچاوەی دارایی بۆ تیرۆر ( یەکەی هەواڵگریی دارایی عێراقی)، لە تاوانەکانی شۆردنەوەی پارە و تەرخانکردن و پارەدارکردنی تیرۆرستاندا، کار لەسەر شیکردنەوەی ستراتیژی و تەکتیکیی دەکەن.

نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان- تایبەت بە مادەی هۆشبەر و تاوان، لە ساڵی ٢٠٢٠دا بۆ پترکردنی کارامەیی و زانیارییەکانیان سەبارەت بە پێوەر و پرۆتۆکۆلە هەنووکییەکانی نێودەوڵەتی لە بوارەکانی کاری پێوەندیدار بە یەکەکانی هەواڵگریی دارایی، هاوکاریکردنی خۆی لەگەڵ دەسەڵاتەکان زیاترکرد. لەگەڵ ئەمانەشدا، هانی داون و بۆ توێژینەوەیەکی دروستی تەکنیکەکە کردەییە پێویستەکانی شیکردنەوەی ستراتیژی و تەکتیکی بۆ شوێنپێهەڵگرتنی دروستی مامەڵە داراییەکانەوە بگرە، تا دەگاتە گومانلێکراوان و تاوانکاران، بەشێوەیەکی کردەیی پاڵپشتیی کردوون، هەروەها لە چۆنییەتیی دانانی ئەو سیاسەتانەی لەسەر بنەمای شیکردنەوەی ستراتیژی بنیاد دەنرێن، یارمەتیی لایەنەکانی داوە.

## چارەسەرکردنی توندوتیژیی دژ بە ژنان و کچان

توندوتیژیی دژ بە ژنان و کچان، دیاردەیەکی جیهانییە و چەند ڕەهەندێکی پەتاییانەی هەیە، لەسەر گشت جڤاکەکانیشدا کاریگەری بەجێ دەهێڵێ و ماف و ئازادییە سەرەکییەکانی ژنان و کچان پێشێل دەکات.




لەوانەیە ئەو توندوتیژییە کاریگەرییەکی وێرانکەرانەی لەسەر ژیانی قوربانیان و خانەوادە و جڤاکەکانیاندا هەبێت. هیچ جڤاکێك ناتوانێ لە هەنبەر ئەو توندوتیژییە خۆی بە پارێزراو بزانێ. ئەو کردە و مومارەسە توندوتیژانەی لە هەنبەر ژنان و کچاندا دەکرێن، گشت سنووره کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و نەژادی و ئایینییەکان تێدەپەڕێنن.

نووسینگەی هەرێمییانەی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست و باکووری ئەفریقای سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان- تایبەت بە مادەی هۆشبەر و تاوان و نووسینگەی هەرێمییانەی دەستەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژنانی وڵاتانی عەرەبی، بە گوژمەی تەرخانکراو لە لایەن حکوومەتی یابانەوە، لە شوباتی ٢٠٢٠دا مەشقێکی بۆ ٣٤ ئەفسەری عێراقیی بواری جێبەجێکردنی یاسای تایبەت بە توندوتیژیی دژ بە ژنان و کچان کردەوە. ئەم بۆنە و ڕووداوە بەشێکە لە هەوڵە وەگەڕخراوەکانی پاڵپشتیکردنی عێراق لە وەدیهێنانی ئامانجە دوورمەودا و هەمیشەییەکانی گەشەپێدان- ئامانجی پێنج: " وەدیهێنانی یەکسانی لەنێوان هەردوو ڕەگەز و تواناداركردنی گشت ژنان و کچان" و پاڵپشتیکردنی کاردانەوەکانی هەنبەر توندوتیژیی دژ بە ژنان و کچان لە میانی: پاڵپشتیکردنی گەیشتن بە دادپەروەری بۆ ژنان و کچان و پاڵپشتیکردنی پێشخستنی ئەو یاسا و سیاسەتانەی پاڵپشتی لە مافەکانیان دەکات و مافەکانیان دەپارێزێ و ڕێگە لە توندوتیژیی دژ بە ژنان و کچان دەگرێت و پێشخستنی توانا دەستگەیی و پیشەییەکانی پێوەندیدار بە ڕێزگرتن و پاراستن و وەدیهێنانی مافەکانی ژنان و کچان و فەراهەمکردنی کەشوهەوایەکی ئەرێنی بۆ کچان و ژنان بۆ ئەوەی داوای مافەکانیان بکەن و ببنە لایەنی کارای گۆڕانکاری، مەسەلەیەکی هەرە گرنگە.

## هاوکاریکردن و پاڵپشتیکردنی ئەو ژن و کچانەی لە توندوتیژیی جۆری کۆمەڵایەتی (ڕەگەزی) دەرباز بوون

هەر لە کاتی بڵاوبوونەوە و تەشەنەکردنی پەتای کۆرۆناوە چەند داتا و ڕاپۆرتێك زیادبوونی گشت جۆرەکانی توندوتیژی و بەتایبەتیش توندوتیژیی خانەوادەیی و ماڵەوەیان دژ بە ژنان و کچان دەرخستووە. تەنانەت پێش پەتای کۆرۆناش، توندوتیژیی دژ بە ژنان یەکێك بووە لە بڵاوترین پێشێلکارییەکانی دژ بە ژنان، چونکە لە جیهاندا لە کۆی هەر سێ ژنێك ، ژنێك لە لایەن هاوبەشێکی نزیکییەوە، دووچاری توندوتیژیی جەستەیی یان سێکسی دەبێتەوە. جا وەك کاردانەوەیەك لە هەنبەر ئەم پرسەدا و بە پاڵپشتیی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، چەند بانگخوازێکی بەناوبانگ لە سەرجەم شوێنەکانی وڵاتانی عەرەبی بۆ بەرهەمهێنانی ڤیدیۆیەك کۆبوونەتەوە کە سەبارەت بە ڕاگەیاندنی خزمەتگوزاریی گشتی بۆ هۆشیارکردنەوە لە هەنبەر زیادبوونی توندوتیژیی دژ بە ژنان و کچان لە کاتی پەتای کۆرۆنادایە. ڤیدیۆیەکە بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی لەنێوبردنی توندوتیژیی دژ بە ژنان کە لە ٢٥ تشرینی دووەمی هەموو ساڵێکدا یادی دەکرێتەوە، بەرهەمهێنرا و پیشان درا، دواتریش هەڵمەتی جیهانی بۆ ماوەی ١٦ ڕۆژ بەدوایدا هات کە چالاکییەکی ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژیی جۆری کۆمەڵایەتییە، بەرهەمهێنانی ڤیدیۆکەش لە لایەن دەستەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژن، بەرنامەی خۆراکی جیهانی، ڕێکخراوی خۆراك و کشتوکاڵ، بەرنامەی هاوبەشی نەتەوە یەکگرتووەکان -تایبەت بە ڤایرۆسی کەمبوونەوەی بەرگریی لەشی مرۆڤ/ ئایدز و سندووقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتووان، نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان- تایبەت بە مادەی هۆشبەر و تاوان، ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانییەوە بوو.

ڤیدیۆیەکە بە پێوەندیەکی وروژێنەر و سەرنجراکێشی ڤیدیۆیی دەست پێدەکات، تیایدا ژنێکی نەناسراو کەوا دووچاری توندوتیژیی خانەوادەیی بووەتەوە، داوا لە دەستەخوشکەکەی دەکات لە پێوەندیکردن بە هێڵی گەرم - بەهۆی نامەیەکی کۆددارەوە- یارمەتیی بدات، چونکە دەترسێ تاوانکار و دەستدرێژیکارەکە گوێی لێبێت. لە دوای داواکارییەکەش چەند نامەیەکی پشتگیری و بانگەشەکردن و داواکاری لە بینەران دێت بۆ ئەوەی یارمەتیی ئەو ژن و کچانە بدەن کەوا لە توندوتیژیی دەربازبوون. بڕگە و گرتە ڤیدیۆییەکە کە لە هۆکارەکانی پێوەندیی کۆمەڵایەتی و ئەپلیکەیشنەکانی نامە ناردندا بڵاوکراونەتەوە، لینکی پێگەیەکی تیادایە کە چەندان زانیاری و سەرچاوە لەخۆ دەگرێ، وەك ئەو پەناگە و هێڵە گەرمانەی بۆ ئەو ژن و کچانە تەرخان کراوە کەوا لە ناوچەکە و بەتایبەتیش لە عێراقدا دووچاری توندوتیژی دەبنەوە.

هەروەها لەنێو مرۆڤە بەناوبانگەکانی ناوچەی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست و باکووری ئەفریقا، ڤیدیۆیەکە نامەیەکیشی تیادایە کەوا " خاتوو نادیە موراد"- ی باڵیۆزی نیازپاکی لە نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکانی تایبەت بە مادەی هۆشبەر و تاوان، بوونی هەیە. خاتوو نادیە موراد بۆ یەکەمین جار وەك باڵیۆزی نیازپاکی لەپێناو کەرامەتی ڕزگاربووانی نێو دۆخی بازرگانیکردن بە مرۆڤ دیاری کراوە. نادیە موراد لە ساڵی ٢٠١٤ دا و لە تەمەنی نۆزدە ساڵیدا لەگەڵ هەزاران ژنی دیکە لە گوندی کۆجۆی سەر بە شنگالی باکووری عێراق ڕفێندراوە. لە کاتی دەستبەسەرداگرتنی وەك بارمتەیەك لە لایەن چەکدارانی ڕێکخراوی داعشەوە، دووچاری پێشێلکاریی زۆر مەترسیدار و قێزەون بووەتەوە. دوای سێ مانگ لە دیلییەتی توانیویەتی ڕابکات و خۆی دەرباز بکات، نادیە موراد لەگەڵ دینیس مۆکۆیجی لە هەنبەر هەوڵەکانیان بۆ کۆتایی هێنان بە بەکارهێنانی توندوتیژیی سێکسی وەك چەکێك لە جەنگ و ململانێی چەکداری، لە ساڵی ٢٠١٨ دا نۆبلی ئاشتییان وەرگرتووە.

## بەرەو تۆڕێکی ژنانە لە پێناو بەرەنگاربوونەوەی بازرگانیکردن بە مرۆڤ و بەقاچاغبردنی کۆچبەران

تۆڕی ژنانە بۆ پاڵەوانانی جۆری کۆمەڵایەتی بۆ بەرەنگاربوونەوەی بازرگانیکردن بە مرۆڤ و بەقاچاغبردنی کۆچبەران، کە لە ساڵی ٢٠٢٠ دا لە چوارچێوەی کاری جیهانی بۆ بەرەنگاربوونەوەی بازرگانیکردن بە کەسەکان و بەقاچاغبردنی کۆچبەران (لە ئاسیا و خۆرهەڵاتی نێوەڕاست) ڕاگەیەندرا، لە کۆمەڵگەیەکی چالاکی ئەو ژن و پیاوانە پێکهاتووە کە داکۆکی لە مافی ژنان دەکەن و کار لەسەر دانانی چەند سیاسەتێك و کەرتی دادگە و دادپەروەری و پێڕەوکردنی یاسا و جڤاکی مەدەنی و چەند قەوارەیەکی پێوەندیداری دیکەی خۆجێیی دەکەن. تۆڕەکە بۆ یارمەتیدان لە چارەسەرکردنی سرووشتی ڕەگەزییانەی بازرگانیکردن بە کەسەکان و بەقاچاغبردنی کۆچبەران و نوێنەرایەتیی کەموکورتیداری مەترسیداری ژنانی کارا لەو دەستگە پێشەنگانەی کەوا کاردانەوەیان لە هەنبەر بازرگانیکردن بە مرۆڤ و بەقاچاغبردنی کۆچبەراندا دەبێت، پێکهێنراوە.

یەکێك لە ئامانجە سەرەکییەکانی تۆڕەکەش دەستەبەرکردنی مەشقی پیشەیی و مەشقکردنە بەو ئەندامانەی خۆی کەوا لەنێو پرسەکانی تایبەت بە بازرگانیکردن بە مرۆڤ و بەقاچاغبردنی کۆچبەراندا کار دەکەن، هەروەها لە میانی کردەی ڕاوێژکردن لەپێناو پێشخستنی نەخشە ڕێگەیەك بۆ کارکردن، ئەندامان پرسی ڕێگەکانی بەرزەفتکردنی ئەو جۆرە بازرگانانەیان وەك یەکێك لە کارە لەپێشینەکانی مەشقی هونەری داناوە. لەبەرئەوە، تۆڕی کاری جیهانی بۆ ڕۆژی دووەم لە ١٦ و ٢١ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٠ سەبارەت بە ڕێگەکانی چاودێریکردنی بازرگانان، دانیشتن و کۆڕبەندێکیان ڕێکخست. زۆریش گرنگە تێبگەین کە سەرکەوتنی بازرگانانی بواری بازرگانیکردن بە مرۆڤ، تەنیا بەهۆی بەرزەفتکردنی قوربانییەکانیانەوە دێتە دی، چونکە قوربانیانی بازرگانیکردن بە مرۆڤ بە حوکمی پێناسەکەیەوە بەو ڕووداوانە ڕازی نین کە بەسەریان دێت. بازرگانەکان بەپێی قوربانییە تاکەکەسییەکە و جۆری بازرگانییەکە و قۆناغی کردەی بازرگانیکردنەکە و سرووشتی پێگە و شوێنەکە و ئەو دەرفەتانەی هەلومەرجەکان دەستەبەری دەکەن، چەند ڕێگە و نۆرمێکی هەمەچەشنی چاودێریی دەگرنەبەر.

دەستپێشخەریی کاری جیهانی دژ بە بازرگانیکردن بە کەسەکان و بەقاچاغبردنی کۆچبەران- ئاسیا و خۆرهەڵاتی نێوەڕاست، دەستپێشخەرییەکی هاوبەشی یەکییەتیی ئەورووپایە و ماوەکەی چوار ساڵە (٢٠١٨-٢٠٢٢) بە بەهای ١٢ ملیۆن یۆرۆ و نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان- تایبەت بە مادەی هۆشبەر و تاوان بە هاوبەشی لەگەڵ ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ کۆچ لە چوار وڵاتدا لە جێبەجێکردندایە، وڵاتەکانیش: کۆماری ئیسلامیی ئەفغانستان و کۆماری ئیسلامیی ئێران و کۆماری عێراق و کۆماری ئیسلامیی پاکسانن.



# ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ

ڕێکخراوی نێودەوڵەتی‌یی کۆچ - عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ دا دامەزراوە، زیاتر لە ١،٥٠٠ کارمەندی هەن کە بەسەر نووسینگەکانی بەغدا و هەولێر و بەسرە و مووسڵدا دابەش بوون، ژمارەی نووسینگە لاوەکییەکان لە چەند شوێن و پێگەیەکی زۆر گرنگدان. ڕێکخراوەکە لەگەڵ حکوومەتی عێراقیدا بۆ پێشکەشکردنی پاڵپشتی و کۆمەك بە سوودمەندانی هەر ١٨ پارێزگەی عێراقی، کار دەکات. کاری لە پێشینە و سەرلیستی ڕێکخراوەکە لە ساڵی ٢٠٢٠ دا ، وەدیهێنانی پێداویستییە سەرەکییە دەستەبەرنەکراوەکانی ئەو کەسانە بوو کە ماوەیەکی زۆر دوورودرێژە لە دۆخی ئاوارەییدا دەژیەن لەگەڵ توێژە کەمدەرامەتەکانی دانیشتووان، هاوکات ڕێکخراوەکە لە دانانی بەرنامەکانی وەدیهێنانی کاریگەریی دوورمەودا بەردەوام بووە. ڕێکخراوی کۆچی نێودەوڵەتی ، ئەندامی تیمی مرۆییانەی نەتەوەیەکگرتووەکان و تیمی هەرێمییانەی نەتەوە یەکگرتووەکانە و سەرۆکایەتیی تیمی بەڕێوەبردنی بەرنامەکان و تیمی کاری پێوەندیداری سەرلیستەکانی تایبەت بە " ئابووریی بۆ هەمووان" دەکات، هەروەها بەشداری لە سەرۆکایەتیکردنی کۆمەڵەی هەماهەنگی و بەڕێوەبردنی کەمپەکان و کۆمەڵەی نیشتمانیی تایبەت بە پەناگە و یارمەتییە ناخۆراکیەکان دەکات -لە ناوچەکانی نێوەڕاست و باشووردا- هەروەها سەرۆکایەتیی تیمی کاری تایبەت بە چارەسەرە بەردەوامەکانیش دەکات.

## ئامادەباشی و کاردانەوە

### دەستەبەرکردنی پەناگە و پێداویستی و مادە ناخۆراکییەکان

ڕێکخراوی نێودەوڵەتی‌یی کۆچ ، یارمەتی و کۆمەکی ناخۆراکییانە پێشکەشی خانەوادە کەمدەرامەتەکان و ئاوارەکان و ئەو ئاوارانەش دەکات کە بەمدوواییە چوونەتەوە سەر ماڵوحاڵی خۆیان. ڕێکخراوەکە لە ئەنبار و بەغدا و دیالە و دهۆك و هەولێر و کەرکووك و نەینەوا و سەلاحەدیندا بەرنامەی یارمەتییە ناخۆراکییەکانی جێبەجێ کردووە، تیایاندا پێداویستیی زستانەی بەسەر ٢١٠ خانەوادەدا دابەش کردووە، هەروەها ٦،٦٦٢ خانەوادە پاکێجی پڕ لە مادەی سەرەکیی ناخۆراکیان وەرگرتووە و ٨،٩٥٠ خانەوادەش پاکێجی قەرەبووکردنەوەیان وەرگرتووە کە مادەی ناخۆراکیان تیادابوو، هەروەها ١٣٢٠ خانەوادەی نێو خێوەتگەکانیش پاکێجی پێداویستییەکانی ناندین ( مگبخ) و فەرشی پلاستیکی و پێداویستیی دیکەیان وەرگرتووە. هەروەها ڕێکخراوەکە ژمارەی پسوولە ئەلیکترۆنییەکان و یارمەتییە مەرجدارە دراوییەکانی زیادکردووە. کۆمەکە دراوییەکانیش لە چوارچێوەی بەرنامەی پاڵپشتیکردنی مادەی ناخۆراکیدا بوو. جا بەهۆی پێشکێشکردنی ئەو خزمەتگوزارییانەوە سوودمەندان لە کڕینی پێداویستییە سەرەکییەکانیاندا جۆرە ئازادییەکی هەڵبژاردن و نەرمی و گونجاوییان وەدەستهێنا. هەروەها ڕێکخراوەکە، لە میانی بەرنامەی دراو لە بەرانبەر کاردا و بۆ تەواوکردنی دووبارە شیاندنەوەی ١،١٤٥ خانوو کە جەنگ لە ئەنبار و دیالە و کەرکووك و نەینەوا و سەلاحەدین وێرانی کردبوون، چەند بڕە پارەیەکی بەسەر ٢،١٧٠ خانەوادەدا دابەشکرد. هەروەها ڕێکخراوەکە لە میانی کارکردنی گرنگ بۆ دەستەبەرکردنی پەناگە، ١٢٢ یەکەی دروستکرد کە ١٩٢ خانەوادەی کەمدەرامەت سوودیان لێی وەرگرت. هەروەها ڕێکخراوەکە لەپێناو دووبارە بنیادنانەوەی شەقامە نێوخۆییەکانی کەمپی جەدعە ٥ لە نەینەوا و نۆژەنکردنەوەی ئەو ڕێگەیانەش پاڵپشتی و کۆمەکی پێشکەش کرد کە دەچنەوە سەر هەردوو کەمپی جدعە ٥ و جدعە ١.

### گواستنەوە و گەیاندن

ڕێکخراوی نێودەوڵەتی‌یی کۆچ بۆ ئاوارە و پەناخوازانی سووری، خزمەتگوزارییەکانی گواستنەوە و گەیاندن دەستەبەر دەکات. ڕێکخراوەکە لە ساڵی ٢٠٢٠ دا بۆ بەرژەوەندیی ٨٥٠ ئاوارە لە کەرکووك و سەلاحەدین، خزمەتگوزاریی گواستنەوە و گەیاندنی نێو کەمپەکانی ڕێکخست، چونکە هەندێك لەو ئاوارانە بەهۆی ڕێژەی داخستنی خێوەتگەکانیان یانیش بەهۆی کردەکانی یەکخستنی خێوەتگەکان، پێویستیان بەوە بوو بگوازنەوە خێوەتگەی دیکە. هەندێکی دیکەش پێویستیان بەوە بوو بە مەبەستی چوونەوە نێو خانەوادەکانیان و کۆبوونەوەی خێزان بەهۆی داواکاریی لایەنە کارایەکانی حکوومەت یانیش بەڕێوەبەرایەتیی کەمپەکانەوە، پێویستیان بە سەفەر هەبوو. لەمبارەیەوە خزمەتگوزاریی

گواستنەوە لە خاڵەکانی پشکنینی سنووری لە نەینەواوە بۆ کەمپەکانی دهۆك بۆ هەندێك خانەوادەی پەناخواز دەستەبەر کرا کە ژمارەیان ٤،٠٠٤ خانەوادە بوو و ١٨،٩٥٤ کەسیش دەبوون.

## هەماهەنگی و بەڕێوەبردنی خێوەتگە و کەمپەکان

بەرنامەی هەماهەنگی و بەڕێوەبردنی خێوەتگەکان لە ڕێکخراوی کۆچی نێودەوڵەتیدا، چوار ڕەگەز و لایەنی پاڵپشتیکردنی خێوەتگە ڕەسمییەکانی پەناخوازان و شوێنە نارەسمییەکانیش دەگرێتەوە؛ بەتایبەتیش دەستەبەرکردنی تیمە گەڕۆکەکانی کاردانەوە و یارمەتیدان و پاڵپشتیکردنی بەڕێوەبردنی خێوەتگەکان و بنیادنانی توانایەکانی بەڕێوەبردنی کەمپەکان و بەڕێوەبەرایەتیی ڕاستەوخۆی کەمپەکان. پرۆژەکانی هەماهەنگی و بەڕێوەبردنی خێوەتگەکان لە ڕێکخراوەکەدا چالاکییەکانی چاودێری و چاککردنەوەش دەگرێتەوە ؛ بۆ نموونە چاککردنەوەی ژێرخانی شوێنەکە و تۆڕەکانی کارەبا و بۆڕی و حەنەفییەکانی ئاو لە ٢٤ کەمپ و ٨٩ شوێنی نارەسمیی لە ئەنبار و بەغدا و نەینەوا و سەلاحەدین، کە ٢٨،٠١٤ کەس سوودی لێ وەردەگرن.

## تەندروستی

ڕێکخراوی نێودەوڵەتی‌یی کۆچ ، بۆ وەدیهێنانی پێداویستییەکانی ئاوارە و گەڕاوەکان و جڤاکە خانەخوێیەکانیان ، پاڵپشتیی لە سیستمی تەندروستیی نیشتمانی دەکات . زیاتر لە ١٣٩،٦٨٩ ڕاوێژ لە بواری چاودێریی سەرەتاییی تەندروستی لەمیانی پێنج نۆڕینگەی جێگیر و دوو تیمی گەڕۆکی پزیشکی لە بواری خزمەتگوزارییەکانی چاودێریی سەرەتاییی تەندروستی و پێنج تیمی گەڕۆکی پزیشکیی تایبەت بە نەخۆشیی سیل و یەك تیمی گەڕۆکی تایبەت بە پزیشکیی چاوەوە پێشکێش کراون.

جگە لەمانەیش، ڕێکخراوەکە چالاکییەکانی خۆی فراوانتر کردووە و خزمەتگوزاریی پێویستی بۆ بەرپەرچدانەوەی پەتای کۆڕۆنا پێشکێش کردووە. ڕێکخراوەکە لە ئایاری ساڵی ٢٠٢٠ ەوە کۆمەك و پاڵپشتیی پێشکەشی ٢٣ سێکتەری نەخۆشانی دەرەوە و شەش بنکەی نێوخۆیی نەخۆشان کردووە؛ بە پێنج نۆڕینگەی نێو خێوەتگەکانی پارێزگەی هەولێر و ئەنبار و بەغدا و کەرکووك و نەینەوا و دهۆکیشەوە. هەروەها پشکنینی تایبەت بە دەستنیشانکردنی نەخۆشی و جیاکردنەوەی نەخۆشەکانی کردووە، چونکە زیاتر لە ٢٣٤،٠٠٠ نەخۆش کەوتوونەتە بەر پشکنینی کۆڕۆنا پێش ئەوەی چاویان بە دکتۆر بکەوێت و ڕاوێژی پزیشکییانە وەربگرن. هەروەها ١٨٠ کەس لە سێکتەرەکانی چاودێریی تەندروستی سەبارەت بە تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆڕۆنا و ڕێگەکانی خۆپارێزی و بەرزەفتکردنی نەخۆشییەکە، مەشقیان پێ کرا. هەروەها ٥١ کەس لە بواری تەندروستیی تایبەت بە دەروازەی فڕۆکەخانەکانی هەولێر و بەغدا و دەروازەی ئیبراهیم خەلیل، سەبارەت بە ڕێکارە پێڕەوکراوەکانی نێو دەروازەکانی چوونە ژوورەوە لە کاتی پەتای کۆڕۆنادا مەشقیان پێ کرا. هەروەها چەند خولێکی مەشقیش سەبارەت بە چالاکییەکانی ئاگادارکردنەوەی دەسەڵاتەکان لە هەنبەر مەترسییەکان و چالاکییەکانی بەشدارپێکردنی جڤاکی خۆجێیی تایبەت بە کۆڤید- ١٩ ، لەو شەش پارێزگەی پێشتر ئاماژەمان پێیان کرد جێبەجێ کران. هەروەها ڕێکخراوەکە بە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتیی تەندروستی و وەزارەتی تەندروستی و هاوبەشان لە کۆمەڵەی تایبەت بە تەندروستی، کاری لەسەر دیاریکردنی کار و دەستووردانە سەرەکییەکانی تایبەت بە کاردانەوە لە هەنبەر کۆڤید -١٩ و ئاشنابوون بە دەرفەتە ڕەخسێندراوەکانی زیادکردنی چاودێریی نەخۆشییەکە کاری کرد و هەنگاوی گرنگی هەڵێنا.

## بەردەوامبوون و پێوەندیی هەمیشەیی لەگەڵ جڤاکەکاندا

ڕێکخراوی نێودەوڵەتی‌یی کۆچ ، بۆ دانیشتووانی زیانلێکەوتووی نێو قەیرانەکان، هانی پێوەندیی دوولایەنەی بەردەوام و بڵاوکردنەوەی زانیاری دەدات سەبارەت بە چەندان بابەت و پرسی تایبەت بە هۆشیارکردنەوەی تەندروستی و سەلامەتیی کەمپەکان و ئامراز و پێداویستییەکانی دروستکردنی کەمپەکان و کۆچی نایاساییشەوە.

لە ساڵی ٢٠٢٠ دا، نزیکەی ٣٧٨٤ ئاوارە لە خولەکانی هۆشیارکردنەوەی تایبەت بە چەند پرس و بابەتێك بەشدارییان کرد؛ بە بەرەنگاربوونەوەی جگەرەکێشان و پاکوخاوێنی و لافاوەکان و بەرەنگاربوونەوەی فێڵ و تەڵەکەبازی و دراو لە بەرانبەر مادەی ناخۆراکی و خۆکوشتنیشەوە. هەروەها ٤٤٣٧١ مادەی هۆشیارکردنەوە دابەشکران و ١٧٠٩ ئاوارەش لە چالاکییەکانی بەشداریکردنی جڤاکەکان بەشدار بوون ( بۆ نموونە ئەو گفتوگۆیانەی جەخت لەسەر کۆمەڵەکان دەکەنەوە) لەگەڵ دابەشکردنی ٣٠٥٥ پاکێجی زانیاریی زستانە و ٦٤٩٢ پاکێجی زانیاریی هاوینە لە تەك گەیشتن بە مادە ناخۆراکییەکانیشەوە.

## سەقامگیری و پاراستنی جڤاکەکان

یەکەی سەقامگیریی جڤاکەکان لە ڕێکخراوی کۆچی نێودەوڵەتی لە عێراقدا، ئامانجی چارەسەرکردنی پاڵنەرەکانی ململانێ و ئاوارەییە لە میانی ڕێبازێکەوە کە جڤاك بۆ پتەوکردن و بەهێزکردنی گونجان و یەکییەتیی کۆمەڵایەتی و چاکترکردنی دروستیی ئەقڵی و سۆزی لە ناوچە بەئامانجگیراوەکاندا دەیجووڵێنێت و سەرکردایەتی دەکات.

بەرنامەی سەقامگیری لە ڕێکخراوەکەدا بۆ گەڕاندنەوەی هەستکردن بە ئاسایش و ئارامی و زیاترکردنی کارامەییی خودی و جڤاکی و پێشخستنی هۆکارەکانی مامەڵەکردن لەگەڵ ڕابردوو و گەڕاندنەوەی هیوا، پاڵپشتیی ئاوارە و ئاوارە گەڕاوەکان دەکات. ڕێبازی ڕێکخراوەکە بەرنامەکانی پتەوی و یەکییەتیی کۆمەڵایەتی و نیشتەجێکردن و یارمەتیدان لە پرسەکانی تایبەت بە زەوی و موڵکەکان، دروستیی ئەقڵی و یارمەتیدانی دەروونی و کۆمەڵایەتی، چالاکییەکانی بژێوی و پرۆژەکانی خزمەتگوزاریی جڤاکەکان و پاڵپشتیکردنی ئاوێتەکردنی جەنگاوەرانی پێشوو و ئەو کەسانەش دەگرێتەوە کە باوەڕەکان وەهان پەیوەستبوونی توندڕۆیانەیان هەیە.

ڕێکخراوەکە لە ساڵی ٢٠٢٠ دا، لە ٢٦ شوێن کاری کردووە؛ بە شوێنە شارستانییەکان و کەمپەکانی پەناخوازان و مەڵبەندەکانی گەنجان و وەرزش و خێوەتگە هەرەمەکییەکانی دوانزە پارێزگەکەشەوە، وەك پارێزگەی: ئەنبار و بەغدا و بەسرە و دهۆك و دیالە و هەولێر و کەربەلا و کەرکووك و نەجەف و نەینەوا و قادسیە و سەلاحەدین. ڕێکخراوی کۆچی نێودەوڵەتی بەشێوەیەکی گشتی ١٩٠٠٥٨ خزمەتگوزاریی پێشکێش کردووە ( ٩٨٢٨٤ بۆ ژنان و کچان و ٩١٧٧٤ بۆ کوڕان و پیاوان) و ٢٧٨٣٧یش بۆ سوودمەندی نوێ ( ١١٢٢٥٣ سوودمەند).

لەگەڵ ئەو ئامانجە دوورمەودایەی کە خۆی لە گواستنەوەی بەڕێوەبردنی ئەو خزمەتگوزارییانە بۆ لایەنە کارایەکانی خۆجێیدا دەبینێتەوە، ڕێکخراوەکە لە دهۆك و نەجەف و نەینەوا جەختی لەسەر پاڵپشتیکردن و یارمەتیدانی ١٨ ڕێکخراوی خۆجێیی کۆمەڵی مەدەنی کردەوە لەگەڵ مەشقپێکردن و بەخشینی بچووك و ئاراستەکردن و مەشق لە شوێنەکاندا. بێجگە لەمانەیش، ڕێکخراوەکە بەشداریی بە ٨ ڕێکخراو کردووە، ئەمەیش لەپێناو کەسانی پەککەوتە و کەمئەندام بوو لە سەرانسەری وڵات بە مەبەستی ڕاوێژکارییەکان و بەرنامە هاوبەشەکانی تایبەت بە زیادکردنی نوێنەرایەتی و گەیشتن بە خزمەتگوزارییەکان. هەروەها ڕێکخراوەکە لە پاڵپشتیکردن و یارمەتیدانی هەوڵەکانی حکوومەتی عێراقی بۆ دانانی پرۆژە یاسای تایبەت بە ڕزگاربووانی ئێزدی بەردەوام بووە کە ئێستە لە قۆناغی پێش کۆتاییی داڕشتن و پەسندکردنە.

ڕێکخراوی نێودەوڵەتی‌یی کۆچ بە هەماهەنگی لەگەڵ نووسینگەی ڕاوێژکاریی ئاسایشی نیشتمانیی سەر بە حکوومەتی عێراقی، بۆ پێشکەشکردنی پاڵپشتی و یارمەتیی هونەری بە حکوومەتی عێراقی کاردەکات، ئەم کار و هەوڵانەش بۆ داڕشتنی چوارچێوەی کارە لەپێناو چاودێریکردن و هەڵسەنگاندنی ستراتیژی نیشتمانی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو توندڕۆییەی دەبێتە هۆی تیرۆر و تۆقاندن. ڕێکخراوەکە لە ساڵی ٢٠٢١ دا ، بۆ یارمەتیدان و پاڵپشتیکردنی حکوومەتی عێراقی لە ئاڵوێرکردنی بیروڕایەکان لە ئینتەرنێت و لە میانی سەردانە کەسییەکانی نێوان لیژنەی بەدواداچوونی ڕاوێژکاریی ئاسایشی نیشتمانی- کەوا ستراتیژی نیشتمانییانە جێبەجێ دەکات هەروەها ئەو هاوشان و هاوپیشە ئەوروپییانەی لەپێناو بەرەنگاربوونەوەی توندڕۆیی لە وڵاتەکانیان بەرنامەکە پێڕەو دەکەن- پلانی تۆکمە دادەنێ.

جگە لەمانەیش، ڕێکخراوەکە لە پێشکێشکردنی یارمەتیی بواری پاراستن بەو دانیشتووانانە بەردەوام دەبێت کەوا ململانێیەکە کاری لێیان کردووە، هەروەها لە پاڵپشتیکردن و یارمەتیدانی پەناخوازە بێدەسەڵات و کەمدەرامەتەکان و قوربانیانی بازرگانیکردن بە مرۆڤ بەردەوام دەبێت، بۆ ئەوەی یارمەتیی خزمەتگوزارییەکانی پاراستن بگاتە ٤٩٠٦ کەس. ئەم خزمەتگوزارییانەش بریتین لە: بەڕێوەبردنی دۆخەکانی توندوتیژیی ڕەگەزی و ڕاوێژکاریی زانیارییەکان، حەواڵەکردنەکان، بە یارمەتیدانی کتوپڕی دارایی؛ دەستەبەرکردنی هۆکارەکانی پاراستنی کەرامەت و پاراستن؛ چاودێریکردنی پاراستن و هەڵسەنگاندنی پێداویستییەکانی خانەوادە؛ دانیشتنەکانی هۆشیارکردنەوەی تایبەت بە پاراستنی هەنبەر ماف و خزمەتگوزاریی نێو کەمپەکان؛ مەشقکردن سەبارەت بە دۆخەکانی پاراستنی سەرەکی بە پاراستن و بنەمایە مرۆییەکان و گشتاندنی پاراستن و توندوتیژیی جۆری کۆمەڵایەتی و



بازرگانیکردن بە مرۆڤ؛ دەستەبەرکردنی یارمەتیی یەکسەری دراوییانە بۆ پەناخوازانی بێدەسەڵات و کەمدەرامەت و هاووڵاتیانی وڵاتانی جیهانی سێیەم و بەڕێوەبردنی دۆخەکانی گەڕانەوەی خۆویستانە بۆ نیشتمانیش.

## گەڕانەوە و بووژانەوە

بەرنامەی گەڕانەوە و چاکبوونەوە لە ڕێکخراوەکەدا، لە میانی بەکارهێنانی ڕێبازێکی سەرانسەریی چاکبوونەوە و سەقامگیری لە جڤاکدا، پاڵپشتیی ئاوارە و ئاوارە گەڕاوەکان و جڤاکە خانەخوێیەکان دەکات. ئەمەیش پێشکەشکردنی یارمەتیی ژێرخانی جڤاك و چاکبوونەوەی ئابووری و یارمەتیدانی ڕێگەکانی بژێوی و پاڵپشتیکردنی کارای توانایەکانی جڤاکی مەدەنییە بۆ بەشدارییپێکردنی جڤاکە خۆجێییەکان و لایەنە بەرژەوەندیدارەکان. لەمساڵدا، ڕێکخراوەکە چەند چالاکییەکی هەبوو کە بۆ تاکەکەسەکان و جڤاکەکانی ١٥ پارێزگەی عێراق کاریگەرییەکی هەستپێکراوی لەسەر چاکترکردنی هەلومەرجەکانی ئاوێتەکردنی بەردەوامی ئابووری و کۆمەڵایەتیدا هەبوو. هەوڵەکانی ڕێکخراوەکە جەخت لەسەر ئەو ناوچانە دەکاتەوە کە دووچاری هەلومەرجی دژواری بژێوی و ژمارەیەکی زۆری ئاوارە گەڕاوەکان بوونەتەوە.

ڕێکخراوەکە بە ئامانجی پاڵپشتیکردن و یارمەتیدان لە ڕەخساندنی دەرفەتی کاری دوورمەودا، لە پارێزگەکەدا پاڵپشتیی نزیکەی ٣٥٨ دەستگەی بچووك و مامناوەندی کرد، ئەمەیش لە میانی پێدانی گوژمەی پرۆژەکان بوو بۆ دەستپێکردن یان فراوانکردنی کارەکانیان و ڕەخساندنی ١٧١٠ دەرفەتی نوێی کار لەگەڵ پاراستنی ١٩٣٢ کار و پیشەی بەرکار. هەروەها بە ڕێژەی ٥٩٣٠٩٥٥ دۆلار پاڵپشتی لە ٣٥٨ پرۆژەی بچووك و مامناوەندی کرا. جگە لەمانەیش لە میانی دەستگە و دامەزراوە بچووکەکاندا پاڵپشتیی لە دەرفەتی کاری کورتمەودا کرا. ٢٦٦ کەسی سوودمەندیش (١٩٧ نێر و ٦٩ مێ) یارمەتیی تاکەکەسیی بژێوییان پێشکێش کرا. لەنێو ئەو کەسانەشدا ٢٢٣ پاکێجی پاڵپشتیکردنی کاروبارەکانیان وەرگرت بۆ دەستپێکردنی کارە تایبەتەکانیان و ٩ کەسیش بەشدارییان لە مەشقی پیشەییدا کرد و ٣٤ کەسیش لە کاتی مەشقی سەر کاردا بەشداربوون. هەروەها ڕێکخراوی کۆچی نێودەوڵەتی، بۆ دووبارە شیاندنەوەی ژێرخانی سەرەکیی ١٥ پارێزگەکە ، ٨٤ پرۆژەی تەواوکرد. ژێرخانەکانیش بریتی بوون لە وێستگەکانی ئاو، تۆڕەکانی کارەبا، قوتابخانەکان، بازارەکان، نەخۆشخانەکان، ئاودێری و ژێرخانی کشتوکاڵی.

ڕێکخراوەکە لە ساڵی ٢٠٢٠ دا، لە نەینەوا و ئەنبار و سەلاحەدین و دیالەدا شەش مەڵبەندی سەرچاوە جڤاکییەکانی وەگەڕخست. ئەم مەڵبەندانە لە پێناو پاڵپشتیکردنی ڕێبازی چاکبوونەوە و سەقامگیری و بەستنەوەی جڤاکە خۆجێییەکان بە چالاکییە مرۆییەکان و چاکبوونەوە، کار دەکات.

هەرچەندە ئەو مەڵبەندانە بە هۆی پەتای کۆرۆناوە داخران، بەڵام لە بەڕێوەبردنی چالاکییە خۆبەخشییەکانی هەنبەر ڤایرۆسی کۆڤید- ١٩ و سەرکردایەتیکردنی هەڵمەتەکانی هۆشیارکردنەوە بۆ ڕاگەیاندنی چالاکی و خزمەتگوزاری و چۆنییەتی تۆمارکردن تیایدا، ڕۆڵێکی سەرەکی گێڕا. هەروەها مەڵبەندەکانی سەرچاوە جڤاکییەکان بۆ پێشکەشکردنی چەند خزمەتگوزارییەك کە لە دوورەوەڕا بەڕێوە دەبرێن، سوودیان لە پێگە و سەکۆیەکانی ئینتەرنێت وەرگرت، وەك کۆڕ و وانەکانی تایبەت بە کۆڤید-١٩ و وانەکانی تواناندارکردنی منداڵان بۆ ئەوەی بە وانەکانیان ڕابگەن و تۆمارکردنی پێداویستییەکانی کەسانی سوودمەندن و حەواڵەکردنیان بەرەو لای پێشکێشکارانی خزمەتگوزاری. تا ئێستە مەڵبەندەکان خزمەتگوزارییان پێشکێشی ١١٣٢٢ کەسی سوودمەند کردووە.

## چارەسەرە بەردەوام و دوورمەودایەکان


ڕێکخراوی نێودەوڵەتی‌یی کۆچ لە ساڵی ٢٠٢٠ دا، پاڵپشتیی لە گەڕانەوەی دوورمەودا و بەردەوام و دووبارە ئاوێتەکردنەوەی ئاوارە گەڕاوەکان کرد. هەروەها بە هاوبەشی لەگەڵ حکوومەتی عێراقیدا بۆ کردەکانی ئاسانکاریی گەڕانەوەیەکی بێمەترسی و سەربەرزانە و بەردەوامی ئاوارەکان لە دۆخە درێژخایەنەکانی ئاوارەیی، ستراتیژی دارشت. لە هەمان کاتیشدا هەوڵی پتەوکردن و پاڵپشتیکردنی چەند ڕەوتێکی دیکەی چارەسەرە بەردەوام و دوورمەودایەکانی دا بەتایبەتیش ئاوێتەکردنەوەی خۆجێیی و دووبارە نیشتەجێکردنەوە. جا بۆ وەدیهێنانی ئەمەیش، ٨ نووسینگەی یارمەتیدان دامەزرێندران کە تیایاندا ٢٣٤٣ خانەوادە تۆمار کران ( ٤٤٦ خانەوادە لە ئەنبار و ١٨٧٩ خانەوادە لە نەینەوا) بۆ وەرگرتنی زانیاری سەبارەت بە گەڕانەوە و سەردانیکردنی ئەو ناوچانەی ئاوارەکان بۆیان دەگەڕێنەوە و چەند خزمەتگوزارییەکی دیکەی بەردەست. دوای تۆمارکردنیشیان ٤٣٤ خانەوادە لە سەردانەکانی شوناسایی (الاستكلاع) بەشدار بوون، تاکوو پێش ئەوەی بڕیاری گەڕانەوە بدەن، خۆیان هەلومەرجی ناوچەکانی پێشووی نیشتەجێبوونیان ببینن . ڕێکخراوەکە لە ساڵی ٢٠٢٠ دا یارمەتیی ٢٧٨ خانەوادەی دا لە گەڕانەوە بۆ شوێنی پێشووی نیشتەجێبوونیان ( ٤٠ لە ئەنبار و ٢٢٨ لە نەینەوا). پاکێجی یارمەتییەکانی گەڕانەوەکەش ٣٢٠ دۆلار و مادەی ناخۆراکی و گواستنەوە بوو لە کەمپی سەلامییەی نەینەوا یان خێوەتگەی عامرییە لە فەلووجەوە (ئەنبار) بۆ سەر ماڵوحاڵی خۆیان. جگە لەمانەیش، ڕێکخراوەکە ١٤٩ پەناگەی بۆ ئاوارە گەڕاوەکان نۆژەن کردەوە کە ( ٤٠ لە ئەنبار و ١٠٩ لە نەینەوا) بوو لەگەڵ ٧٦ پەناگەی جڤاکە خانەخوێییەکانی نێو شوێنی پێشووی نیشتەجێبوون لە نەینەوا.

## بەڕێوەبردنی کۆچ

### گواستنەوە و کۆچی پاڵپشتیکراو

ڕێکخراوی کۆچی نێودەوڵەتی، بە هەماهەنگی لەگەڵ حکوومەتی عێراقی، پاڵپشتیی لەو عێراقییانە دەکات کە دەیانەوێ لە دەرەوەی وڵاتەوە بگەڕێنەوە وڵات، ئەم یارمەتی و پاڵپشتییەش بۆ دامەزراندنەوەی و دەستپێکردنەوەی ژیانیانە لە جڤاکەکانیاندا. ڕێکخراوەکە لە ساڵی ٢٠٢٠ و بە پێی بەرنامەی گەڕانەوەی خۆویستانە و دووبارە ئاوێتەکردنەوە، یارمەتیی پێشکێشی ٣١٧ کەسی گەڕاوە کرد، یارمەتییەکەش بریتی بوو لە پێشوازیکردن لە ١٥٥٤ گەڕاوە لە میانی یارمەتیدانی دراویدا ( بە بەخشینی دراو لە کاتی گەڕانەوە و بەخشینێکی دراوی دیکەش بۆ دووبارە ئاوێتەکردنەوە)، هەروەها ٢٥٥ سوودمەندیش مەشقی پیشەییان پێ کرا و دەرفەتی کاریان بۆ دۆزرایەوە و دەستیان بە کار کردەوە و فراوانکردنی چوارچێوەی پاڵپشتیکردن و / یان پاڵپشتیکردنی نیشتەجێکردنیش دەستەبەر بوو.

لە ساڵی ٢٠٢٠ دا ، ٤٠٧٣ کەس ( ١٩٣٦ نێر



و ٢١٤٧ منۆ "٢٧٦٧ کەسی پێگەیشتوو و ١١٩٣ منداڵ و ١١٣ شیرەخۆر) خزمەتگوزارییەکانی دووبارە نیشتەجێکردنەوەیان وەرگرت، ئەمەیش بە هاوکاریی وڵاتانی نیشتەجێکار و دەسەڵاتە عێراقییەکان و کۆمسیۆنی باڵای کاروباری پەنابەران بوو. هەروەها پرۆژەی یارمەتیدانی خانەوادە، لەپێناو کۆکردنەوەی ئەندامانی خێزان یارمەتیی پێشکێشی ٢٣٧٣٣ کەس کرد. هەروەها لە ساڵی ٢٠٢٠ دا، ٥٢١٩ داواکاریی تەواو کراو لە مەڵبەندی یارمەتیدانی خانەوادە پێشکێشی کۆنسوڵگەریی ئەڵمانی لە هەولێر کرا. لە هەمان کاتیشدا ٥١٣٢١ کەس یارمەتیی لە دوورەوەڕا و بەهۆی تەلەفۆن و ئیمەیلەوە وەرگرتووە. هەروەها لەگەڵ ١٢٥ ڕێگەپێدانی کاتی بۆ چوونە نێو هەرێمی کوردستانی عێراق بۆ کەسانی سووری ئامادەکرا، ئەمەیش لە لایەن پرۆژەی یارمەتیدانی خانەوادە پاڵپشتیی لێ کرابوو و یارمەتی درابوو، هەروەها ١٤٦ خانەوادەش دۆسیەیەی تۆمارکردنیان ڕەوانە کرا بۆ ئەوەی لە لایەن باڵیۆزخانەی ئەڵمانی لە بەیرووت پەسند بکرێ.

## پۆلیسی جڤاکی

ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ پاڵپشتیی لە پۆلیسی جڤاکی عێراقی دەکات، بۆ ئەوەی لە بەرقەرارکردنی ئاشتی و ئاسایش بەشداری بکەن. هەروەها نموونەی پۆلیسی جڤاکی بۆ دووبارە بنیادنانەوەی متمانەی نێوان دانیشتووان و پێڕەوکردنی یاسا، شتێکی بنەڕەتییە. ڕێکخراوی کۆچی نێودەوڵەتی لە ساڵی ٢٠٢٠ دا، پاڵپشتیی لە دامەزراندنی ١٨ مینبەری نوێی پۆلیسی جڤاکی و حەوت نووسینگە کرد. ئەم نووسینگانەش لە تەنیشت نووسینگە و بنکەکانی پۆلیس دانراون، ئەمەیش وادەکات گەیشتن پێیان سانا بێت و هاوڕێی جڤاکەکانیش بێت. هەروەها ڕێکخراوەکە بۆ مینبەرەکانی پۆلیسی جڤاکی لە هەرێمدا پاڵپشتییەکی هەرێمییانە و نێودەوڵەتیی دەستەبەر کرد. ٨ نووسینگەی پۆلیسی جڤاکییانەش مەڵبەندەکانی حەواڵەکردنی ئاراستەکارانە لەخۆ دەگرن کە چەند شوێنێکن و ئەو تاکانەی ڕووبەڕووی هەڕەشە بوونەتەوە دەتوانن هەست بە ئارامی و نەبوونی مەترسی بکەن و لە لایەن چەند کەسێکی مەشقپێکراوی پیشەییەوە دەتواندرێ یەکسەر یارمەتیان بدرێ، هەروەها بەرەو خزمەتگوزارییە پێوەندیدارەکانیش ئاراستە دەکرێن، لە هەمان کاتیشدا ڕاوێژی پێویستیشیان پێشکەش دەکرێ بۆ دەستنیشانکردنی ئەوەی ئاخۆ دەتواندرێ داواکاریی هەنبەر مەسەلە تاوانکارییەکان بەرز بکرێنەوە و لە بژاردە بەردەستەکانیش بگەن.

## کۆچ و بەڕێوەبردنی سنوورەکان

ڕێکخراوی نێودەوڵەتی‌یی کۆچ، بەشداری لە پتەوکردن و پاڵپشتیکردنی توانایەکانی بەڕێوەبردنی سنوورەکانی سەر بە وەزارەتی نێوخۆ کردووە، بەتایبەتیش لەنێوان فاو و قائیم لە ئەنباردا، پاڵپشتییەکەش بە ڕێکخستنی چالاکییەکانی مەشقی بەرپرسانی سەر سنوور بوو بۆ بەڕێوەبردن و ڕاپەڕاندنی کردە ڕۆتینییەکان و بەڕێوەبردنی کارەساتەکان و نوێکردنەوەی ژێرخانی سەرەکی و دەستەبەرکردنی ئامێر و بەرنامەدارە گەڕۆکەکانی بەڕێوەبردنی سنوورەکان (بە سیستمی ڕێکخراوی زانیارییەکان و شیکردنەوەی داتایەکانیشەوە)، ئەمەیش بۆ چاودێریکردن و ئاشکراکردن و ڕێگەگرتن بوو لە هەر جوولەیەکی شیمانەکراوی نایاسایی و مامەڵەکانی ڕێکارەکانی ئەو تاکەکەسانەی لە سنوور دەپەڕنەوە. هەروەها ڕێکخراوەکە یارمەتیی وەزارەتی کۆچ و کۆچبەرانی داوە، ئەمەیش بە نوێکردنەوەی لقی خۆجێیی لە نەینەوا. ئەم لقەش یارمەتیی وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران دەدات، بۆ ئەوەی توانایەکانی لە ڕاپەڕاندنێکی کارای ئەرکەکانی و پێشکەشکردنی یارمەتی بە عێراقییە کەمدەرامەتە گەڕاوەکان باشتر بکات. ڕێکخراوەکە لقی دووەمی خۆجێیشی لە شنگالی سەر بە نەینەوادا نوێکردەوە کە بڕیار وایە لە ٢٠٢١ دا تەواو ببێت.

## حەوکەمەی کۆچ

عێراق لە پێشخستنی توانا نیشتمانییەکانی بواری حەوکەمەکردنی کۆچدا لە هەڵێنانی چەند هەنگاوێکی گرنگ بەردەوام بوو، هەروەها ڕێکخراوەکەش بۆ هەڵسەنگاندنی تواناکانی نیشتمانی بۆ حەوکەمەکردنی کۆچ، کردەی یەکەم سیگنەڵی حەوکەمەکردنی کۆچی بەڕێوەبرد ، ئەمەیش چەند بەڵگەیەکی پێشخستنی سیاسەتی کۆچی لێ پەیدابوو. هەروەها لە لایەن کۆمەڵەی کاری هونەریی حکوومی بۆ کۆچ لە کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠٢٠ دا، لە دەرئەنجامەکان دڵنیابوونەوە و دواتریش هەڵسەنگاندنەکە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی بڵاو کرایەوە. کۆمەڵەی کاری هونەری لە ساڵی ٢٠٢٠ دا وەك چوارچێوەیەکی سەرەکیی جێبەجێکردنی نیشتمانی بۆ پەیماننامەی جیهانی بۆ کۆچ لە عێراقدا، یەکەمین ستراتیژی نیشتمانیی دانا. سیستمی نیشتمانیی کۆچ، سیاسەتی کۆچ بە ئاراستەی سوودی کۆمەڵایەتی و ئابووری بۆ عێراق و پێشکەشکردنی ئاراستەکاری و ڕێنمایی بۆ دەستگە حکوومییەکان و لایەنە بەشدارە نێودەوڵەتییەکانی حەوکەمەی کۆچ، ئاراستە دەکات.

## خشتەی بەدواداچوونی تایبەت بە کۆچ

خشتەی بەدواداچوونی تایبەت بە کۆچ، سیستمێکی بەڕێوەبردنی زانیاییەکانی ڕێکخراوە بۆ چاودێریکردنی ئاوارەیی کاتی قەیرانەکان. خشتەی بەدواداچوونی تایبەت بە کۆچ لە ساڵی ٢٠٢٠ دا شەش ڕاپۆرتی سەرەکیی بەدواداچوونی تایبەت بە ئاوارەیی و ١٢ کۆمەڵە داتای بەرهەم هێنا کە جەختیان لەسەر ئاوارەکان و ئاوارە گەڕاوەکان دەکردەوە؛ لەگەڵ چەپکێکی ( الحزمە) هەمەگیردا کە لە ١٠ وەرەقە پێکدێت و دەرئەنجامە سەرەکییەکانی توێژینەوەی ئاوارەیی شارستانی ڕوون دەکاتەوە و لە پێشەکییەکی قووڵی گشتیی ئەو داتایانە پێکدێت کە پێوەندییان بەو مەڵبەندە شارستانییانەوە هەیە کەوا میوانداری لە ژمارەیەکی خەملێندراوی ئاوارەکانی دەرەوەی کەمپەکان دەکەن. هەڵسەنگاندنی تێروتەسەلی پێگە و شوێنەکان؛ و ١٥ ڕاپۆرتی بەدواداچوونی تایبەت بە قەیرانەکان کە دەربارەی جوولە و هاتووچووەکانی ئاوارەکان و ئەو ئاوارانەیە کەوا گەڕاونەتەوە شارۆچکەی شنگال و بەعاجی سەر بە پارێزگەی نەینەوا ؛ و ١٦ ڕاپۆرتی دیکەش بۆ بەدواداچوونی تایبەت بە ئاوارەیی و سەبارەت بە جوولەی دانیشتووان لە دوای داخستن و دووبارە پۆلینکردنەوەی کەمپەکانی سەرانسەری وڵات و ٤ ڕاپۆرتی بەدواداچوون کە هەڵاتنی هاووڵاتییانی سووری دەردەخات کە لە ترسی ململانێ و شەڕ و شۆڕەکاندا هەڵاتوون و پەڕیونەتەوە عێراق.




# ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەرەپێدانی پیشەسازی

ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەرەپێدانی پیشەسازی ( یونیدۆ)، لە ساڵی ٢٠٢٠ لە عێراقدا جەختی لەسەر پتەوکردن و پاڵپشتیکردنی سەقامگیریی ئابووری و توانای خۆڕاگریی ئەو دانیشتووانانەی عێراق کردەوە کە زۆر کەمدەرامەت و بێدەرەتانن، کاری ڕێکخراوەکە پەناخوازان و ئاوارە نێوخۆییەکان و جڤاکە خانەخوێیە خۆجێییەکانیشی گرتەوە. هەروەها یونیدۆ لە میانی سیستمەکانی فێرکردنەوە کاری لەسەر پتەوکردن و پێشخستنی کارامەییە بازرگانییەکان و بەرەوپێشبردنی ڕێبەرایەتیی کاروبارەکانیش کردووە.

پەتای ڤایرۆسی کۆرۆناش کۆمەڵێك ئالنگاری دیکەی خستە سەر ئەو ئالنگارییانەی ڕووبەڕووی کارەکانمان دەبنەوە. جا لە پێناو ڕاگرتنی پارسەنگی نێوان پێداویستییە هەرە سەرلیستەکانی تایبەت بە دانانی ئاستێك بۆ تەشەنەکردنی ڤایرۆس و لەنێوان درککردنمان بە پێداویستیی کەسانی سوودمەند بە کارەکانی ئێمە و ئەوانەش کە پێویستیان بە یارمەتیدان و دەرامەتێکی یەکسەر هەیە، لە چاکترکردنی ستراتیژێکدا بەردەوام بووین کە جەخت لەسەر ئەگەری فراوانکردنی پرۆژەکانمان دەکاتەوە. لە چوار ساڵی ڕابردووشدا، لە میانی چەند سیستمێکی فێرکردن و ڕێکخراوە خۆجێییە ناحکوومییەکان و فەرمانگە حکوومییەکاندا، لەسەر ئاستی شارۆچکەکاندا کارمان لەسەر پێشخستنی توانایەکان کردووە، ئێستە چەند کادیرێکمان هەن کە لە مامۆستا و کارمەندانی ڕێکخراوە ناحکوومییەکان و پەناخوازان و ئاوارە نێوخۆییەکان پێکهاتوون و وانەی ڕێبەرایەتیکردنی کاروبارەکان دەڵێنەوە.

ئەو یارمەتییانەی لە ساڵی ٢٠٢٠ دا پێشکەشمان کردن، چەند پرۆژەیەکی نوێیان بنیادنا و پاڵپشتییان لە پرۆژەکانی پێشووش کرد، دەکرێ ئەو جۆرە نۆرم و شێوازانە بە بەکارهێنانی تۆڕی سەرچاوەکان و ئەو کەسانەی هەمانن، بۆ شوێنی دیکەش بگوازرێنەوە. ئەم شێوازانە بە بەردی بناغەی وەدیهێنانی پێشکەوتنی پرۆژە زۆر بچووکەکان و بچووکەکان دادەندرێن، هەروەها بناغەیەکیش بۆ دامەزراندنی جڤاکێك دادەدرێژێ کە لەسەر ڕێبەرایەتیکردنی ئەو کارانە بنیادنراوە کە دەتوانن لە گەشەپێدانی بەردەوامی پیشەسازی و ئابوورییەکی هەمەچەشندا کاریگەریی هەبێت ، بە هەبوونی کەرتێکی زۆر کارای تایبەتیشەوە.

چالاکییەکانی یونیدۆ لە عێراقدا بۆ وەدیهێنانی ئامانجە بەردەوامەکان دیزاین کراوە و بریتییە لە: نەهێشتنی هەژاری و دەستەبەرکردنی پەروەردە و فێرکردنێکی باش و بنیادنانی پیشەسازییەکان و ژێرخانێکی خۆڕاگر و هاندانی دامەزراندنی چەند جڤاکێکی خۆجێیی بێمەترسی و هەمەگیر بۆ هەمووان.

## پتەوکردن و پاڵپشتیکردنی متمانەبەخۆکردن لە میانی مەشقکردن لەسەر ڕێبەرایەتیکردنی کاروبارەکان و گەشەپێدانی کارامەییەکان

ڕێبەرانی کاروبار بە هۆکارێکی گرنگی بنیادنانی ئابوورییەکی زۆر چالاك و پڕ لە ژیان دادەندرێ. ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گەشەپێدانی پیشەسازی (یونیدۆ) بەشداری کاری جڤاکە پەراوێزخراو و کەم سەرچاوەکانی خۆجێیی کردووە؛ بە پێشکێشکردنی مەشق لەسەر کارامەییەکانی ڕێبەرایەتیکردنی کاروبارەکان و چالاکییە بازرگانییەکانی بواری کشتوکاڵیشەوە.

پارێزگەی نەینەوا، بەهۆی جەنگی دژ بە داعش وێران بوو، ڕێژەی بێکاری و هەژاری و نەبوونی ئاسایشی خۆراکی ڕێژەیەکی بەرز بەخۆیەوە دەبینێ. یونیدۆ پرۆژەیەکی بۆ یارمەتیدانی دووبارە شیاندنەوەی ١٦ کارگەی تەحین جێبەجێ کرد کە دووچاری نەمان و بزربوونی کەرەستە و ئامرازەکان ببوونەوە، یانیش لە کاتی ململانێیەکەدا ئامێرەکانیان زیانیان بەرکەوتبوو. پیشەسازیی دروستکردنی تەحین لە بەعشیقەدا بە پیشەسازییەکی سەرەکی دادەندرێ، لەبەرئەوە، دووبارە نۆژەنکردنەوەی کارگەکانی تەحین بۆ ئابووریی نەینەوا، مەسەلەیەکی زۆر گرنگ و زیندووە. پێش بەدیارکەوتنی ڕێکخراوی داعش، لە هەر کارگەیەکدا نزیکەی ٢٠ کەس زیاتر کاریان دەکرد. جا بە درێژایی ڕەگەز و لایەنەکانی دابینکردنی ئامێر و کەرەستەی پێویست، یونیدۆ مەشقێکی بۆ کرێکارانی ئەو کارگانە پێشکەش کرد، مەشقەکەش لەسەر سەلامەتی و پاکوخاوێنیی تەندروستییانە بوو، هەروەها سەبارەت بە ڕێبەرایەتیکردنی پرۆژەکان و بەڕێوەبردنی کارەکان، چەند چەمکێکی پێشکەش کرد. هەروەها ڕێکخراوەکە لەگەڵ جووتیارانی بەرهەمهێنەری کونجی کاری کرد بۆ ئەوەی چەند کارامەیی و شارەزاییەکی کردارییان سەبارەت بە مەکینە کشتوکاڵییەکانی تایبەت بە دروێنە و ئەو ڕێکارانە وەدەستبێنن کەوا دەستەبەری سەلامەتیی بەرهەمە دووراوەکە دەکات. ئێمە سەبارەت بە سەلامەتی و پاکوخاوێنیی تەندروستییانە و چۆنییەتی کارکردن لە کەشوهەوای بە کۆمەڵدا، مەشقمان بە کرێکاران کرد.

هەروەها بۆ دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی تایبەت بە دەرامەت و بژێوی، مەشقێکی هونەری و چەند خولێکی ڕێکخستنی پرۆژەکانی بواری بەخێوکردنی پەروری ماڵەوە و مەشقکردن لەسەر دروستکردنی شیرەمەنییەکان و دواتریش فرۆشتنیان بە کۆمەڵەیەکی دیکە، بەڕێوەبرد، ئەمەیش بە ئامانجی ئەوە بوو دەرفەتێك بە ژن بدرێ بتوانێ پێداوبستییەکانی خانەوادە بهێنێتەدی و بژێوییەکی دەستکەوێ و پارە و داهات پاشەکەوت بکات.

ئەم ڕێگە و شێوازانە بەشداری لە وەدیهێنانی چاکبوونەوە و سەقامگیریی ئابووریی پارێزگەی نەینەوادا دەکەن.

هەردوو کەمپی ئاوارەکانی (ماملیان) و ( شێخان) دەکەونە پارێزگەی دهۆك، بەشێوەیەکی سەرەکیش ئەو کەسانە لەخۆ دەگرن کە لە پارێزگەی نەینەواوە هاتوون؛ بە ژمارەیەکی زۆری ئێزدییەکانی ناوچەی شنگالیشەوە. زۆرینەی ئەو ئاوارانە بە هۆی نەبوونی ئاسایشەوە حەز ناکەن بچنەوە بۆ شوێنی نیشتەجێبوونی پێشوویان، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا لە کەمپەکاندا ناتوانن بژێویی ژیانیان پەیدا بکەن. لەبەرئەوە، یونیدۆ لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتیی کەمپەکاندا سەبارەت بە پێداویستییەکانی وەدەستهێنانی دەرامەتی ئەو ئاوارانەی ماوەیەکی زۆرە لە ئاوارەییدا دەژیەن، هەڵسەنگاندنێکی کرد و ٣٠٠ کەس لەو هەڵسەنگاندنە بەشدار بوون. یۆنیدۆ سەبارەت بە ڕێکخستنی پڕۆژەکان، چەند خولێکی مەشقییانەی بۆ ئاوارەکان کردەوە، بۆ ئەوەی لە دەستپێکردنی پڕۆژە بازرگانییەکاندا یارمەتییان بدات. حکوومەتی یابانی پارەی بۆ یارمەتیدانی ئەو دوو کەمپە بەخشی.

لەو کاتەی ململانێی نێو سووریا پێ دەنێتە دە ساڵ، ئەوا یونیدۆ لەگەڵ پەناخوازانی هەردوو کەمپی ئاکرێ و بەردەڕەشی سەر بە پارێزگەی دهۆك، لەپێناو پتەوکردن و پاڵپشتیکردنی ئاسایشی ئابوورییان کار دەکات. هەروەها یونیدۆ لەمبارەیەوە مەشقێکی لە بواری ڕێکخستنی پڕۆژەکان پێشکەش کرد، بۆ ئەوەی پاڵپشتی لەو پەناخوازانە بکات کە حەز دەکەن لە خێوەتگەکاندا کار بکەن و چەند کارامەییەکی بەردەوامیان پێ ببەخشرێ کە بتوانن بیگوازنەوە. دوای تەواوبوونی مەشقەکەش، بەشدارە شایستەکان چەند ئامراز و کەرەستەیەك و پاڵپشتیی تایبەت بە دامەزراندنی چەند پڕۆژەیەکی بچووکیان وەدەستهێنا. هەروەها یونیدۆ لەنێو ڕیزی سوودمەندان و بەبەکارهێنانی ئەو مادانەی لە ناوچەکەدا هەن، وەك: هەنار و سماق و بەرهەمەکانی شیر، پاڵپشتیی لە کاروبارەکانی بازرگانیی کشتوکاڵیدا دەکات. حکوومەتی نەمساوی پارە و بودجەی تایبەت بە یارمەتیدانی ئەو چالاکییانەی تەرخان کرد.

## بەرنامەی ڕێبازەکانی ڕێبەرایەتیکردنی کارەکان (ECP) لە قوتابخانەکانی ئامادەییی پیشەییدا

ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەرەپێدانی پیشەسازی (یونیدۆ) لە عێراقی دوای جەنگدا، لە میانی کارامەیی و شارەزایی و ئەو پاڵپشتییەی لە کاتی چوونیان بۆ نێو ئابووریی گەشەسەندووی عێراق پێویستیان پێی هەیە، جەخت لەسەر وەبەرهێنانی گەنجان دەکاتەوە . دەستەبەرکردنی مەشق لە بواری ڕێکخستنی پڕۆژەکان دەبێتە هۆی چاکترکردنی ئاسۆیەکانی گەنجان لەو کاتەی تەقلی بازاڕی کار دەبن، هەروەها توانای ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانە ئابوورییەکانی گەنجان و وڵاتەکەش باشتر دەکات و پاڵپشتییان لێ دەکات.

ڕێکخراوی یونیدۆ لە پارێزگەی دهۆکدا لە میانی پڕۆژەیەکی ئەزموونی – داخیلکردنی پرۆگرامەکانی ڕێبەرایەتیکردنی کاروبارەکان ( ڕێکخستنی پڕۆژەکان- لە قوتابخانە ئامادەییە پیشەییەکاندا)، لەگەڵ وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستانی عێراق چووە نێو هاوبەشبوونێکەوە.

پەروەردە و فێرکردن لە بواری ڕێبەرایەتیکردنی کاردا، بۆ دۆزینەوە و هێنانەکایەی کەرتێکی چالاکی تایبەت، بە مەسەلەیەکی زۆر گرنگ دادەندرێ. ئەم پرۆگرامە کرداری و فرە پسپۆڕییە هەر تەنیا ئامانجی پێشکەشکردنی چۆنییەتیی دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتیی پڕۆژەیەکی بازرگانی نییە بەتەنیا، بەڵکو لە هەمان کاتیشدا ئامانجی هاندانی داهێنان و کێبڕکێشە. کاتێکیش گەنجان خوێندن تەواو دەکەن، ئەوا چەند کارامەییەکی تایبەت بە دانانی پلانی ستراتیژی و سەرکردایەتی و زیرەکیی بازرگانی و متمانەبەخۆکردن و داهێنانیان وەدەستهێناوە.

هیواشمان وایە ئەم پڕۆژە ئەزموونییە (١٠٥٦) قوتابی بگرێتەوە، هەروەها پڕۆژەکە بە فراوانکردنی بەرنامەیەك دادەندرێ کە لە ساڵی ٢٠١٩ دا جێبەجێ کرا و کاتێك پرۆگرامی ڕێبەرایەتیکردنی کاروبارەکان ECP خرانە نێو پرۆگرامەکانی خوێندنی ئامادەییە پیشەییەکانی پارێزگەی هەولێر و (١٥٦١) قوتابیی ئامادەییی پیشەیی گرتەوە، حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش حەز و ویستی خۆی بۆ فراوانکردنی پڕۆژەکە دەربڕی بۆ ئەوەی پارێزگەی سلێمانی و هەڵەبجەش بگرێتەوە.

## دووبارە دروستکردنەوەی تاقیگەی ئەندازەیی پارێزگەی مووسڵ

لە ڕەوتی هەوڵی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گەشەپێدانی پیشەسازی (یونیدۆ) بۆ پاڵپشتیکردنی چاکبوونەوەی ئابووری لە پارێزگەی نەینەوا، لەگەڵ زانکۆی مووسڵ بۆ بنیادنانی توانایەکانی ئەو کەسانەی لە زانکۆدا کاردەکەن، کارمان لەسەر دەستەبەرکردنی ئامێر و کەرەستەی سەرەکی و مەشق کرد.

لە سەردەمی جەنگی دژ بە داعشدا زانکۆیەکە زیانی گەورەی بەرکەوتووە. هەروەها یونیدۆ لە چوارچێوەی نوێکردنەوەی بەشی ئەندازیاری و پێشخستنی بە شێوەیەکی تەکنیکی، چەند ئامێرێکی نوێی بۆ تاقیگەی هایدرۆلێکی سەر بە لقی ئەندازەی بەنداوەکان و سەرچاوە ئاوییەکان و تاقیگەی سەر بە لقی ئەندازیاریی میکاترۆنیکس کڕی و ڕادەستی کردن. ئەم ئامێر و کەرەستانە ژینگەی فێرکردنی بەشی ئەندازە پێش دەخات و ئەو توانایەش بۆ زانکۆیەکە دەڕەخسێنێ کەوا بۆ پێشخستنی کارامەییی قوتابییەکانی و سوودی لێ وەرگرتنی پێویستی پێی هەیە.

هەروەها کۆمپانیای (Festo International) چەند ڕێنماییەکی وەگەڕخستنی ئامێرە نوێیەکانی لە تاقیگەی میکاترۆنیکس پێشکەش کرد، زانکۆی سەرچاوە سرووشتییەکان و زانستە پێڕەوکارییەکانی ژیانیش لە ڤییەنا (BOKU)، سەبارەت بە ئیدارەدانی ئاوەکان خولێکی مەشقییانەی بەڕێوەبرد.

ئەم پڕۆژەیە بەشداری لە زیندووکردنەوەی کەرتە پیشەسازییەکان و پیشەسازییە وەرچەرخێنەرەکانی عێراق دەکات و پاڵپشتی لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئالنگارییەکانی بواری سەرچاوە ئاوییەکان و لافاوەکان و بەڕێوەبردنی حەوزی ڕووبارەکان لە عێراق و سەقامگیرییەکەی دەکات.

## چالاککردنی وەبەرهێنان بۆ عێراق- قۆناغی 2

یونیدۆ لە ساڵی ٢٠٢٠ دا پڕۆژەی " چالاککردنی وەبەرهێنان بۆ عێراق- قۆناغی دوو" جێبەجێ کرد کە ئاژانسی ئیتاڵی بۆ هاوکاریی گەشەپێدەر پارەی بۆ تەرخان کردووە و بە هاوکاری لەگەڵ نووسینگەی پاڵپشتیکردن و یارمەتیدانی تەکنۆلۆژیا و وەبەرهێنانی سەر بە یونیدۆ لە ئیتاڵیا، جێبەجێ دەکرێ.

هەروەها مەڵبەندەکانی پێشخستنی پڕۆژەکان (EDCs)، بۆ پێشکەشکردنی مەشق و خزمەتگوزارییە ڕاوێژکارییەکان بەشێوەی ئۆنلاین، لەنێو هەولێر و بەسرە و زیقار هەڵسەنگێندران و ئامادەکران. هەروەها پێداویستی و مەسەلە لەپێشینە و سەرلیستەکانی خۆجێیی عێراقیی تایبەت بە پڕۆژەی بچووك و مامناوەندی لە میانی ڕووپێوی شوێنپێهەڵگرانەوە هەڵسەنگێندرا کە بۆ ئەم مەبەستە تەرخان کرابوو. هەروەها یونیدۆ دەستی بە کردەی هەڵسەنگاندنی سیاسەت و یاسایەکانی هەنووکەیی تایبەت بە ناوچە پیشەسازییەکان کرد، لە دوو ناوچەی پێشکەوتووتری بەسرە و زیقاردا دەستی پێ کرد. لە کۆتاییشدا یونیدۆ تیشکێکی خستە سەر دەیان کۆمپانیای بەرکاری کەرتی ژینگە و وزە، لە پیشانگەی (Ecomondo)ی بازرگانیی نێودەوڵەتی کەوا لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠٢٠ دا لە ئیتاڵیا بەڕێوەچوو، بە شێوەی ئۆنلاین پاڵپشتیی لە بەشداریی هەندێکیان کرد.

پڕۆژەکە لە ساڵی ٢٠٢١ دا دەچێتە قۆناغی تەواوەتیی کارکردن و وەگەڕخستن، کە مەڵبەندەکانی پێشخستنی پڕۆژەکان (EDCs)، لە هاندانی زۆرێك لە وەبەرهێنانە خۆجێیی و بیانییەکان گرنگییەکی گەورە وەدەست دێنن ، چونکە ناوچە پیشەسازییەکانی هەنووکە و ئایندە پاڵپشتییان لێ دەکرێ و پێش دەخرێن، هەروەها بۆ فراوانکردن و پاڵپشتیکردنی ئەو خزمەتگوزارییانەی لەپێناو پێشخستنی کەرتی تایبەت پێشکەشیان دەکات، چەند ڕێنماییەکیش پێشکێشی کۆمەڵەی کاری خۆجێیی بژاردەکراو دەکرێن، ئەمەیش بەشێوەیەکی سەرەکی پاڵپشتیی پێشکێشی کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان و لایەنە پێوەندیدارە ئیتاڵییەکان دەکات.





# ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی

## چاوپێکەوتن لەگەڵ

### ڕێکخەری هەرێمییانەی ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کار لە عێراق

# دکتۆرە مەها قەتاع



"دکتۆرە مەها قەتاع" وەك ڕێکخەری هەرێمییانەی ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کار لە عێراقدا، لە ئاداری ساڵی ٢٠٢٠ دا لەو کاتەدا تەقلی بوو کە قەبارە و پانتاییی ڕاستینی پەتای کۆرۆنا بەدیارکەوت. کۆڤید -١٩ لە سەرانسەری جیهاندا کاریگەرییەکی گەورەی بەسەر بازاڕەکانی کاردا هەبوو، ئەمەش بە شێوەیەکی نەگونجاو کاریگەریی بەسەر کرێکارە هەژارترەکانی جیهاندا هەبوو. " دکتۆرە مەها قەتاع" ڕوونی دەکاتەوە چۆن ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کار لە عێراق بۆ چارەسەرکردن و وەدیهێنانی پێداویستییە گۆڕاوەکانی کرێکاران و خاوەنکاران، بەشێوەیەکی توندوتۆڵ و پتەو لەگەڵ هەر سێ هاوبەشەکەی، لە کاری بەردەوامدایە.

**ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کار، بەمدووایيانە یەکەمین نووسینگەی هەماهەنگیی خۆی لە بەغدا کردەوە. کارە لەپێشینە و سەرلیستەکانی ڕێکخراوەکە لە عێراق لە ڕووی پاڵپشتیکردنێکی شایستە و زیادترکردنی دەرفەتەکانی کار بۆ جڤاکە کەمدەرامەت و بێدەرەتاکانی ئەو وڵاتە چییە؟**

کارە لەپێشینە و سەرلیستەکانی ڕێکخراوەکە لە عێراقدا لە پێداویستییەکانی دانیشتووان و دەرئەنجامی ئەو توێژینەوە و هەڵسەنگاندنانەوە دێت کەوا بارودۆخی کار و ئەو ئالنگارییانە شەنوکەو دەکات کە لە کاردا ڕووبەڕوویان دەبێتەوە. پێداویستییەکی زۆر پێداگر بۆ دەرفەتەکانی کاری گونجاو- بەتایبەت بۆ گەنجان و ژنان و پێشخستنی کەرتی تایبەت بۆ یارمەتیدانی دانیشتووان لە ئافراندنی ئەو کار و ئەرکانە- هەن. دووەم ، لە عێراقدا کەوا چەند دەیەیەك ململانێ و ئاوارەبوون و ئالنگاریی ئابووری و بەمدووايیانەش پەتای کۆڤید- ١٩ی بەخۆیەوە بینی، ئەوا پێداویستیەك بۆ پاڵپشتیکردن و فراوانکردنی پاراستنی کۆمەڵایەتییانە هەیە، بە تایبەت بۆ کرێکارانی کەرتی نا ڕەسمی.

هەروەها سەرلیستێکی دیکەی سەرەکی هەیە، ئەویش چارەسەرکردنی خراپترین جۆرەکانی کرێکاریی منداڵانی ئەو کۆچبەرانەیە کە بە زۆرەملێ کۆچیان پێ کراوە، لەگەڵ ئەو جڤاکە خانەخوێییە کەمدەرامەتانەی باوەشیان بۆ ئەو ئاوارە و کۆچبەرانە کردووەتەوە، ئێستە ئێمە بە هاوبەشی لەگەڵ بەرنامەی ئەورووپیی هەرێمی بۆ گەشەپێدان و پاراستن، لەپێناو پاڵپشتیکردنی لوبنان و ئوردن و عێراق بۆ دۆزینەوەی چەند چارەسەرێکی بەردەوامی دوورمەودا سەبارەت بە چارەسەرکردنی دیاردەی کرێکاریی منداڵان لەو وڵاتانەدا، پرۆژەیەك جێبەجێ دەکەین. جگە لەمانەیش، ئەرکەکەی لە میانی چاکترکردنی



گفتوگۆی جڤاکیدا جەخت لەسەر پتەوکردن و پاڵپشتیکردنی بازاڕی کار دەکاتەوە.

ڕێکخراوەکە بە هاوبەشی لەگەڵ ئۆرگانی مەڵبەندیی بۆ ئامار و دەستەی ئامار لە کوردستان، لەپێناو پڕەوکردنی یەکەمین ڕووپێوی نیشتمانی بۆ هێزی کارگەر، ماوەی دەیەیەکە کار دەکات. دەرئەنجامەکان بەشداری لە چاکترکردنی دیزاین و جێبەجێکردنی سیاسەتە گونجاوەکانی دامەزراندن و وەگەڕخستن دەکەن.

**دامەزراندن و کردنەوەی نووسینگەکە لەپێناو جێبەجێکردنی ئەو کارە لەپێشینە و سەرلیستانە، بە چ شێوەیەك یارمەتیی ڕێکخراوەکە و هاوبەشانی دەدات؟**

ئامادەیی و بوونی ڕێکخراوەکە لە عێراقدا نوێ نییە. ئێمە لەگەڵ دەستە و دامەزراوەکانمان و هاوبەشە کۆمەڵایەتییەکانمان ماوەی چەندان ساڵە لە عێراقدا کار دەکەین، عێراقیش هەر لە ساڵی ١٩٣٢ وە ئەندامی ڕێکخراوەکەیە. ئێمە بە درێژاییی چەندان ساڵیش یارمەتیی تەکنیکیمان پێشکێش کردووە و چەندان پرۆژەشمان جێبەجێ کردووە. بەڵام ئێستە بە تەواوی لەسەر گۆڕەپانی عێراقداین و بوونمان هەیە، ئەمەیش ڕێگە بۆ ڕێکخراوەکە خۆش دەکات پاڵپشتییەکی باشتری حکوومەتی عێراقی و خاوەنکارەکان بکات.
ئێمە لە دوو شوێندا هەین: بەغدا، ئەمەش ڕێگەمان دەدا هەماهەنگی و تەڤلیببوونمان لەگەڵ دەستە و دامەزراوەکان و ئاژانسەکانی دیکەی نەتەوە یەکگرتووەکان چاکتر بکەین، هەروەها لە هەولێریشدا هەین، لەوێش لە زۆرێك لەو کەسانە نزیکترین کە سوود لە خزمەتگوزارییەکانمان وەردەگرن.

**پەتای کۆڤید-١٩ بووە هۆی دروستکردنی قەیرانێکی بێوێنەی پێشبینینەکراوی کۆمەڵایەتی-ئابووری. ڕێکخراوەکە بۆ چارەسەرکردنی ئالنگارییەکانی جیهانی کار لەم کاتە ڕووگیرە، بە چ شێوەیەك لەگەڵ دەستە و دامەزراوەکانی نێو عێراقدا کار دەکات؟**

گەیشتنم بە عێراق بۆ دەستەبەکاربوون وەك ڕێکخەری هەرێمیی ڕێکخراوەکە، لەگەڵ بڵاوبوونەوەی پەتای کۆڤید- ١٩ هاوکات بوو، ئێمە سووربووین لەسەر ئەوەی لەسەر زەویی واقیعدا یەکسەر دەست بە کارەکانمان بکەین، بەڵام ڕێکارەکانی داخستن و قەدەغەی هاتووچوو، چەند ئالنگارییەکی بێوێنە و پێشبینی نەکراویان دروست کرد.

ئێمە یەکسەر درکمان بە پێویستیی دووبارە هەڵسەنگاندنەوەی پێداویستییەکانی پاڵپشتیکردن و کارەکانمان کرد. پێداویستییەکانی کرێکاران و خاوەنکاران و دەستە و دامەزراوەکان گۆڕانیان بەسەردا هات، ئێمە سەبارەت بە کاریگەریی پەتای کۆڤید-١٩ لەسەر کرێکاران و دەستگەکاندا هەڵسەنگاندنێکی خێرامان بەڕێوەبرد، ئەمەیش لەمیانی هاوبەشیکردن لەگەڵ چەندان ئاژانسی مرۆیی و گەشەپێدەر بوو کەوا لە عێراقدا ئامادەیی و بوونێکی بەهێزیان هەیە، تاکوو یارمەتیمان بدەن دەستمان بەو کەسانە ڕابگات کە بەهۆی لێکەوتەکانی قەیرانە ئابوورییەکەوە، زۆرترین زیانیان بەرکەوتووە.

هەڵسەنگاندنەکە دابەزینێکی بەرچاوی ئاستی ئەرك و کارەکان و کەمیی توانایە داراییەکانی هەنبەر مامەڵەکردنی لەگەڵ قەیرانەکەدا ڕوونکردەوە ، ئەمەش بووە هۆی دابەزینی ئاستی هەلومەرجی گوزەران و بژێوی و کاری کرێکاران. هەروەها پەتایەکە کاریگەرییەکی قووڵی بەسەر کرێکارانی گەنج و ژنان و زۆرێك لەو کەسانە بەجێهێشتبوو کەوا پێش قەیرانەکە بێکاربوون. زۆرێك لەوانەی لە هەڵسەنگاندنەکەدا بەشداربوون، ئەو کەسانە بوون کە دابینکردنی بژێویی ژیانی خانەوادەکانیان لە ئەستۆدا بوو و زیاتر لە یەك لەسەر سێیان بەتەواوی لەسەر کارەکانیانەوە ڕەوانەی ماڵەوە کرابوونەوە، لەبەرئەوە کاریگەریی پەتایەکە لەسەر ئەو کەسانە و ئەو ئەندامانەی خانەوادەکانیان هەبووە کەوا لە ڕووی ئابوورییەوە پشتیان پێیان بەستووە.

لەبەرئەوە و لە میانی ئەم هەڵسەنگاندنە و چەندان هەڵسەنگاندنی دیکە کەوا بەمدواییانە کراون، توانیمان باشتر لەوە تێبگەین و بۆمان ڕوونبێتەوە کە ئەو پرسە هەنووکەییە پێداگرانە چین، توانیشمان بەرنامەکانی لەگەڵدا بگونجێنین و بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو پرسانەش نەخشەیەکی نوێ دابنێین. بۆ





نموونە، ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کار لەگەڵ یەکییەتیی ئەوروپا، لەپێناو پاڵپشتیکردنی بەڕێوەبردنی کار و پشکنین و لێکۆڵینەوە و هەلومەرجی کار، لەگەڵ جەختکردنەوە لەسەر کەرتی کشتوکاڵ، پڕۆژەیەکی هاوبەشی بەڕێوەبرد. ئەم بەرنامەیە لە نزیکەوە و بە چڕی لەگەڵ هاوبەشانی کۆمەڵایەتی بۆ چاکترکردنی سیستمی چاودێریی کار و سەلامەتی و تەندروستیی پیشەیی و بەرزکردنەوەی هۆشیاریی هەنبەر بنەما و مافە سەرەکییەکانی نێو کار، لە چالاکیدایە و کاری بەردەوام دەکات، ئەمەیش لەپێناو پاڵپشتیکردن و برەودانە بە ملکەچی لە هەنبەر یاسایەکانی کار و کاردانەوە لە هەنبەر پەتای کۆڤید- ١٩.

جگە لەمانەیش پڕۆژەیەك هەیە بە پاڵپشتیی وەزارەتی فیدراڵیی ئەڵمانییە بۆ هاوکاری و ئابووری و گەشەپێدان (BMZ) کە ئامانجی چاکترکردنی خزمەتگوزارییەکانی پێشخستنی کارەکان و فێرکردن و پێشەنگایەتیکردنی کاروباری دەستگە بچکۆڵە و بچووك و مامناوەندییەکان و گەنجانە بۆ گونجاندنی چالاکییەکانیان لەپێناو کاردانەوە لە هەنبەر ئالنگارییەکان بەهۆی بێتوانایی لە دەستەبەرکردنی بەرنامە ڕووبەڕووەکانی مەشق کە هۆیەکەی بۆ پەتای کۆرۆنا دەگەڕێتەوە. پڕۆژەکە لەپێناو پێشخستنی کۆمەڵێك ئامراز و هۆکاری خوێندن و فێربوون لە دوورەوە بۆ بەرنامەی مەشقێکی تایبەت لەپێناو چاکترکردن و دەستپێکردنی کار، لەگەڵ مەڵبەندی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی لە تۆرینتۆ چووەتە نێو هاوبەشییەك. بەمدووایانەش بۆ ڕاهێنەرانی پێشکەشکاری پێشخستنی کار لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا مەشقێکی ئۆنلاینی بەڕێوەبردووە کە لەپێناو دەستەبەرکردنی ڕێگەی دەستڕاگەیشتنیانە بەم هۆکار و ئامرازانە، بۆ ئەوەی پێشەنگە گریمانەکراوەکان و هەنووکەییەکانی کاروبار لە هەرێمدا دەستیان بەو هۆکارانە ڕابگات.

هەرچەندە پەتایەکە ڕووبەڕووی چەندان تەنگوچەڵەمە و ئاستەنگی کردینەوە، بەڵام توانیمان لەگەڵ ئاژانسەکانی دیکەی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە ناحکوومییەکان و هاوبەشانی خۆجێیدا، چەند هاوبەشییەك پێکبهێنین و چەند بەرنامەیەکی هاوبەش ئامادە بکەین و ڕێگەکانی کارکردنێکی چالاکتر بۆ چارەسەرکردنی ئەو ئالنگارییانەی بازاڕ بدۆزینەوە کەوا پەتایەکە سەپاندبوونی، لەگەڵ دیاریکردنی سەرلیستەکانی کاری شایستەی دوورمەودا لە عێراقدا.

**پاڵپشتیکردن و برەودان بە کاری شایستە بۆ ئەو کۆچبەرانەی بەزۆرەملێ کۆچیان پێ کراوە، هەروەها ئەو جڤاکانەش کە پێشوازیان لێ دەکەن، لە پێشەکی و ڕیزی پێشەوەی بەرنامەی نیشتمانییە بۆ کاری شایستەی سەر بە ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کار لە عێراقدا. دەتوانیت سەبارەت بە چۆنییەتیی کاری ڕێکخراوەکە لەگەڵ هاوبەشە هەمەچەشنەکاندا – بۆ جێەجێبەکردنی ئەرکە تایبەتەکانی لەگەڵ ئالنگارییە نوێیەکانی پەتای کۆڤید -١٩- چەند نموونەیەکمان پێشکێش بکەیت؟**

بەرنامەی هەرێمییانە بۆ کاری شایستە جەخت لەسەر ئەو کۆچبەرانە دەکاتەوە کە بە زۆرەملێ کۆچیان پێ کراوە، لە هەمان کاتیشدا بایەخ بەو جڤاکانە دەدات کە خانەخوێی ئەو کۆچبەرانەن و باوەشیان بۆیان کردووەتەوە، چەند بەرنامەیەکی دیاریکراومان هەن کە لە ڕەوتی ئاوارەبوونی زۆرەملێیانەدا، جەخت لەسەر چاکترکردنی دەرفەتەکانی گەیشتن بە کار دەکەنەوە.

هاوبەشیکردن بۆ چاکترکردنی ئاسۆی ژیانی کۆچبەرانی بەزۆر کۆچپێکراو و جڤاکە خانەخوێیەکانیشیان لە پڕۆژە سەرەکییەکانمانن، هاوبەشییەکی جیهانییە و بە پاڵپشتیی حکوومەتی هۆڵەندا و مەزنبوونی هەوڵە هاوبەشەکانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کار و دەستگەی نێودەوڵەتیی تەرخانکردنی پارە و کۆمسیۆنی کاروباری پەناخوازان و یونیسێف و بانکی نێودەوڵەتییە بۆ چارەسەرکردنی فێربوون و دامەزراندندن و پارێزگەری. ڕێکخراوەکە لەسەر چەند پێکهاتەیەکی جۆراوجۆر کاردەکات کە بریتییە لە پاڵپشتیکردنی ڕەخساندنی دەرفەتی کار و گەشەپێدانی پڕۆژەکان و کارامەییەکان و دەستپێشخەریی بەرنامەی وەبەرهێنانی چڕ کە پاڵپشتی لە کەسانی بەزۆر کۆچپێکراو و جڤاکە خانە خوێییەکانیان دەکات.

وەك پێشتریش باسمان کرد، بەشێکی گرنگی ئەو هەوڵ و هەنگاوانە، هەوڵی پڕکردنەوەی کەلێنی نێوان چالاکییە مرۆییەکان و گەشەپێدەرەکانە کە یارمەتیدەر و زەمینەسازی خۆڕاگری و پشتبەخۆبەستانی خەڵکە. بۆ نموونە: تەدەخول و دەستپێشخەرییەکانی بەرنامەی وەبەرهێنانی چڕ هەر تەنیا پێوەندیی بەوەوە نییە دەرفەتی کاری کورتمەودا بۆ خەڵك دەستەبەر بکات، بەڵکو لە هەمان کاتیشدا هەوڵ دەدەین ڕێبازێکی تێروتەسەلی بەرنامەکانی وەبەرهێنانی چڕ بگرینەبەر، کە تیایدا دەرفەتەکانی کار دەستەبەر بکرێن و کارامەیی و شارەزاییەکان و خزمەتگوزارییەکانی دامەزراندن وەدی بهێندرێن و دەستگەکان پێشبخرێن و لە چوارچێوەی ئەو هەوڵانەی لەپێناو چاکترکردنی دەرفەتەکانی گەیشتنیان بە خزمەتگوزارییە نیشتمانییەکان و کاری شایستەی دوورمەودا وەگەڕخراون، مۆرکێکی ڕەسمییانە ببەخشینە کرێکاران.

**پلان و بۆچوون و گۆشەنیگای ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کار بۆ هەنگاونان چییە و دەتوانن لە ساڵی ٢٠٢١ دا چ شتێك وەدەست بێنن؟**

پلانەکەمان بریتییە لە جێبەجێکردنی بەرنامەی





هەرێمییانە بۆ کاری شایستە کە هێشتاکە لە قۆناغەکانی سەرەتادایە. لە ساڵی ٢٠٢٠ دا توانیمان بناغەیەك بۆ بەرنامەکە دابنێن و لە ساڵی ٢٠٢١ یشدا پلان بۆ فراوانکردن و دۆزینەوەی سەرچاوەی دیکەی جێبەجێکردن و دیاریکردنی چەند بوارێکی نوێ دادەڕێژین، بەتایبەت لە هەلومەرجی کۆڤید-١٩ و چەندان قەیرانی دیکە کەوا کاریگەرییان بەسەر وڵاتەکەدا هەیە.

هیوادارین لە ساڵی ٢٠٢١ دا بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتییەکانی کاری ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کار، ڕەزامەندی لەسەر یاسای خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی دەرببڕدرێ ، هەروەها عێراقیش ڕەزامەندی لەسەر پەیماننامەی ژمارەی ١٠٢ ی دەستەبەرکردنی کۆمەڵایەتی دەرببڕێ کە بناغەی گشت ڕێککەوتننامەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتیی ڕێکخراوەکەیە و دەستنیشانی نۆ پێوەرەکەی دەستەبەری کۆمەڵایەتی دەکات.

هەروەها هیوادارین سیاسەتێکی نیشتمانی بەدی بکەین بۆ دامەزراندنێك کە لەسەر بەڵگە بێت و لە لایەن هەرسێ لایەنی بەرژەوەندییەکەی نێو عێراق گەڵاڵە بکرێ و بۆ پەسندکردنیشی پێشکەشی پەرلەمان بکرێ. ئەم سیاسەتە لە پێداویستییە هەنووکەیی و زۆر خێرایەکانی ئافراندنی ڕێگەکانی گوزەران و بژێوی و کار و ئەرکە کتوپڕەکان دەنواڕێ، ئەمەیش بۆ چارەسەرکردنی ئەو ئالنگارییە بنیادی و هەیکەلییانەیە لە مەودای مامناوەندی و درێژدا، هەروەها هەوڵێکی چارەسەرکردنی بێتوانایییە لە وەدەستهێنانی کاری شایستە کەوا لە بازاڕی کاری عێراقیدا ڕووبەڕووی ژنان و پیاوان بووەتەوە.

هیوادارین ڕێبازێکی سەرانسەری ببینین کە پێشبخرێ و جێبەجێ بکرێ بۆ ئەوەی لە ئابووریی نارەسمییەوە بەرەو ئابووریی ڕەسمی بچین و توانای گونجان و بەرهەمهێنان چاکتر بکات و وەرچەرخانی بنیادی و حەوکەمەی کار و ملکەچکردن بۆ پێوەرە نیشتمانی و نێودەوڵەتییەکانی کار، بەشێوەیەکی باشتر وەدی بهێنێت.

ئەم هەوڵ و کۆششانە بۆ کرێکاران و خانەوادەکانیان ڕێگە بۆ زۆر دەرفەتی باشی کار خۆش دەکات، بۆ ئەوەی لە مامەڵەکردنیان لەگەڵ ئەو ئالنگارییە نوێیانەی ئێستە یەخە گیریان بووە، یارمەتیدەریان بێت و بەشداریش لە چاکترکردنی هەلومەرجەکانی ئەو کارانەدا بکات کە دەرفەت بۆ کرێکاران خۆش دەکات لە ژینگەیەکی بێمەترسیتردا کار بکەن. هیوادارین لە کەرتی ڕەسمیدا کرێکارێکی زۆر ببینین، بەبێ ئەوەی نیگەران بن لەوەی نان و دەرامەتیی سبەینێیان چۆن دەستەبەر بکەن، هەروەها زۆرێکیش لە کرێکاران کارێکی بێمەترسیان دەستکەوێ کە لە بنیادنانی ئایندەیەکی باشتری خۆیان و خانەوادەکانیان، یارمەتیدەریان بێت.



# رێکخراوی ژنانی نەتەوە یەکگرتووەکان




رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژنان لە ساڵی ٢٠٢٠دا بەردەوام بووە لە هەوڵی نەپساوەی لە عێراقدا لە ڕێگەی دانانی چەند بەرنامەیەك بۆ بەهێزکردنی توانای تەکنیکییانەی ژنان بۆ سەرکردایەتیکردن. لەلایەکی ترەوە، ڕێکخراوەکە لەڕێگەی حکوومەتی عێراق و کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرۆکی پارتەکان لە هەوڵدا بووە بۆ جەختکردنەوە لەسەر گرینگیی پشتگیریکردن لە یەکسانیی جێندەری و بەتواناکردنی کارنامەی ژنان بەگرتنەخۆی بەشداریی ژنان لە سەرکردایەتیکردنیشدا.

لەلایەکی ترەوە، عێراق لەوەتەی ڕاپەڕینە جەماوەرییەکەی ساڵی ٢٠١٩ ەوە بەدەست نائارامی و ناسەقامگیرییەوە دەناڵێنێت و دۆخەکەش زیاتر بەهۆی گرژییەکانی سەرەتای ساڵی ٢٠٢٠ ەوە ئاڵۆزتر بوون و دواییش بەهۆی سەرهەڵدانی پەتای کۆڤید-١٩ کە بووە مایەی ماڵنشینی.

لە ئەنجامی خۆنیشاندانەکانی ساڵی ٢٠١٩دا، ڕێکخراوەکە کەوتە ئەنجامدانی هەڵسەنگاندنی خێرا بۆ پێویستییەکان بە مەبەستی دەستنیشانکردنی پاڵنەرەکانی ژنانی عێراق بۆ بەشداریکردنیان لە خۆپیشاندەکان و مەزەندەکردنی پێویستی و گرفتەکانیان و داواکارییەکانیان و چارەسەرە پێشنیارکراوەکانیش. خراپبوونی دۆخی ئاسایش بووە مایەی پەکخستنی هاتوچۆی کارمەندان و سنووردراربوونی گەیشتن بە شوێنی پڕۆژەکان و هەبوونی بەربەست لەسەر ئاستی پارێزگا و کۆمەڵگادا. بە واتایەکی تر، لەم جۆرە دۆخەدا بێگومان دواکەوتن ڕوودەدات هەرچەندە ڕێکخراوەکە ڕێوشوێنی بۆ سووککردنی دۆخەکە و هەروەها بۆ بەهاناوەچوونی لەکاتیخۆیدای بۆ ئەم دۆخە گرتووەتەبەر لەکاتی ڕوودانیدا. چالاکییەکانی وەك کۆبوونەوە و ڕاهێنان و ئەنجامدانی سەکۆیکار لەڕێگەی ئەنتەرنێتەوە ئەنجام دران بۆ کەمکردنەوەی گردبوونەوە. ئەگەر پێویستیش بووایە کە کۆبوونەوەکان ڕووبەڕوو ئەنجام بدرانایە ئەوە بە ڕەچاوکردنی ڕێکارە خۆپارێزییەکان دەبوون. لەلایەکی ترەوە، ڕێکخراوەکە هەماهەنگیی چڕوپڕی لەگەڵ دەزگا حکومییەکاندا ئەنجامدا بۆ فەراهەمکردنی یەکسانیی جێندەری و بنەماکانی "ژن و ئاشتی و سەقامگیریی" لە تەواوی چوارچێوەکانی سیاسەتدا (بەگرتنەخۆی پێداچوونەوەی دامودەزگایی نیشتمانی، پەیڕەوکردنی یاسای دژە توندوتیژی خێزانی، تەواوکردن و پەسەندکردنی پلانی کارپێکردنی نیشتمانی لەبەر ڕۆشنایی بڕیاری ژمارە ١٣٢٥ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکاندا).

ڕێکخراوەکە بەردەوام دەبێت لە بەکار هێنانی ئەرکی پێسپێردراوی بۆ یەکسانیی جێندەری و پرسە پەیوەستەکانی تر بەگرتنەخۆی وەك سەرۆکی "هێزی ئەرکی جێندەر" بۆ خۆئامادەکردن بۆ دانانی پرسی جێندەر لە هەموو قۆناغەکانی جێبەجێکردندا و بەشدارییپێکردنی چالاکانە و پێدانی شارەزایی بە تیمی وڵاتی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئاژانسەکانی تری نەتەوە یەکگرتووەکان لەپێناو جێبەجێکردنی سەرکەوتووانەی پلانی بەهاناوەچوونی جێندەری و چوارچێوەی چاودێریکردن و ڕاپۆرتدان.

سەبارەت بە کاری کۆمەڵگەی مەدەنیش، ڕێکخراوەکە چالاکانە بەشدار بوو و هەماهەنگییەکانیشی لەگەڵ کۆمەڵگەی مەدەنی بە شێوەیەکی لەڕادەبەدەر چڕتر کرد بۆ بەرەوپێشبردنی یەکسانیی جێندەری لە عێراقدا لەڕێگەی گەیشتن بە زیاتر لە ١٥٠ چالاکوانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە سەرتاسەری وڵاتدا بۆ دڵنیابوون لەوەی کە پێویستییە گرینگەکانی کچان و ژنان و هەروەها پرسە لەپێشینەکانیان بەهەند وەرگیراون لە پەرەپێدانی سیاسەت و بەرنامەدا و هەروەها ئەوەش کە ژنان و گەنجان، بەگرتنەخۆی کەمدەرامەت و پەراوێزخراوەکانیشەوە، چالاکانە بەشدارن لە دروستکردنی ئاشتی و بووژانەوە و گەشەپێدانی شێوازەکانی پرۆسەی بڕیاردانا.

## پرۆگرامەکانی کاری بیجین

ریکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژنان، لە ساڵی ٢٠٢٠ دا لە پێشکێشکردنی یارمەتیی هونەری بە حکوومەتی عێراقی و دڵسۆزی لە هەنبەر پابەندبوونەکانی لە ئامادەکردنی ڕاپۆرتەکانی تایبەت بەو پەیماننامە نێودەوڵەتییانە بەردەوام بوو کە لە لایەن عێراقەوە پەسندکراوە؛ تیایدا بە پاڵپشتیی دەستەکە ڕاپۆرتێکی تایبەت بە ڕاگەیاندن و پرۆگرامەکانی بیجین+٢٥، لە مانگی ئایاری ساڵی ٢٠١٩دا درایە لیژنەی هەرێمییانە. هەروەها دەستەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژن پاڵپشتیی هونەری و دارایی پێشکێشی ئەو شاندە عێراقییە کرد کەوا لە چالاکیی پەسندکردنی ڕاپۆرتە هەرێمییەکەی تایبەت بە پرۆگرامەکانی بیجین و دوای تێپەڕبوونی بیست و پێنج ساڵ لە ئەیلوولی ساڵی ٢٠١٩ لە بەیرووت بەشداری کردبوو. بۆنە و پێشهاتەکە بۆ شاندە عێراقییەکە زۆر گونجاو بوو بۆ ئەوەی ئەو ئالنگارییانە بخەنە ڕوو کە لە ڕەوتی جێبەجێکردنی پرۆگرامەکانی کاری بێجین ڕووبەڕوویان ببوویەوە، وانە و پەندە سوود لێ وەرگیراوەکانیش دوانزە بواری گوماناوی گرتبوویەوە. هەروەها دەستەی نەتەوە یەککرتووەکان بۆ ژن، لە ساڵی ٢٠٢٠ لە بەدواداچوون لەمبارەیەوە بەردەوام بوو؛ بەڵام شڵەژان و تێکچوونەکانی بواری ئەمنی و کۆتوبەندە سەپێنراوەکانی تایبەت بە ڕووبەڕووبوونەوەی پەتای کۆرۆنا (کۆڤید-١٩) بوونە هۆی دواخستنێکی گەورەی ئەم کردانە.

## بڕیاری ژمارە 1325ی ئەنجوومەنی ئاسایشی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان و پلانی دووەمی کاری نیشتمانیی عێراقیی تایبەت بە جێبەجێکردنی

کاری بەرنامەییانە و پێوەرییانەی دەستەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە کایەی ژن و ئاشتی و ئاسایشدا، لەسەر ئاستی هۆشیاربوونەوە لە هەنبەر ڕۆڵی ژن لە بنیادنانی ئاشتی و لەسەر ئاستی نیشتمانی و جڤاکی خۆجێییانەی عێراقی، کاریگەرییەکی گەورەی هەبووە، چونکە لە میانی پاڵپشتیکردنی تەکنیکی و ڕێنماییکاری و داراییدا کەوا دەستەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژن پێشکەشی کردبوو، ئەمینداریەتیی گشتیی ئەنجوومەنی وەزیران پلانی دووەمی کاری عێراقی بۆ جێبەجێکردنی بڕیاری ژمارە ١٣٢٥ی ئەنجوومەنی ئاسایشی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکانی پەسندکرد، کە بە شێوەیەکی ڕەسمی لە کانوونی یەکەمی ٢٠٢٠ دا لەژێر سەرپەرشتیی مستەفا کازمیی سەرۆکوەزیرانەوە ڕاگەیەندرا. لە ئاهەنگەکەدا پلانی فەرمانگەی تواناداركردنی ژن لە ئەمینداریەتیی گشتیی ئەنجوومەنی وەزیران بە پاڵپشتیی دەستەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژن ڕاگەیەندرا.
پلانی کارەکەش لەسەر بنەمایەکی هاوبەشیکردنی فراوان داڕێژرا کە لەگەڵ زیاتر لە ٦٠ ڕێکخراوی ژنانی سەرانسەری وڵاتەکە و ئەمینداریەتیی گشتیی ئەنجوومەنی وەزیران و نوێنەرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی مەرکەزی و ئەو لیژنە کەرتییانەی کەوا لەنێو ٣٣ دەستگەی وەزاری و حکوومی کاردەکەن، ڕاوێژ کرا و بیروڕایەکان گۆڕدرانەوە. دەستەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژن، هەوڵەکانی پاڵپشتیکردنی دۆخی پلانە نیشتمانییەکان بۆ جێبەجێکردنی پلانە نیشتمانییەکانی جێبەجێکردنی بڕیاری ژمارە ١٣٢٥ی ئەنجوومەنی ئاسایش لە عێراق لە ساڵی ٢٠١٤ەوە لە تەك ئاژانسە هاوکار و برایەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و جڤاکی نێو نەتەوەیی بەڕێوەدەبرد و ڕێبەرایەتیی دەکرد.

## تواناداركردنی ئابوورییانەی ژن

گرتنەبەری ڕێبازێکی هاوبەشییانە و بەشدارانە؛ بە تایبەتیش لەگەڵ هاوبەشانی نێو جڤاکی خۆجێیی، دەرفەتی بۆ دەستەی نەتەوە یەککرتووەکان بۆ ژن، ڕەخساند، بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی باشتر لە هەنبەر ئەو پێداویستییە ڕاستەقینانەدا کاردانەوەی هەبێت کەوا جڤاکە سوودمەندە خۆجێییەکان پیشانیان داوە، بۆ نموونە، هەندێك هاوبەشی جێبەجێکار لە بەرنامەی تواناداركردنی ئابووری، چەند دەستگەیەکی ( الورشە) بەرگدووریی خۆیان بەرەو بەرهەمهێنانی ماسك و عەبای پارێزەر گۆڕی، دواتریش چەند دەرفەتێکی باشتریان بۆ ژنان ڕەخساند تاکوو بتوانن لە میانی ئەو کات و هەلومەرجە دژوارانەی پەتای کۆرۆنا دروستی کردبوون، دەرامەتێك بۆ ژنان بێتە دەست.
دەستەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژن بەردەوام لەگەڵ چەندان لایەن و کەسدا بەشێوەی بەرفراوان کاری کردووە، ئەو کەس و لایەنانەش بریتی بوون لە هاوبەشانی خۆجێیی لەسەر ئاستی داڕشتنی چەند یاسایەك، هەروەها لەسەر ئاستی دانانی چەند سیاسەتێك بەمەبەستی دانانی پلانێکی نیشتمانییانەی کار، بۆ تواناداركردنی ئابووری بە هاوبەشی لەگەڵ بانکی نێودەوڵەتی. ئەم کارەش لەگەڵ ستراتیژی دووەمی عێراقدا دەگونجێ لەپێناو دانانی ئاست و سنوورێك بۆ هەژاری و چوارچێوەی ستراتیژیی پاراستنی کۆمەڵایەتی.

## کاریگەرییەکانی کۆڤید 19- و چالاکییەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژنان

ڕێکارەکانی داخستنی شوێنەکان و ئەو کۆتووبەندانەی بەهۆی پەتای کۆرۆناوە بەسەر جوولە و هاتووچوودا سەپێندرابوون، لە عێراقدا بوونە هۆی بەرزبوونەوەی تێکڕایەکانی توندوتیژیی خانەوادەیی. لە ئەنجامی ئەمەدا، دەستەی نەتەوە یەککرتووەکان بۆ ژنان، هاوشان لەگەڵ ئاژانسەکانی دیکەی نەتەوە یەکگرتووەکان و لایەنە کارایەکانی نێودەوڵەتی، لە عێراقدا هەڵمەتی داواکردنی داڕشتنی یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی خانەوادەییان بەڕێوەبرد. دەستەی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە میانی دەستەبەرکردنی پەناگە و تیمە گەڕۆکەکانەوە، لەسەر ئاستی جڤاکی خۆجێییدا پاڵپشتی و کۆمەکی پێشکەشی ژنە ڕزگاربووەکان کرد، هەروەها دەستەی نەتەوە یەککرتووەکان بۆ ژنان، لە میانی چەندان پڕۆژەدا حەوت مەڵبەندی ژنانەی دامەزراند کە خزمەتگوزارییەکانیان پێشکێشی توێژە زۆر بێدەرەتان و هەژارەکان دەکەن، بەتایبەتیش لە کەمپەکانی پەناخوازاندا، هەروەها لە میانی دەستەبەرکردنی مەشقی دەروونی و یاساییەوە، پاڵپشتی و کۆمەکی پێشکێشی مەڵبەندەکانی تایبەت بە داڵدەدانی ژن کرد. ئەم مەڵبەندانە لە ساڵی ٢٠٢٠ دا لە کاردانەوەی هەنبەر کۆڤید-١٩دا، ڕۆڵێکی سەرەکییان گێڕا.

هەروەها لەو کاتەش کە کۆتوبەندەکانی تایبەت بە کۆڤید -١٩ سەپێندران، بۆ بەڕێوەبردنی کۆبوونەوەکان لەسەر ئاستی جڤاکی خۆجێیدا، چەند سەکۆ و پێگە و سیستمێکی جێگرەوەی شیمانەییان بەکار هێنا (وەك: ئەپلیکەیشنی زووم zoom). هەروەها بۆ زامنکردن و دڵنیابوونەوە لە جێبەجێکردنی خولە پێویستەکانی مەشق بەپێی ئەو پلانانەی بۆیان دانراوە، دەستەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژنان لەنێو تۆڕی ئینتەرنێتدا پێگە و سەکۆیەکی کارلێکییانەی پێشخست، کە بەتایبەت بۆ وەدەستهێنانی پێداویستیی سوودمەندان و هاوبەشانی دەستەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژنان دیزاین کرابوو. پێگە و سەکۆیەکە لە میانی ئینتەرنێت و خولە کارلێکییەکان و کۆبوونەوە بەکۆمەڵەکان، چەندان تایبەتمەندیی پەسندکراو و پشت پێبەستراو دەگرێتەوە. هەرچەند چەندان ئالنگاری تایبەت بە بەکارهێنانی تەکنیکەکان و ئامرازە داهێنراوەکان هەبوون (بە توانای پێوەندیکردن و بەکارهێنانی تۆڕەکانی ئینتەرنێتیشەوە) بەتایبەت بۆ دانیشتووانە کەمدەرامەت و هەژارەکان، بەڵام پشتبەستن بە پێگە و سەکۆیە شیمانییەکان توانای بە دەستەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژن، بەخشی چوارچێوە و سنووری کاری ژنان و کچانی عێراقی فراوانتر بکات و بتوانن لە زۆر ناوچەی عێراق و هەندەرانیشدا بەشداری بکەن.
هەروەها هەماهەنگیکردن لەگەڵ پەیکەری نەتەوە یەککرتووەکان لە ساڵی ٢٠٢٠ دا بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی کاردانەوەی هەنبەر کۆڤید-١٩ پێداویستی و داواکارییەکانی گەل و حکوومەتی عێراق بەشێوەیەکی کارا دەهێنێتە دی، مەسەلەیەکی کرۆکییانە بۆ. لەمەیشدا ڕێنمایی لە چوارچێوەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاردانەوەی یەکسەر لە هەنبەر کۆڤید-١٩ وەرگرت، دەستەی نەتەوە یەککرتووەکان بۆ ژن، لەگەڵ ئاژانسەکانی دیکەی نەتەوە یەککرتووەکان لە عێراقدا، پلانی کاردانەوەی هەمەگیری کۆمەڵایەتی ئابوورییان داڕشت کە وەدیهێنەری گشت لایەنە پێویستەکانی کەمکردنەوەی کاریگەریی پەتایەکە بوو. ئەم مەسەلەیەش وەك یەکێك لە گرنگترین ئەو پەند و وانانە بووە؛ نەك هەر وەك هەماهەنگی بەتەنیا، بەڵکو لەڕووی گرنگیی گونجان و سازان لە پێوەندیی بەردەوام لەنێوان نەتەوە یەککرتووەکان و حکوومەتدا هەمان ڕۆڵی هەبوو.
هەروەها ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژنان، بۆ دەستەبەرکردنی ئەوەی کە چەمکی جۆری کۆمەڵایەتی وەك پێکهاتەیەکی سەرەکیی لە کاردانەوەی هەنبەر کۆڤید-١٩ بمێنێتەوە، لە قۆناغە زووەکانی تەشەنەکردنی پەتایەکەدا، یادداشتنامەیەکی ڕێنماکاری بەناونیشانی ( کاردانەوەی هەنبەر کۆڤید-١٩ لە عێراق لە ڕوانگەی جۆری کۆمەڵایەتی) دانا، ئەمەیش بۆ ئاراستەکردنی کاری گشت لایەنە چالاکەکان بوو، بەتایبەتیش حکوومەت و جڤاکی مەدەنی و دەستە و ڕێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان.
ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژنان، لە ساڵی ٢٠١٩- ٢٠٢٠ دا داوای لێ کرا بەشداری لە لیژنەی ڕیفۆرمە دەستوورییەکاندا بکات، لەوێشدا یارمەتییەکی مەزنی تەکنیکییانەی لە بەرژەوەندیی کردەی ڕیفۆرمی دەستووریی عێراقیدا پێشکێش کرد، ئەمەیش بە ئامانجی گشتاندنی ڕوانگەی جۆری کۆمەڵایەتی بوو لە یاسایەکانی عێراقدا. ئەو

هەمموارکردنەوە دەستوورییانەی دەستەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژن پێشنیازی کردبوون، بوونە هۆی چەند ڕاسپاردەیەك كەوا ڕێککەوتننامەی لەنێوبردنی گشت جۆرەکانی هەڵاواردنی دژ بە ژنان و لیژنەکانی دەرخستەی هەمەگیری دەوری پێی گەیشتبوون، لەگەڵ ڕاگەیاندن و ڕێبازەکانی کاری بیجین لە قەواڵە نێودەوڵەتییە لەخۆگیراوەکانی دیکە/ یان ئەوانە بوون کە لەلایەن کۆماری عێراقەوە پەسند کرابوون.

## یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی خانەوادەیی و توندوتیژیی دژ بە ژنان

ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژنان لە ساڵی ٢٠٢٠ دا، بەشێوەیەکی نزیك و توندوتۆڵ لەگەڵ ئەندامانی پەڕلەماندا سەبارەت بە چەند هەمموارکردنەوەیەکی یاسای بەرەنگاربوونەوەی خانەوادەیی کاری کرد کەوا لە کۆتاییی مانگی ٢٠١٩ دا پێشکێشی پەڕلەمان کرا. هەروەها دەستەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژنان، لە ڕێگەی خولەکانی مەشق و گفتوگۆیەکانی تایبەت بە یاسای پێشنیازکراو، داوای پشتگیریکردنی کرد، لەمبارەیەوەش پشتگیری بۆ یاسایەکە کۆکردەوە بۆ ئەوەی یاسایەکە بچێتە پەڕلەمانەوە.
هاوتەریب لەگەڵ ئەمەیشدا، بۆ داواکاری لەسەر تێپەڕاندنی یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی خانەوادەیی، لە میانی بڵاوکردنەوەی چەند نامەیەکی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی، هەڵمەتێکی جەماوەری ڕێکخرا کەوا سەبارەت بە توندوتیژیی جۆری کۆمەڵایەتی و گرنگیی پشتگیریکردن و گرتنەبەری یاسایە نوێیەکە، ئاستی هۆشیاریی جەماوەری بەرز دەکاتەوە.
بەشێوەیەکی تایبەتیش بۆ زیادترکردنی ڕێژەی دادوەریکردن لە دۆخەکانی توندوتیژیی جۆری کۆمەڵایەتی (ڕەگەزی) و چاکترکردنی کاردانەوە دادگەییەکان، لەگەڵ کەسانی پیشەیی کەرتی دادپەروەری کار و کۆشش کرا. جگە لەمانەیش بۆ پتەوترکردن و پاڵپشتیی توانایەکانی هێزی پۆلیس و ئاسایش سەبارەت بە توندوتیژیی جۆری کۆمەڵایەتی و توندوتیژیی سێکسیی وابەستە بە ململانێیەکان، خولێکی مەشقییانە ڕێکخرا.

## هاوبەشکارییەکان

دەستەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژن، بەردەوام کاری لەسەر جەختکردنەوە لەسەر هاوبەشی و هاوکاری کردووە لەگەڵ ئاژانسەکانی دیکە، جەختکردنەوەکەش لە میانی " تیمی کاری تایبەت بە جۆری کۆمەڵایەتی" بوو کەوا لە ساڵی ٢٠٠٥ دا دامەزراوە و خاتوو " ئێرینا فوجاکۆڤا سولارانۆ"، جێگری نوێنەری تایبەتی ئەمینداری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخەری نیشتەجێیی کاروباری مرۆیی لە عێراقدا ڕێبەرایەتی دەکات. دەستەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە تەك بەرنامەی گەشەپێدەری نەتەوە یەکگرتووەکان و نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ یارمەتیدانی عێراق، بەشداری لە سەرۆکایەتیکردنی تیمی کاردا کردووە. ئەندامییەتیی تیمی کاری تایبەت بە جۆری کۆمەڵایەتی لەو لایەنە بەرپرسانە پێکدێت کە تایبەتن بە جۆری کۆمەڵایەتی و لە عێراقدا کار دەکەن و سەر بە ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانن؛ بە کۆمسیۆنی نەتەوە یەکگرتووەکانی تایبەت بە پەنابەران و سندووقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتووان و سندووقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ منداڵان و نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان- تایبەت بە مادەی هۆشبەر و تاوان و بەرنامەی خۆراکی جیهانی و ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ کۆچ و نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ خزمەتگوزاریی پرۆژەکان و نووسینگەی کۆمیسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤ و بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ نشینگە مرۆییەکان و نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان – تایبەت بە مادەی هۆشبەر و تاوان و فەرمانگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ڕێکارەکانی تایبەت بە مین و ڕێکخراوی کشتوکاڵ و خۆراکی جیهانی. ئامانجی تیمی کار تایبەت بە جۆری کار، کارکردنی هاوبەشانەیە بۆ پشتگیریکردنی پرسی یەکسانیی نێوان هەردوو ڕەگەز لە عێراق لە میانی دەستەبەریی ئاڵوێرکردنی زانیاری بەشێوەیەکی کارا و بڵاوکردنەوەی چەند نامەیەکی یەکگرتووانە و دانانی ئەو پلانانەی ڕەچاوی ڕوانگەی جۆری کۆمەڵایەتی دەکات و کاری هاوبەشە بۆ پشتگیریکردن و کۆکردنەوەی پشتگیری.
دەستەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژن ، هاوبەشییەکی لەگەڵ لیژنەی ئابووری و کۆمەڵایەتیی خۆرئاوای ئاسیا (ئیسکوا) کرد و سەبارەت بە کردەی دانانی سیاسەتەکانەوە سێ فۆڕمی توێژینەوەیی ئامادەکرد، تیایاندا کاریگەریی پەتای کۆڤید-١٩ی لە ڕوانگەی سێکسی و ڕەگەزییەوە لەسەر هەردوو کەرتی سیاسی و ئابووری و کەرتی پاراستنی کۆمەڵایەتی لە عێراقدا ڕوونکردبوویەوە. لێکەوتە و دەرئەنجامەکانی ئەو توێژینەوانە بۆ پاڵپشتیکردنی حکوومەتی عێراقی و لایەنە پێوەندیدارەکان و ڕێکخراوە ناحکوومییەکان و جڤاکی نێودەوڵەتی، سەرگەیەکیان دەستەبەر کردبوو، ئەمەش لەپێناو تێگەیشتنی باشتر بوو سەبارەت بە چۆنییەتیی کەمکردنەوەی ئەو کاریگەرییە نەرێیانەی سەرچاوەیان لە پەتای کۆڤید-١٩دا گرتبوو، هەروەها بۆ دەستەبەرکردنی دانانی چەند کاردانەوەیەکی گونجاوی ژێر جێبەجێکردن بوو.
ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژن، لەگەڵ حکوومەت و ڕێکخراوە ناحکوومییەکان و ڕێکخراوەکانی جڤاکی مەدەنی، هاوبەشییە بەهێزەکانی خۆی ڕێکخست؛ وەك ڕێکخراوی تواناداركردنی ژن و تۆڕی ژنانی عێراقی، لە ڕێگەی پاڵپشتیکردن و یارمەتیدانی هونەرییانە و مادّدیانە لە جێبەجێکردنی کار و هەوڵەکانی کۆکردنەوە و وەدەستهێنانی پشتگیری، بۆ ئەوەی وایان لێ بکات بەشێوەیەکی باشتر و زۆرتر لە کردەی تێپەڕاندنی یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی خانەوادەیی و پلانی کاری نیشتمانیی عێراقی سەبارەت بە بڕیاری ژمارە ١٣٢٥ی ئەنجوومەنی ئاسایشی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان بەشداری بکات. جگە لەمانەیش، دەستەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژن، بەشێوەیەکی پتەو و توندوتۆڵ لەگەڵ فەرمانگەی ژنی عێراقی و ئەنجوومەنی باڵای کاروباری ژنان لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لەپێناو پێشخستنی چوارچێوەی پلانی نیشتمانییانەی کار بەشداری دەکات؛ بە ڕێگەپێدانی لە ساڵی ٢٠٢٠ دا.
ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژن، بە هاوبەشی لەگەڵ بەرنامەی خۆراکی جیهانی لە کردەی پێشخستنی چەمکی/ نموونەی داهێنراوی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان، بەبەکارهێنانی سیستمی پسوولەی دراویی ناسراو بە پسوولەکانی " سکۆب" ی سەر بە بەرنامەی خۆراکی جیهانی بەشداری کرد، ئەمەیش بۆ پتەوکردنی کارایی وەدەستهێنانی خزمەتگوزارییە داراییەکان و دەرفەتەکانی پێشخستنی کاروبارە بازرگانییەکان و یارمەتییە دراوییەکان و دراو لە بەرانبەر کار و دانانی ئاستێکە بۆ مەترسیی بڵاوبوونەوەی پەتای کۆڤید-١٩.

## دەستکەوت و کارە وەدیهێنراوەکانی ساڵی 2020

لە هەنگاوێکی بێوێنەی دەستگەکانی عێراقیدا، دەستەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژن، داوای لێ کرا بەشداری لە لیژنەی ڕیفۆرمی دەستووریدا بکات؛ بەمەیش دەستەکە تاکە ئاژانسی نەتەوە یەکگرتووەکانە کە ئەو شەرەفەی پێ بەخشرابێت، لە هەمان کاتیشدا بووە دەرفەتێکی گرنگ بۆ پێشکەشکردنی یارمەتیی هەستپێکراوی هونەری بۆ پاڵپشتیکردنی کردەی ڕیفۆرمی دەستووری عێراقی کە ئامانجی کارکردنە لەسەر چەمکی جۆری کۆمەڵایەتیی نێو یاسایە عێراقییەکاندا، ئەمەیش مانای پابەندبوونە بە دەستەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژن لەسەر بەرزترین ئاستی کردەیی.
ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژن، بۆ هەوڵەکانی پەسندکردنی پلانی نیشتمانییانەی کاری عێراقی بۆ ساڵەکانی (٢٠٢٠-٢٠٢٤) ، یارمەتی و پاڵپشتیی پێویستی هونەرییانەی سەرکردایەتیکردن و زەمینەسازی و کارئاسانی پێشکێش کردووە. ئەم هەنگاوە بۆ عێراق و ژنانیش بە سەرکەوتنێکی مەزنی دەستەی نەتەوە یەکگرتووەکان دادەندرێ، چونکە پلانی نیشتمانییانەی کار، چوارچێوەیەکی پتەو و ڕوون بۆ حکوومەت دەستەبەر دەکات بۆ ئەوەی لە عێراقدا پاڵپشتیی لە بەرنامەکانی کاری ژنان و ئاشتی و ئاسایش بکات و لە هەمان کاتیشدا جێبەجێیان بکات.
هەروەها ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژنان لە عێراقدا، بەناوی نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ یارمەتیدانی عێراق (یۆنامی)، وەرەقەی هەڵوێستی سیاسیی تایبەت بە پرۆژە یاسای توندوتیژیی دژ بە ژنانی عێراقی، پێشکێشی حکوومەتی عێراقی کرد. وەرەقەکە داوای گرتنەبەر و لەخۆگرتنی یاسای توندوتیژیی خانەوادەیی دەکات، ئەمەیش لە دوای تێکرایە بەرزبۆوەکانی توندوتیژی بوو کەوا لە کاتی پێڕەوکردنی ڕێکارەکانی داخستنی شوێنەکان و سەپاندنی کۆتوبەندەکانی هەنبەر هاتووچوو بەهۆی پەتای کۆڤید-١٩ەوە چاودێریی کرابوو.
ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژنان، لەگەڵ ئاژانسەکانی دیکەی نەتەوە یەکگرتووەکان و لەسەرووی هەمووشیانەوە بەرنامەی گەشەپێدەری نەتەوە یەکگرتووەکان، بۆ کاردانەوە لەهەنبەر پەتای کۆڤید-١٩، بەشداری لە ئامادەکردنی توێژینەوەیەکی کۆمەڵایەتی ئابووری کردووە. ئامانجی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە هەڵسەنگاندنی کاریگەریی پەتای کۆڕۆنا و پێشکێشکردنی کاردانەوەی یەکسەرە بۆ چاکبوونەوە لە قۆناغی دواتردا کەوا لە ١٢-١٨ مانگ درێژ دەبێتەوە، ئەمەش لەمیانی پلانێکی تۆکمە و تێروتەسەلی تایبەت بەم ئامانجە دێتەدی. هەروەها لە تەك ئامادەکردنی بەشێکی سەربەخۆی نێو ئەو توێژینەوە ناوبراوە،

هەوڵ و بەشدارییەکانی دەستەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژنان، لە گشت کەرتەکانی ئەم توێژینەوەیەدا جەختی لەسەر کارکردنی تایبەت لەسەر چەمکی جۆری کۆمەڵایەتی کردووەتەوە.

هەروەها نووسینگەی ئەمینداری گشتی لە عێراق لە دەستەی نەتەوە یەکگرتووکان بۆ ژن پاڵپشتیی لە داڕشتنی ستراتیژێکی نیشتمانی بۆ ژن کردووە، ئەمەیش سەبارەت بە پتەوکردن و پاڵپشتیکردنی دۆخی ژنانی عێراقی بوو بۆ ساڵەکانی (٢٠١٩- ٢٠٢٢) کەوا بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری ژنان دایناببوو. ئەم کارە کە لە ساڵی ٢٠٢٠ دا دەستی پێ کردبوو و چاوەڕوانیش دەکرێ لە ساڵی ٢٠٢١ دا بەردەوام بێت، لە پرسەکانی تایبەت بە گشتاندنی ڕوانگەی یەکسانی لەنێوان هەردوو جۆر لە گشت وەزارەت و دەستەکاندا، ڕێنمایی حکوومەتی عێراقی دەکات ، ئەمەیش بۆ دڵنیابوونەوەیە لەوەی کە پابەندبوونەکانی عێراق لە هەنبەر ڕوانگەی ڕەگەزیدا پێڕەو کراوە.

ئەو هاوبەشییانەی لەگەڵ ئەنجوومەنی باڵای دادوەری مەیسەر بوون، هەروەها دوا هەوڵ و بەشدارییەکان و کارکردن لەگەڵ کەسانی پیشەییی کەرتی دادگە و دادپەروەریدا، بوونە هۆی دامەزراندنی چەند دادگەیەکی تایبەت بە بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی خانەوادەیی لە عێراقدا. لە ئەنجامی ئەمەیشدا، ڕێژەی دادگەییکردن لە پرسەکانی توندوتیژیی جۆری کۆمەڵایەتی هەڵکشایە سەرەوە و کاردانەوە دادگەییەکان و بەتایبەتیش ئەو پرسانەی توندوتیژیی جۆری کۆمەڵایەتی و توندوتیژیی سێکسیی نێو دۆخەکانی ململانێ لە خۆدەگرن، بەرەو باشتربوون چوو. جگە لەمانەیش، بە پشتبەستن بە بڕیاری ئەنجوومەنی باڵای دادگە لە بەغدا، چەند دادگەیەکی تاوان و تاوانکاری لە ٧ی کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠٢١ دا پێکدەهێندرێن و تایبەت دەبن بە لێکۆڵینەوە لە پرسەکانی توندوتیژیی خانەوادەیی و پرسە باوەکانی دیکە لە چوارچێوەی گشت بازنەکانی پسپۆڕی و تایبەتبوون.

هەروەها لە ڕەوتی هەوڵ و هەنگاوەکانی دەستەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژن لە پاڵپشتیکردن و یارمەتیدانی گەنجانی عێراقی و بۆ پێشخستن و تواناداركردنی ژن لە عێراقدا، پاڵپشتی لە پێکهێنانی هاوپەیمانیی ٢١ دا کرد. هاوپەیمانییەکە چالاکان و سەرکردە گەنجەکانی عێراقی دەگرێتەوە کە نوێنەرایەتیی زۆر ناوچەی عێراقی دەکەن؛ بە هەرێمی کوردستانی عێراقیشەوە. ئەندامانی هاوپەیمانییەکە بەیەکەوە لەپێناو بنیادنانی توانای ژنان کاردەکەن بۆ ئەوەی لە بەشداریکردنیان لە کردەکانی دروستکردنی بڕیار و وەرگرتنی پۆستە سەرکردەییەکانی جۆرەها دەستگە و دامەزراوەی هەردوو کەرتی تایبەت و گشتیدا، تواناداریان بکەن.

لە کۆتاییدا، هاوکاری و هەماهەنگیی نێوان دەستەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژن و چوونە پاڵ تیمی هەرێمییانەی نەتەوە یەکگرتووەکان و تیمی کاری تایبەت بە جۆری کۆمەڵایەتی، لە " چوارچێوەی نوێی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاریکردن لە بواری گەشەپێدان"، بووە هۆی دەستەبەرکردنی چەمکی یەکسانیی نێوان هەردوو ڕەگەز و تواناداركردنی ژنان.




## گوتەی " دینا زۆربا"، نوێنەری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژن

جیهان بەبۆنەی ڕۆژی جیهانیی ژن و یادوەریی بیستەم ساڵیادی بڕیاری ژمارە ١٣٢٥ی ئەنجوومەنی ئاسایشی تایبەت بە ژن و ئاسایش و ئاشتی و ١٦ ڕۆژ چالاکیی دژ بە توندوتیژیی جۆری کۆمەڵایەتی لە سایەی چەند هەلومەرجێکی ئاوارتەوە، ئاهەنگ دەگێڕێ. پەتای کۆڤید-١٩ ئەوەی بەسەر حکوومەتەکاندا سەپاند چەند ڕێکارێکی گشتیی تەندروستیی ڕزگارکەری ژیان بگرنەبەر؛ بە ڕێکارەکانی داخستن و قەدەغەی هاتووچوو و چەندان کۆتوبەندی دیکەی سەپێندراوی سەر جوولانەوە، کۆی ئەم ڕێکارانەش بۆ قەتیسکردن و سنووردارکردنی تەشەنەکردنی ڤایرۆسەکە بوون. بەڵام دەکرێ ئەم ڕێکارانە بە ڕێژەیەکی زۆر بەرز ببنە سەرچاوەی مەترسیی کەوتنە بەر توندوتیژی و نەمانی ژیان. لە میانی ئەو ڕاپۆرتە نێودەوڵەتی و هەرێمییانەی بەمدوواییانە بڵاوکرانەوە، بەرزبوونەوەی تۆقێنەری ئاستی توندوتیژیی جۆری کۆمەڵایەتی و بەتایبەتیش توندوتیژیی خانەوادەییان پیشان دا؛ چونکە زۆرێك لە ڕێکارە پێویستەکانی بەرزەفتکردنی تەشەنەکردنی ڤایرۆسەکە، بەشێوەیەکی زۆر گەورە توانای کەسانی ڕزگاربوویان لە پاراستنی خۆیان دژ بە کەسانی دەستدرێژیکار، یانیش وەدەستهێنانی پاڵپشتی و کۆمەکی ڕزگارکەرانەی ژیان، کەمتر کردەوە.

عێراقیش لەم ڕەوتە دەرنەهاوێشتراوە. چونکە سیستمی بەڕێوەبردنی زانیارییەکانی تایبەت بە توندوتیژیی جۆری کۆمەڵایەتی، ئاستێکی بەرزی ژمارەی ئەو ڕووداوانەی تۆمارکرد کەوا لە بواری توندوتیژیی کراون و لە ساڵی ٢٠٢٠ دا ڕاگەیاندراون و لایەنەکانیان لێ ئاگادار کراوەتەوە. ڕووداوەکانی توندوتیژیی خانەوادەیی لە ٧٥٪ زیاترە لە کۆی ئەو ڕووداوانەی لە کایەی توندوتیژیی جۆری کۆمەڵایەتی کراون و لایەنە پێوەندیدارەکانیان لێ ئاگادار کراوەتەوە. جا لەبەرئەوەی ژنان و منداڵانی عێراقی؛ بەتایبەتیش ئەوانەی خاوەنی پێداویستیی تایبەتن، زیاتر ڕووبەڕووی مەترسییەکانی توندوتیژیی خانەوادەیی پێش پەتایەکە ببوونەوە، ئەوا ئەم ژمارانە تەنیا بەشێکی زۆر بچکۆڵەی گرفتەکەن؛ چونکە زۆربەی دۆخەکانی توندوتیژیی خانەوادەیی و جۆرەکانی دیکەی توندوتیژیی جۆری کۆمەڵایەتی ، بە تەواوی و بە پێی پێویست لایەنەکانیان لێ ئاگادار نەکراوەتەوە.

نەتەوە یەکگرتووەکان داوا لە حکوومەتی عێراقی دەکات هۆیە ڕیشەییەکانی توندوتیژیی دژ بە ژنان و منداڵان لە ڕەگەوە دەرکێشێ و پاڵپشتیی لە بەشداری ژن بکات و لە کردەی دروستکردنی بڕیاردا ڕۆڵێکی سەرکردایەتیی پێ بدات، بە تایبەتیش لە کاتی قەیرانە مرۆییەکان و دۆخە ئاوارتە و کتوپڕەکاندا. هەروەها دەبێ لە بەخشینی پێگەی سەرلیستی بە پرسەکانی تایبەت بە بەرەنگاربوونەوە و قەدەغەکردنی توندوتیژیی جۆری کۆمەڵایەتی و کەمکردنەوەی مەترسییەکان و برەودان بە کاردانەوەکان بەردەوام بین، چونکە تاوانکاران هێشتاکە سوود لە نەبوونی ئەو یاسایانە وەردەگرن کە بەرپرسیاریەتیی کردەوەکانیان دەخاتە سەرشان، یانیش پارێزگەری لەو کەسانە دەکات کەوا لە توندوتیژیی دەرباز بوون.

ئێمە پەرلەمانی عێراقی دنە دەدەین یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی خانەوادەیی پەسند بکات، بۆ ئەوەی توندوتیژیی جۆری کۆمەڵایەتی لە ڕەگەوە دەربکێشرێ کە تیایدا تاوانکاران بەرپرسیاریەتیی کردەوەکانیان بگرنە ئەستۆ، لە هەمان کاتیشدا بۆ پاراستنی ئەو کەسانە چەند کەش و ژینگەیەك دەستەبەر بکات کەوا لە توندوتیژیی جۆری کۆمەڵایەتی دەرباز بوون و تیایدا هەست بە ئاسایش و تواناداری و توانای گەشەکردن بکەن.

ئێمە پابەندین و بەڵێن دەدەین کە دەست لەنێو دەست لەگەڵ حکوومەتی عێراقی و حکوومەتی هەرێمی کوردستان و جڤاکی مەدەنی و جڤاکی نێودەوڵەتی و گشت هاوبەشانمان، لەپێناو دەستەبەرکردنی پاراستنی ژنان و کچان لە سەرانسەری عێراقیدا لە کارکردن بەردەوام بین.

الأمم المتحـدة – العـراق
United Nations Iraq